حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

بەشی زمانی کوردی

# قسەکەری ژن و پیاو لە شیعری ڕەگەزی بەرامبەردا

# (چەند شاعیرێکی کورد بە نموونە)

**نامەیەکە**

**ڤان بختیار محمدرؤف**

**پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا**

**سەرپەرشت**

**پ.ی.د. سامان جەلال عەزیز**

**(٢٧٢٢)ی کوردی** **(٢٠٢٢)ی زایینی**

ئەم نامەیە بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

پ.ی.د. سامان جەلال عەزیز

ڕۆژ:   /   /٢٠٢٢

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د.

ڕۆژ:   /   /٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوێژو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی

(                    ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ. د. إبراهیم عبدالرحمن محمود
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:   /   /٢٠٢٢

ناو: پ. د. مەریوان عمر حسن
ئەندام
ڕۆژ:   /   /٢٠٢٢

ناو: پ. ی. د. ئازاد محمد سعید
ئەندام
ڕۆژ:   /   /٢٠٢٢

ناو: پ. ی. د. سامان جلال عزیز
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:   /   /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو:
ڕاگری کۆلێجی زمان
زانکۆی سلێمانی
/   /٢٠٢٢

## پێشکەشە بە:

هەر تاکێک؛ کە لەوە تێدەگات، ئەدەب ژیانە...

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سامان جەلال عەزیز، کە زۆر لەخۆبووردووانە و بێ دوودڵی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی لەئەستۆ گرت و بە بەردەوامی هاوکارم بوو.
- بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. محەمەد عومەر عەول، سەرۆکی بەشی زمان، بۆ هاوکارییە بەردەوامەکانی.
- بەڕێزان (د. نەزەند بەگیخانی، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، مامۆستا شێرزاد حەسەن، خەبات عارف)، کە لە کاتی خۆیان بووران و چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون.

ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم | ٥ |
| تەوەری یەکەم: تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن Aesthetics of Reception Theory | ٥ |
| ١_١_١ ڕابەرانی ئیستاتیکای وەرگرتن | ١٣ |
| ١-هانز ڕۆبێرت یاوس Hans Robert Jauss | ١٣ |
| ئاسۆی پێشبینی | ١٤ |
| مەودای ئیستاتیکی | ١٩ |
| لۆژیکی پرس و وەڵام | ٢١ |
| مێژووی ئەدەب | ٢٢ |
| ٢-فۆڵفگانگ ئایزەر Wolfgang Izer | ٢٤ |
| خوێنەری ناوەوە (شاراوە) | ٢٤ |
| گەنجینەی دەق | ٢٥ |
| ڕوانگەی گەڕۆک | ٢٥ |
| چاڵ و بۆشایی دەق | ٢٥ |
| ١_١_٢ ڕەگ و ڕیشەی تیۆری وەرگرتن | ٢٦ |
| ١.وەرگرتن لای ئەرستۆتالیس | ٢٧ |
| ٢.وەرگرتن لای سۆفستاییەکان | ٢٩ |
| ٣.وەرگرتن لای عەرەب | ٢٩ |
| ٤.وەرگرتن لای کورد | ٣١ |
| تەوەری دووەم: ژن و دەسەڵاتی نێرسالارانە | ٣٧ |
| ١_٢_١ ڕەچەڵەکی وشەی (ژن) | ٣٧ |
| ١_٢_٢ ژن وەک یەکەم دەستی مرۆڤایەتی | ٣٩ |
| ١_٢_٣ ژنە دیارەکانی مێژوو | ٤٧ |

| | |
|---|---|
| ١_٢_٤ ژن وەک تاوانکار | ٥٣ |
| ١_٢_٥ ژن وەک پاکیزە و فریادڕەس | ٥٦ |
| بەشی دووەم: قسەکەری پیاو لە شیعری شاعیری ژندا | ٦١ |
| تەوەری یەکەم: زمان و نێرسالاری | ٦١ |
| ٢_١_١ زمانی نێرسالار و زمانی مێینە | ٦١ |
| ٢_١_٢ زمان نێرە | ٦٩ |
| بەشی دووەم/ تەوەری دووەم: نەزەند بەگیخانی | ٧٧ |
| ١.خواوەندی گوناهبار | ٧٨ |
| ٢.تابلۆی زارۆکێک | ٨٤ |
| ٣.پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن | ٨٨ |
| تەوەری سێیەم: کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٩٤ |
| ١.ژن.. ئەی بوونەوەری مەزن | ٩٥ |
| ٢.هەشتی مارس و چرایەک لە خامۆشی | ٩٨ |
| ٣.ناسک.. ناسک، ئاڵ.. ئاڵ، شەپۆلی دڵم ئاو بدە | ١٠٣ |
| ٤.ڕەنگت لە گوڵەکێوی بەهار دەچێ | ١٠٤ |
| ٥.جامێ مەیی | ١٠٦ |
| بەشی سێیەم: قسەکەری ژن لە شیعری شاعیری پیاودا | ١٠٩ |
| بەشی سێیەم/ تەوەری یەکەم: شێرزاد حەسەن | ١٠٩ |
| ١.من لەوێندەرێ بەجێماوم... لە کۆڵانەکانی کچێنی | ١١٠ |
| ٢.چیرۆکی خەزانی نەمری چاوەکانی | ١١٨ |
| ٣.ژنێک لەبەر پەنجەرە | ١٢١ |
| بەشی سییەم/ تەوەری دووەم: شێرکۆ بێکەس | ١٢٦ |
| ٣_٢_١ کتێبی ملوانکە | ١٢٦ |
| ٣_٢_٢ سیمیۆلۆژی لە کتێبی ملوانکەدا | ١٣٨ |
| بەشی سێیەم/ تەوەری سێیەم: گۆران | ١٤٣ |
| ١.گوڵی خوێناوی | ١٤٤ |

| | |
|---|---|
| ٢.حوزنی پەچە | ١٤٨ |
| ٣.ئاهەنگێک لەناو ڕان | ١٥١ |
| ٤.بەردەنووسێک | ١٥٣ |
| ٥.ئەنجامی یاران | ١٥٨ |
| ٦.ئەنجامی ئەژدەهاک | ١٦٢ |
| ئەنجام | ١٦٧ |
| سەرچاوەکان | ١٧١ |
| کورتەی باس | ١٧٩ |
| ملخص البحث | ١٨٠ |
| Abstract | ١٨١ |

## پێشەکی

توێژەران دەربارەی  چەندین ڕەهەندی شیعری دواون لە بواری ئەدەبدا، ئەو بابەتەی ئێمە لێی دەدوێن پێوەندی بەو کارەکتەرەوە هەیە، کە قسەدەکات لە شیعردا لە ژێر ناونیشانی ((قسەکەری ژن و پیاو لە شیعری ڕەگەزی بەرامبەردا – (چەند شاعیرێکی کورد بە نموونە) )) تیایدا ئەو لایەنانە دەخەینەڕوو، کە وا لە شاعیر دەکەن وەک ڕەگەزی بەرانبەر بدوێت و ناخی خۆی هەڵڕێژێت، ئەم چوونە نێو کارەکتەری ڕەگەزی بەرامبەرەوە بێ هۆ نییە و بێ ئامانجیش نییە و نابێت. هەروەها چۆنیەتی کەوتنەوەی ئەم تەقەموسکردنە کاری توێژەرە و ئێمەش هەوڵمانداوە لەم تەوەرەدا نموونەکان بهێنینەوە و شیکردنەوەکانمان بکەین. دنیای شرۆڤەی شیعریش فراوانە و لە زۆربەی بارەکاندا ڕەنگە ناکۆتا بێت، بۆیە ئێمەش ئەوەی لە تواناماندا بووبێت لە سنووری ناونیشانەکەماندا بووبێت هەوڵمانداوە شرۆڤەی بکەین. بەهیوای ئەوەی توانیبێتمان کونجێک لە دنیای لێکدانەوەی دەقەکانمان پڕکردبێتەوە و ئەم کارەی ئێمەش ببێتە دەروازەیەک بۆ کاری باشتر و کاری جدیتر بەدوای خۆیدا بهێنێت، هەر لەڕوانگەی تیۆرەکەوە، کە تیۆری وەرگرتنە، تا دەگاتە کرۆکی ناونیشانەکە، کە ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە ژن لەسەر زاری پیاوەوە نووسیونی یان بەپێچەوانەوە.

**<u>هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:</u>**

کاتێک، کە بابەتێک هەڵدەبژێرین بۆ توێژینەوە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەو بابەتە ئەوەندە بەرتەسک نەبێت نەتوانرێت توێژینەوەی لێبکرێت و هەروەها ئەوەندە بەرفراوان نەبێت، کە نەتوانرێت هەموو لایەنەکانی بابەتەکە بخرێتەڕوو، لە هەمووی گرنگتر، ئەوەیە بابەتەکە لە ئاستێکی بەرچاودا، نوێ بێت بۆ توێژینەوە، واتا یان پێشتر دەربارەی ئەو باسە هیچ قسە نەکرابێت یاخود ئەگەر هەبێت چەن لایەنێکی خرابێتەڕوو. بەتایبەت لە بواری شیعردا، چونکە بەرهەمی هەندێک لە شاعیران فرە ڕەهەندە و توێژینەوەی جیاواز هەڵدەگرێت.

لە هەندێک توێژینەوەی ئەدەبیدا، کۆمەڵێک ڕەخنەگر بە ناڕاستەوخۆ باسی ئەم بابەتەیان کردووە، بەڵام بەم شێوە بەرفراوانەی ئێمە باسیان لێوە نەکردووە، لەناو عەرەبدا ئەوەی ئاماژەی بە هەندێک لایەنی بواری توێژینەوەکەی ئێمە داوە نووسەری عەرەبی سعودی (د. عبدالله محمد الغذامي)یە، کە باس لە بەمێکردنی شیعردەکات و ئەوە دەسەلمێنێت، کە لەدێر زەمانەوە نووسین بە ژن ڕەوا نەبینراوە و تەنها بواری قسەکردنی بۆ ماوەتەوە و بەهۆکاری ئەوەی، کە لە دوای لەدەستدانی

فەرمانڕەوایەتیی مێ و دەسەڵاتگرتنە دەستی نێر و بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هۆزێکی نێرسالار نووسین بۆ ژن وەک ئەو بەری دارە بووە، کە دەستی پێی ناگات، یاخود ئەگەر نووسیبێتیشی هەر لە ترسی ئەو دەسەڵاتە لەسەر زاری نێرەوە گوزارشتی لە دیاردەکانی دەوروبەری کردووە و نەهاتووە وەک مێیەک باس لە ناخی خۆی و هەستە تایبەتەکانی بکات وەک چۆن پیاوان بۆیان هەبووە هەستی زۆر تایبەتی خۆیان بەیان بکەن. لەناو نووسەرانی کوردیشدا بە کاریگەری (د. عبدالله محمد الغذامي) نووسەر و ڕەخنەگر (محەمەدفەریق حەسەن) و (حەمەسەعید حەسەن)ی برای، لەم بابەتە تاڕادەیەک تیشکیان خستۆتە سەر زمانی نێرسالار و زمانی مێینە و زمانی شیعریی ژن. پێمان وایە لەم بابەتەی ئێمەدا شیعری شاعیران خۆیان وردتر دەستیان خستۆتە سەر بابەتەکە، بۆ نموونە (گۆران)، کە شیعرەکانی چەندین توێژینەوەی لەسەر کراوە، وا شیعرەکانی جارێکی دیکە کەوتەوە ناو بواری ئەم توێژینەوەیەی ئێمەوە. یاخود (شێرکۆ بێکەس)، کە سەرلەبەری کتێبی ملوانکەی بەزمانی ژن نووسیوە، یاخود (شێرزاد حەسەن)، کە خۆی وەک چیرۆک و ڕۆماننووس ناسراوە بەڵام دەقی لەم جۆرە زۆر بە زەقی لە کۆبەرهەمی شیعریی (دارشەقەکانی نیشتمان و دواهەمین ورتەورتی من)دا دیارە، شاعیری تری وەک (تەلعەت تاهیر)یش لەسەرزاری ژنەوە شیعرییان وتووە تەنانەت بە تەلعەت تاهیر خۆی وتراوە، کە ئەگەر نەزانن ئەم دەقە خاوەنەکەی تۆیت و بیدەیتە دەست کەسێک بیخوێنێتەوە یەکسەر دەڵێت، کە ئەم دەقە ژن نووسیویەتی.

**<u>گیروگرفتی توێژینەوەکە:</u>**

توێژەر، کە دەست دەداتە بابەتێک بۆ توێژینەوە، گیروگرفت دێتە ڕێی، ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش بێ گیروگرفت نەهاتووەتە بەرهەم؛ جگەلەوەی ئەم توێژینەوەیە گرفتی ناونیشانەکە چارەدەکات، کە بریتییە لە زمان و ناخی ژن لە شیعری ڕەگەزی نێردا، زمان و دەربڕینی ناخی پیاوان لە شیعری شاعیرانی ڕەگەزی مێدا، چەند گرفتێک هەبوون لە کاتی نووسینی توێژینەوەکەدا.

یەکەم: گرفتی سەرەکی بۆ ئەم توێژینەوەکە ئەوەیە، بابەتێکی تازەیە، بە زمانی کوردی دەتوانین بڵێین توێژینەوە لەم بوارەدا نییە، لە عەرەبیدا زیاتر بەرهەمی شاعیر و ئەدیبەکان خۆیان، کەرەستەن بۆ بابەتەکە، بە زمانی عەرەبی، تاکە گوتارێک لە گۆڤارێکی سعودی، کە لەسەر شیعرەکانی (نزار قەبانی) کرابوو،لای توێژەرانی ئینگلیزیش زێتر بەلای هۆمۆسێکچوالیتیدا دەچن، کە ئەمە بواری ئەم توێژینەوەیەی ئێمە نییە تاکە سەرچاوە کە هەبوو بۆ بابەتەکە تەنها بەرهەمی شاعیرەکان خۆیان بوون، وەک سەرچاوەی سەرەکی.

دووەم: گەڕان بەناو دیوانی شاعیراندا بۆ دۆزینەوەی شیعری هاوشێوە، چونکە زۆر لە شاعیران لەم شێوازە شیعرنووسینەیان نییە، لەبەر ئەوە پێویست بوو بە پشووودرێژی بەناو بەرهەمی شاعیراندا بگەڕێین، بە تایبەت شاعیرانی ژن، چونکە ئەوان کەمتر لە زمانی پیاوەوە شیعریان نووسیوە بە بەراورد بە شاعیرە پیاوەکان، کە لە زاری ژنەوە شیعریان نووسیوە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دیوانی زۆر لە شاعیران بۆ ئەم بوارە گەڕاین لەوانە: (مهاباد قەرەداغی، ڤینۆس فایەق، کەژاڵ ئەحمەد، قوبادی جەلیزادە، ڕۆژ هەڵەبجەیی، دلاوەر قەرەداغی، هیوا قادر، خەبات عارف، ژیلا حوسێنی، بورهان بەرزنجی) ئەمانە و جگە لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک لە (مەولەوی، نالی، کوردی، ئەحمەد موختار جاف، بێسارانی، ڕەنجوری، شێخ ڕەزا)، کە بابەتی هاوشێوەی تێدا نەبووە بۆ ئەم بوارە بشێت، ئەوەی جێی سەرنج بێت لە دیوانی ئەم شاعیرانەدا، شیعرەکەی نالییە، لەسەر زاری مەستورەوە ٣٢ دێڕی نووسیوە و ئەوی دیکەی لەسەر زاری ئەندامی نێرینەی خۆیەوە هۆنیوەتەوە!

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی- شیکارییە، هەروەها بە باشمان زانیوە، کە تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن وەک تیۆرێکی فراوان و نوێ، بەکاربهێنین، چونکە تا ڕادەیەک شێوازی بەرهەمە ئەدەبییەکان و ڕووە زانستییەکەی وەها دەخوازێت تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن بۆ توێژینەوەکە گونجاو بێت.

**پرۆگرامی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە؛ پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی  کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی:

بەشی یەکەم پێکهاتووە لە دوو تەوەر؛ کە تەوەری یەکەم تایبەتە بە مێژووی تیۆری وەرگرتن و چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن لای (هانز ڕۆبێرت یاوس) و (فۆڵفگانگ ئایزەر)

بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی (ژن و دەسەڵاتی نێرسالاری) باس لە چەمکی ژن لە مێژوو و ئایین و کۆمەڵگادا.

بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی (قسەکەری پیاو لە شیعری شاعیری ژن)دا، دابەشبووە بۆ تەوەری یەکەم؛ کە دەربارەی نێریی زمان دەدوێت و تەوەری دووەم تەرخانە بۆ هەردوو شاعیر (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر)

بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی (قسەکەری ژن لە شیعری شاعیری پیاو)دا، کە تەرخانە بۆ بەرهەمی (گۆران و شێرکۆ بێکەس و شێرزاد حەسەن) بە پێی چەمکەکانی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن لە شیعرەکانیانمان کۆڵیوەتەوە.

**<u>سوودی توێژینەوەکە لەڕووی نوێکاری و پراکتیکییەوە:</u>**

بە هۆکاری ئەوەی بابەتی توێژینەوەکە، بابەتێکی نوێیە، پێمان وایە، دەبێتە دەسپێک و پریشکێک بۆ توێژینەوەی دوای ئێمە لەم بارەیەوە، کە تیشکمان خستووەتە سەر لایەنێکی باسنەکراوی ئەدەبەکەمان، کە بەهیواین دوای ئێمە بەشێوەیەکی بەرفراوان و چڕوپڕ ئەم لایەنە بخرێتە بەر باس و توێژینەوە.

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

### ١_١_١ تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن Aesthetics of Reception Theory

تیۆری وەرگرتن تیۆرێکی تازەیە، کە تیایدا گرنگی بە ڕای خوێنەر دەدات لە ڕاڤەکردنی دەقدا زۆربەی توێژەران بنەماکانی دەرکەوتنی ئەم تیۆرە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی بیست ((کاتێک (تیۆری وەرگرتن – Theory of reception) سەرنجی ئەدەبیاتناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا لە بواری ئەدەبدا، لەسەر دەستی (ڕۆمان ئینگاردن)، کە لەو کاتەدا سەرەتا کتێبەکانی خۆی دەربارەی ئەم تیۆرییە پێشکەشکرد، کە بیرۆکە و ڕەگی فەلسەفەکەی لە فەلسەفەی فینۆمینۆژیاوە سەرچاوەی گرت، ئەو فەلسەفەیەی، کە زۆرترین گرنگی بۆ دانەرەکەی (هۆسرڵ) لەخۆ گرتبوو (ئاگایی بە شتەکان). کاتێک هۆسرڵ وەک (ڕینیە دیکارت)ی پێش خۆی دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕاستی بە ڕەتکردنەوەی کاتیی ئەوەی، کە ناوی دەنێن (ئاراستەی سروشتی)، (هۆسرڵ) دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی توانای تەئکیدکردنمان نییە لە بوونێکی سەربەخۆی شتەکان، دەتوانین هەر زوو تەئکید لە شێوە جەستەییەکەی بکەینەوە لە هەستەکانماندا، هەرچەندە ئەوەی، کە مەبەستمانە وەهم بێت یان نا، شتەکان لەبەر خودی خۆیان وێنا ناکرێن بەڵکو شتی گریمانەیین، یاخود مەبەست بن لە ئاگایی و درککردن. هەموو هەستێک هەستکردنە بە شتێک لە کردەی بیرکردنەوەدا، درک بەوە دەکەم، کە بیرم لەم حاڵەتەدا ئاماژە بۆ شتێک دەکات. پەیوەندییەکی ناوەکی هەیە لە کردەی بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوەکە پێکەوە دەبەستێتەوە هەریەکەیان بەوەی دیکەوە بەندە. هەستکردنم تۆمارێکی نێگەتیڤ نییە دەربارەی دونیا بەڵکو وێناکردنیەتی.)) (الساعدي، ٢٠١٨: ٥٨٧٩)

بەڵام تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن وەک تیۆرێکی سەربەخۆ و بناغەبۆدارێژراو ((لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت، بە بیرۆکەی نوێگەر و چاونەترس ناسرا، ڕۆڵی خوێنەری بەدیار خست لە پرۆسەی تێگەیشتندا، هێزی دەخستە سەر گرنگی ئەو بەشداریکردنەی، کە بە تایبەتی هێزی دەخستەسەر لایەنی جوانیی بەرهەمی ئەدەبی داهێنەرانە. لێرەدا وەرگر سەرۆک و خاوەنی بەرهەمی ئەدەبی بوو بە بێ بەشداری ئەو کارەکە بەشێوەیەکی باش ناڕوات بەڕێوە، کاری داهێنەرانە نەمری بەخۆوە نابینێت ئەگەر جەماوەر بەرز نەینرخێنێت و نەیگوێزێتەوە و دەستاودەستی پێنەکات لە بۆنە جیاجیاکاندا.)) (باللودمو،٢٠١٢- ٢٠١٣: ٥)

((لە ڕەخنەی نوێدا، وەرگرتن یەکێکە لە تیۆرەکانی پاش بونیادگەری. ئەم تیۆرە بایەخی سەرەکی بە خوێندنەوە و خوێنەر، یان وەرگر دەدات. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دوو تیۆرستی ڕەخنەی ئەدەبی ئەڵمانی (هانز ڕۆبێرت یاوس ١٩٢١ – ١٩٩٧) و (ولفگانگ ئایزەر) لە (زانکۆی کۆنستانسی) ئەڵمانی ڕۆڵی ئەکتیڤانەی خوێنەریان هێنایە ناو ڕەخنەی ئەدەبییەوە و لە بەرجەستە کردنی واتادا خوێنەریان کرد بە سەنتەری هەر تێکستێکی ئەدەبی، دواتریش (یاوس) ساڵی ١٩٦٧ ئەوەی خستەڕوو، کە میتۆدە کۆنەکانی توێژینەوە ناتوانێت پارسەنگی پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەدەب بێت، چونکە ئەمانە ڕەگەزی وەرگریان لە هاوکێشەی (نووسەر – دەق – خوێنەر)دا فەرامۆشکردووە. تیۆری وەرگرتن بنەماکانی خۆی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرڵ و هایدگەرو گادامێر وەردەگرێت، ئەم فەلسەفەیە خود دەکات بە سەرچاوەی تێگەیشتن.)) (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ٣٩ – ٤٠)

پێش ئەوەی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن بنەماکانی خۆی بچەسپێنێت چەند تیۆرێک هەبوون، کە لەسەر چەند بنەمایەک لەگەڵ تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتندا یەکدەگرنەوە لە گرنگیدان بە خوێنەرو کردنی بە چەق بۆ کردەی خوێندنەوە، لەوانەش: هێرمێنیۆتیکا و کاردانەوەی خوێنەر.

((یەکەم: هێرمێنیۆتیکا (ڕاڤەکردنی وەرگر) – hermeneutica: ڕاڤەکردن بە گرنگترین فەلسەفەکان دادەنرێت، کە گرنگی بە ئەو پەیوەندییە داوە، کە لە نێوان خوێنەر و دەقدا هەبووە، کە کردەی تەفسیرکردنی دەقی لەخۆی گرتووە بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر دەقێکی مێژوویی بووبێت یان دینیی، لەبەرئەوە ڕاڤەکردن (التأويلية) زۆر پرسی کێشەلەسەری وەڵامدایەوە، کە پەیوەندی بە تێگەیشتن و دەقەوە هەبوو؛ لەڕووی سروشت و پەیوەندیی بە دانەر و خوێنەرەکەیەوە. تاوەکو بەکارهێنانی زاراوەکە بڵاوبووەوە لە زانستە جیاجیاکاندا، کە وایکرد چەمکێکی پڕبەپێستی خۆی بداتێ، کە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی: ڕاڤەکردن ئاراستەیەکە لە شیکردنەوەی ئەو دیاردانەی، کە دەستەوەستانین لە تێگەیشتنیدا، لە ڕێگەی ڕاڤەکردنەوە بۆ ئەوەی لامان دیار و ئاشکرا بن.

دووەم: ڕەخنەی کاردانەوەی خوێنەر – reader response critics: ئەڵمانەکان بە تەنها نەبوون لە هەوڵەکانیاندا بۆ گرنگیدان بە خوێنەر و ئامادەبوونی لە بەرهەمهێنانی دەقدا، بەڵکو لەتەنیشتییەوە چەند هەوڵێکی دیکەی ڕەخنەیی هەبوون، تیایاندا هەوڵی تاکەکەسی و هەروەها تیایاندا هەبوو گەڵاڵەبوو بەرەو ئاراستە و شەپۆلی ڕەخنەیی سەربەخۆ، لەوانە ((ڕەخنەی کاردانەوەی خوێنەر))، کە لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا دەرکەوت لەسەر دەستی کۆمەڵێک توێژەری ئەنگلۆئەمریکی، کە زۆربەیان چالاکی ناو قوتابخانە ڕەخنەییەکانی دیکە بوون، لە کۆتایی حەفتاکاندا کۆمەڵێک لە ڕابەرانی

بزوتنەوەکە لە لوتکەی چالاکییەکانیاندا بوون بۆ ئەم بزوتنەوە ڕەخنەییە؛ کە ئەوانیش (ستانلی فیش، نۆرمان هۆلاند، دەیڤد بلێیش) بوون، ڕەخنەی کاردانەوەی خوێنەر لەسەر وابەستە ئەپستیمی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکان ئیشدەکات، ئەو بابەتانە پشتگوێ دەخات، کە پەیوەستن بە بەها ئیستاتیکییەکان و ڕۆڵی مێژووەوە، وەک گرنگیدانی بە بابەتە فێرکارییەکان بە واتایەکی دیکە (وەرگرتنی فێرکاری – التلقي التعليمي). )) (زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥: ٦٩- ٧٠)

هەردوو ڕێبازە ڕەخنەییەکە، خزمەتی بە یەک ئامانج دەکرد، کە ئەویش ڕای خوێنەرە، ئەو خوێنەرەی، کە وەرگری بەرهەمێکی ئەدەبییە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لە بەرهەمەکە دەڕوانێت و بە پێی زانیارییە کۆکراوەکانی خۆی ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکات.

((تیۆری وەرگرتن بنەماکانی خۆی لەسەر سەرچاوە فەلسەفی و فکرییەکان داناوە، ئەو ئەرکە زۆرەی، کە (ڕۆبێرت هۆڵب) پێی هەستا توانی تیۆری وەرگرتن لە **پێنج** خاڵدا چڕ و پوخت بکاتەوە، کە **یەکەمیان** شێوەگەرە ڕوسییەکانن، کە گرنگی زۆریان بە بەرهەمی ئەدەبی دەدا و ئەدەبی بوونی بەرهەمەکە لە سەرەوەی گرنگی پێدانەکە بوو لە درێژکردنەوەی شێوەگەرەکاندا و **دووەم** خاڵ؛ ناتوانین باسی خوێندنەوە و وەرگر نەکەین و لە باسەکەدا ناوی پێشڕەوەکانی (قوتابخانەی پراگ) نەهێنین، کە یەکێک لە پێشڕەوەکانیان (مۆکارۆفسکی)یە، کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئەم تیۆرە لە ئەڵمانیا، کە هەوڵی دەرخستنی ڕۆڵی گەورەی بکەری دەلالی دا، کە ئەویش خوێنەر بوو، لە کاتێکدا ئاماژەی بەوە داوە، کە بەرهەمی ئەدەبی سەربەخۆیە لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی. خاڵی **سێیەم** دیاردەناسیی (ڕۆمان ئینگاردن)ە، فەلسەفەی دیاردەناسی دەڵێت؛ کە بیر و بوونی دیاردەکان پەیوەندیدارن.

لە دیارترین ئەو چەمکانەی کە تیۆری وەرگرتن لە دیاردەناسی وەرگرتووە هەردوو چەمکی التعالي و القصدية (باڵایی و مەبەستداری)، کاتێک کە فینۆمینۆلۆژیا وای دانا، کە ئاگایی بناغەی درککردنە، هەوڵیدا چانسێک بدات بە وەرگر بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و دیاریکردنی ئاسۆکانی و وێنەکێشانی سنوورەکانی، ئەو بۆشاییانەی، کە رۆمان ئینگاردن بانگەشەی بۆ کرد، کاریگەری لەسەر ئایزەر کرد و وایکرد کە ئەم چەمکە وەربگرێت و دووبارە دایبرێژێتەوە، ئەم وێناکردنە شێوەییەی ڕۆمان لە خەیاڵیدا بوو وای لە ئایزەر کرد وەرگر بانگبکات و ئەرکی ئەوەی پێبسپێرێت لە بیناکردنی چەمکی بەرهەمی ئەدەبیدا بەشداربێت.

خاڵی **چوارەم** –بە پێی لێکۆڵینەوەکەی ڕۆبێرت هۆلب – هێرمێنیۆتیکای گادامێرە: جۆرج گادامێر گرنگی داوە بە مێژوو و کاریگەرییە گرنگەکانی لە تێگەیشتنی مانا و بەرهەمهێنانی دەلالەت، گادامێر کاتێک هەڵوێستەی لەسەر یەکەمین وێناکردنەکان کرد، کە خوێنەر پێشوازی لە دەقەکە پێدەکات، توانیی بیرۆکەی (ئاسۆ) بونیات بنێت؛ کە دواتر ئەو بیرۆکەیە بوو زۆربەی تیۆریستەکانی تیۆری وەرگرتنی بۆلای خۆی ڕاکێشا. خاڵی **پێنجەم** لە تیۆرییەکەدا سۆسیۆلۆژیای ئەدەبە؛ لەم پێگەیەدا ناتوانین چاوپۆشی لەوە بکەین، کە کۆمەڵگا نەک هەر چاوگەی کاری ئەدەبی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا وەرگریەتی بەمەش دەبێتە خاڵی سەرەتا و هێڵی کۆتایی.)) (باللودمو،٢٠١٢– ٢٠١٣: ٦)

تیۆری وەرگرتن بنەماکانی خۆی لە هەردوو تیۆری زمانەوانی و ئەدەبییەوە وەرگرتووە، ئەوەی پێوەندی بە زمانەوە هەیە، ئەوەیە کە زمان وەک کەرەستەیەکی ئەدەب ناکرێت لەبیربکرێت و دەلالەت و هێماکانی ئەدەب بە زمان دێتە بوون، ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی، کە تیۆری وەرگرتن بنەماکانی خۆی لە تیۆرە زمانی و ئەدەبییەکانی پێش خۆیەوە وەرربگرێت.

((دوان لەو چەمکە کاریگەرانەی دیاردەناسی لە تیۆری وەرگرتندا مەبەستداری (القصدية) و باڵایی (التعالي)ە، هۆسرڵ وای دەبینێ، کە هەست هەمیشە مەبەستییە (intentional) بەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت ژێردەستەی ئیرادەی مەبەست بێت، بەڵکو مەبەست، ئەوەیە، کە بە بەردەوامی ئاراستەکراوی بابەتیبوونە (object). بە مانایەکی تر؛ بە بەردەوامی بە ئاگا بێت. لە کاتێکدا چەمکەکەی تر (باڵایی) ئەوەیە، کە گەشە دەکات لە نێوانی مانای بابەتیدا دوای ئەوەی، کە دیاردەکە مانایەکی تەواو و پوخت دروست دەکات لە هەستدا، یان دوای ئەوەی بەرکەوتن ڕوودەدات لە دونیای هەستپێکراوە ماددییە دەرەکییەکاندا بۆ دونیای هەستی ناوەکی پوخت. لێرەدا بابەتەکە خودییە، پەیوەست بە دروستکردنی مانا لە ڕێگەی تایبەتمەندی بۆ تێگەیشتنی تاک. یان ئەوەی پەیوەستە بە هەستی تەواو و پوختی ناخی تاک بۆ مانای شتەکان.)) (الساعدي، ٢٠١٨: ٥٨٧٩)

لەم وتەیەی سەرەوەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە مرۆڤ هەمیشە لە بیستنی وشەکانەوە، لە هزر و بیری خۆیدا وێنایەک دروستدەکات، بۆ ئەو شتەی کە ناوی دەهێنرێت ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێجار شتەکە بوونی بەرجەستەیی هەبێت یاخود بوونی بەرجەستەیی نەبێت.

لە باسی هەمان چەمکدا توێژەر (خەدیجە باللودمو) دەڵێت: ((دوان لەو چەمکانەی، کە تیۆری وەرگرتن لە دیاردەناسی وەرگرت؛ (التعالي– باڵایی و القصدية– مەبەستداریی) بوو، (باڵایی) بە شێوەیەکی

گشتی واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە تێگەیشتنی هەر دیاردەیەک لە دیاردەکان بە پلەی یەکەم دەکەوێتەسەر تێگەیشتنی ناو ناخی تاک، و پاڵنەرە دەرەکییەکان هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە دیاریکردنی ماناوە، ئەم بیرۆکەیە ئینگاردن گواستییەوە ناو دیاردەناسی ئەدەبی، لە هەمان کاتدا (مەبەستداریی)ش پەیوەستە بە تاکەوە، ئەوە تاکە، مانای ئەوە دیاریدەکات کە دەیخوێنێتەوە، ئەوە تاکە، کە سەرەداوی دەلالەتە جۆربەجۆرەکانی خوێندنەوەی پێیە.)) (باللودمو، ٢٠١٢ – ٢٠١٣: ١٦)

ئەو مانادارییەی، کە دەدرێت بە شتەکان پەیوەستە بە تاکەوە، ئەوە تاکە، کە شرۆڤەی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و مانایان دەداتێ، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، چەند تاک بوونی هەبێت ئەوەندە ڕاڤە و شیکار بوونی هەیە.

((کردەی وەرگرتن لای هۆسرڵ سەرچاوەکەی لە ئاگایی مەبەستەوەیە بە شتەکان، کە ئەمە لە ڕێگەی ژیریی یان زانینی ڕاستەوخۆوەیە، بۆ ئەوەی لە دنیای ماددی شتەکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ دنیای هەستی ناوەکی تاک ئەوەی مەبەستە بۆ وەرگرتنی، لە ڕێگەی بەیەکگەیاندنی کردەی بیرکردنەوە بە بابەتی بیرکردنەوە؛ کردەی ئاوێتەبوون بەرهەمدێت، کە لەناو ئاگاییدا ڕوودەدات لە نێوان جەمسەری (من) و جەمسەری (شت)دا، بۆ ئەوەی وەرگر بگات بە دروستکردنی وێنەی شتەکان، ئەم وێنانە گریمانەن لە ناو ئاگاییدا بۆ شتەکان نەک وێنەی شتەکان خۆیان بن.)) (الساعدي، ٢٠١٨: ٥٨٧٩)

وێنەیەکی هزری بۆ شتێک، کە بوونێکی بەرجەستەی نییە، پەیوەستە بە ئاگایی تاکەوە، چونکە وەک بوونە بەرجەستەییەکە وێنەی نەدراوەتێ، جگە لەوەی، کە ڕەنگە هەندێ لەو شتانەش کە بوونی بەرجەستەییان هەیە گریمانەیی بن و مانایان لەخۆوە وەرگرتووە.

((لە دوای هۆسرڵ (ڕۆمان ئینگاردن) هات، کە یەکێک بوو لە قوتابییە دیارەکانی هۆسرڵ هەندێ لە چەمکەکانی مامۆستاکەی گۆڕی و بە شێوەیەک دایڕشتەوە، کە خزمەتی مەبەستەکانی خۆی بکات و لە خوڵقاندنی چەمکی تازە توانی تیۆری وەرگرتنەکەی خۆی لەسەر بونیاد بنێت. گۆڕانکاری کرد لە تێڕوانین و بیرۆکەکانی فینۆمینۆلۆژیادا کردیە تیۆرێکی دیار بۆ ئەو ڕێگایەی پیایدا تێپەڕ دەبین بۆ تاقیکردنەوەی کاری ئەدەبی. لە شیکردنەوەکانی ئینگاردن کاری ئەدەبی دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمێک لە ئێمەدا بۆ بەرهەمە مەبەستەکانی ئاگایی نووسەرەکەی، مەبەست لێرەدا بە مانا فینۆمینۆلۆژییەکەی بەو پێناسەیەی، کە ئاراستەکراوە بۆ بابەتێکی دیاریکراو. ئەم کارە مەبەستدارانەیە (المتقصدة) لە تێکستێکدا تۆمارکراون، کە وا لە خوێنەر دەکات بەو تاقیکردنەوەیەی

کاره ئەدەبییەکەدا تێپەڕ ببێت، بە ئاگاییە تایبەتەکەی خۆی، ئەم کردەیە بە مەعریفەی وەرگر بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرهەمەکە ڕوودەدات.

(ئینگاردن) وای دەبینێت، کە بەرهەمی ئەدەبی لە دوو دووریی تایبەت پێکهاتووە: **یەکەم** پێکهاتووە لە چوار چین، کە چینی یەکەم: (مادە خاوەکە)ی ئەدەب لە خۆدەگرێت وەک (وشە و دەنگ) یان بوونە گۆکراوەکان، چینی دووەم: هەموو یەکەکانی واتا لەخۆدەگرێت ئەگەر وشە، ڕستە یان یەکەیەک بن پێکهاتبن لە ڕستەی جیاجیا، چینی سێیەم و چوارەم: پێکهاتووە لە ئامانجی تێکەڵ و ڕووی پلان بۆ داڕێژراو لە ڕێگەی ئەو ئامانجانەوە دەخرێنەڕوو.

دووریی **دووەم**؛ کە پێشی دەوترێت (دووریی  کاتی)، کۆنتێکستی ڕستەکان و بڕگەکان و ئەو بەشانەی، کە بەرهەمی ئەدەبی لە خۆی دەگرێت. دوای ئەمە وەرگر درک بە جەوهەری کارە ئەدەبییەکە دەکات، ئەویش لە ڕێگەی داڕشتن و شێوەپێدانی ئەو پێکهاتە بنچینەییانەی، کە کاری ئەدەبی لەسەر بونیاتنراوە، یان لە ڕێگەی فۆرمەلەکردنی ئەو چین و دووریی و پەیکەرەی، کە کارە ئەدەبییەکەی لێپێکهاتووە، یاخود ئەو بونیاتە پلانرێژییەی بەرهەمەکەی لێدروست بووە و پێویستە تەواو بکرێت لەلایەن وەرگرەوە، بۆ گەیشتن بە واتای شاراوە لەو کارە ئەدەبییەدا، ئەمە دەبێتە خەرمانی کۆکراوەی یاخود بەرهەمی ئاوێتەی نێوان بونیاتی کاری ئەدەبی و کردەی تێگەیشتنەکەی لەلای وەرگر.

کردەی وەرگرتن لای (ئینگاردن) کردەی دووبارە داڕشتنەوەی کاری ئەدەبییە لە ئاگایی تایبەتی وەرگردا. ئەم کردەیە دەوەستێتە سەر کارە ئەدەبییەکە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، کە کارێکی بە مەبەستە (المتقصد) بۆ ئاگایی نووسەرەکەی لە لایەک و پێکهاتەی کارەکە لەلایەکی دیکەوە؛ لە ڕێگەی کردەی ئاوێتەبوونەوە لە نێوان بونیاتی ؛ کارەکە و کردەی تێگەیشتن لەلایەن وەرگرەوە واتای کاری ئەدەبی بەرهەمدێت لە بیری وەرگردا.)) (الساعدي، ٢٠١٨: ٥٨٧٩)

((بە باوەڕی (هۆسرڵ)، درکپێکردن بە شتەکان لەوەوە دێت، کە درکپێکردنی هەستەکانمان دەکەون بەسەریاندا، یان کاتێک ئەو شتانە دەبنە دیاردە و دەمانوروژێنن و گرنگپێدانەکانمان ڕادەکێشن بۆ ئەوەی مانایان بۆ دروستبکەین لە ئاگایی خۆماندا، یان ئاگایی کاتێک ڕوودەدات، کە ئاگایی بکەوێت بەسەریدا لە دنیای دەرەوەدا. کردەی دروستکردنی واتا (مانا) لە ئاگایی وەرگردا لە ڕێگەی کردەی ئاوێتەکردنەوە ڕوودەدات لە نێوان خود و شتەکە و دنیای دەرەوەدا، چوونە بەرەو شتەکان، لە

ئاگاییدا تەنها جەمسەری من (Noese) ڕەوکەر نییە بەرەو شتەکان، بەڵکو جەمسەری شت (Noeme)ی ئاوێتەبوو لەگەڵ خوددا بوونی هەیە بۆ دروستکردنی پێکهاتەی کردەی تێگەیشتن لە شتەکان بەشێوەیەک کردەی زانینی شتێک لەڕێگەی ژیریی نێرراوی ڕاستەوخۆی وەرگرەوەیە بۆ شتەکە، لێرەدا ژیریی بە ئاوەز و شیکردنەوەی لۆژیکی هەڵناسێت، شێوەیەکە لە بەرەنگاربوونەوە و ماندووبوون و درکپێکردنێکی ڕاستەوخۆ، چونکە ئاگای دیاردەیی (الوعي الظهوري) لە درکپێکردنی هەستەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام ئەمە تێدەپەڕێنێت و دوورتر دەڕوات چونکە ماندووبوون و ژیریی لەگەڵدایە، بەشێوەیەک دەردەکەوێت لە بیرماندا پەیوەندی ئێمە بە شتێکەوە مانای نوێ و هەستی خودی دروست ببێت بۆ سروشتی ئەو شتانە و درکپێکردن بە جەوهەری بوونیەوە لە ڕێگەی ئاوێتەبوونمانەوە لەگەڵیدا، کە دواتر وێنەی ئەو شتانە دەچنە قاڵبی تەواوی خۆیانەوە لە ڕێگەی زانینی واتاکانیانەوە بۆ ئەوەی ئەو دنیایە لە حاڵەتی بوونایەتییەوە (كينونة) بچێتە حاڵەتی دیاردەوە، یاخود بۆ مانا، بۆ بوون.)) (الساعدي، ٢٠١٨: ٥٨٧٩)

تیۆرستەکان خۆیان خوێنەرن دواتر هەڵسەنگێنەر و ڕەخنەگر، هەستیان بەوە کردووە، کە هاوکێشەکە لاسەنگە، لە کاتێکدا نووسەر بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئەوە دەنووسێت، بخوێنرێتەوە، لە وادەی پێش هاتنی تیۆری وەرگرتندا هیچ پێگەیەک بۆ خوێنەر بوونی نەبووە بە مەرجێک یەکێکە لە کۆڵەکەکان و خوێنەر وەرگر و هەڵسەنگێنەر و خاوەن خوێندنەوەی تایبەتە، (ڕۆلان بارت) لە (مردنی نووسەر)دا دەڵێت: ((مانای جەوهەری کارێکی ئەدەبی ئەو کاریگەرییەیە کە دەکەوێتە سەر خوێنەر زیاتر لەوەی (هەست و سۆز)ی نووسەر یان (چێژی هونەر) نووسەر بێت، هارمۆنیەتی تێکستی ئەدەبی ناکەوێتە سەر ڕەگ و ڕیشەی تێکستەکە یان داهێنەرەکەی، بەڵکو دەکەوێتە سەر قەدەرەکەی واتا جەماوەرەکەی.)) (بارت، ١٩٩٤: ١٥)

((ئەگەر تیۆری وەرگرتن قسە دەربارەی چۆنێتی بە یەکگەیشتنی خوێنەر بە دەق بکات، کە تیایدا بۆچوونی یاوس و ئایزەر یەکنەگرنەوە ئەوا تیۆری هێرمێنیۆتیکا (ڕاڤەکردن) باس لە چۆنێتی ڕاڤەکردنی دەق دەکات لەلایەن خوێنەرەوە، لەبەرئەوە جیاوازییەکە زۆر نییە. سەرەڕای ئەوەی پێشەوایانی تیۆری وەرگرتن گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەکانی هێرمێنیۆتیکا ڕەت ناکەنەوە، تەنها ئەوەیە، کە شکۆی خوێنەر بەرزدەکەنەوە لەسەر بنەمای دەق. تیۆری وەرگرتن لەسەر بنەمای چەند بیرۆکەیەک دامەزراوە، کە دەیەوێت وەڵامی هەندێ پرسیاری تیۆرییەکە بداتەوە، بە لێکدانی بیرۆکەکانی (یاوس) و (ئایزەر) پێکەوە؛ کە ئەمانەن: ئاسۆی چاوەڕوانی (پێشبینی)، مێژووی ئەدەبی،

چاڵ و بۆشایی دەق، پێگەی دیارینەکراو، خوێنەری ناوەوە (شاراوە)، مەودای ئیستاتیکی، گەنجینەی دەق، کۆمەڵایەتیبوونی ئەدەب، ...)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٤)

هەموو ئەو بیرۆکانەی سەرەوە پەیوەندی بە دەق و نووسەرەوە هەیە بەڵام بیرۆکە و مەبەستە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە خوێنەر وەک چۆن لە تیۆرییەکانی پێشوودا پشتگوێ خرابوو لای ئەوان شکۆی بۆ گێڕراوەتەوە و کراوە بە سەنتەر بۆ ڕاڤەکردنی دەق، ئەمەش ڕەوایە، چونکە نووسەر دەقێک بۆ خوێنەرێک دەنووسێت.

((بێ گومان ئەوەی تاوەکو ئێستا بەدیهاتووە زۆر مەزنە، بەشێوەیەک (یاوس) ڕایگەیاند کە گۆڕانکاریی ڕەگ و ڕیشەیی ڕوودەدات لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەشێوەیەک ڕەنگە بگاتە ئەوەی کۆتایی تیۆری ئەدەبی ڕابگەیەنرێت یاخود مردنی، وەک ڕاگەیاندنی مردنی نووسەر و مرۆڤ و خوا، سەرەتای تیۆری ئەدەبی لە ڕاوبۆچونی ئیستاتیکای وەرگرتنەوە تیۆری ئەدەبی باسی لە نووسەر دەکرد و دواتر دەچووە سەر باسی دەقەکانی، بەڵام مێژووی ئەدەب بە وێنە نوێیەکەی باسی وەرگر دەکات، و باسی دەقە ڕەخنەییەکەی، لە ئێستادا وەرگر خوڵقێنەری دەقە، وەک ئەوەی ئەوان دەیڵێن و هەروەها ئەم کودەتایەی ئەدەب ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٨)

هەر خوێنەرێک بە شێوەیەک خوێندنەوە بۆ دەقێک دەکات، واتە چەند خوێنەر هەبێت بۆ دەقێک ئەوەندەش خوێندنەوە و ڕاڤەکردن هەیە، کە ڕەنگە هەندێ لە ڕاڤەکان لە چەند خاڵێکدا یەکبگرنەوە، ((کاتێک خوێنەر ئەمە دەکات ئەوە داوا لە کەسانی دیکە ناکات شوێنپێی ئەو هەڵبگرن بەڵکو زیاتر دەیەوێت ئەوانی دیکە خۆیان شوێنپێ و جێدەستی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت.)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٦)

خوێنەر ئەگەر خاوەنی ئەزمونێکی کەمیش بێت، لە تیۆری وەرگرتندا بە خاوەن دەسەڵات سەیرکراوە، چونکە لێرەدا دەیەوێت، خوێنەر خۆی جێدەستی خۆی دیارییکات لە بوارەکەدا.

((یەکێک لەو بوارە ئەکادیمییانەی، کە مێژووی وەرگرتن تیایدا بە قوڵی گەشەی کرد، مێژووی وەرگرتنی (ئینجیل) بوو. لە ناو دەقی (ئینجیل)دا، ئەوە باسدەکرێت، کە لە سەرەتای نووسینیەوە تا ئێستا فرە ڕاڤەیی بۆ کراوە. دەیەوێت ئەوە پیشان بدات، کە چۆن ڕاڤەکانی ئینجیل بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاری بە خۆیەوە دیوە لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکان. ئەو بەشەی، کە زۆر لە پێش مێژووی وەرگرتنی ئینجیلەوە بوونی هەبووە پێی وتراوە (مێژووی ڕاڤەکردن) (history of exegesis) ئەو جیاوازییە دیارەی لە نێوان مێژووی وەرگرتن و توێژینەوەکانی پێش خۆیدا هەیە، ئەوەیە، کە مێژووی

وەگرتن ڕاڤەکانی قەتیس ناکات. ئەو ڕاڤانەش لەخۆیدەگرێت، کە تەقلیدی و پەراوێزخراون. مێژووی وەرگرتن تەنها لە بوارێکدا خۆی نەبینیوەتەوە، بەڵکو؛ هونەر، موزیک، ئەدەبیات و سروتی دینیش لەخۆدەگرێت. مێژووی ڕاڤەکردن گرنگی بەو ڕاڤانە دەدات، کە ڕاڤەکارە ئینجیلییەکان لێکدانەوەی تاکلایەنەی ئەو تێکستانەیان کردووە. (گادامێر) هەوڵیدا بۆ دۆزینەوەی ئەو پرسەی چۆن ئەو دەستنووسانەی ئینجیل لەگەڵ فەوتانی دەستنووسی ئەسڵیدا تاوەکو ئێستاش زانیاری بەخشن، ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە خراونەتە سیاقی سەردەم و چەرخە جیاجیاکانەوە و ئەویش بەوەی هەریەک لەو دەستنووسانە لە پەیوەندییەکی دیالۆگیدا بوون لەگەڵ یەکتر.)) Reception Criticism and Theory - Oxford Biblical Studies Online

ئەو بۆچوونەی سەرەوە بۆ (قورئان)یش ڕاستە، بە درێژایی ئەو ماوە زۆرەی، کە قورئان وەک بەرنامەیەکی ئاسمانیی دینیی پێڕەوکراوە لەلایەن مەزهەب و ئایینزا جیاجیاکانەوە لێکدانەوەی جیاواز بۆ سورەتەکانی دەکرێت ئەو ڕاڤانەی بەپێی تێپەڕبوونی سەدەکان بۆ قورئان و تەنانەت بۆ وتەکانی پێغەمبەر کراوە هەمان ئەو بۆچوونەی سەرەوە هەڵدەگرێت لەکاتێکدا دەوترێت قورئان دەستکاری نەکراوە، بەڵام نامەیەکی ئاسمانی فرەڕاڤەیە و بەپێی سەردەمە جۆربەجۆرەکان ڕاڤە و لێکدانەوەی جیای بۆ کراوە. توێژەر خەدیجە باللودموش ئەم ڕایەی سەرەوە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێت: ((پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە لە مانا و مەبەست بگۆڕێت بۆ زانستی تەئویل یاخود هێرمێنیۆتیکا، چەمکی لێکۆڵینەوەی واتا لە کلتوری عەرەبیدا پەیوەستبوو بە ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە، وەک چۆن لە ڕۆژئاواش ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆز بڵاوبوو.)) (باللودمو، ٢٠١٢ – ٢٠١٣: ٢٠)

## ١_١_٢ ڕابەرانی ئیستاتیکای وەرگرتن

### ١. هانز ڕۆبێرت یاوس – Hans Robert Jauss

یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن و قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی بە کاریگەری مامۆستاکانی (مارتن هایدگەر و هانز جۆرج گادامێر) سەرەتای بیرۆکەکانی خۆی دەربارەی ئیستاتیکای وەرگرتن دارشت، لە بیرۆکە تازەگەرییە ئەدەبییەکانی (ئاسۆی پێشبینی/چاوەڕوانی، مەودای ئیستاتیکی، لۆژیکی پرس و وەڵام، مێژووی ئەدەب)ن.

## ١.ئاسۆی پێشبینی/ چاوەڕوانی

یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی تیۆری وەرگرتن لای دانەرانی تیۆرەکە (ئاسۆی پێشبینی) یان (ئاسۆی چاوەڕوانی)یە، کە هەر یەک لە زاراوەکان بۆ خوێنەر دانراوە و تایبەتن بە ئەو، بەڕای ئێمە ئاسۆی پێشبینی وەک واتاکەی کە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕراوە گونجاوترە نەوەک ئاسۆی چاوەڕوانی چونکە ئاسۆی چاوەڕوانی لە (أفق الإنتظار)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە لە ئینگلیزییدا بە هیچ جۆرێک لە کتێبی (aesthetics of reception theory)ی یاوسدا (waiting horizon) بوونی نییە بەڵکو تەنها وشەی (horizon–ئاسۆ) هەروەها وشەی (horizon of expectaions–ئاسۆی پێشبینی) بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئاسۆی چاوەڕوانی بەکارهاتووە، ئێمەش لە هەندێ شوێندا هەمان زاراوەمان بەکارهێناوەتەوە.

((ئاسۆی چاوەڕوانیی یان ئاسۆی پێشبینی HORIZON ATT ENT مەبەست لەو پێوەرانەیە، کە خوێنەر بەکاریان دەهێنێت بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی: کاتێک، کە بابەتێک دەخوێنێتەوە، بە پێی ئەو دید و پێوەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، کە لەلای ئەم جێگیربوون، واتە هەموو خوێنەرێک کۆمەڵێک قەناعەت و پێوەری لا چەسپیوون بوون بە ئاسۆیەک لەلای، کە دەقێک دەخوێنێتەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکات لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا بگونجێت.)) (طاهیر و محمود، ٢٠١٢: ٦١)

((ئاسۆی پێشبینی بە جەمسەر دادەنرێت و ئەو چەقەیە، کە چەمکەکانی تری تیۆرییەکەی بە دەوردا دەسوڕێتەوە. دەق لە بۆشاییەوە سەرچاوە ناگرێت بەرەو بۆشایی ناڕوات، هەموو نووسەرێک ئاسۆیەکی هزری و ئیستاتیکی دەکات بە خاڵی وەرچەرخان بۆ خۆی نووسەر لە بیردا کردەوەکان ڕێکدەخات چۆنێتی داڕشتنی شێوازەکەی ڕێکدەخات بۆ ڕەگەزە ئەدەبییەکان، ئیستاتیکا پراکتیزە دەکات و تیایدا داهێنان دەکات، ئەمە لە وێناکردنی تایبەتی خۆی بۆ نووسین و لە گەنجینەی خوێندنەوەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت. لەبەرامبەردا هەموو خوێنەرێک، بە تایبەت ئەوانەی ڕەخنەگرن، ئاسۆیەکی هزری و ئیستاتیکییان هەیە، کە وەرگرتنی دەقەکە هەڵدەسوڕێنێت، ئەو ئاسۆیەی، کە پێکهاتەی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی ئەزمونی خوێنەرە، کە دەقە خوێنراوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها لە ئاگایی خوێنەردا ئەو پەیوەندییە دیاریدەکرێت، کە دەقەکە بە دەقی ترەوە دەبەستێتەوە، جگە لە بیرکردنەوەی ئەپستیمەیی و درککردن بەو جیاوازییە جەوهەرییەی لە نێوان

تاقیکردنەوەی دەق و تاقیکردنەوەی واقیعدا هەیە، کە گوتاری ئەدەبی پێ جیادەکرێتەوە. بێلایەنی و نێوەندگیریی نییە لە هەریەک لە خوێندنەوە و نووسیندا، کاتێک میکانیزمی خوێندنەوە دەجوڵێت، ئارگیومێنتێکی تایبەت لە نێوان هەردوو ئاسۆکەدا گەشەدەکات، و ئاسۆی دەق لەگەڵ ئاسۆی پێشبینیدا یان پێکەوە دەڕۆن یان یەک ناگرنەوە و ئاسۆی پێشبینی دەگۆڕێت. لەبەرئەوە ئەوەی لەسەر ڕەخنەگرە ئەوەیە؛ جۆری کاردانەوەکان دیاریبکات، کە خوێنەرەکان هەیانە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، خوێنەر بە شێوەیەک لە بەرهەمەکە تێدەگات، کە ئاسۆی ئەدەبی جۆراوجۆری خۆی سەرلەنوێ بەشێوازێکی تر دابڕێژێتەوە، لە ڕێگەی درککردن بەو ئەگەرانەی بۆی ئاراستە دەکرێت، بە شێوەیەک مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا خوێنەر دەکات بە کارا و کارلێکراویش لە هەمان کاتدا (کارا؛ بەوەی بیردەکاتەوە  و مانای شاراوە دەردەهێنێت و کارلێکراو؛ بەوەی، کە ئەو مانایانە ئاراستەی ئەو دەکرێن و خۆی لەناو بەرهەمەکەدا دەبینێتەوە). خوێنەر ناتوانێت دەقێک گۆبکات یان (إنطاق نص ما) لەڕێی مانا سەرەکییەکە، مانا شاراوەکەی دەربهێنێت ئەگەر لە چوارچێوەی تێگەیشتنی جیهان و ژیان نەبێت، کە دەقەکە لەسەری دەڕوات.)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٦)


لە پاشخانی زانیاری خوێنەردا، بە پێی خوێندنەوەکانی، کۆمەڵێک ڕێسا بنیاتنراوە بۆ وەرگرتنی دەقی ئەدەبی واتە ئەو پێشبینییانەی، کە خوێنەر هەیەتی بۆ دەقێکی ئەدەبی چاوەڕوانییەکی دەداتێ، کە دەقێکی نوێ دەخوێنێتەوە بەشێوەیەک پێشوازی لێدەکات کە لەگەڵ ئەو ڕێسایانەدا بگونجێت.

((بەم پێیە دەقیش ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی هەیە، هەر لێرەوە کارەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە:

١. ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا گونجاوە.

٢. ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق، خوێنەر توشی نائومێدی دەکات، چونکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەمدا ناگونجێت.

٣. ئاسۆی چاوەڕوانی دەق، بەجۆرێک دەکەوێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت، قەبارەو پێوەری تری لا دروست دەکات.)) (طاهير و محمود، ٢٠١٢: ٦١– ٦٢)




لە یەکێک لە توێژینەوەکاندا توێژەر ئاسۆی چاوەڕوانی لە دابەشکردنی دێڕەکانی شیعریشدا دەبینێتەوە و بە جۆرێک باسی گۆڕانکاری ڕیتمی نووسین و بەکارهێنانی کێش و سەروا دەکات، کە خوێنەر یان وەرگر لێرەشدا تووشی شۆک دەبێت و بابەتەکەی بۆ هەرس ناکرێت، کە پێشتر خوێنەر بە جۆرە ڕیتم و کێشێک ڕاهاتووە و ئێستا چاوەکانی لەسەر پەڕەکە ئەو ڕیتمە نابینێت. (طاهیر و محمود، ٢٠١٢: ٦٩)

توێژەر (عەباس محمد قادر) باسی (تۆبۆگرافیای دەق) دەکات و دەڵێت: ((مەبەست لە تۆبۆگرافیای دەق، ئەو پانتاییەیە کە دەقێک لەسەر کاغەز داگیری دەکات. پێشتر و بەتایبەت لە شیعری کلاسیکدا، نووسینی شیعر لەڕووی تۆبۆگرافیاوە بە جۆرێکبوو کە زۆرترین ڕووبەری داگیردەکرد لەسەر کاغەز، واتە ڕێژەی ڕەشایی زۆر بوو، بەڵام دواتر ئەم ڕووبەرە بەرەو کەمبوونەوە چوو بەجۆرێک وایلێهات دێڕێک لەچەند وشەیەک پێکدەهات)) (قادر، ٢٠٢٢: ١٩١)

بە وتەیەکی تر ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو ڕەگەزەی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتنە، کە تیایدا وەرگر کار لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکات بە ناوەرۆک و فۆرمەوە، سەرجەم ئەو ڕێسا چەسپاوانەی لە زەینی خوێنەردا هەن بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەییانە دەخرێنە گەڕ بۆ هەڵسەنگاندنی

بەرهەمە نوێیەکە هەندێک جار خوێنەر ناچار دەبێت ئەو ڕێسایانە تێکبشکێنێت لەپێناو گەیشتن بە بیرۆکەی نوێ و پەژراندنی ئەوەی کە نوێیە.

ئەو وەرگرەی، کە لێرەدا باسی لێوە کراوە خوێنەرێکی بە ئاگای بەرهەمە جۆربەجۆرەکانە و ئەمە وایکردووە بتوانێت ئەو دەقە نوێیەی دێتە بەردەستی بەپێی دەقە پێشینەکانی تر کە خوێندوویەتییەوە، هەڵبسەنگێنێت، یاخود خوێنەرێک بێت، کە ئەزمونێکی کەمی خوێندنەوەی هەبێت بەڵام وێناکانی ژیانی ڕۆژانە ببنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە نوێیەکە، یاساکانی ژیان و پێوەر و یاسا ئەدەبییەکان بۆ خوێنەر دەبنە سەرچاوە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێکی نوێ.

لە شوێنێکی تردا (حەفیظە زین) زاراوەی (ئاسۆی چاوەڕوانی) بەم شێوەیە باسدەکات: ((ئەم چەمکە یەکێک بوو لە چەمکە جیاکراوانەی (إجرائي) کە "یاوس" دایمەزراند، بۆ دیاریکردنی نموونە تازەکەی لە توێژینەوەی کاری ئەدەبیدا، و ڕۆڵی ئەزمونی خوێنەر لە تێگەیشتنی ئەدەبی و گەشەسەندنیدا، ناتوانین پێناسەیەکی وردی زاراوەکە بدەین بەدەستەوە، چونکە "یاوس" خۆی بە وردی دیاریی نەکردووە، بەڵام پێناسەیەکی سەرەتایی: سیستمی ئاڵوگۆڕکێیەکی خودییە، یان بنیاتنانی پێشبینییەکانە، (وەک سیستمێک کە بۆی بگەڕێتەوە) یان سیستمێکی هزرییە، بە جۆرێک تیایدا گریمانەکانی تاک ڕاست دەردەچن بۆ هەر دەقێک، کەواتە: ئاسۆی پێشبینی بە سادەیی ئەو گریمانە یەکەمینەیەیە کە خوێنەر دایدەنێت وای بۆ دەچێت کە پێی دەگات لە کۆتایی خوێندنەوەی ئەو کارە ئەدەبییەی لەبەر دەستیدایە، بە ئاودانی بە ئەزمونەکانی ڕابردووی، لەبەرئەوە "ئاسۆی چاوەڕوانی" خاڵی سەرەکی بووە لە تیۆرەکەی "یاوس"دا و مێژووی وەرگرتنی دەق (ڕابردوو، ئێستا) .

لێرەوە (ئاسۆی چاوەڕوانی) لەسەر سێ شت دەوەستێت:

- ئەزمونی پێشینەیی کە جەماوەر (وەرگر) هەیەتی ڕەگەزی ئەدەبیی ئەو دەقەی بۆی دەگەڕێتەوە.
- شێوەی کارە پێشینەکان و بابەتەکانی کە لە خۆیانیان گرتووە و لە بەراوورد بە دەقە نوێیەکە، یاخود توانای دەقئاوێزان و پەیوەندی ئەم کارە بە کاری ترەوە.
- بەرامبەر وەستان لە نێوان زمانی شیعری و زمانی کردەیی، یاخود نێوان جیهانی خەیاڵ و واقیعی ڕۆژانە، بە شێوەیەک کە خوێنەر گریمانەکان و ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی لە ئەزمونی واقیعەوە سەرچاوە دەگرن.

ناتوانین باسی ئاسۆی چاوەڕوانی بکەین، ئەگەر باسی ئامادەبوونی ئەزمونی ئەدەبی خوێنەر نەکەین، کە وەها لە خوێنەر دەکات، گریمانەی پێشینە بنیات بنێت، کە چاوەڕوانیەتی بێتەدی لە کاتی خوێندنەوەی کارە ئەدەبییەکەدا، بە شێوەیەک خوێندنەوەکە خوێندنەوەی یەکەم نییە و ئەو خوێندنەوەیەش نییە کە لە کاتی کارلێک لەگەڵ دەقەکەدا لەدایکدەبێت، هەموو خوێنەرێک کاتێک ڕوو دەکاتە دەقێک بە کۆمەڵێک بیرۆکە و ڕێساوە لە دەرگای دەقەکە دەدات، کەواتە: وەرگر؛ خوێنەرێکی پێشتر ئامادەکراوە لە ڕێگەی سەرچاوەی مێژوویی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە کە تیایدا دەژی وەک ژیانی ڕۆژانەی، وەرگر لە پێشبینییەکدا دەژی دەیخاتە حاڵەتی کاردانەوە و نزیکبوونەوە لە کارە ئەدەبییەکە، بە شێوەیەک؛ ئەم پێشبینییە بە چارەنووسێک کۆتایی نایەت هەتاوەکو خوێنەر و دەق ئاوێتە نەبن، لە سەرەتای کردەی خوێندنەوەکەدا ڕەنگە ئەم پێشبینییە بەشێوەیەک لە مێشکی خوێنەردا پارێزراوە، وەک چۆن خوێنەر قەسیدەیەکی کلاسیکی بخوێنێتەوە (چونکە پێشتر دەزانێت لە چ کەرەستە و کێش و سەروایەک پێکهاتووە) بە هەموو شێوەیەک ئامادەیە بۆ خوێندنەوەی بەمەش پارێزگاری لە پێشبینییەکەی دەکات، لە ئەنجامی هەبوونی ئەزمونی زۆر لەو بوارەدا، ئەم حاڵەتە وەرگر وەڕس دەکات، لە ئەنجامی وەستان و دووبارەبوونەوەی زۆر کە هیچ جوڵەیەکی تێدا نییە لە بەرهەمهێنانی مانا و تێگەیشتن و چالاکی ڕاڤەکردن بۆ دەقەکە، کە ئەمەش ڕۆحی داهێنان دەکوژێت لە خوێنەردا. بە پێچەوانەی ئەمەوە هەندێک جار خوێنەر بەر دەقێک دەکەوێت وەهای لێدەکات کە دووبارە ئاسۆکەی بنیات بنێتەوە  یان بە تەواوی ئاسۆکەی بپچڕێنێت؛ لە ئەنجامی یەکنەگرتنەوەی ئاسۆی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی دەقدا. )) (زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥: ٧٧)

هەتاوەکو خوێنەر بەرکەوتنی لەگەڵ دەقی نوێدا زیاتر ببێت لێکدانەوەکانی و داهێنانەکانی زیاتر دەبن و زیاتر ئاسۆی بیری فراوان دەبێت بۆ وەرگرتن و پەژراندنی بەرهەمی نوێ، تەنانەت ئەگەر ناچار ببێت ئاسۆی پێشبینییەکانی بگۆڕێت، چونکە وەرگرتنی بەرهەمی نوێ کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەمدا یەکنەگرنەوە پڕ بەرهەمتر و چالاکترە وەک لەوەی بەرهەمی پێشبینیکراو وەربگرێت و لای ئەم سواو بێت و وای لێبکات خوێنەرێکی ناچالاک بێت.

(نزار قەبانی) دەڵێت: ((شیعر لای من سەفەرکردنە بۆ لای ئەوانی دیکە... شاعیر دەستە و جەماوەریش دەرگا... ئەو شیعرەی کە ئاراستەی کەس ناکرێت لەسەر شەقامەکان دەمێنێتەوە... شیعر گوتارێکە بۆ کەسانی دیکەی دەنووسین.)) (زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥: ١٠٣) کەواتە: نووسەر بۆیە بەرهەمی ئەدەبی دەنووسێت ئاراستەی خوێنەر یان گوێگری بکات، نووسەر خۆشی لە گرنگی وەرگر تێدەگات، ئیتر

وەرگرەکە لە هەر چین و توێژێک بێت گرنگ ئەوەیە ئەو بەرهەمەی پێبگات، هەروەها نووسەران ئاگاداری ئەوەن کە بەرهەمەکانیان هەڵدەسەنگێنرێت لەگەڵ ئاراستەکردنەکەدا، هەر لەبەرئەوەیە ئامادەن بۆ وەڵامدانەوە.

بەرهەمی ئەدەبی و کاریگەری لەسەر خوێنەر بە شێوەیەکە، کە هەندێک لە توێژەران بەرهەمی وەرگێڕراو و بەرهەمی توێژینەوەی بەراووردکاری دەخەنە ڕیزبەندی ئەو بەرهەمانەی کەم تا زۆر کاریگەرییان لەسەر وەرگر هەیە.

((لەم دوادواییانەدا لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری زۆربوون، تیایدا کارێکی ئەدەبی یان کارەکانی ئەدیبێک یان بزوتنەوەیەکی ئەدەبی یان ڕەوتێکی فکری لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی بێگانە هەڵدەبژێررا و وەردەگێڕرایە سەر زمانی دووەم. بەم شێوەیە وەرگرتنی داهێنەرانە گۆڕا بۆ مەیدانێکی بەپیت بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی ئەدەبی و وەرگێڕانی بەراودکاری. شێوەیەک لە شێوەکانی وەرگرتن کە جێی بایەخی بەراوردکاران و وەرگێڕان بوو (وەرگرتنی ڕەخنەیی) بوو لە وەرگێڕاندا.

مەبەست لێی ئەوە بوو، کە ڕەخنەگرەکان ڕاڤەکاری و ڕوونکردنەوەیان بۆ بەرهەمی ئەدەبی بێگانە دەکرد. ڕەخنەگر وەک داهێنەری ئەدەبی و وەرگرێکی ئاسایی؛ وەرگرە، بەڵام وەرگرێکە لە جۆرێکی جیا و تایبەت. ئەو بەرهەمی ئەدەبی وەرناگرێت بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و سوودلێوەرگرتن بەڵکو بەرهەمەکە وەردەگرێت بۆئەوەی شیکار و ڕاڤەی بۆ بکات و پێشکەشی وەرگرانی تری بکات. ئەم چالاکییەی وەرگێڕ چالاکییەکی نێوەندگیرە لە نێوان تێگەیشتنی کارە ئەدەبییەکە و شیکارکردن و ڕاڤەکردنیدا خۆی دەنوێنێت. ئەم چالاکییە ڕەخنەییە خۆی بەرتەسک ناکاتەوە لە بەرهەمی ئەدەبیی نەتەوەییدا بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ کاری ئەدەبیی بێگانە بە شێوەی جۆربەجۆر.)) (بعلي، ٢٠١٨: ٢٩)

## ٢.مەودای ئیستاتیکی

ئاسۆی پێشبینی پێکەوە لەگەڵ یەکێکی دی لە ڕەگەزەکانی تیۆری وەرگرتندا کاردەکەن ئەویش مەودای ئیستاتیکییە، مەودای ئیستاتیکی(( یاوس لە تیۆرییەکەیدا مەودای ئیستاتیکی بە پێوەرێک داناوە بۆ بەپێزیی یاخود بێپێزیی دەق، کە پێکهاتووە لەو فاکتەرەی، کە گەشەدەکات لە نێوان خوێنەر و کاری ئەدەبیدا لە کاتی (بێئومێدی ئاسۆی خوێنەر)دا، یاخود لەکاتی شکاندنی (تێکشکاندن –خرق) ئاسۆدا لەلایەن دەقەوە، بەمەش بچڕانێک دروستدەبێت لەنێوان خوێنەر و دەقەکەدا، خوێنەر ناچاردەکات ئاسۆکەی بگۆڕێت بۆ ئەوەی بگات بە ئاسۆی دەقەکە، لەکاتێکدا، کە وێکچوونی ئاسۆیی

دروستدەبێت مەودای ئیستاتیکی بوونی نییە، توێژەران وای دەبینن ئەم حاڵەتە لە دەقە نائاسییەکاندا ڕوودەدات، کە خاوەن سیفەتێکی دووپاتبووەوەن، هیچ شتێک ناخەنە سەر زانیارییەکانی خوێنەر و نایجوڵێنن، بەڵکو وای لێدەکات بێزار بێت و خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە وازلێبهێنێت.)) (زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥: ٧٨ -٧٩)

پێوەندی نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی و مەودای ئیستاتیکی پێوەندییەکی پارادۆکسیە؛ بەجۆرێک تاوەکو تێکشکانی ئاسۆی پێشبینی ڕوونەدات مەودای ئیستاتیکی زیاد ناکات و بوونی نابێت. هەندێک لە توێژەران زاراوەی مەودای جوانکاری بەکاردەهێنن بۆ مەودای ئیستاتیکی، کە ئێمە ئەمەی دووەمیان بە گونجاوتر دەزانین.

(( (یاوس) چەمکی مەودای جوانکاری بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی ستاتیکی نێوان ئەوەی بەخشراوە کە دەقەکەیەو لێی ڕژاوەو ئەوەشی کە چاوەڕواندەکرێت لە ڕێگای وەرگرەوە بخرێتە سەر بەرهەمهێنراو، تا بە تەئویلی جۆراوجۆر دەوڵەمەنتر بێت ئەو جیاوازییەی، کە لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی خوێنەر لەدەقەوە پەیدا دەبێت کاتێک، کە پێکهاتە و ناوەرۆکی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا تەبا نابێت، بۆیە وادەکەوێتەوە، کە ئاسۆیەکی دیکە بوونیادبنێت لە ڕێگای وەرگرتنی هۆشی و زانیاری تازە لەکارە خوێنراوەکەدا.)) (طاهیر و محمود، ٢٠١٢: ٦٣)

((شێوازی وەرگرتنی بەرهەمە ئەدەبییەکە لەلایەن خوێنەرەوە دەبێتە پێوانەیەک بۆ نرخی هونەری بەرهەمی ئەدەبی، ئەگەر ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەر یەکبگرنەوە؛ ئەوا دەقەکە دەقێکی ئاساییە و هیچ هەستێکی هونەری نوێ دروستناکات، بەڵام لە کاتێکدا، دەقەکە ئاسۆی پێشبینی خوێنەر بێهیوا بکات و لە پێوەرە پێشینەکانی لابدات، ئەوا بەرهەمەکە دەبێتە شاکارێکی بەنرخ، (یاوس) ئەم مەودایەی لەنێوان ئاسۆی نووسین و ئاسۆی خوێندنەوەدا هەیە ناودەنێت؛ (مەودای ئیستاتیکی) کە دەکرێت بە کاردانەوەی خوێنەر و حوکمی ڕەخنەگرەکان پێوانە بکرێت، بەهۆی پێکهێنانی یەکەیەکی پێوانە بۆ ئەو ناجێگیرییەی لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی پێشبینی خوێنەردا هەیە.)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٧)

((هەر لە ساتی دەرکەوتنیەوە لە سییەکانەوە هەتاوەکو هەشتاکان، هیچ لە جەمسەرەکانی تیۆری وەرگرتن دژ نین لەسەر ئەو تەوەرەی، کە تیۆری وەرگرتن بەدەوریدا دەخولێتەوە ئەویش (ئاسۆی پێشبینی)ی خوێنەرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، ناولێنانەکانی ڕەنگە ناهاوڕایی هەبێت بە درێژایی پەنجا ساڵ بەڵام ئاماژە بۆ یەک شت دەکات: خوێنەر چاوەڕوانی چی دەکات بیخوێنێتەوە لە دەقدا؟

ئەم چاوەڕوانییە ئەو مەبەستەیە کە ڕۆشنبیری خوێنەر و فێربوونەکانی و خوێندنەوە پێشینەکانی و پەروەردە ئەدەبی و هونەرییەکەی دیاری دەکەن.

لە ئاراستەکانی ڕەخنەی کاردانەوەدا خوێنەر بە تەوەرێکی سەرەکی دادەنرێت لە چەمکە تیۆرییەکاندا، یان ئەو ئاراستانەی لە دوای بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و هێرمێنیۆتیکا و خوێندنەوە و وەرگرتن. جوانناسییەکانی وەرگرتن پەنای بردە بەر هەندێ پسپۆری لەپێناو ئامادەکردنی هەندێ چەمکی باوی وەک دەق، شیعرییەت، جێکەوتی ئەنجام، کاری ئەدەبی. لەبەرئەوەی بڕیاردان لەسەر پێڕەو و پێوانە کۆنەکان لە ڕەخنەی کۆندا پێشتر دیاریکراو بوون، کە گرنگە لە ئەدەبدا بسەلمێنرێت. مادام ئاسۆ لەلایەن وەرگرەوە ڕێڕەوێکی گۆڕاوی، پێگۆڕاوی، شلۆق بێت، ئەوا ئاسۆ و پێوانەکان دەگۆڕێت ئەمەش ڕێگا بۆ شێواز و بیرۆکەکان دەکاتەوە کە نوێگەری بکەن.)) (بعلي، ٢٠١٨: ٣٤)

## ٣.لۆژیکی پرس و وەڵام

یاوس ئەم چەمکەی لە گادامێرەوە وەرگرتووە، ((مەبەست لێی تێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی واتا تێگەیشتن لەو پرسیارەی لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکەدا کراوە، وەک وەڵامێک بۆ خوێنەر، چونکە کاتێک بەرهەمێک لەبەر دەست خوێنەردا دەبێت، دەبێتە بابەتێک بۆ ڕاڤەکردن، چاوەڕوانی وەڵامێکە بۆ پرسیارەکانی)) (جبوري، ٢٠١٨– ٢٠١٩: ٤٣) ((میکانیزمی پرس و وەڵام هەر پەیوەندی بە میکانیزمی نێوەندیی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە هەیە، بە شێوەیەک وەرگر ڕووبەڕووی بەرهەمی ئەدەبی دەبێتەوە، کە پەیوەستە بە ڕۆحی سەردەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکانی مێژوو هەندێ پرسیار دێنێتە ئاراوە کە ئاشنا نەبوون.)) (عیسی، ٢٠٢١: ١٩٠)

((بنیاتنانەوەی ئاسۆی پێشبینی بەو وێنەیەی، کە پێشتر هەیبووە، لەکاتی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا، توانای پرسیارکردن دەهێنێتە ئاراوە کە دەقەکە پێشتر و لە ڕابردوودا وەڵامی داوەتەوە، دواتر دۆزینەوەی چۆنێتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو لەلایەن خوێنەری ئەو سەردەمەوە. ئەمەش جیاوازی ڕاڤەکردنمان بۆ دەردەخات لەنێوان ئێستا و داهاتوودا. جۆری پەیوەندییەکەی نێوان دوو ئاسۆکەمان بۆ دەردەکەوێت.)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٨)

لەگەڵ ئەوەی لۆژیکی پرس و وەڵام پێوەندی بە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە هەیە، هەروەها پێوەندی بە چەمکی مێژووی ئەدەب و توێژینەوەی پەسنی و مێژووییەوە هەیە، چونکە ئەو خوێنەرەی، کە پەنجا ساڵ پێش ئێستا بەرهەمێکی ئەو کاتەی خوێندووەتەوە، ڕاڤەکردنەکەی جیاوازە

لەگەڵ خوێنەرێکی ئەم سەردەمەدا، کە هەمان بەرهەم دەخوێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، ئەگەر هەمان بەرهەم ڕاڤەی پەسنی و مێژوویی بۆ بکرێت و بەهەمان شێوە ڕاڤەکان پەیوەست بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمەوە دەگۆڕێن.

## ٤.مێژووی ئەدەب (لە مێژووی دانەرەوە بۆ مێژووی خوێندنەوە)

((مێژووی ئەدەب پەیوەندی نێوان دیاردە ئەدەبییەکان نییە و ئەو زنجیرەیە نییە، کە لە نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەیە، بەڵکو ئەزمونکردنی خوێنەرە بۆ بەرهەمەکە و ئەو ئەزمونەیە، کە خوێنەر و دەقە ڕەخنەییەکان بە ئێمەی دەگەیەنن، ئەم بەخشەرە، دەیکات بە ئەرک بەسەر شانی مێژوونووسی ئەدەبەکەوە، کە خوێنەر بێت، بۆئەوەی لە بەرهەمەکە تێبگات و مێژووییانە دیارییبکات. هەر لەبەر ئەمە بوو ئایزەر جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان واقیع و وەرگرتن دەکردەوە، لەبەرئەوەی وەرگرتن بەرهەمهێنراوێکە، دەق لە خوێنەردا گەشەی پێدەدات.)) (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٦)

بە تێپەڕبوونی کات بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکەدا، ئەو بەرهەمە توێژینەوە دەربارەی دەکرێت و دەستاودەست دەکات، سەرجەمی ئەو توێژینەوانە دەبنە مێژوویەک بۆ بەرهەمەکە. جگە لەوەی لە مێژووی ئەدەبدا تەنها باس لە ژیانی نووسەر کراوە و ڕەنگە بوارێکی کەمی توێژینەوەش بە بەرهەم درابێت، یان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بەرهەمێک خرابێتەڕوو، بێ گوێدانە خوێنەری ئەو بەرهەمانە.

یاوس دەڵێت: ((مێژووی ئەدەب لە ئێستادا تووشی بارودۆخێک هاتووە و ئەو پێگەیەی هەیبووە لە ڕابردوودا لەدەستیداوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان حەقی خۆیەتی، پێویستە دان بەوەدابنرێت ئەو ڕێڕەوەی مێژووی ئەدەب گرتبووی لە سەدوپەنجا ساڵی ڕابردوودا، ڕێڕەوێکی دواکەوتووی یەکبەدوایەک بوو. هەرە سەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە. مێژووی ئەدەب هونەر بە گشتی بۆ ماوەیەکی زۆر مێژووی دانەرەکان بووە و ئەوانەی، کە خوێنەر و گوێگر و بینەری ورد بوون بەتەواوی پشتگوێ خرابوون کە زۆرینەیان ڕەشە خەڵک بوون، بە ئاستەم ئەگەر باسی وەزیفەی مێژوویی وەرگر کرابێت)) (عيسى، ٢٠٢١: ١٨٢– ١٨٣)

((یاوس مێژوویەکی ئەدەبی نوێ بنیات دەنێت، کە ئەویش مێژووی وەرگرتنە، یان باشتر بڵێین؛ مێژووی ئەو مشتومڕەی کە لە نێوان بەرهەم و وەرگرتندا دروست دەبێت، یان ئەو پێوەندییە

گفتوگۆییەی، کە لەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و خوێندنەوە جیاوازەکانی نەوە یەکبەدوایەکەکانی، کە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی دەکرێت.)) (عیسی، ٢٠٢١: ١٨٣)

لێرەدا ڕۆڵی ئەو ئەدیبانەی مێژووی ئەدەبی کوردییان نووسیوە وەک (عەلادین سەجادی و ڕەفیق حیلمی و مارف خەزنەدار) بە هەند وەردەگیرێن، بە چێژێکی ئەدەبی و هونەرمەندانە بەرهەمی شاعیرانیان خستوەتەڕوو، ئەوان خۆیان خوێنەر و ئەدیب و ڕۆشنبیر بوون، لەبەرئەوە دەتوانرێت ئەم خاڵەی تایبەت بە تیۆری وەرگرتنە بەسەریاندا بسەلمێنرێت. ڕەفیق حیلمی دەربارەی بەرهەمەکانی گۆران دەڵێت: ((گۆران ئیلهامی شیعری لە جوانی وەرگرتووە و لە هەموو شتێکا جوانی وەرگرتووە و پەرستوویە، لە ئافرەتیشا ئەو جوانییانە تینووتی پەرستشی شکاندووە، کە نایەتە دەسەوە، بەڵکو تەنیا لە کانی دڵ و گیانا (بوون)یان هەست ئەکرێ، لەبەر ئەمە هەرچەند (گۆران)یش وەکو شاعیرەکانی قوتابخانەی کۆن مەیلی ئافرەت و جوانیی نەناوەبەلاوەو گەلێ شیعری غەرامی داناوە، (غەرام) هەستی گۆرانی داگیرکردووە، بەڵام شیعرەکانی ئەم لەگەڵ هینەکانی ئەوانا ئاسمان و ڕێسمانە. چونکە هەروەکو لاسایی کردنەوەی تیا نییە مانای شیعریشی بەجارێ گۆڕیوەو بە تەواوی ڕێگەیەکی تازەی بۆ داناوە. واتا لە دونیای شیعر و بەتایبەتی لە شیعری کوردییا ئینقیلابێکی گێڕاوە گۆران بەم ئینقیلابە قوتابخانەی شاعیرە کۆنەکانی بەتەواوی ڕووخاندووە و دونیای کلاسیکی بەجارێ سەرەوژێرکردووە.)) (حیلمی، ٢٠١٠: ٢٠١)

لەم ڕوانگەیەوە؛ لە ئێستادا لەسەر بەرهەمەکانی گۆران چەندین توێژینەوە دەکرێت و بە پێی ئەم تیۆرییە تازانە لێی دەکۆڵرێتەوە، بۆ (مێژووی ئەدەب)ی تیۆری وەرگرتن ئەمە بەشترین نموونەیە کە بەرهەمی شاعیرێک لە ١٩٥٦دا لەلایەن مێژووی ئەدەبنووسێکەوە کە خوێنەرێکی باشی ئەدەب بووە، لەلایەن وەرگرێکەوە هەڵسەنگێنراوە بە جۆرێک و لە ٢٠٢٢دا هەمان ئەو شیعرانە بە تیۆر و بنەمای تازە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت، (ڕەفیق حیلمی) وەرگرێک بووە و (سامان جەلال عەزیز و هەرێم عوسمان)یش وەرگرێکن و هەردوولا لە مێژوویەکی جیاوازدا بە خوێندنەوەی جیاوازەوە شیعری هەمان شاعیریان هەڵسەنگاندووە، یاوس داوای ئەم مشتومڕە دەکات ببێتە مێژووی ئەدەب نەوەک هەردوو نووسەر دەربارەی تەنها گۆران بدوێن وەک خودێک.

## ٢.فۆڵفگانگ ئایزەر – Wolfgang Iser

هاوشان لەگەڵ (یاوس)، لە قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانیدا، ((بە پشتبەستن بە چەمکەکانی فینۆمینۆلۆژیا و دەروونزانی و زمانەوانی و ئەنثرۆپۆلۆژیا، و سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی فەیلەسوفی پۆڵەندی ئینگاردن)) (موسی، ٢٠٠١: ٤٨) بەشداربووە لە داڕشتنی ئەم تیۆرییەدا، کە بە دانەری ڕەخنەی کاردانەوەی خوێنەر دادەنرێت، ((لە ڕاستیدا تیۆری وەرگرتنی ئایزەر، پشت دەبەستێت بە ئایدۆلۆجیای مرۆیی لیبراڵ، کە بڕوایەکە پێی وایە پێویستە ئێمە لە خوێندنەوەدا نەرمونیان و مێشککراوە بین، خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی بیروڕاکانمان بخەینە بەردەم پرسیارەوە و ڕێگەیان بدەین گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.)) (ئیگلتن، ٢٠١٦: ١٨٢) گرنگترین ئەو چەمکانەی کە ئایزەر بۆ تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتنی دانا:

### ١.خوێنەری ناوەوە (شاراوە)

ئایزەر بەم شێوەیە خوێنەری ناوەوە دەناسێنێت؛ ((هەموو ئامادەییەکی پێویستی پێشینەی تێدا بەرجەستەکراوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکە، ئەم ئامادەییە پێشینەیە نەخشە بۆکێشراو نییە لەسەر واقیعی دەرەکی و ئەزمون، بەڵکو تەنها لەلایەنی دەقەکە خۆیەوەیە.)) (فولفغانغ آیزر، ١٩٩٥: ٣٠) خوێنەرێکی نموونەییە، کە لێکدانەوەکانی لە بەرهەمە ئەدەبییەکەوە هەڵدەهێنجێنێت، نەک لە ئەزمون و واقیعی دەرەکی و ڕۆژانەوە، یاخود لە خوێندنەوەی زۆر بۆ بەرهەمی ئەدەبی پێشینە.

((خوێنەری ناوەوە، پێش بنیاتنانی واتای ناوەوەی دەق، بوونی هەیە، هەروەها پێش هەستکردنی خوێنەر بەو واتایە بە درێژایی پرۆسەی خوێندنەوە.)) (عبدالواحد، ١٩٩٦: ٣٦) ئەم نووسەرە نموونەیەکی هاوشێوەی خوێنەری ناوەوەی هێناوەتەوە لای فەیلەسوفی بوونگەرا (سارتەر)، کە دەڵێت: ((بۆ ئەوەی وێنەی خوێنەری ناوەوەی ئایزەر زیاتر ڕوونببێتەوە، ئاماژە بە بیرۆکەی خوێنەر دەدەین لە ڕەخنەی بوونگەرایی – سارتەر- کە لێکچون لە نێوانیاندا ئاشکرایە، سارتەر ئەو جەماوەرەی، کە نووسەر بەرهەمی ئاراستە دەکات دابەشکرد بۆ دووان: جەماوەری واقیعی و جەماوەری ئەگەری (إمكاني)، مەبەستی لە دووەمیان جەماوەرێکی نموونەییە لە داهاتوودا، ئەگەر هەستی بە ساردییەک کرد ڕوودەکاتە جەماوەرێک دوور لە هاونیشتمانییانی خۆی بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە تایبەتەدا، بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆی بخاتەڕوو بۆیان.)) (عبدالواحد، ١٩٩٦: ٣٦)

## ٢.گەنجینەی دەق:

ئەو زنجیرەیەی، کە دەق دەبەستێتەوە بە دەقەکانی پێشووەوە، فەزاکەی بنیات دەنێت و بوونی خۆی دەداتێ. ئەگەر گەنجینەکە لەناو فەزایەکی کولتوریدا، لەڕێگەی ئامادەیی بەها کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانەوە ڕاڤەی بۆ کرا، و لە دەقەکاندا دووبارە بووەوە، ، واتا ئەمە دوو شت لەخۆدەگرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە خوێندنەوەکە خوێندنەوەیەکی یەک لایەنە (فردیة) نییە، بەڵکو نائاگایی کۆیە (اللاوعي جمعي)، لەبەرئەوەی خوێنەرەکان سیاق و پێناسەی وەک یەکیان هەیە. دووەمیان واتای ئەوەیە ئەم دەقانەی کە خاوەنی یەک گەنجینەن و لە هەمان گەنجینەوە هاتوون ئاوێنەی سیستمی دەلالی ئاماژە بۆ دەرخەری ڕاستییەکی زەمەنییە، هەروەها ئەم سیستمە بەردەوام دەبێت و درێژ دەبێتەوە لەناو کلتورەکەدا و زۆرترین خوێنەر لەگەڵیدا ئاوێتەدەبێت. (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٧)

## ٣.ڕوانگەی گەڕۆک:

دەقی ئەدەبی وەک پارچە موزیکێک وایە، بەیەکجار ناتوانرێت لایەنەکانی هەستپێبکرێت، بەپێی ئەو سروشتەی کە هەیەتی لە شێوەی هێڵێکی زەمەنی دژدایە بۆ ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆی هێشتنەوەی ناوەرۆکی دەقەکە کە لە واقیعدا بوونیان هەیە، وەکو هونەی هەڵکۆڵین، هەر لەبەر ئەمەیە ناتوانرێت درک بە واتاکانی دەق بکرێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوامەوە نەبێت، چونکە قۆناغێکی دیاریکراو هەموو شتێک نابەخشێت، بەڵکو تەنها هەندێ ڕووکەشی دیاریکراو لە بابەتەکە لەبەر ڕۆشنایی کۆی دەقەکە بەدەستەوە دەدات، چرکە یەکەمینەکانی ڕۆمانێک وێنەیەکی دیاریکراومان دەداتێ لەسەر پاڵەوانەکە، بەڵام هەر زوو توشی شۆکدەبین بە سیفەتی چاوەڕواننەکراو، دواتر هیچ قۆناغێک لەو قۆناغی خوێندنەوانە ناتوانێت وەک یەک بێت لەگەڵ مانای دەقەکەدا. (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٧– ١٥٨)

## ٤.چاڵ و بۆشاییەکانی دەق:

دەق لە تیۆری وەرگرتندا، هەندێ بۆشایی تێدەکەوێت، کە پێویست دەکات خوێنەر لێیبکۆڵێتەوە، ئەگەر یەکێکمان چیامان نەبینیبێت، گومان لەوەدا نییە کە ناتوانین لە خەیاڵماندا وێنای بکەین، لەبەر ئەمە بەرجەستەکردنی چیا لەناو هزردا ونە، لێرەدا ئەو بەشەی کە نووسراوە  لە دەقدا زانیاری ئەوەمان دەداتێ، بەڵام بەشە نەنووسراوەکە، هەلی ئەوەمان دەداتێ بەرجەستەی شتەکان بکەین و

هەستییپێبکەین، لە ڕاستیدا ئێمە بە بێ بۆشاییەکانی دەق، ناتوانین خەیاڵمان بەکاربهێنین، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی بێبەها دەبێت، تەنها بە کردەی وەرگرتن نەبێت. (هذيلي، ٢٠١٧: ١٥٦)

## ١_١_٣ ڕەگ و ڕیشەی تیۆری وەرگرتن

وەکو دەردەکەوێت گەلاڵەکردن و قسەکان و سەرچاوە سەرەکییەکەی تیۆری وەرگرتن وەک باسدەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ هێرمێنیۆتیکا و فینۆمینۆلۆژیا بە پلەی یەکەم و ئەو بیرۆکانەی لەم تیۆرییانەوە کەوتونەتەوە هەوێن و بناغە بوون بۆ تیۆری وەرگرتن، بەڵام لە هەندێ سەرچاوەدا ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی فەلسەفەی پلاتۆن و ئەرستۆتالیس. سەرەڕای ئەوەش توێژەرە عەرەبەکان وەرگرتن و گرنگیدان بە وەرگر بە نوێ نازانن و دەیگەڕێننەوە بۆ ڕەخنەی کۆن.

((ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیی کۆن گرنگیداوە بە وەرگرەکەی بە گوێگر و خوێنەرەوە، ئەمە گەیشتە لوتکە لە چەرخی بوژانەوەی ڕەخنەدا، لە کاتی پۆلێنکردنی بەشەکانی ڕەخنە و کاریگەربوونی ڕەخنە بە بەشەکانی دیکەی ئەپستیمەی نزیک لە ڕەخنەوە، وەک زمان و قسە و فەلسەفە، ئەم گرنگیپێدانە گەیشتە ڕادەیەک کە بڵێین ڕەخنەی عەرەبی بخاتە جێیەک لە جێیە گرنگەکانی ئەدەبیات. بە گوتارە گرنگەکەی وەرگری کردبووە مەبەستێک بۆ ئاراستەکردن، پاڵی بە شاعیرانەوە دەنا کە شیعرەکان ئاراستەی وەرگر بکەن و وەرگر بووبووە مەبەست بۆ هەموو شیعر و هۆنینەوەیەک، دەقە ئەدەبییەکان بەرهەمهێنراوی ئەدیب و شاعیرەکان نین بە تەنها بەڵکو لە بەرهەمهێنانی وەرگریشە کە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە لەدایکبوونی دەقی ئەدەبیدا.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: أ)

تیۆری وەرگرتن تیۆرێکی تازە نییە، بەڵکو بابەتێکە لە کۆندا لای هەندێک لە نەتەوەکان چەند لایەنێکی نیشاندراوە، ئەم بیرۆکانە؛ لەناو بەرهەمی ئەدەبی و توێژینەوەی ئەدەبی فەیلەسوف و نووسەری نەتەوەکان بەدیدەکرێت، ئەو بیریارانەی، کە لە زۆر بابەتی ئەدەبی و هزری و فەلسەفی دواون بە درێژایی مێژوو.

گرنگیدان بە وەرگر لە ڕەخنەدا بیرۆکەیەکی کۆنە، ڕەخنەی یۆنانی گرنگی پێداوە؛ ئەمە لە ڕاکانی پلاتۆن و ئەرستۆتالیسدا بە ڕوونی دیارە. پلاتۆن وای دەبینێت: لاساییکردنەوە ڕەنگدانەوەی ڕەنگدانەوەیە، تیۆری ئەشکەوت و سێبەرەکەی پلاتۆن بە ڕوونی ڕای ئەو دەردەخات لەسەر وەرگر، ڕاستی دوورە لە وەرگرەوە ئەوەندەی، کە بەرهەمهێنەری ئەدەبی دوور دەکەوێتەوە لە جیهانی

نموونەیی، وەرگرتنی چەمکە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەکان لە بیری وەرگردا وێنای ئەو چەمکانە دروستدەکەن. پەیوەندی لە نێوان وەرگر و ئەپستیمەی تەواودا کۆمەڵ باوەشی بۆ دەگرێتەوە، جیهانی ئایدیا و ڕاستی جیهانێکی خواهانەیە دوورە لە مرۆڤەوە، ئەمەیە کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی وەرگر دروستدەکات وەک پلاتۆن دەڵێت، و دەبێتە هۆی گەندەڵکردنی مرۆڤ، بەتایبەتیش پێشڕەوان تیایاندا، بۆ نموونە شاعیران زیانبەخش و گەندەڵکارن لەناو شارە نموونەییەکەی پلاتۆندا، وەرگرتنی کاری هونەری پێویستە ژیری بەڕێوەی ببات، ئایا جەوهەری نییە کە حوکم لە دەستی مەملەکەتی هزردا بێت، لەبەرئەوەی خاوەن ژیرییە، ئەوە ژیرییە کە سودەکانی خواست و ویست ڕێکدەخات ومەملەکەتی جۆش و خرۆش لە خواستدا دۆست و هاوپەیمانە. خواست و ویست و کاردانەوەکانی لە چالاکی وەرگرتندا پێویستە لە قۆناغی دووەمدا بێن، لەبەرئەوەی ئەقڵ خۆی دانایە لە بڕیارەکانیدا، بەڵام خواست و ویست لە هاوتاییدا نییە لە کاردانەوەکانیدا، وەرگرتن لە لای پلاتۆن کردەیەکی بیریی ژیرییە، بەمانای ئەوەی ڕاستی تارماییانە نزیک ببێتەوە کە لەسەر لاساییکردنەوەی دووەم بنیاتنراوە لە جیهانی نموونەیی.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ٩)

بەڵام هەر پلاتۆن لە جێیەکی دیکەدا ((جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە سەیرکردنی درامایەک پێویستە ببێتە هەڵگیرسێنەری هەست و سۆز لەلای جەماوەر، بەوشێوەیەک ئامادەبووان ئەوە لەبیربکەن کە پێشتر کەسانی خاوەن ژیریی (rational beings) بوون، و ڕێگە بدەن هەست و سۆز نەک عەقڵ بەڕێوەیان بەرێت.)) (Bressler, 2012: 69)

## ١.وەرگرتن لای ئەرستۆتاڵیس

هەروەک چۆن پلاتۆن ڕای هەبووە لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و لاساییکردنەوە هەروەها ئەرستۆتالیس قسەی لەسەر لاساییکردنەوە کردووە و لەو بۆچوونانەی کە دەربارەی بەرهەمی ئەدەبی بە گشتی و دراما بە تایبەتی هەیەتی گرنگی ئاشکرای بە وەرگر داوە، بە وشەی کاثارسس (katharsis) ئاماژەی پێداوە کە بە مانای پاکبوونەوە دێت، پاکبوونەوەی کێ؟ نووسەر دوای پاکبوونەوەی خۆی لە دوای نووسینی بەرهەمی ئەدەبییەوە، پاکبوونەوەی وەرگری مەبەستە، واتا پێویستە ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی، کە پێشکەشدەکرێت هەستی پاکبوونەوە لای وەرگر بوروژێنێت. وەرگر لە کاتێکدا ئەم هەستەی لەلا دروستدەبێت کە توانای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکەی هەبێت،

بۆشاییەکانی کە لە دەقەکەدا هەیە هەستی پێبکات، هەروەها لێکدانەوەی خۆی هەبێت بۆ هەڵەی بکوژی پاڵەوان، لێکدانەوە و ئەگەری هەیە بۆ ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان.

((بە پێچەوانەی پلاتۆنەوە کە لاساییکردنەوە بەو شێوە نموونەییە دەبینێت، ئەرستۆتالیس وەهای دەبینێت لاساییکردنەوە داهێنانە لە خوڵقاندنە هونەرییەکاندا، هونەر وێنەگرتنی ژیانی سەر زەوی مرۆڤە، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر وەرگر، لەبەرئەوەی لە ژیان و چەمکەکانیەوە دەردەچێت، گرنگترین ئەرکی هونەریش لە کاردانەوەی وەرگرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەرکی پاککردنەوەیە بۆ هونەر، بەرهەمە داهێنەرەکە کردەی پاککردنەوە پراکتیزە دەکات بەسەر بینەردا – وەرگر- لێرەدا جەختکردنی ئەرستۆتالیسمان بۆ دەردەکەوێت کە دەیخاتە سەر دوای وەرگرتن لە نێو بازنەی هونەریدا ئەرستۆتاڵیس لە داهێنان و ئەرکدا پردێکی پەیوەندی دروستکردووە کە خزمەتی هەست و سۆزی وەرگر دەکات و پێداگری لەسەر هەستی بەزەیی و ترس دەکات ئەو ڕوونکردنەوانەی زاراوەی پاککردنەوە شیدەکەنەوە ڕوودەکەنە لایەنی وەرگر (بینەری دوێنراو) و ئەو کاریگەرییەی تراژیدیا لەسەر وەرگر جێی دەهێڵێت، لێرەوە ئەم زاراوەیە پەیوەست بوو بەو کاریگەریی و کاردانەوە دەروونی و ڕوحییانە.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ٩- ١٠)

ئەوەی ئەمە ڕووندەکاتەوە پێداگری ئەرستۆتالیسە کاتێک باسی لاساییکردنەوە و بنەماکانی دەکات و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروون کە خۆی دەبینێتەوە لە بنەماکانی وروژاندن و ڕووداوە کتوپڕەکان (الإثارة و المفاجأة) دەڵێت: ((کاتێک لاساییکردنەوە بۆ کارێک یان بەرهەمێکی تەواو بەکار نەیەت بەڵکو بۆ هەندێ لایەن بێت کە ترس و بەزەیی بجوڵێنێت و باشتر دەبێت ئەگەر لەپڕ و چاوەڕوان نەکراو بێت، هەریەکەیان هۆکار بن بۆ ئەوی دیکەیان و مەزنتر دەبێت ئەگەر لەخۆوە ڕووبدەن یان ڕێکەوت بێت.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ١٠)

((لە شوێنێکی دیکەدا ئەرستۆتالیس تراژیدیا پێناسە دەکات: ((جوانترین تراژیدیاکان ئەوانەن کە چنینیان ئاڵۆز بن و سادە نەبن، ئەوانە بن کە لاسایی ترس و بەزەیی دروستدەکەن.)) لەم پێناسەیەوە ڕووندەبێتەوە، کە جوانترین تراژیدیاکان دەکەونە نێوان ئیستاتیکا و کاریگەریی دەروونییەوە، بەستنەوەی ئیستاتیکا بەو هەست و سۆزەی مرۆڤ، کە وروژێنراوە جەختکردنە لەو ڕاستییە نەگۆڕەی، کە توێژەران بە پەیوەندی نێوان ئیستاتیکا و وەرگری دادەنێن. وەرگرتن مەبەستی سەرەکی شیعرە لەم نێوەندەدا وجود و نرخی شیعر دەردەکەوێت، لەبەر ئەمە؛ ئەرستۆتالیس ئەرکی وروژاندنی هەستی وەرگری سپارد بە شاعیران بۆ بەدەستهێنانی ئیستاتیکای داواکراو.

ئەرستۆتالیس لە ڕێگەی ڕەخنەکانیەوە هەوڵی بنیاتنانی تیۆری ئیستاتیکای داوە لە هونەری شیعردا؛ تیۆری ئیستاتیکا وەرگر هەڵدەگرێت و دەیخاتە ڕیزبەندی یەکەمەوە، ئەم هەستکردنە بە جوانی، ئەرستۆتالیس لە کتێبی هونەر و شیعردا بە پەرشوبڵاوی قسەی لەسەر کردووە.)) (جبوري، ٢٠١٨-٢٠١٩: ١١)

## ٢. وەرگرتن لای سۆفستاییەکان

((کۆمەڵێک بەدیدەکرێن، کە گرنگییان داوە بە وەرگر و پێش ئەرستۆتالیس کەوتوون کە ئەوانیش سۆفستاییەکانن لە سەروو هەموویانەوە لۆنجینۆس، هەندێ نیشانەیان هەبوو کە سەرەداوی سەرەتای تەوژمی وەرگرتن بووە؛ بە ڕاکانیان وایان لە وەرگر دەکرد کە بچێتە بارودۆخێکی دووجەمسەرییەوە (مزدوج) ئەمەش لەو باوەڕەیانەوە دەهات کە؛ لە ڕاستیدا هەموو گۆکراوێک ئەگەرێکی هەیە کە لە بنەچە و بناغەکانیدا وەرگر بگەیەنێتە باوەڕی تەواوەتی. لە کاتێکدا مانا: لەو گۆکراوەوە دەکەوێتەوە بە هێما ڕەوانبێژییەکانی، لەو یاریپێکردنە زمانەوانی و شێوازەی لێوەی وەردەگیرێت بەڵام ئەزمونی وەرگرتن (تێگەیشتن) دوور دەوەستێت لە بنیاتی مانا، ئەو ئەزمونە پێویستی بە لێدوان و تاووتوێ هەیە بەڵام پەیوەندیدارە بە شێوەیەکی تایبەتی بە چەمکی وەرگرتنەوە.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ١١)

## ٣. وەرگرتن لای عەرەب

عەرەب؛ وەک نەتەوەیەکی خاوەن کاریگەری هزری لەسەر نەتەوە دراوسێکانی خۆی، خاوەن بیریار و فەیلەسوفن، هەندێ لە بیریارەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرەتاکانی تیۆری وەرگرتنیان باسکردووە و زاراوەکانی وەک ((دوێنراو، گوێگر و جەماوەری بەکارهێناوە، بەڵام لە فراوانی باسەکانیاندا دەربارەی لایەنە ڕەخنەیی و ڕەوانبێژییەکان کە پێوەندیدارە بە وەرگرەوە، زاراوەی (وەرگر- المتلقي)یان بەکارنەهێناوە)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ٢٦))

((ئەگەر لە کلتور و ئەدەبی عەرەبی وردببینەوە، گرنگییەکی بەرچاو دراوە بە وەرگر لای ڕەخنەگر و ڕەوانبێژە کۆنەکان، ئەم گرنگییدانە لە بەرهەمە کۆنە ڕەخنەیی و ڕەوانبێژییەکانی نووسەراندا دەردەکەوێت وەک (البیان و التبین)، و (عیار الشعر )ی إبن طباطبا؛ (دلائل الإعجاز) عبدالقاهر

الجرجاني و (منهاج البلغاء)ی حازم القرطجني، کە هەندێک لایەنی وەرگرتنیان باسکردووە، تایبەتە بە تیۆری وەرگرتن لەم فۆرمەی ئێستایدا. وەک بابەتی وەرگری داهێنەر لە بەرهەمهێنانی گوتاردا و لایەنی کاریگەری دەروونی، کە دەق بەجێی دەهێڵێت لای وەرگر.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ١٢)

جاحظ دەڵێت (کۆچی دوایی ٢٢٥ک): ((ئەو باسەی لە ئارادایە دەربارەی ڕوونبێژی و ڕوونکردنەوە، تێگەیاندن و تێگەیشتن، هەرچەندێک زمان ڕوونتر بێت باشترە، هەرچەندێک دڵ دیار و ئاشکرا بێت باشترە، تێگەیشتن لە تۆیە و تێگەیاندن لەسەر تۆیە، کە لە فەزڵدا هاوتان.))

((مدار الأمر على البيان والتبيين، وعلى الإفهام والتفهم، وكلما كان اللسان أبين كان أحمد، كما أنه كلما كان القلب أشد استبانة كان أحمد، و المفهم لک و المتفهم عنک شريكان في الفضل.)) (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ١٢)

لێرەدا جاحظ زانینی ڕاستیی مانا مەرجدار دەکات بە کۆمەڵێکەوە کە پێویستە زانا و دانا بێت، ڕەخنەگرێکی بەتوانا بێت؛ باوەڕی جێگیر بێت، مەیلی بۆ ئەوە نەڕوات کە زۆربەی کەس بۆی دەڕوات (دوای زۆرینە نەکەوێت)؛ ڕاگەیەنراو نزیککاتەوە لە لە ڕوونکردنەوەوە، تێگەیشتن نزیککاتەوە لە تێگەیاندنەوە، بەمەش وەرگری خاوەن چێژ هاوشانە لەگەڵ قسەکەری بگۆدا، لەبەرئەوەی هاوشانییەک لە نێوان کەسی تێگەیەنەر و تێگەیەنراودا هەبێت.

ئەم وتەیەی جاحظ پێمان دەڵێت؛ کە پێویستە پردێکی پەیوەندی هەبێت لە نێوان نووسینی ئەدەبی و وەرگرەکەیدا پێویستی بەدیهێنانی تێگەیشتن و تێگەیاندنە، لێرەدا وەرگری خاوەن چێژ هاوشان دەبێت لەگەڵ قسەکەری بگۆدا، یاخود هاوشانی نێوان تێگەیەنەر و تێگەیەنراو. ئەم گوتەیەی جاحظ پێمان دەڵێت کە، پێویستە پردێکی پەیوەندی لە نێوان نووسینی ئەدەبی و وەرگرەکەیدا هەبێت، لە گرنگی تێگەیشتن و تێگەیاندندا کتێبەکەی ناو ناوە (البيان و التبين_ ڕوونبێژی و ڕوونکردنەوە) دەیەوێت ئەوە بگەیەنێت کە نرخی ڕوونبێژی لەوەدایەلە دڵی وەرگرێکدا جێگیر ببێت کە ئامادەیە بۆ ئەو ڕوونبێژییە. لەوەوە تێدەگەین کە جاحظ گرنگی زۆری داوە بە تێگەیشتن و تێگەیاندن (تێگەیاندنی گوێگر و باوەڕپێهێنانی) لێرەدا وەرگری دوێنراو بەشداری پێدەکات وەک بنچینەیەکی کارا و دیار لە کردەی ڕوونبێژیدا نەک تەنها هەر ئەمەندە؛ بەڵکو بە ئامانجێکی بنەڕەتی وەسفی کردووە، کەواتە جاحظ لەم کتێبەیدا درکی بە دووریيەکانی وەرگرتن کردووە و دڵ و دەروونی خوێنەری ڕاگرتووە

و بە پێویستی زانیوە کە خوێنەر بەشداری پێبکات لە بەدیارخستنی دەقدا. (جبوري، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ١٣)

لە شوێنێکی دیکەدا (جبوري) پاش ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات، کە تیۆری وەرگرتن بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە و ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دەیسەلمێنێت زانا و ڕەوانبێژە عەرەبەکان ئەم تیۆرییەیان زانیوە بەڵام نەک بەهەمان تێگەیشتن و چەمک و زاراوە و پێشینەی فەلسەفی و ڕەخنەیی تیۆری وەرگرتنی ئەڵمانی. هەروەها زانا و ڕەوانبێژە عەرەبەکان لە کاتی مێژووییدا پێش ڕێبازەکەی ڕۆژئاواییەکان کەوتوون، باسی ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەیان کردووە کە دەق بە وەرگرەوە دەبەستێت.

## ٤. وەرگرتن لای کورد

لەگەڵ ئەوەی کە دەقی ڕەخنەیی زۆر کۆن لای کورد بەدیناکرێت کە ڕاستەوخۆ بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی بەرهەمی ئەدەبی و نووسەر و تەنانەت وەرگریش دانرابێت، بەڵام هێشتا لەناو دەقە شیعرییە هەندێک لە شاعیرەکاندا دەتوانرێت بیرۆکەی تیۆری وەرگرتن بە چەمکەکەی ئێستای وەربگرین، شاعیران هەندێ وشەی تایبەتیان بەکارهێناوە کە دەربڕی هەستی وەرگرە وەک هەڵسەنگێنەرێکی ڕەخنەیی دروستکەر یان ڕوخێنەر.

(مەلێ) لە شیعرێکیدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەحسەن ژ ڤێ نەزمێ لەتـــــــیف | چەندی سەبوک هاتی خەفیف |
| **مەحبووب** ب دەستێ خوەهێ شەریف | نەقدێ مە موهر و سککـــە دا |
| ئەحسەن ژ ڤێ وەسفێ ڕەفیـــــــع | ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیـــع |
| تێتن ژ نووڕێ وەک ڕەقیـــــــــع | بێ عەیب و نەقس و ڕەخنە دا |
| ئەحسەن ژ ڤێ وەزعێ «مەلا» | ئەشکال و ئەوسافێن حەلا (جەلا) |
| لەو دل ب وان بوو موبتـــەلا | جەزبە و جەلالە د ســـــــینە دا |

(دیوانی مەلای جزیری، ٢٠١٤: ٦٦٨)

(هەژار) لە شەرحی ئەم چەند دێڕەدا دەڵێت: ((مەلا ئافەرین بۆ شیعرت! خۆش و سووک و ڕێک و ناسک هۆندۆتەوە. یار بە دەستی مبارەکی مۆری ئافەریمی دامێ؛ کە سکەی بە ناوی ئەو بوو.)) (دیوانی مەلای جزیری، ٢٠١٤: ٦٧١)

وەک دیارە مەلای جزیری لێرەدا هەڵسەنگێنەری شیعرەکانی خۆشەویستەکەی بووە، ئەو وەکو وەرگرێک مۆری هەڵسەنگاندنی پێیە و شیعرەکانی بە باڵا و ناسک و خۆش و سووک بەسەر زمانەوە دەنرخێنێت، خۆشەویستەکەی مەلا لێرەدا دوو جار هەڵسەنگێنەر بووە یەکەمجار بێلایەنانە هەڵیسەنگاندووە وەک ڕەخنەگرێکی دروستکەر کە واقیعی شیعرەکانی مەلای دەرخستووە کە ئاسان و خۆشگۆ بوون و دووەمین جار لایەنگیرانە هەڵیسەنگاندووە چونکە شیعرەکان دەربارەی خۆی بوون و بە دڵی بووە کە بە جوانی و شۆخوشەنگی ئەودا هەڵیداوە. وتەکان خۆیان وتەی مەلای جزیرین و لە زمانی خۆشەویستەکەیەوە دەریبڕیوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خوێنەرەکانی کە لە تیۆری وەرگرتندا هەن خوێنەرەکەی مەلا کە خۆشەویستەکەیەتی لە هیچکام لەو خوێنەرە ئەکادیمییانە نادۆزینەوە چونکە وەک پێشتر وتمان ئەم خوێنەرێکی تایبەتە و هەڵسەنگێنەرێکی تایبەتە، بەڵام گرنگەکە ئەوەیە مەلا ئەوەی زانیوە کە یەکێک هەیە شیعرەکانی ئەخوێنێتەوە و هەڵیدەسەنگێنێت.

(خانی) سەرەڕای نووسینی شاکاری (مەم و زین) وەک شارەزایەک خۆی بە (مستفد) داناوە و خوێنەری ڕەخنەگری بە (مستعد) داناوە، خوێنەری بە بەرزتر لە خۆی نرخاندووە کە ئەوان زاناتر بن لە خۆی.

لێ هێڤی دکم ژ موستەعیدان

حەرفان نەگرن ل موستەفیدان

(ئەحمەدێ خانی: ٢٠٢٢: ٤٥)

ئومێد ئەوە ژ ئەهلی عیرفان

ئەو دێ نەگرن ل من چو حەرفان

تەشنیع نەکن، وەکی غەییوران

ئیسلاح بکن ل من قوسووران

(ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٢: ٤٧)

سەهو و غەلەتان نەکن تەعەججوب

تەئویل بکن ژ بۆ تەعەسوب

(ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٢: ٤٨)

خوێنەران ئەهلی عیرفانن و دانا و بەتوانا و هەڵسەنگێنەری باشن و ئەو بەرهەمە وەک بەرهەمێکی کەم سەیرناکەن و بەڵکو دروستکەرانە ڕەخنەی لێدەگرن، (خانی) وشەی (تەئویل)ی بەکارهێناوە کە بریتییە لە ڕاڤەکردنی دەق کە سەرەتاکانی سەرچاوەگرتنی تیۆری وەرگرتن لە هێرمێنیۆتیکاوە دەستیپێکردووە، خوێنەر ڕاڤەی دەق دەکات و لێکدانەوەی خۆی بۆ دەکات، (خانی) هەستی بەم کردەیە کردووە بۆیە بۆ (نەورەسیدە)کەی نێوەندگیری کردووە و هیوای ئەوەی خواستووە کە خوێنەر تەئویلێکی شایان بە بەرهەمەکە خۆیی بۆ بکات.

(خانی) هیوا دەخوازێت، خوێنەران یان ئەوانەی حەز بە خوێندنەوەی ڕاز و چیرۆک دەکەن، بە تەنزەوە سەیری بەرهەمەکەی نەکەن و ڕەخنەی خراپی لێنەگرن.

مەئمول ئەوە ژ ئەهلێ ڕازان

ئەو دێ نەکردن ل من تنازان

(ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٢: ٤٧)

لە دێڕەکانی کۆتایی نامەکەدا؛ (خانی) لە گفتوگۆی لەگەڵ خامەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە درێژدادڕی خوێنەر تووشی بێزاری دەکات و گفتی جوان ئەوەیە کە کورت و پوخت بێت. کەواتە لای خوێنەر بەرهەمی جوان ئەوەیە کە زوو مەبەست بدات بە دەستەوە و ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی درێژ نەبێتەوە و نەبێتە هۆی بێزاری چونکە لێرەدا مەودای ئیستاتیکی دوور دەکەوێتەوە و خوێنەر ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ خۆی بەکێش دەکات.

ئەی خامە تە ژی گەلەک درێژ کر

ئەڤ نامە بەسە، تە پڕ قرێژ کر

هەرچەند کەلام شوبهێ دوڕ بت

بێ قەدر دبت دەما کو پڕ بت

(ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٢: ٣٤٤- ٣٤٥)

(نالی) لە پاڵ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی بۆ زمانی کوردی، باسی خوێنەری کردووە کە (نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا)، لای نالی ئەو کەسە خوێنەرە کە بگەڕێت بە دوای بەرهەمی جواندا و زانا بێت و زمانی جۆربەجۆر بزانێت و بتوانێت لەو ئەدەبە بەرزانەی دەنووسرێت تێبگات. کەواتە: دوو جۆر خوێنەر دیاریدەکات، نەزان و زانا؛ زانا ئەوەیانە، کە خۆی لەگەڵ واتای شیعرەکاندا خەریکدەکات و دەگاتە واتای ڕاستەقینەی دەقەکە، کە ئەمەش لەو بارەدا دەبێت، کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر جووتدەبێت لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا و پێکدەگەن، لێرەدا (نالی) زۆر بەڕوونی باسی خوێنەری کردووە، حسابی بۆ خوێنەر کردووە، کە ئەم تێڕوانینەی نزیکی دەکاتەوە لە خاڵێکی جەوهەری تیۆری وەرگرتنەوە.

**کەس** بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەر **کەسێ نادان** نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

(دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٧)

(حاجی قادری کۆیی) لە پارچەی (وتم بە بەختی خەواڵوو)دا لەگەڵ دەربڕینی هەستی بەتینی نەتەوایەتی لە غەریبییەوە؛ لە دێڕەکانی کۆتاییدا شانازی بە شیعرەکانییەوە دەکات، جگە لەوەش دوو جۆرە وەرگری دەستنیشانکردووە وەک خوێنەری شیعرەکانی؛ لە دێڕی (کە خۆتی تێنەگەیێنی، لە نیکتەکانی نەگەی – دەڵێی هەموو هەزەیانە خودا بەلای لێ دا) خوێنەرێک دەستنیشاندەکات و هەڵیدەسەنگێنێت کە نایەوێت خوێنەرێکی زانا بێت و ئەوەی لەبەر دەستیدایە بە ویژدانەوە بیخوێنێتەوە و نرخاندنی بۆ بکات، ئەم خوێنەرە خوێنەرێکی لامسەرلاییە و (حاجی) بە تێنەگەیشتوو وەسفی ئەکات. لە دوای ئەم دێڕەوە (حاجی) ناوی ئەو خوێنەرانە دەهێنێت کە نرخی بەرهەمی ئەدەبی دەزانن و بە (سەڕڕافی زێڕ و زیوی قسە) ناویان دەبات، ئەمانە جۆرە خوێنەرێکن کە

بەرهەمی ئەدەبی بەرز دەنرخێنن و خوێنەرێکی وەها شارەزان، کە لە ڕووی ڕەخنەییەوە ڕەخنەی دروستکەر و بونیاتنەر لە شاعیران دەگرن و بەرهەمەکانیان لەلا وەک بەردی گرانبەها وایە.

شەبیهی جۆڵەکە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی

مەڵێن فـــەساحەتی کوردی بە فارســـی نــاگـــا

بەلاغەتێـــکی هەیە، هیـــچ زوبـانێ نایگــــاتێ

لە بێ تەعەسسوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها

کـــە خۆتی تێ نەگـەیێنی، لە نیکتەکانی نەگەی

دەڵێی هەمـوو هەزەیانــــە خـودا بەڵای لێ دا!

بەڵام **ئەوانی کە سەڕڕافی زێڕ و زیوی قسەن**

بـــە شەه ڕەوایی دەزانن، چ سکـــکەیەکە ڕەوا

(دیوانی حاجی، ٢٠١١: ٤٦)

***

ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی **مەندەبووری لەئیم**

نقـوودی ((حاجی)) کە نەیدیوە خوسـرە و دارا

ئومـێدی وایـــە نەسـیبی کەریمـــەکی وا بـــێ

بە خێـــری دایکـــی و بابـــی لە ڕێی خودا بیبا

(دیوانی حاجی، ٢٠١١: ٤٧)

لە کۆتاییدا؛ نزا دەکات ئەم بەرهەمە بەنرخانەی نەکەوێتە دەستی کەسانی (مەندەبووری لەئیم)، کەسانێک کە قین لە دڵن و دەربارەی شیعر و شاعیران هیچ نازانن، (حاجی) دیسان جۆری خوێنەر دیاری دەکات لێرەدا، دواتر ئومێد دەکات خوێنەرەکانی ئەوانە بن کە نرخی ئەم بەرهەمەی ئەم دەزانن و تەنانەت شیعرەکانی وەک پارە کردووە بە خێر بەو جۆرە خوێنەرانە؛ واتا حاجی لەوە

گەیشتووە کە چۆن خوێنەری خراپ هەیە ئاوهاش خوێنەرێک هەیە بەرهەمی ئەدەبی دەناسێت و پێ بە پێی خۆی هەڵیدەسەنگێنێت.

## بەشی یەکەم

### تەوەری دووەم: ژن و دەسەڵاتی نێرسالاری

### ١_٢_١ ڕەچەڵەکی وشەی (ژن)

وشەی (ژن) لە زمانە جیاوازەکاندا ئێتیمۆلۆژیاکەی بۆ مانایەکی پۆزەتیڤ و مانابەخش دەگەڕێتەوە ((لە کوردی و ژمارەیەک لە زمانی تری دەوروبەردا وشەی ‹ژن› و ‹ژیان›، سروشت و ئازادی هەمان شتە. بە کوردی ژن، ژیان، شێن، گیان، جیهان، جێ لە هەمان ڕیشەوە دێن. هەروەها وشەکانی وەک ژیندار، ژینداری، ژیندا، زیندوو لەگەڵ ژن و ژیان لە هەمان ڕیشەن. وشەی ژیان لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا "تی"یە. بە سۆمەری ئامارگی بە واتای ئازادی دێت، بە واتای گەڕانەوە بۆ دایکیش دێت. لە عەرەبی دا "عیش" بە واتای ژیان دێت، ناوی عائیشە لە هەمان سەرچاوەوەیە. ژیان لە واتایەکی تری عەرەبی دا حەیات و وشەیەکی مێیە و ناوێکی تری ژنە. وشەی عەرەبی نساء کە بە واتای ژن و وشەی "ئینسان" واتە مرۆڤ سەرنج ڕاکێشە کە چەند نزیکن بە یەک. هەروەها بە عیبری دژبەری زمانەکانی تر وشەی "ئیششا" بە واتای پیاو لە "ئیش"ی هەمان زمانەوە وەرگیراوە. بەو وشەیەش دەکرێت کاریگەری زهنییەتی پیاوی دەسەڵاتدار لە زمان ببینین. بە ئیسپانی وشەی "لا ڤیتا" واتا ژیان وشەیەکی مێیە. بە فارسی وشەی ژیان "زیندەگی" و "ژن" زن" لە هەمان ڕیشەوە هاتووە.)) (ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ٢٠١٦: ٩١)

لە فەرهەنگۆکی (ئاو بە تاو) ڕاستییەکی زانستی و زمانەوانی و مێژوویی نووسراوە کە لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە، توێژەر لە فەرهەنگۆکەکەیدا وشەی (munus)ی سۆمەری وەرگرتووە، بەرامبەر وەستاوە لەگەڵ [مێ؛ ژن؛ ئافرەت]ی کوردی و (woman)ی ئینگلیزیدا بێجگە لە دانانی نووسینە مێخییەکەی تێبینییەکی ئاماژە پێکردووە، دەڵێت: ((ئاوازی "مونوس" (munus)ی سۆمەری و "مێ"ی کوردی لێرەدا مانان بۆ ژن و بە دەنگی "م" دەستپێدەکەن. لە کوردیدا بیرۆکەی "مێ" بەرانبەر بیرۆکەی ماکە کە بنچینەکەی بوونە و ئاسۆییە. دایک، زەوی، بە برشتە و مادەی بوون و نوێبوونەوەیە. ئەو مانایانەی مێ لەگەڵ مانای مێ زمانی و مێ لە ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەردا، هاوتا دێنەوە، کە تێیدا خودا بنچینەییەکان خوداژن و خودان و هاوکات "ئاو" بوون و لە گیانی خوداژن گەردوون (ئەستێرە، ئەرز و ئاسمان) دروستکراون. )) (یاسین، ٢٠١٩: ٥٢٢)

وشەی ژن و ماناکەی؛ لە یەکێکی دیکە لەو وشەنامانەی لەبەر دەستدا بوون ئەو وتانەی سەرەوە کە دەربارەی ئێتیمۆلۆژیای وشەی ژن نووسراون پشتڕاست دەکاتەوە ئەویش وشەنامەی ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردییە؛ تیایدا هاتووە؛ ((jin ژن، لە ژین jîn و ژیان jiyan ەوە هاتووە، کە وشەی ژین jîn و ژیان jiyan لە زایین zayîn ەوە هاتووە، واتە: گیانلەبەرێک کە بزێ. ژن jin لە ئاڤێستادا گنا gina و جەن cen ە و لە پەهلەویدا: ژەن jen و لە فارسیدا بووە بە "زن" zen و زندگی zendigî مانای ژیان jiyan ە و بە ڕووسی жена́ (ژنا) یە. )) (نەبەز، ٢٠٠٨: ١٧٦)

ئەم ڕاستییە زمانەوانییانە و گەڕانەوە بۆ ئێتیمۆلۆژیای وشەی (ژن) ئەوە دەردەخەن کە لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەو زمانانەی کە هاوسێی زمانی کوردین یان زمانەکەمان بە ڕەچەڵەک بۆیان دەگەڕێتەوە کە وشەکە بە مانای ژیان هاتووە و لەوەوە وەرگیراوە، لەگەڵ ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا وەک ڕایەکی سادە دەتوانرێت بوترێت هۆکاری ئەوەی کە ژن لە ئایینە بەرایییەکان و کۆمەڵگا بەرایییەکاندا و وشەکە ڕەچەڵەکەکەی بۆ ژیان دەگەڕێتەوە؛ ئەوەیە کە ژن ژیانێکی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێت، ژن ئەو بونەوەرەیە کە ڕۆحێکی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێت، توانای ئەوەی هەیە ئەو ژیانەی تر بهێنیتە بوون لە کاتێکدا پیاو ئەو تایبەتمەندییەی نییە، هەر بۆیەش لەو دەمانەشدا پیاو بەو دیفاکتۆیە ڕازی بووە کەوا ژن خوداوەند و دەسەڵاتدار و پەرستراو بێت.

لە کوردیدا؛ وەک هاوواتایەک بۆ وشەی ژن وشەی (ئافرەت)یش هەیە و زیاتر لە بوارە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت ((ئافرەت: لە زاراوەی لەکیی، ئافێرەت. وشەیەکی ناوچەییە و بۆ ژن بەکار دێت. بەهۆی ئەوەی لە بواری ڕامیاری ناوەکە بەکاردەهێندرێت، یارمەتی داوە تا ئەندازەیەک بڵاوببێتەوە. وشەکە وێناچێت کوردییەکی ڕەسەن بێت، چونکە هەموو ئەو دەستەواژانەی کە لە وشەی ژن دروست دەبن، ئافرەت لێی بێبەشە وەک: ژنبەژن. مەلاژن. ئاغاژن. ژنهێنان. بێژن. بە ژن. بێوەژن. پیرەژن. شێرەژن. شۆڕەژن. و تاد. هەروەک ناوەکە لە پەندی پێشینان و دەستەواژە و دەربڕینی زمانەوانیدا جێی خۆی نەکردۆتەوە. یەکێک لە بۆچوونەکان ئەوەیە کە لە وشەی تورکیی، لە عارەبیی وەرگیراوی (ئاروات) هاتبێت، کە ئەویش لە وشەی عارەبیی عەورەت (ناوگەڵ) وەگیراوە. ئەوەی بنەچەی عەورەت پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەوەیە کە ناوەکە لە ئەدەبیاتی سەدەی پێنجی کۆچی فارسی بە شێوەی عەورەت بۆ تاکی مێیە و عەورەتینە بۆ باری کۆی ئافرەت بەکارهاتووە. لە هەردوو کتێبی (تأریخ بیهقی) و (أخلاق ناصری)، ئاماژەیان پێکراوە. بۆیە گومانی ئەوە هەیە، هەردوو ئافرەتی کوردیی و ئاروادی تورکیی، لەو بنەچە فارسییە، لە عارەبیی وەرگیراوەوە هاتبن. لە زمانی

هاوچەرخی ئوردو، عەورەت واتا ئافرەت، ژن. لە پونجابیی aurata، ئەورەتە واتا ژن. واتا سەرەتا عەورەت بۆتە عاورات و هاورات و ئاورات و دواییش ئافرەت. چەندان لێکدانەوەی دی لاواز و نەسەلمێنراویش بۆ ئافرەت هەن. لەوانە ناوەکە، لە ناوی خوداوەندی ناسراوی جوانی (ئەفرۆدیت)ەوە هاتبێت. یان ئەو ژنە خواوەندەی، کە ڕۆمانەکان پێیان دەوت (ئەورۆرا) بە واتای ئاورنگ. ئەی بۆ نەچێتەوە سەر وشەی پەهلەوی ناسراوتر لە ناوچەکە، بە شێوەی afraxtan، ئەفرەختان بە واتای ڕۆشن کردن. چرا هەڵکردن. واتا ئەفرەختان بووبێتە ئەفرەخت و ئەفرەت، پاشانیش ئافرەت. مەبەستەکەش گونجاوە کە ئافرەت بە چرا هەڵکەر و ڕۆشنکەرەوەی ماڵ دانراوە.)) (هەرشەمەیی، ٢٠٢٢: ٧٠)

ئەوەی جێی سەرنجە هاتنە ناوەوەی وشەی (عەورەت)ە. لە (مختار الصحاح)دا هاتووە: ((ع و ر ــ (العورة) سوءة الإنسان وكل ما يستحيا منه)) (الرازي، ١٩٦٧: ٤٦١) ئەو شوێنەی مرۆڤە، کە بە دەرکەوتنی شەرم دەیگرێت، وشەی (الإنسان) هاتووە، کە مەبەست لێی هەردوو ڕەگەزەکەیە، بەڵام پرسەکە لەوەدایە، کە بۆچی وشەکە (عەورەت) لە عەرەبییەوە دزەیکردووەتە ناو فارسی و تورکییەوە و واتاکەی بۆ ژن بەکارهاتووە و بۆ پیاو بەکارنەهاتووە؛ دیارە ئەو بیرەی، کە ژن وروژێنەرە و بیری دەسەڵاتی نێرسالاری، کە ژن تەنها وەک کاڵایەک دەبینێت وەهای کردووە، کە ژن وەک عەورەت ببینرێت و وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە وشەکە لە زمانی فارسی و تورکیدا واتای ژن بگەیەنێت لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا.

## ١ــ٢ــ٢ ژن وەک یەکەم دەستی مرۆڤایەتی

ئەو بەڵگە سادانەی کە دۆزراونەتەوە لە پەیکەری بەرد و وێنەی سەر بەرد و لەوحەکان ئەوە پیشاندەدەن کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە خواوەندی دەسەڵاتدار مێ بووە و هەموو ئەو ناوە جیاجیایانەی لە مێخواوەند نراوە لە ناوچە جیاجیاکان، هەموو دەگەڕێتەوە سەر یەک مێخواوەند کە ئەویش ((مێخواوەندەکەی چەرخی بالیۆلیتی و سەرەتای چەرخی نیۆلیتییە، بە تەنها لەسەر عەرشی گەردوون دانیشتبوو)) (سەواح، ٢٠١٠: ٣٧) لەو کاتەدا ((یەک ئایینی سەنتراڵی و یەک ئەفسانە لە چەرخی نیۆلیتیکیدا سەریهەڵداوە، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر شێوە ئایینی و ئەفسانەییەکانی هەموو کلتوورەکانی پاشتر هەبووە، هەر لە یەکەمین کۆمەڵگای شارنشینی دۆڵی میزۆپۆتامیاوە، تاوەکو ئایینە گەورەکانی شارستانییەکانی دواتر.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٣٥-٣٦)

((مێخواوەند بە تەنها لەسەر تەختی دەسەڵات بووە، چیرۆکی تراژیدیانەی هەنگاو بە هەنگاو جێگیرکردنی پێگەی باوک، کوڕ، هاوسەر، خۆشەویست،... )) (ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ٢٠١٦: ٢٤) ((هەندێک لەو ناوانەی جێی خۆی قایمکرد و بوونە کەسایەتی سەربەخۆ لای سۆمەر (نەمۆ) مێخواوەندی سەرەتاو ئاوی سەرەتایی و (ئینانا) مێخواوەندی سروشت و بەپیتی ـ زاوزێکردن و سوڕی کشتوکاڵی دەبینین. بابل (نینخورساگ) دایکەزەوی و عەشتاری هاوتای ئینانا دەبینین، لە کەنعان (عەنات) و (عەستارت)، لە میسر (نوت) و (ئیزیس) و (هاتور) و ( سیخمت)، لای گریک (دیمیتر) و (گیا) و (ڕێیا) و (ئارتمیس) و (ئەفرۆدیت). لە فیرجیای ئاسیای بچوک (سیبیل). لە ڕۆما (سیریس) و (دیانا) و (ڤینۆس). لە دوورگەی عەرەب (لات) و (عوزا) و (مەنات) و لە هیندستان (کالی). لە شارستانی (سلت)ی ئەوروپیش (دانۆ) و (بریگێت).)) (سەواح، ٢٠١٠: ٤٠) مرۆڤایەتی لەم چەرخەدا مێی بە شێوەیەک لە شێوەکان بە سەرچاوەی ژیان داناوە، بەو چاوگەیەی کە بوونی لێوە دێتە دەرەوە و ژیان دەبەخشێتە جەستەیەک کە لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو جەستەیەش مناڵە، مێیان بە گیانبەخش و ژیانبەخش زانیوە؛ هەر بۆیە ناوی خواوەندەکانیشیان خواوەندی سەرەتا و ئاوی سەرەتایی و ژیانەوەی سروشت و بەپیتی وزاوزێکردن داناوە، ئەو ڕۆحە نوێیەی دێتە ژیانەوە لانکەکەی جەستەی مێیە، مرۆڤایەتی پێش مێژوو هەستی بە ئەم پیرۆزییەی مێینە کردووە لەبەرئەوە خواوەندەکانیان بە مێ داناوە، پێدەچێ ئەو ئایینانەی پاش ئایینی مێخواوەند هاتن و نێرخواوەندیان زاڵکرد بەسەر دایکیدا هامان ئەو بیرۆکەیە لە هزریاندا بووە کە دایکێک دەمرێت و ڕۆح دەکاتە بەر کوڕەکەی و ڕەوایەتی فەرمانڕەواییان داوە بە کوڕەکەی و هەر لە پیرۆزی مێخواوەندەوە نێرخواوەندی کوڕ، باوک، خۆشەویستیان زاڵکردووە بەسەر مێخواوەنددا.

ئەم هێز و ژیرییەی کە بە بەرگی مێدا کراوە درێژبوونەوەی هەبووە تاکو لای ئایینە یەکتاپەرستەکان، ئەوەتا ((قەشە (کیریلیس)ی ئەسکەندەری ساڵی ٤٣١ز لە لێکدانەوەی دایکایەتی خواهانەییانەی مریەمدا لەبەردەم کۆڕی ئەفسوسدا دەڵێت: "سڵاوت لێبێت ئەی مریەم، ئەی دایکی خوا، ئەی ئەو گەنجینەیەی هەموو جیهان بە پیرۆزی دادەنێت، ئەی ڕووناکی پرشنگدار و ئەی تاجەگوڵینەی کچێنی و ئەی ئەو دار عەسایەی عەقیدەی ئەرسۆدۆکسی دەپارێزێت، ئەی ئەو پەرستگایەی جێگای کەسێکی تێدا بووەوە کە لە هیچ شوێنێکدا جێی نابێتەوە. ئەوە تۆیت کە سێکوچکەکە لە هەناوتدا ستاشدەکرێت و دەپەرسترێت.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٨٢) مریەم (سڵاوی خوای لێبێت) لێرەدا پیرۆز و پاکیزەییەکەی لە تاکخواوەندەوە پێدراوە، پیرۆزیی مریەم (سڵاوی خوای لێبێت) لە قورئانی پیرۆزیشدا بە

دیدەکرێت، زیاد لە جارێک ناوی خۆی و خێزانی هاتووە و چەندین جار پەیامبەر عیسا (سلاّوی خوای لێبێت) بەناوی دایکییەوە بانگکراوە. ئەم دەستنیشانکردنانە سەبارەت بە کەسێتییە مێینەکان لە ئایینە تاکخواکاندا هێزێک بۆ مێ دەگەڕێنێتەوە سەرەڕای ئەو کودەتایەی بەسەر مێخواوەندەکاندا کرا بە دەستی ئەو بیر وڕەوتانەی کە ویستیان دەسەلاّت بدانە دەست دیوەکەی تری مرۆڤایەتی کە ئەویش نێرە و داتاشینی ئەفسانە و چیرۆککگەلێک کە تیایدا مێخواوەندەکان بەدەستی نێرخواوەندانێک بچوککرانەوە ولەناوچوون کە کوڕیان بوون. ((لە میانەی هەزارەی حەوتەمی پێش زاییندا، هاوشان لەگەڵ ئەو پەیکەرە مێینانەی هێشتا باوبوون، پەیکەرە نێرینەکان لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا دەست بە دەرکەوتن دەکەن. بەوەش ڕێگا بۆ دەرکەوتنی جووت خواوەندی دایکی مەزن و کوڕەکەی خۆشدەکرەێت، کە کوڕەکە لەگەڵ سەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زاییندا لە کلتووری چەتاڵ هیوکی باشووری ئانادۆڵدا یەکەمین وێنەی ئاشکرای خۆی وەرگرت.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٣٥١)

لێرەوە دەردەکەوێت کە لەسەر تەخت مانەوەی مێخواوەند بە نزیکەیی ٢٥٠٠ ساڵی خایاندووە و لەوە بەدواوە بەرەبەرە دەسەلاّتی نێرخواوەند خزێنراوەتە ناو دەسەلاّتیەوە و دواتریش عەرشی لێسەندراوەتەوە و نێرخواوەند لەسەر عەرشی دەسەلاّت دانیشتووە و تا ئێستا بەردەوامە کە بە نزیکەیی دەکاتە ٨٥٠٠ ساڵ. ((هەڵوەشانەوەی مافی دایک شکستێکی مێژووی و جیهانیی ڕەگەزی ژنان بوو، کە لەگەڵیدا مێژووی چەوساندنەوەو بە کۆیلەکردنی ژنان دەستی پێکرد.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٥٣) سەرەڕای ئەوەی زۆر ئەفسانە لە مێژووی گەلاندا و تەنانەت لە نامە ئاسمانییەکانیشدا بە تایبەت تەورات و ئینجیل ڕەنگی داوەتەوە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن ((بەر لەوەی ناوە ناسراوەکەی ئەسینا لە شارەکە بنرێت، بەیانییەک خەڵک بە ڕووداوێکی سەیر بە ئاگاهاتن. لە تەنیا شەوێکدا دار زەیتوونێکی زەبەللاح لە ناخی زەوییەوە دەرهاتبوو، کە پێشتر درەختی هێندە گەورەیان نەدیبوو، هاروەها لە نزیکیەوە کارێزێکی بەخوڕ تەقیبوو، کە تاوەکو دوێنێ لەوێدا نەبوو. خەڵکەکەی درکیان کرد بەوەی ئەوە نهێنییەکی خواهانەی لە پشتەوەیەو پەیامێکی لە غەیبەوە هاتووی تێدایە. پاشا تەتەری نارد بۆ پەرستگای دلفی بۆ پرسوڕاکردن بە عەڕافەکان و داوای شرۆڤەکردنی لێکردن، ئەم وەلاّمەی پێگەیشت: دار زەیتونەکە مێخواوەند ئەسینا و کارێزەکەش نێخواوەند (پۆسیدۆن) ەو هەروو خواوەندەکە خەڵکی شارەکەیان سەرپشککردووە لەوەی کام لە دوو ناوەکەی ئەوان بۆ ناولێنانی شارەکەیان هەڵدەبژێرن. پاشا دانیشتوانەکەی کۆکردەوەو دەنگدانێکی بۆ مەسەلەکە دانا، ژنان دەنگیان دا بە ئەسینا و پیاوانیش بە پۆسیدۆن. لەبەرئەوەی ژمارەی ژنان لە ژمارەی پیاوان زۆرتر

بوو، دەنگدانەکەیان بردەوەو ناوی مێخواوەند ئەسینا لە شارەکە نرا. لێرەدا پۆسیدۆن تورەدەبێت ئاوە سوێراوە سەرشێتەکانی دەنێرێت و هەموو خاکی ئەسینای داپۆشی و پاشان کشایەوەو خوێکانی لەسەر زەوییەکە بەجێهێشت، ئەوەش بووە رێگر لە تۆوکردنی خاک و چنینەوەی بەروبووم. بۆ هێمنکردنەوەی نێرخواوەندە تورەبووەکە، پیاوانی شار سێ سزایان بەسەر ژناندا سەپاند: یەکەم: لەمڕۆ بەدواوە دەنگدانیان نابێت. دووەم: لەمڕۆ بەدواوە منداڵان نادرێنە پاڵ دایکیان، بەڵکو دەدرێنە پاڵ باوکیان. سێیەم: ژنان نازناوی (ژنە ئەسینایی)یان نابێت و ئەو نازناوە پاواندەبێت بۆ پیاوان.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٥٥) سەواح ئەمە بە بەڵگەیەکی ڕاست و دروست دەزانێت سەبارەت بە مێژووی داماڵینی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژن لە مێژووی بنەچەی گریکدا. (سەواح، ٢٠١٠: ٥٥)

لە نێوان ئەم ئەفسانەیە و چیرۆکی سزادانی ئادەم و حەوا و دەرکردنیان لە بەهەشت، دوای ئەوەی خواوەندی گەورە نەفرەتی خۆی بەسەر مارەکەدا دەدات، لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە:

“And he said to the woman, “I will increase your trouble in pregnancy and your pain in giving birth. In spite of this, you will still have desire for your husband, yet you will be subject to him.” And he said to the man, “You listened to your wife and ate the fruit which I told you not to eat. Because of what you have done, <u>the ground</u>

<u>will be under a curse</u>. You will have to work hard all your life to make it produce enough food for you. It will produce weeds and thorns, and you will have to eat wild plants. You will have to work hard and sweat to make the soil produce anything, until you go back to the soil from which you were formed. You were made from soil, and you will become soil again.”

( BIBLE, Old testament, Genesis, Human Disobedience: 3, 1992: 5)

((بە ئافرەتەکەشی فەرموو: «ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بە ژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.» ئینجا بە پیاوەکەشی فەرموو: «لەبەرئەوەی تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە فەرمانم پێکردبوویت، "نابێت لێی بخۆیت،" ئەوا ئەویش بەهۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە. بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت. بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت، هەتا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی، کە لێیەوە وەرگیراویت لەبەرئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.» )) (کتێبی پیرۆز، پەیمانی کۆن، پەیدابوون، کەوتنی مرۆڤ: ٣، ٢٠١٦: ٥)

ئەفسانەکە و چیرۆکی (کەوتنی مرۆڤ) یەکدەگرنەوە لە:

- هەردوو چیرۆکەکە مێ وەک تاوانبار دەخەنەڕوو، بەشێوەیەک ئەوەی ڕوویداوە هۆکارەکەی ئەوان بن.
- هەردوو چیرۆکەکە زاڵکردنی دەسەڵاتی نێرە بەسەر مێدا.
- بۆ هەریەکە لە ئادەم و حەوا سێ سزا دانراوە، وەک یەکێک لە ژمارە دووبارەبووەوەکانی ناو چیرۆکە گرنگ و پەندئامێزەکانی ناو نامەکان، هەروەها سزای پیاوانی ئەسیناش بۆ ژنەکان سێ سزایە.
- بە فەرمانی خوداوەندی گەورە بەروبوومی زەوی پڕ ڕەنج دەبێت و دڕک و داڵی زۆر دێتە بەردەم ئادەم بۆ پەیداکردنی خۆراک، پۆسیدۆنی نێرخواوەندی گریکیش زەوی بێ پیت دەکات و دەیکاتە شۆرەکات.

لە کتێبی (الرجل و المرأة – عقل واحد أم عقلان) بۆچوونێک دەبینرێت کە جێگەی سەرنجە، سەبارەت بەو کۆتەڵە و بوکەڵە و هەڵکۆڵینانەی لە شێوەی مێخواوەندا دۆزراونەتەوە، نووسەر دەڵێت: ((ئەو بابەتە هاڵکۆڵینانەی دۆزراونەتەوە، لە شێوەی ژندا، جا گوزارشت بن لە مێخواوەند یان پێگەی کۆمەڵایەتی ژن، ئاوێنەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە نەبوون، لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم: وێنەی هزریی و قوڵیی هۆشیاری و بیریی هێشتا نەگەیشتوەتە ئاست و توانایەکی گوزارشتکردنی تەواو لە مەبەستەکان، لەناو ئەوانەدا پەیوەندی پیاو بە ژنەوە، ئەگەر نەبەسترێتەوە بە خۆڕسک و ڕێکەوتەوە، ئەوا بێتوانایە لە گوزارشتکردنی کردارەکی، بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییەی کە باری ژن دەردەخات وەک باڵادەستێک.))

((الأول: إن الصورة الذهنية و عمق الوعي و الفكر لم يصل بعد الى القدرة و امكانية التعبير الكامل عن المقاصد، ، و من ضمن ذلک علاقات الرجل بالمرأة، فإنها إن لم تترک للفطرة أو الصدفة، فإنها قاصرة عن التعبير الفعلي، لكشف الواقع الإجتماعي الذي يظهر حال المرأة بتلک الصورة التی توحي على سيادتها.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ٩٧)

لە کاتێکدا ئەو بوکەڵانەی دۆزراونەتەوە کەمترین گوزارشتکردنێکە، کە مرۆڤی ئەو سەردەمە کردبێتیان بۆ دەربڕینی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ و دەربارەی ئەو هێزە شاراوانەی سروشت و وێناکردنی ئەو واقیعەی کە دەستەوەستان بووە لە ئاست کارەسات و نەهامەتییە سروشتییەکانی

بەسەر مرۆڤی دەسەپاچەی چەرخی نیۆلیتیکدا هاتبێت، سەرەڕای ئەوەش پەیوەندی بە نێوانی ژن و پیاوەوە هەیە ئەوەیە، کە مرۆڤ چاوی کردووەتەوە بە فیترەت ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کە ژنە توانای هەڵگرتنی ڕۆحێکی تری هەیە لەناو خۆیدا، گەورەترین پەرجویەک وای لە ژن کردبێت لە سەرووەوە و وەک خوداوەند سەیربکرێت ئەوە بووە، کە هەڵگری ڕۆحێک لە هەناویدا.

((دووەم: ژن لەو کاتەوەی لەگەڵ پیاو خۆی بینیوەتەوە، سەرچاوەی مێینەیی و جوانی بووە بۆ پیاو، تەنانەت ئەگەر بەشداریش بووبێت لەگەڵیدا لە هەندێ کاری پێویستدا بۆ بەردەوامی ژیان، هەرچەندە بارو گوزەران سەخت بووبێت لەو کاتەدا؛ بەڵام هێشتا دەموچاوی جوان و لەشولار و دەنگە مێینەییەکەی کۆمەڵە تەیبەتمەندییەکن کە پیاوان ڕادەکێشن بەلای خۆیاندا، دۆزینەوەی هەر پەیکەر و بابەتێکی شوێنەواری تەیبەت بە ژن بە هەر شێوە و ڕێگایەک بێت؛ ئەمە دەلالەت لەوە ناکات کە سەرگەورە و سەرۆک و خواوەند بووبێت، ڕەنگە ئەو هەڵکۆڵین و شوێنەوارانە هۆکارەکەی دەرخستنی ئەو خۆشەویستی و شانازییە بێت کە پیاو دەیکات بە شتە جوان و بەنرخەکانیەوە.))

((الثاني: إن المرأة منذ وجدت مع الرجل وهي تشكل له بالتالى عنصر الأنوثة والجمال، حتى و لو كانت قد ساهمت معه في بعض الأعمال الضرورية لإستمرار الحياة. و لكن بالتالي لا زال الوجه الجميل والجسد والصوت الأنثوي تشكل عناصر تجلب الرجل وتشده إليها، مهما كانت الضروف قاسية في ذلك التأريخ السحيق و لذلك إن وجدت تماثيل و آثار للمرأة، و بأشكال و أنماط مختلفة، فهذا لا يدل على تسيدها و سيطرتها أو حتى على ربوبيتها و جعلها آلهة. و إنما وجدت تلك الأحفوريات والآثار بسبب إظهار جانب الحب والأعتزاز بأشياء الجميلة والعزيزة للرجل.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ٩٧ – ٩٨)

لە کاتێکدا ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە تاوەکو ئەم سەردەمەش لەناو هەندێ نەتەوەی جیهاندا خواوەندی مێینە و پەیکەرەکانیان دەپەرسترێن، بۆ نموونە لە ئایینزای هیندۆسیدا، بە خواوەندەکانی خێر و شەڕەوە قوربانییان بۆ دەکرێت بۆ دەسکەوتن و بەدیهێنانی ئاواتەکانیان.

https://www.britannica.com/topic/Kali

لە زۆر سەرچاوەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەو وێنە و پەیکەرانە بۆچی لە شێوەی مێ دروستکراون و نێر نەبوون؟ هەروەها ئەوە خراوەتەڕوو کە دەرکەوتنی نێرخواوەند و پەیکەرەکانی نێرخواوەند دواتر بوون ((لە میانەی هەزارەی حەوتەمی پێش زاییندا، هاوشان لەگەڵ ئەو پەیکەرە مێیینانەی هێشتا باوبوون، پەیکەرە نێرینەکان لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا دەست بە دەرکەوتن دەکەن. بەوەش

ڕێگا بۆ دەرکەوتنی جووت خواوەندی دایکی مەزن و کوڕەکەی خۆش دەکرێت، کە کوڕەکەی لەگەڵ سەرەتای هەزارەی شەشەمی پ. ز. لە کلتووری چەتاڵ هیوکی باشووری ئەنادۆڵدا یەکەمین وێنەی ئاشکرای خۆی وەردەگرێت)) (سەواح، ٢٠١٦: ٣٥١)

زەقترینی ئەم وێنانەش تەموزی کوڕ و خۆشەویست و مێردی عەشتارە لای سۆمەرییەکان و ئەویش هاوشان لەگەڵ عەشتاری دایکیدا دەرکەوتووە و دواتر وەک چۆن لە کتێبە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێکراوە کە بە مەبەستی ئەوە بووە دەسەڵاتی مێ لەکار بخرێت و نێر دەسەڵات بگرێتە دەست.

ئەم بۆچوونەی نووسەر ڕایەکی لاوازە و بەرامبەر ناوەستێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو بەڵگەو ئاماژە مێژووییانەی کە دۆزراونەتەوە و ئەرکۆلۆجیستەکان ساغیانکردووەتەوە، جگە لەوەش ئەگەر زیاتر لە بۆچوونەکەی ورد ببینەوە لە خاڵی دووەمدا هەمان بیرۆکە بۆ ژنیش ڕاستە، ژن و پیاو هاوژینییان کردووە بە درێژایی مێژوو ، ژنانیش پیاویان بە پشت و پەنا و خۆشەویستی خۆیان زانیوە و ناگونجێ ژن ئەوەندە دەستڕەنگین بووبێت لە چنین و ئیشی وردەکاریدا نموونەی دەسترەنگینی ژن ((لە خۆشەکردنی پێستەی ئاژەڵان و گۆڕینی بۆ جل و بەرگ و ڕاخەر و پێخەف، یەکەمین تەونکەر و دروومانکەر بوو، یەکەم کەسیش بوو کە قاپ و قاچاخی گڵینی دروستکرد.)) (سەواح، ٢٠١٦: ٤٨ – ٤٩) درابێتە پاڵی بەڵام نەیتوانیبێت بوکەڵەیەکی دارین لە شێوەی ڕەگەزی نێردا دروستبکات و وەک هەموو ئەو بوکەڵانەی کە جێی سەرنجڕاکێشانی پیاوان بوون (وەک ئەو ئاماژەی پێکردووە) لە شێوەی ژندا دروستکراون، سەرەڕای ئەوەش بوکەڵە زۆر سەرەتاییەکان لەشێکی نموونەیی و ڕێکی ژنیان پیشان نەداوە تاوەکو تەنها وەک ڕەمزی جوانی سەیربکرێن بەڵکو هەندێکی زۆریان ورگ زل و مەمک زلن تەنها وەک ئاماژەیەکی مێینەیی دروستکراون.

لەگەڵ ئەمانەشدا نکوڵی لە ڕەنجی دوولایەنەی شانبەشانی یەکتر ناکرێت، کە تیایدا پیاوان و ژنان پێکەوە وەک دوو بوونەوەری پێویست بۆ یەکتر ژیانیان بەڕێکردووە، لە میانەی ئەم ڕاوبۆچوونانەیدا کە ناشێ لە مێژوودا ژن سەردار و دەسەڵات بە دەست بووبێت؛ لە کتێبەکەیدا (علي الزيدي) پیاوانی بە پەسەندتر داناوە لە ژن:

((١. بەهێزترە لە ڕووی جەستەییەوە.

٢. هاوبەشی ژنی کردووە لە چاندندا.

٣. ڕاویکردووە و ئاژەڵیماڵی کردووە.

٤. ئەرکی پارێزگاریکردنی گرتووەتە ئەستۆ لە مەترسییەکان.

هەموو ئەمانە پیاویان کردووە بە سەرکردە و خودانێک کە سروشت خۆی پیاوی بۆ ئەم ئەرکانە.)) (الزیدي، ٢٠٢١: ١٠٠ – ١٠١)

لەدەستگرتنی ئەم ئەرکانە لەلایەن پیاوەوە ئەوە ناگەیەنێت ژن بێ ئەرک بووبێت، ((لە قۆناغێکی درێژخایەنی مێژوودا ژنان سیستەمێکی کۆمەڵایەتییان لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی دایک بونیادنا، لەو سیستەمە کۆمەڵگەییەدا توانیویانە ئاشتی، دادوەری و بەرەکەت بەدیبێنن. زۆرێک لە داهێنانە زانستییەکان لە قۆناغی نیۆلیتیکدا بناغەیان دانرا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر کاری کە وەک "ئیشی ژنان" لە قەڵەم دەدرێ و سوکایەتی پێدەکرێ، لە ڕاستیدا کاری ژمێریاری، بیرکاری، حسابی ورد، دەستنیشانکردنی کات ئاشکرایە کە پەیوەستە بە زانیارییەکانی ژیری شیکاری و هەستیاری. عەقڵی پیاوی باڵا دەست بە تەڵەکەبازییەکی گەورەوە ئەمانە دەدزێت و لە سیستەمەکەی خۆیدا خەرجی دەکات.)) (ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ٢٠١٦: ١٧) لە جیاوازی نێوان دەسەڵات گرتنەدەستی ژنان لە بەرامبەر دەسەڵات گرتنەدەستی پیاواندا ((دوورەپەرێزی سایکۆلۆژیی ژن لە هەر مەیلێکی دەسەڵاتداری و سەرکوتکاری ئەو هەوای ئازادییەی بە کۆمەڵگا دایکسالارییەکان بەخشی، کە بە درێژایی بوونیان پێی دەژیان. هەروەها ڕق و کینەی ژن لە توند وتیژی جەستەیی، لە کاتی پێویستی ڕاستەقینەدا نەبێت، ئاسایشی لە نێوان هەمان کۆمەڵگاو کۆمەڵگا دایکسالارییەکانی تردا بەرقەرارکردبوو. میهرەبانییە سروشتییە بێئەندازەکەی ژن بەسەر ئەوانەی دەوروبەریدا، بنچینەی کۆمۆنەی سەرەتایی و دابەشکردنی سامان بوو لە کۆمۆنەدا. بە هاتنی ئەو کۆمەڵگا نێرسالارییەی ئاشتی و ئاسوودەیی بەفیرۆدا، مرۆڤ کەشێکی نزیکی لە کەشی بەهەشتی دۆڕاندو ڕەنگە بۆ هەتاهەتاییش بێت.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٤٩ – ٥٠) جگە لەوەی ژن لە چاخەکانی پێش مێژوودا ((بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆرەوە لە گەڕان بەدوای بنچک و گژوگیای شیاوی خواردندا، خەسڵەتە سیحراوییەکانی گژوگیای لە چاککردنەوەی نەخۆشیدا ناسی، لەبەرئەوە یەکەمین پزیشکیش بوو. ئەو کەسە بوو کە خانووی بونیاد دەنا و بناغەکەی دادەڕشت، بازرگانێکیش بوو بەرهەمەکانی خۆی بە بەرهەمی کەسانی تر دەگۆڕییەوە.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٤٩)

لەم دوو ڕایەدا یەکەمیان نێرسالاری و ئەوەی دیکەیان مێسالاری پێوە دیارە، بەڵام هەردوولا ڕاستییەکی مێژوویی دەخەنەڕوو ئەویش ئەوەیە کە چ ژن و چ پیاو نەیانتوانیوە بەبێ یەکتر بەردەوامی بدەن بە ژیان و ژیانێکی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە.

((سێیەم: تا ئەم چرکەیە زانایانی ئەرکۆلۆجی ئەوەیان نەبڕاندووەتەوە، کە هەموو شتێکیان دەربارەی مێژوو زانیبێت، ئەوەی تا ئێستا پێیان گەیشتووە لەسەر مێژوو، ڕێژەیەکی کەمە، و ئەوەی دۆزیویانەتەوە لە شوێنەوار و هەڵکۆڵینەکان، تەنها ڕێژەیەکی دەخاتەڕوو، هێشتا پێویستە بگەینە ڕاستییەکی تەواو بۆ دۆزینەوەی زۆری تر. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە پێدەچێت پەیکەری پیاویش هەبێت لەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەو پەیکەرە ژنانەی تێدا دروستکراوە، بەڵام هێشتا نەدۆزراونەتەوە، کە پێدەچێ دەلالەتی زیاتری دەسەڵاتی نێر بکات لەو کاتە مێژووییەدا.))

((الثالث: الى هذه اللحظة لم يجزم علماء الإكيولوجيا، بأنهم عرفوا كل شيء عن التاريخ، وإن الذي وصل إليهم منه نسبة قليلة جدا، والذي وجدوه من الآثار والحفريات، لا يمثل إلا مقدارا ضئيلا منها، ولا نزال نحتاج للوصول الى الحقيقة الكاملة الى لشف الكثير منها. وهذا يستدعي بالتالي بأنه قد توجد تماثيل للرجل في نفس المرحلة التاريخية التي وجدت فيها تماثيل للمرأة لم يتم العثور عليها بعد، و لعله قد تكون أكثر دلالة على هيمنة الذكور في تلك الأزمنة.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ٩٩ – ١٠٠)

جگە لەو بەڵگە زۆرانەی  لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، زۆرێک لەو گەڕانە چڕوپڕە ئەرکۆلۆجیانەی، کە بە شێوەی تیمی زانستی و چەندین پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆکانی جیهان کراوە سەلماندوویانە، کە ئەم بوکەڵە و وێنانە بۆ چ کاتێک دەگەڕێنەوە و لە چ شێوەیەکدا دروستکراون. (خولەکی ٩:٣٠) لەم ڤیدیۆیەی خوارەوە یەکێک لەو بەڵگانەیە، کە لە (تل العساف)ی فەلەستین باس لە دۆزینەوەی پەیکەرێکی بوکەڵەیی مێخواوەندی میسری کۆن (باستێت) دەکات، سەلمێنەری ئەوەیە ئەو ناوچەیە شارستانییەتی تێدا بووە، بەڵام مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە، کە چەندین دۆکیومێنتەری لەم شێوەیە و چەندین وێنە و کتێب و خودی پەیکەرە کۆتەڵەکان بەڵگەی دەسەڵاتی مێسالارین لە مێژوودا. https://www.youtube.com/watch?v=UhiABi6vw3A

## ١_٢_٣ ژنە دیارەکانی مێژوو

لە خوداوەندەکانی میثۆلۆجیاوە هەتاوەکو ئادەمییەکان، لە لاپەڕەکانی مێژوودا سەلمێنەری ئەوەن، کە ژنان کارەکتەری هەڵکەوتوو بوون. بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوویدابێت، کە بە بەراورد بە پیاوان کارەکتەری دیاری ژن لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا کەم هەڵکەوتوون، دیارە ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژنان لە ڕووی بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژییەوە پێویست بووە خەریکی

خستنەوەی نەوە و پەروەردەکردنیان بێت، لە کاتێکدا ئەمەش ڕێگر نەبووە لەوەی ژنیش وەک پیاو لە کایە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا بوونی خۆی بۆ دەوروبەر بسەلمێنێت.

لە میسری کۆندا ژنگەلی دیار هەبوون، کە وەک پیاوان حاکم بوون ((لێرەدا سەرنجتان بۆ لای ڕۆڵی سیاسی ڕادەکێشین کە هەندێک ژنی دیار گێڕاویانە لە بنەماڵە دەسەڵات بەدەستەکانی ئەوسا، بەناوبانگترینیان شاژن (هاچیپسوت) بووە، لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەم.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ٣٧) هاچیپسوت شاژنێک بووە وەک هەر شایەکی دیکەی فیرعەونەکان، کە هێزی چەکداری لە ژێر دەستیدا بووە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا کە ٢٠ ساڵی خایاندووە چەندین پەرستگا دروستکراوە و دەوترێ کە دۆڵی پاشاکان (وادي الملوک)ی بە شێوازێکی نوێ بونیاد ناوەتەوە.

https://www.makingqueerhistory.com/articles/2017/8/31/hatshepsut

هاچیپسوت لەبەرئەوە هاتووەتە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵات چونکە دوو فیرعەونەکەی دایک و باوکی سەرکەوتوو نەبوون لە خستنەوەی کوڕێک بۆ جێنشینی فیرعەونی بەڵام ڕەنگە ئەگەر کوڕێکیش هەبوایە ئەوەندەی ئەم ناوی نەدرەوشایەتەوە لە مێژووی فیرعەونەکان و میسری کۆندا.

لای کوردان و ئەو ئایینە کۆنانەی پەیڕەویانکردووە ((بابەتی یەکسانی ژن و پیاو لە کوردستان مەزدەکێتی/ خوڕەمێتی، یارسانی، عەلەویێتی دا پارێزراوە و لەو بارەیەوە هێزە دەسەڵاتدارەکان "دابەشکاری یەکسانانەی ژن لە نێوان مرۆڤەکان دا" ئاوەژوو دەکەنەوە، ئەوەش شایەنی لێکۆڵینەوەیە. لە کۆتایی سەدەی ٥.زایین دا و سەرەتای سەدەی ٦.زایین دا دوا داڕشتنی پرەنسیپی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە لایەن مەزدەک، بە پەسەند کردنی دەسەڵاتداری ساسانی ئەو کاتە کاواد (کاواز)ی یەکەمین حەرەمی کۆشک و میرەکان دابەش دەکرێن. ژنان بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی دەبن... . لە نێو یارسانەکان دا بە تایبەتی لە سەدەی ٧ – ٨ تا سەدەکانی ١٢ – ١٣ ەوە نزیکەی ١٢ – ١٥ ژنە شاعیر هەبووە. ناوی هەندێ لەوانە؛ جەلالە خانمی لوڕستانی، دایە تەورێزی هەورامی، ڕیحان خانمی لوڕستانی، لیزا خانم، نازدار خانم و نێرگز خانم. ئەوەی بایەخی ئەو ژنانە زیاتر دەکات ئەوە بووە کە لە هەمان کات دا ڕێبەری ئایینی بوون)) ( ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ٢٠١٦: ٣٣ – ٣٤) ڕێبەری ئایینیش کاری وەعز و ئیرشاد دانە، ئەمەش بە هەبوونی زانیاری تەواو بووە دەنا لە توانایاندا نەدەبوو ببنە ڕێبەری ئایینی و هۆشیاری بدەنە خەڵک. هەر لە بیروباوەڕی یارسانەکاندا ژن وەک فریشتە جێی هەبووە لەگەڵ چوار فریشتەی پیاودا هاوەڵی کردگار بوون، ئەوانیش: فاتیمە، ماما جەلالە، دایراک، ڕەزبار، پەری خان، دۆستی خانم. (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٢٤٩)

((گومان لەوەدا نییە کە لە مێژووی فەلسەفەدا ژمارەیەکی زۆر ژن بوونی هەیە، بەڵام ئاسان نییە ئەوانە زیندوو بکرێنەوە، کە زیندەبەچاڵکراون، و لەوە بێبەش کراون، کە هیچ ناوبانگێک بەدەست بهێنن، و تا ماوەیەکی زۆریش پشتگوێ خراون، و ناویان دیار و جیاکراوە بووە تەنانەت لە ناوی ئەو پیاوانەش، کە کاریان لەگەڵدا کردوون و بەناوبانگبوون بەهۆی بیروڕاکانیانەوە. لەوانە هیپاتیای ئەسکەندەریە بووە (Hypatia of Alexandria) (٣٥٠ –٣٧٠ _ ٤١٥ز) کە پێدەچێت یەکێک بێت لە ژنە هەرە بەناوبانگەکانی مێژووی فەلسەفەی کۆن، کە بەهۆی مردنە سامناکەکەیەوە (کە باندێکی تاوانکار کوشتیان) بەناوبانگتر بوو زیاتر لە فەلسەفەکەی (پلاتۆنی نوێ).)) (سلکها، ٢٠١٩: ٣٤) سەرەڕای ئەوەی وەک زانایەک و مامۆستایەکی فەلسەفەی پلاتۆنی نوێ وانەکانی فەلسەفە و بیرکاریی ئەندازەیی و ئەستێرەناسی لە ناوەندی ئەکادیمیی پلاتۆنی نوێدا، وتوەتەوە. هیپاتیا تەنها بۆ بیرۆکە و زانین ژیاوە و بیرۆکەی شوکردنی ڕەتکردووەتەوە، ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کە خۆشەویستی ڕۆحانییە و جەستەیی نییە. (سلکها، ٢٠١٩: ٣٥)

هیپاتیا لەسەر بیرۆکەکانی، کە بە وەسەنیەت ناسرابوو بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن کۆمەڵێک توندڕەوی ئۆرسۆدۆکسی بە خشت دەکوژرێت.

https://www.britannica.com/biography/Hypatia

لە مێژوودا تەنها هیپاتیا نەبووە کە لەسەر بیروڕا کوژراوە و بیرۆکەکانی ڕەتکراوەتەوە، بەڵکو چەندین زانا وبیرمەندی پیاویش هەبوون و بە هەمان چارەنووسی ئازاراوی هیپاتیا چوون و بە هۆکاری سیاسی و دینی وکۆمەڵایەتی خۆیان و ئەوەی بەخشیویانە ڕەتکراونەتەوە، لەمەشدا ژن و پیاو هاوبەشن و کەسیان بێبەری نەبوون لە مردن بە ژەهر و پارچەپارچەکردن و سوتاندن بە زیندوێتی.

لەناو کورددا وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان و ناوچەکە سەرەڕای دەسەڵاتی نێرسالاری کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام ژنانی بەتوانا و هەڵکەوتوو هاتوونە مەیدان و توانیویانە وەک ڕەگەزە هاوڕێکەی خۆیان جێپەنجەی ناسکیان وەک مۆرێک لە بوارە جیاجیاکاندا دابنێن؛ یەکێک لەو ژنە هەڵکەوتووانە مەستوورە خانمی ئەردەڵانییە کە خۆی بە (مەستوورەی ئەردەڵانی) دەناسێنێت، ((دایکی ڕۆژگار نە پێش و نە دوای ئەویش، ژنێکی هەڵکەوتوی وەکو مەستورەی بە مێژوی کورد نەبەخشیوە.)) (ئەمین، ٢٠١٤: ٢٩٣)

لەگەڵ ئەوەی مەستوورە بەتوانا بووە و وەک ژنێکی ئەدیب و مێژوونووس ناوی دەرکردووە بەڵام ئەم بیروڕایەی نەوشیروان مستەفا بەشێوەیەکی ڕەها باس لە لێهاتوویی و هەڵکەوتوویی مەستوورە خانم دەکات، بەهۆکاری ئەوەی ژنی هەڵکەوتووتر لە مێژووی کورددا زۆر هەن، نووسەر (عبدالجبار محمد الجباري) نامیلکەیەکی لە ساڵی ١٩٦٩دا بە ناوی (ئافرەتە ناودارەکانی کورد) بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا ناوی زۆر لەو ژنە هەڵکەوتووانەی کوردی هێناوە، کە مێژوو ناویانی تۆمارکردووە، لەوانە (حەپسە خانی نەقیب، خانزاد، دەوڵەت خان، قەدەم خێر فەیلی، عادلە خان)، کە تیایاندا ناوی مەستوورە، بە (مەستوورەی کوردستانی) هاتووە.

لە پەسنی خانزاددا دەڵێت: ((ئەم ژنە قارەمانە لە سنووری چەرخی دوانزەهەمی کۆچی ژیاوە. وەکو لە داستانی (لەشکری) بۆمان دەرئەکەوێ، سلێمان بەگ لەگەڵ حکومەتی بەغدا تێک ئەچێ لەسەر کاروباری هەڵسوڕاندنی وڵاتەکەیەوە. لەسەر ئەمە سلێمان بەگ بۆ خۆڕێکخستنەوە ئەچێ بۆ شاری بەغدا و لەوێ بە فڕوفێڵ ئەیگرن و ئەیخەنە بەندیخانەوە، لەپاشان دەرمانخواردی ئەکەن و ئەمرێت. کاتێ خانزادی تێکۆشەر ئەزانێ سلێمان بەگیان بەدیل گرتووە دەستبەجێ سەروکاری ئەمارەتی سۆران ئەخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و بە چالاکی و زرنگی کاروباری وڵات هەڵئەسوڕێنێت. خانزاد بەپڕ تواناییەوە خزمەتی ڕاستەقینەی سۆرانی کردووە.)) (الجباري، ١٩٦٩: ٣٣- ٣٤)

نووسەر محمد عەلی قەرەداغی لە باسی مەستوورەدا بەم شێوەیە دەدوێت؛ کە خوێندەوار و بەتوانا بووە؛ ((ئەبولحەسەنی باوکی، کە پیاوێکی زانا و ئەدیب بووە، زۆری حەز لەوە بووە مەستوورە بە شێوەیەکی جیا لە ئافرەتانی ئەو سەردەمە پەروەردە بکات و لە زانست و ئەدەبدا میراتگری خۆی بێت. بۆ گەیشتن بەم ئاواتە مەستوورەی وەک سێبەری خۆی لێ کردبوو لە هەڵسوکەوت و قسە و باسدا. بە تایبەت کە دەچوو بۆ شار و گوندەکانی کوردستان مەستوورە هاوڕێی هەمیشەیی بوو)) (قەرەداغی، ٢٠١١: ٧ – ٨) بەڵام هێشتا دوور نەبووە لە دەسەڵاتی نێرسالاری، لە پارچەیەکیدا کە شانازی بە خۆیەوە دەکات و ئەوە دەردەخات کە وەک ژنێک لە ڕووی بیر و هزرەوە پێش ژنانی سەردەم کەوتووە، بەڵام هێشتا داخی دەوران و سەردەمی لە دڵدایە، کە وەک ڕەگەزێکی مێ ڕێزی نییە بە قەدەری خۆی و هێشتا زۆر لەو زیاتری پێیە بۆ بەخشین و دەوروبەریش پێویستە ئەم دەرفەتە بە ژنێکی ڕۆشنفکری وەک ئەو بدەن. لەو پارچەیەدا بیرۆکەی (ڕەگەزی دووەم)ی سیمۆن دو بۆڤوار و (ژوورێک بۆ خۆت)ی ڤێرجینیا وڵف دەبینین، لە سەردەمێکی وەک ئەوەی مەستوورە

تیایدا ژیاوه و پێشتر و دواتر و بە ئێستاشەوە  ئەم جیاوازی جێندەرییە دەبینرێت وژنانی خوێندەوار و بوێر دەتوانن هەست بەمە بکەن و دەریببڕن و دەربڕینەکەش لە قاڵبی ئەدەبدا بێت.

من آن زن کە بە ملک عفاف صدر گزینم

زخیل پردگیان نیست در زمان قرینـــــم

بەزیر مقنعە من را سریست لایق أفســـر

ولی چە سود کە دوران نمود زار چنینـم

واتا:

من ئەو ژنەم کە بە پاکی لە سەرووی هەموانم

لە هەموو خێڵی ژناندا نییە کەس هاوشانــــــم

لە ژێری سەروێنەکەمدا سەرێکە هێژای تـــــاج

بەڵام لە زەبری زەمانم وا قەتیسی دەورانــــــم

(قەرەداغی، ٢٠١١: ١٠)

ئەم زیرەکی و بە توانابیەی مەستوورە وایکردووە ناوبانگی وەک ژنێکی ئەدیب و شاعیر بڕوات و چاوی ڕەخنە و بگرە ئیرەییشی لەسەر بێت، ئەگەر نا شاعیرێکی گەورەی وەک نالی شیعرێکی (٤٩) بەیتی نەدەهۆنییەوە کە سەرەتاکەی بە (مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بەحسابێ) (دیوانی نالی، ٢٠٠٤: ٦٠٣) دەست پێدەکات. ((ئەگەرچی نالی لەو سەردەمەدا بەمەبەستی جنێو پێدان باسی "سێکسی بون"ی مەستورەی کردوە، بەڵام لەم سەردەمەدا گەورەترین ستایش بۆ ژنێکی ئینگلیز ئەوەیە پێی بڵێی: "سێکسیترینی ژنان")) (ئەمین، ٢٠١٤: ٢٩٤)

هەر لەبارەی ئەم شیعرەوە (محەمەد فەریق حەسەن) دەڵێت: ((بە حسابی ئەم شیعرە بێت، مەستوورە هێشتا کچە و نەگوازراوەتەوە، وەلێ کچێکی نازدار و (حەسنا)یە، وەک (ئەدیب)یش ناسراوە. نالی لە یەکەم دێڕەوە بە تەڵفیسییەکەوە ئاماژە بەم دوو سیفەتەی مەستوورە خانم دەدا، کاتێک دەربڕینی (بە حسابێ) بۆ جوانی و پێگەی ئەدەبیی ئەو بەکاردەهێنێت و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە.)) (حەسەن، ٢٠١٠: ١٤٤)

دێڕی یەکەمی قەسیدەکە بە ئاشکرا ئیرەیی نالی وەک نێرێک دەردەخات کە ناوی بنەڕەتی مەستوورە ناهێنێت وەک ژنێکی ئاسایی سەیری بکات و بڵێ (ماهشەرەف)، بەڵکو نازناوی شیعریی ئاماژە پێکردووە، کە (مەستوورە)یە، دیارە حوسن و جەمالیشی ئەوەندە کاری تێکردووە و لە شوێنێکی بەرز بووە و نالی وەک گەنجێک دەستی پێی نەگەیشتووە بە (حەسنا) ناوی بردووە، لە پاڵ ئەوانەشدا وشەی (ئەدیب)ی بەکارهێناوە، کە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە نالی بەباشی ناوبانگی مەستوورەی پێگەیشتووە و زانیویەتی ژنەهەڵکەوتوویەکی سەردەمەکەی خۆی بووە، دواتر زاراوەی (بەحسابێ) لوتکەی ئیرەییەکەی نالی دەردەخات. تەنانەت وەک نەوشیروان مستەفا ئاماژەی پێ دەکات؛ میرزا شوکروڵڵای نووسەری توحفەی ناسریش بە خراپی باسی مەستوورە دەکات و تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵی کە خۆی خۆی بەسەر خوسرەو خاندا ساغکردووەتەوە، نەوەک لە ئەنجامی نەهێشتنی ناکۆکیدا درابێتە خوسرەو خان! سەرەڕای ئەوەی ستایشی وەستایی مەستوورە دەکات لە شیعر و گفتوگۆدا. (ئەمین، ٢٠١٤: ٢٩٥)

لەگەڵ ئەوەی مەستوورە لەناو خێزانەکەی خۆیدا باوکی نازهەڵگرەکەی بووە، بەڵام دەسەڵاتی نیرسالاری کۆمەڵگای کوردی هێزی بەسەر مەستوورەشدا شکاوەتەوە؛ شوکردنەکەی نیشانەی ئاشکرای ئەو دەسەڵاتەیە؛ خۆی دەڵێت: ((ئەوە بوو بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی تەبایی و نێوان کۆکی لە ئەنجام دا بەند و بەندەواری هاوسەریم لەگەڵ خوسرەو خان دا سەروبەر نراو بەوپەڕی شان و شکۆوە پێم هاوێشتە حەرەمسەراوە. (ل ٢٠١ – ٢٠٢) )) (ئەمین، ٢٠١٤: ٢٨٥)

لەم چەند دێڕەدا و لەناو چەند پەڕەیەکی تردا مەستوورە وەک ژنێک بە شێوەیەکی پارادۆکس باس لە هەستی خۆی دەکات؛ ئەو بۆ خامۆشکردنەوەی ئاگرێک دراوە لە نێوان خانەوادەی ئەم و خوسرەو خانی والیدا ڕوویداوە، کە مەستوورە خۆی ڕاشکاوانە و وەک مێژوونووسێکی بە ئەتەکێت ئەوەی خستووەتەڕوو، دواتر دەڵێت: ((بەوپەڕی شان و شکۆوە پێم هاوێشتە حەرەمسەراوە.)) بێگومان وەک ژنی میرێک و دواتر مەستوورە خۆشی وەک ژنێکی خوێندەوار و بەوەفا بۆ هاوسەر و ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ خوسرەو خاندا پێکیانەوە دەبەستێتەوە، نەیویستووە خوسرەو خان بشکێنێت و کەم دەریبخات، لە کاتێکدا سەرچاوەی تر وەک توحفەی ناسری و تاریخ و جغرافیای کردستانی عبدالقادر ابن رستم بابانی کە نەوشیروان مستەفا ئەمین خستویەتییەڕوو دەڵێن کە خوسرەو خان حەزی بە مەی خواردنەوە و موعاشەرەی ژنانی زیوئەندام بووە. (ئەمین، ٢٠١٤: ٢٨٥) مەستوورە لە کتێبی مێژووی ئەردەڵاندا وەک پیرۆزییەک بۆ پەیوەندی ژن و مێردایەتییان باسی خراپی خوسرەو

خانی نەکردووە، بگرە زۆربەی شیعرەکانیشی لاواندنەوەی مەرگی ناکامی هاوسەری بووە، ئەمەش وەفا و خۆشەویستی ڕاستەقینەی ئەو بووە بۆ خوسرەو خان هەر ئەم خۆشەویستییەش وایکردووە کە ((دوای خوسرەو خان شوی نەکردۆتەوە.)) (ئەمین، ٢٠١٤: ٢٨٥)

## ١_٢_٤ ژن وەک تاوانکار

نامە ئاسمانییەکان ئەو بەڵگانەن، کە وەک بەرنامەیەک بۆ ڕێنوێنیکردن و ئاراستەکردنی مرۆڤ ئیشی پێکراوە، لەم نامانەدا باسی یەکەمین دوو مرۆڤ کراوە، کە چۆن لە بەهەشتەوە دابەزیونەتە سەر زەوی بۆ ئەوەی بژین. لە کتێبی پیرۆزدا بەم شێوەیە باسی دروستکردنی ژن دەکات:

“Then the Lord God made the man fall into a deep sleep, and while he was sleeping, he took out one of the man’s ribs and closed up the flesh. He formed a woman out of the rib and brought her to him.”

( BIBLE, GENESIS 2,3: The Garden on Eden, 1992: 4 )

((لە ئەنجامدا یەزدانی پەروەردگار پیاوەکەی خستە خەوێکی قوڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت پڕکردەوە. ئینجا یەزدانی پەروەردگار ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیاد نا کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.)) (کتێبی پیرۆز، پەیدابوون٢ ، ٣، ئادەم و حەوا، ٢٠١٧: ٤)

لێرەدا وەک بەرچاو ڕوونییەک چۆنێتی هێنانەدنیای ژنمان ئاماژە پێداوە لە پەیمانی کۆندا لە کاتێکدا ((لە ئیسلامدا شتێک دەربارەی دروستکردنی ژن لە پەراسووی پیاو نەهاتووە، لە ڕاستیدا قورئانی پیرۆز هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەداوە کە ژن لە پەراسووی ئادەم دروست بووبێت یان لە پاشماوەی ئەو قوڕەی ئادەمی لێدروستکردووە، بە پێچەوانەوە بەڵکو ئایەتەکانی سەبارەت بە دروستکردنی پیاو و ژن بووە پێکەوە، تیایدا دۆزی یەکسانی دەرکەوتووە لە پلەی خوڵقاندندا، ئەوەی باسنەکردووە کە هەر تاکێک چەشن و تایبەتمەندی خۆی هەبێت و جیاواز بێت لەوی دیکە.)) (الزیدي، ٢٠٢١: ١٥٧)

﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَتْ دَعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ﴾ ١٨٩ (سورة الأعراف)

((له (خلق لكم من أنفسكم أزواجا) مەبەست لەوەیە پەروەردگار لە ڕەگەزی خۆتان خولّقاندوونی نەوەک لە ئەندامەکانی لەش خولّقاندبێتنی.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ١٥٨ – ١٥٩)

﴿ وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ ﴿٣٥﴾ فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ﴾ ﴿٣٦﴾ (سورة البقرة)

شارەزایانی ئەهلی شیعە لەگەڵ ئەوەدا نین کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکرابێت، و چەندین بەڵگەی زانستی دەهێننەوە کە ناگونجێت حەوا لە پەراسووی ئادەم دروست بووبێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە ئێستادا کە زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە بە پێی زانستی توێکاری پەراسووەکانی ژن و پیاو پیشان بدرێت هیچ جیاوازییان نییە لە ژمارەدا و پەراسووەکانی پیاو کەمتر نییە لە پەراسووەکانی ژن لە کاتێکدا کە دەوترێت گۆشت لە جێی ئەو پەراسووە دانراوە، هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەی سوننەکانیش کە بە پێی گێڕانەوەی (رواية) سوننەکانیش بێت لەگەڵ ئەوەدان کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکرابێت، بە هەمان شێوە بە بەڵگەی دینیی و زەمەنیش ئەهلی شیعە ئەوە دەسەلمێنن کە گومان هەبێت لەو گێڕانەوەیە.

https://www.youtube.com/watch?v=1-rsLdbVT2E

(( (الاسرائيليات) دزەی کردووە لە هەردوو قۆناغی – گێڕانەوە و تۆمارکردندا – لە قۆناغی تۆمارکردندا هەندێ لە خودی هاوەڵان (سەحابەکان) ئەیانویست ورد و درشتی هەموو چیرۆکەکانی ناو قورئان بزانن و ئەوەی پرسیاری لە پێغەمبەر دەربارەوە نەدەکرا، دوودڵ نەبوون لە پرسیارکردن لە (ئەهلی کیتاب) لە دراوسێکانیان و لەو سەردەمەشدا زۆر لە ئەهلی کیتاب هاتبوونە ناو ئیسلامەوە، لەم کاتەدا گێڕانەوە ئیسرائیلییەکان زۆر بوون. لە ئەنجامی ئەوە هەندێ لە موفەسیرەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی دەهاتە ڕێگەیان لەو بابەتانەی کە ناوەرۆکەکەی نازانن.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ١٦٩)

لە ئایینەکان و ئایینزاکانیشدا وەک چۆن مشتومڕ لەسەر چۆنیتی دروستبوونی یەکەمین مرۆڤ هەیە، بەهەمان شێوە؛ قسەوباسی جیاجیا لەسەر ئەوە هەیە کە مێ (حەوا) وەک تاوانکار ناسێنراوە و هۆکاری دەرکردنی خۆی و ڕەگەزە بەرامبەرەکەی بووە لە بەهەشت و ڕەوانەکردنیان بۆ زەوی. لە پەیمانی کۆندا ئاماژە بەوە دەکات کە مارێک فریوی حەوا دەدات بۆ خواردنی بەری داری قەدەغەکراو

"The woman saw how beautiful the tree was and how good its fruit would be to eat, and she thought how wonderful it would be to become wise. So she took some of the fruit and ate it. Then she gave some to her husband, and he also ate it.’’

( BIBLE, Old testament, GENESIS, 3, 1993: 5)

((کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بیت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی.)) (کتێبی پیرۆز، پەیمانی کۆن، پەیدابوون: ٣، ٢٠١٧: ٤)

لە ئایینی یەهودیدا لە کتێبی سەرەکی نوێژەکاندا دەڵێت: ((خوایە پیرۆزیت بەسەردا ببارێت کە بە ژن دروستت نەکردووم.)) (ابو غضة، ٢٠٠٣: ٢٤) سەیر لەوەدایە ئەگەر خوێنەری ئەم سروتە ژن بێت لە کاتی گوتنەوەی ئەم ویردەدا دەبێت چی بڵێت؟!!

لە قورئاندا ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی ترە، تیایدا ژن تاوانکاری سەرەکی نییە و هەردوو دروستکراوەکە پێکەوە فریو دەخۆن و لە بەری درەختەکە دەخۆن.

﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَاتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ (٢٠) وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ (٢١) فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُلْ لَكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُبِينٌ (٢٢) قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٢٣) قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ﴾ (٢٤) (سورة الأعراف)

ئەم بیروبۆچوونانە لە زۆر بەرهەمی ئەدەبیدا بە هەموو ژانرەکانەوە ڕەنگیداوەتەوە و تەنانەت لە فەلسەفەشدا ڕەگی داکوتاوە ((لە فەلسەفەدا "ژن پیاوە بە سەقەتی لەدایک بووە" زیندانی کرا. لەو بزوتنەوە هزرییانەی کە زانست هێشتا هەنگاوی بەرایی دەنا، ژنی بە پاساوی "جادوگەر" لە مێخ و گێۆتین[1] درا و بە زیندوویی سوتێنرا)) (ئەکادیمیای ژنۆلۆژی، ٢٠١٦: ٣٨)

[1] قەنارە

ئەمانە و تا ئێستاش ژن لە پشت کارە شەیتانییەکانەوە دادەنرێت کە مرۆڤ بە گشتی دەیکەن و بەرپرسن لێی. گومان لەوەدا نییە کە چ ژن و چ پیاو دەستیان هەیە لە شەڕوشۆڕ و وێرانکارییەکاندا و تەنها ژن نییە کە هەموو تاوانەکانی مرۆڤایەتی لە ئەستۆ گرتووە و بەرپرسی نەهامەتییەکانە.

## ١_٢_٥ ژن وەک پاکیزە و فریادرەس

بەپێی زاڵی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژوودا و تەنانەت کاریگەری ئەم نەریتانە بەسەر هەندێ لە ئایین و ئایینزاکانیشەوە هەبووە و ژن زۆربەی کات بە قێزەون و تاوانکار سەیرکراوە و کەمترین کات سەرەڕای بوونی ئەرکی زۆر؛ بە مافی خۆی ئاشنا بووە و بگرە پێشی نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە ستاندارد و پێوەرێکی گشتی و هەموو دەرگا باشەکان لە ڕووی ژن دانەخراوە؛ مێژوو و نامە ئاسمانییەکان و گێڕانەوەکان کە تایبەت بوون بە پێغەمبەران و هاوەڵانیان، چیرۆکی زۆر ژن دەگێڕنەوە کە پێغەمبەران بە چ ڕادەیەک وابەستەی هەندێک لە ئەندامە ژنەکانی خێزانەکانیان بوون، بۆ نموونە: ((لە سەرەتادا بوونی پێغەمبەر عیسا سڵاوی خوای لێبێت پەیوەست بووە بە بوونی مریەمەوە سڵاوی خوای لێبێت، کە قورئانی پیرۆز ئەمەی دەرخستووە، مریەم ئەوی بووە بەبێ ئەوەی پیاوێک دەستی لەو بوونەدا هەبووبێت، بەڵکو منداڵبوونێک بووە بە هۆکارێکی مێینەیی، بە بەشداریکردنێکی ڕاستەوخۆی ئیلاهی، بۆ تەواوکردنی کارێک کە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێساکانی سروشت بوو، بەجۆرێک پەرجویەکی هێنایە بوون، ئەم پەرجوەش پاڵەوانەکەی ژن بوو. بێگومان ئەم خاڵە نەخشەیەکی جوان دەبەخشێتە ژن کە تایبەتمەندی و هێمای تایبەتی خۆی هەڵگرتووە و وا لە ژن دەکات لەم وجودەدا جێ پەنجەی دیار بێت بەجۆرێک ئەوانی تر نەتوانن نکوڵی لێبکەن تەنانەت ئەگەر هەوڵیش بدرێت بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکە.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ١٩٢)

لە ژیانی پێغەمبەر عیسادا مریەم تاکە ژنی پیرۆز نەبووە، وەک چۆن هاتنە دنیای پەیوەست بووە تەنها بە ژنێکەوە بێ هاوبەشی پیاو هەروەها ساتەکانی کۆتایی ژیانیشی ژنێکی دیار و بەرچاو هاوەڵی پەیامەکەی بووە کە ئەویش مریەمی مەجدەلییە، لە ئینجیلی یوحەننادا هاتووە: "

**The empty tomb**

Early on the first day of the week, while it was still dark, Mary Magdalene went to the tomb and saw that the stone had been removed from the entrance. So she came running to Simon Peter and the other disciple, the one Jesus loved, and said, “They have taken the Lord out of the tomb, and we don’t know where they have put him!”

So Peter and the other disciple started for the tomb. Both were running, but the other disciple outran Peter and reached the tomb first. He bent over and looked in at the strips of linen lying there but did not go in. Then Simon Peter came along behind him and went straight into the tomb. He saw the strips of linen lying there, as well as the cloth that had been wrapped around Jesus' head. The cloth was still lying in its place, separate from the linen. Finally the other disciple, who had reached the tomb first, also went inside. He saw and believed. (They still did not understand from Scripture that Jesus had to rise from the dead.) Then the disciples went back to where they were staying.

**Jesus Appears to Mary Magdalene**

Now Mary stood outside the tomb crying. As she wept, she bent over to look into the tomb and saw two angels in white, seated where Jesus' body had been, one at the head and the other at the foot.

They asked her, "Woman, why are you crying?"

"They have taken my Lord away," she said, "and I don't know where they have put him." At this, she turned around and saw Jesus standing there, but she did not realize that it was Jesus.

15 He asked her, "Woman, why are you crying? Who is it you are looking for?"

Thinking he was the gardener, she said, "Sir, if you have carried him away, tell me where you have put him, and I will get him."

Jesus said to her, "Mary."

She turned toward him and cried out in Aramaic, "Rabboni!" (which means "Teacher").

Jesus said, "Do not hold on to me, for I have not yet ascended to the Father. Go instead to my brothers and tell them, 'I am ascending to my Father and your Father, to my God and your God.'"

Mary Magdalene went to the disciples with the news: "I have seen the Lord!" And she told them that he had said these things to her.

((له یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، هێشتا تاریک بوو، مریەمی مەجدەلی هاتە سەر گۆڕەکە و بینیبەردەکە لەسەر گۆڕەکە گلۆر کراوەتەوە. ئەویش رایکرد و هاتە لای شیمۆن پەترۆس و ئەو قوتابییەی دیکە کە عیسا خۆشی دەویست، پێی گوتن: "گەورەیان لە گۆڕەکەدا بردووە و نازانین لە کوێ دایانناوە!"

ئینجا پەترۆس و قوتابییەکەی دیکە بەرەو گۆڕەکە بەڕێکەوتن. هەردووکیان بەیەکەوە ڕایاندەکرد، بەڵام قوتابییەکەی دیکە پێش پەترۆس کەوت و زووتر گەیشتە سەر گۆڕەکە. دانەوییەوەو بینی کەتانەکە دانراوە، بەڵام نەچووە ژوورەوە. ئینجا شیمۆن پەترۆس کە دوایکەوتبوو هات و چووە ناو گۆڕەکە، بینی کەتانەکە دانراوە. دەستەسرەکەش کە بە سەری عیساوە بوو لەگەڵ کەتانەکە دانەنرابوو، بەڵکو بە جیا لە جێیەک پێچرابووەوە. ئەوسا قوتابییەکەی دیکەش کە یەکەمجار هاتبووە سەر گۆڕەکە چووە ژوورەوە. بینی و باوەڕی هێنا.......

الزيدي بۆ ئەم گێڕانەوەیە ئاماژە بە پیرۆزی مریەمی مەجدەلی دەکات وەک ژنێک لە ژیانی عیسادا، بەوەی کە تاکە باوەڕدار بووە وەک چۆن عیسا بە هاوەڵەکانی فەرمووە چاوەڕوان بن، لە خۆشەویستی بۆ ڕابەرە دینییەکەی لە هەندێ بەرهەمی ئەدەبیدا کراوە بە ژنی عیسا و وەها ناوزەد کراوە کە لە ئێستادا نەوەیان هەیە، لەوانە ڕۆمانی (کۆدی داڤنشی)ی دان براون.

لە بەشەکانی پێشوودا باسی ئەوە کراوە کە پیرۆزیی ژن و ئەو بیرۆکەیەی کە دایکەخواوەند خاوەن دەسەڵاتی یەکەم بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ئەم بیرۆکەیە ڕۆچووەتە خوارەوە بۆ ناو ئایینە ئاسمانییەکان و ئاماژەمان بە بۆچوونی نووسەر (فیراس سەواح) کرد کە مریەم بە درێژکراوەی دایکە خواوەند دەزانێت (سەواح، ٢٠١٠: ٨٢)

نووسەر (الزيدي) ڕەخنە لەم بۆچوونەی سەواح دەگرێت و دەڵێت: ((بە بیروبۆچوونێکی میسیۆلۆژیانە مامەڵەی لەگەڵ دەقە ئایینییەکە و پاکیزەیی مریەمدا کردووە سڵاوی خوای لەسەر بێت، وەهای داناوە کە بەشێک بێت لە ڕەچەڵەکی ئەو ئایینە خورافییە کۆنانەی، کە زەمەنی ڕەمز پێی ڕاهاتبوون، بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگەیەک، کە ئایین هیچ نییە جگە لە بەرهەمێکی پڕاوپڕی هزری مرۆڤایەتی نەبێت، کە وێنای گەردون و ژیان دەنوێنێت.)) (الزيدي، ٢٠٢١: ٢٠٢)

بەڵام بۆچوونی سەواح سەبارەت بەوەی مریەمی بە درێژکراوەی دینە کۆنەکان و مێخواوەندەکان داناوە، ئەوەندە بۆچوونێکی نابەجێ نییە، سەواح مریەم بە پاکیزە و فریادڕەسی مرۆڤایەتی دادەنێت و ڕەخنەکەشی بەم شێوەیە دەگرێت: ((چوار ئینجیلە فەرمییەکە زانیارییەکی تەواومان دەربارەی خاتوو مریەم نادەنێ و کەسایەتییەکەی لە بواری سەرگروشتەی مەسیحەوە تەمومژاوی و ناڕۆشن دەردەکەوێت. مژدەپێدانی فریشتەکە بە مریەم بەوەی منداڵێکی خواهانەی دەبێت تەنها لە ئینجیلی لۆقادا هاتووە. ئەو شتە کەمەش کە ئینجیلی مەتی دەربارەی منداڵیی مەسیح باسی کردووە، نە

پەیوەندی نێوان دایک وکوڕ ڕۆشندەکاتەوە، نە ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کوڕەکەیدا.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٤٩٧)

لە شوێنێکی دیدا دەڵێت: ((لە میانەی ژیانە کورتە مژدەدەرییەکەی مەسیحدا ناتوانین ڕۆڵێکی تایبەتی خاتوو مریەم بەدی بکەین. لەو جێگانەشدا کە مەسیح و دایکی بەیەکتر دەگەن، خاوەنی ئینجیلەکان بایەخ بە مریەم نادەن، بەڵکو کوڕەکەی لە جەرگەو چەقی وێنەکەدایە. بۆ نموونە لە ئینجیلی مەرقۆسدا دەخوێنینەوە: "ئەو کاتە براکانی و دایکی هاتن، لە دەرەوە ڕاوەستان و ناردیان بە شوێنیدا، کۆمەڵێک لە دەوری دانیشتبوون و پێیان وت: ئەوە دایکت و براکانت لە دەرەوە بانگت دەکەن. وەڵامی دانەوە: دایکم و براکانم کێن؟ ئینجا سەیرێکی دانیشتوانەکەی دەوروبەری کرد و وتی: ئەمانە دایک و برای منن، چونکە ئەوەی ویستی خوا جێبەجێبکات، ئەوە براو خوشک و دایکی منە." لە ئینجیلی لۆقاشدا دەخوێنینەوە: "کاتێک عیسا ئەمانەی دەوت، ژنێک لە ناو خەڵکەکەوە دەنگی بەرزکردەوە و وتی: خۆزگە بەو دایکەی لێی بوویت و بەو مەمکانەی شیریان پێدایت. لێ ئەو وتی: بەڵکو خۆزگە بەوانەی گوێ لە قسەی خوا دەگرن و کاری پێدەکەن.)) (سەواح، ٢٠١٠: ٤٩٨)

وەک دەزانرێت هەموو ئەو پەیامبەر و نێرراوانەی کە نامەیەکیان پێبووە بیگەیەنن سەرەڕای بەرگەگرتنی ئازار و ئەشکەنجە و شەڕوشۆڕ هەوڵکی زۆری خۆیان داوە بە قسە و گفتوگۆ پەیامەکەیان بگەیەنن، ڕەنگە ئەم گوتانەی عیساش لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام ڕەخنەکەی سەواحیش لەجێی خۆیدایە و وتەی تری ناو ئینجیلەکانی تریشی بۆ پشتیوانی لەم بابەتە هێناوەتەوە، کە مەبەست لێی؛ مریەم وەک بەژیانهێنەری عیسا پێویست بوو وەک ئەو دایکە پیرۆزەی کە سروشی لە فریشتەکانەوە بۆ هاتووە و مزگێنی هاتنی ئەم منداڵە پەیامبەرەی پێدراوە ڕێ و جێی چۆنێتی بەخێوکردنی عیسا لەلایەن مریەمەوە گرنگی زیاتری پێدرابا.

لە بەرامبەری ئەو بیروبۆچوونانەی سەواحدا، الزيدي ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە سەواح تەنها قسە لەسەر ئینجیلەکان دەکات و نەهاتووە لەسەر قورئانی پیرۆز بدوێت کە باسی مریەمی تێدایە و پێگە و جێگەی مریەم لە قورئانەوە باس بکات کە پەرجو بووە و پەرجوی لێبووە. (الزيدي، ٢٠٢١: ٢٠٢)

لە کاتێکدا کە سورەتێکی قورئان بە ناوی مریەمەوەیە و سورەتێکیش بە ناوی آل عمرانەوەیە کە عمران دەکاتە باوکی مریەم و چیرۆکی بوونی مریەم و سکپڕبوونی بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی بۆ

ببات و چیرۆکی مژدەی بوونی عیسا بە مریەم دەدەن. (قورئان، سورەتی مریم، سورە آل عمران، ٢٠٠٩)

## بەشی دووەم: قسەکەری پیاو لە شیعری شاعیری ژندا

## تەوەری یەکەم: زمان و دەسەڵاتی نێرسالاری

### ٢_١_١ زمانی نێرسالار و زمانی مێینە

وشەکان لە زماندا کاتێک دەڕۆن و جێی خۆیان دەگرن، کە کولتور و کۆمەڵگا بەکاریبهێنێت بەو شێوەیەی لەگەڵ کۆبیری کۆمەڵگاکەدا دەگونجێت، لە کۆمەڵگای کوردیشدا (نێر)، سالار و باڵادەستە هەر لەبەرئەوەیە گونجاوە ئەگەر بڵێین (زمانی نێرسالار)، پێش ئێمەش بەکارهاتووە لەلایەن گەورەنووسەر و ڕەخنەگری دیکەوە، بەڵام زاراوەی (زمانی مێسالار) بەکارنەهاتووە چونکە (مێ) لە ئێستادا سالار نییە تاوەکو زمانەکەی زاڵ بێت و زاراوەیەکی وەها بۆ خۆی جێبکاتەوە؛ لەبەرئەوە بە زاراوەی (زمانی مێینە) قنیاتدەکەین و بەو شێوەیە وەریدەگرین. ((ئەو باوەڕەی کە دەڵێت ئەدەب بێڕەگەزە _باوەڕێکە بۆ خۆڵکردنەچاوی خوێنەر و ئەوەی پێیدەڵێن شیعری ڕاستەقینە نێرینەیە_ ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە بە گشتی ڕانەهاتووین شیعری ژن ببینین، یاخود ئەو کولتورە بناسین کە شیعری ژن بۆی دەگەڕێتەوە، یان تخوب و بەهێزییەکانی ئەو کولتورە گفتوگۆ بکەین... )) ( Voigt, 1987: 127) لە کاتێکدا ژنەشاعیرانی کورد هەندێکیان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە زمانی شیعری ژن و پیاو جیاواز بێت و ئەوان دەڵێن: زمانێک نییە تایبەت بێت بە ژن و زمانێک تایبەت بێت بە پیاو بۆ دەربڕینی هەستەکانی، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە ئەو ڕایەی سەرەوە بەو بیرۆکەیەوە بخرێتەڕوو کەوا یەکسانبوونی ئەدەبی ژن و پیاو لەلایەن ئەوانەوە ئیدیعادەکرێت کە کولتوری نێرسالارن و نایانەوێت دەنگی ژن جیاواز دەرکەوێت و دەیانەوێت هەمان ڕێچکەی پیاوان بگرن، لەکاتێکدا هەندێک لەو ژنە شاعیرانەی کە زۆر ژنانە دەنووسن ئەوە باسدەکەن کە شیعری ژنانە بوونی نییە؛ یەکێک لەوانە (ڤینۆس فایەق)ە کە ژنێتی لە شیعرەکانی هەڵدەوەرێت بە مانای جیاکردنەوەی ڕەگەزێتییەکی ئێجگار قووڵەوە، کە لە هەندێک شیعرەکانیدا جیاوازی فیسیۆلۆژی و بایۆلۆژی ڕەنگی داوەتەوە، ڕێک دژ بەو بۆچوونەی سەرەوە ((ڤینۆس فایەق دەڵێت: بڕوام بە هەبوونی ئەدەبێک نییە، ناوی ئەدەبی ژنانە بێت، ئەدەب بەسەر دوو خانەدا دابەش ناکرێت: پیاوانە و ژنانە، یەک ئەدەب هەیە ئەویش ئەدەبی ئینسانییە، ئیدی چ پیاو بینووسێت، چ ژن. ئەدەبی منداڵان، کرێکاران و بەرەنگاربوونەوە هەیە، بەڵام ئەدەبی ژنانە نییە. هەروەها دەڵێت: بیرۆکەی ئەدەبی ژنانە ئەو پیاوانە دایانهێناوە کە بڕوایان بە داهێنانی ژن نییە، یان لە ژن دەترسن. )) (حەسەن، ٢٠٢٠: ٩) هەردوو بۆچوونەکە لەگەڵئەوەی دژن

بەڵام خزمەت بە یەک بیرۆکە دەکەن، ئەویش بەرزنرخاندنی بەهرەی ژنە لە دەربڕینی ناخیاندا بە گوتنی بەرهەمی ئەدەبی.

ڤینۆس فایەق، لە شیعری (جوبیتیر)دا دەڵێت:

جوبیتیر

وەختەکەی ناوەختە

پایز لەدەرگام ئەدات

ئەی گەورە خواوەندی بەجێماوی بەختم

بگەڕێوە لام

**خۆرم لەبار ئەچێت و**

**حەقیقەتم لەبەر ئەڕوات**

ڕۆحی گەڵایەکی پایزە

لەهەناوما بەجێماوە (فایەق، ٢٠١٣: ٧٣- ٧٤)

(( ئاخۆ شاعیرێکی پیاو لە توانایدا هەیە، بە دوو ڕستەی هێندە چڕ، بە دوو وێنەی هێندە دڵڕفێن، باس لە خوێن لەبەر ڕۆشتن و منداڵ لەبارچوون بکات؟ بێ دوودڵی دەتوانین ئەو دوو ڕستە شیعرییە، بە داهێنان بۆ ڤینۆس فایەق لەقەڵەم بدەین، ئاخر پێشتر کەس نە (خۆر)ی وەها خستووەتە ڕستەوە، نە حەقیقەت.)) (حەسەن، ٢٠٢٠: ١٠-١١)

نووسەر لە دوو دێڕەکەی دواتر ورد نەبووەتەوە و تەنها (خۆرم لەبار ئەچێت و حەقیقەتم لەبەر ئەڕوات)ی وەرگرتووە، کە مناڵ لە هەناوی ژندایە، مناڵ ڕۆحێکە، ئەگەر ئەو ڕۆحە بمرێت و بە مردوویی لە منداڵداندا جێبمێنێت، ژن ئەکەوێتە سەر خوێن و پێویستی بە نەشتەری دەبێت، کە (ڤینۆس) ڕۆحی گەڵایەکی پایزە لە هەناویدا بەجێماوە، ڕۆحی گەڵای پایز هەڵبەت زەردە، خۆریش بە ڕووخسار زەردە. ئەم وێنەیە هەر ژنێک دەتوانێت بینووسێت، ئیتر بۆ ناو نەنرێت ئەدەبی ژنانە،

((ماگی هووم لە کتێبەکەیدا بەناوی – ڕەخنەی ژنانە: ژن وەک ڕەخنەگرێکی هاوچەرخ – جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە؛ ژن بەشێوەیەکی جیاواز نووسینەکانی دادەڕێژێت لە نووسینەکانی پیاو، ئەگەر هەر نووسینێک بنووسێت یاخود ئەو نووسینانەی کە لە بارەی پەیوەندی خۆی بە جەستەیەوە دەینووسێت. )) (حامي، ٢٠١٣: ١٨) ئەویش لەم سەردەمەی ئێستا و تا ڕادەیەک لە دوای دروستبوونی چەندین ڕێکخراو بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان ئەوەتا نووسەرێک بەناوی ئەلیسا ئۆسترایکەر بەرهەمی نووسەرەژنە ئینگلیزەکان بەوە جیادەکاتەوە کە مت و گەمژانەن چونکە ئازاد نین لە وەسفکردنی جەستەدا بە نموونەش ڤێرجینیا ولف دەهێنێتەوە کە لە ترسی ڕەقیبی نێر بەرهەمەکانی خاڵین لە وەسفی جەستەیی لە کاتێکدا نووسەرانی وەک جۆیس و لۆرانس هاوسەردەمی ئەو بوون و بەوپەڕی ئازادی و بڕوابەخۆبوونەوە نووسیویانە. (الغذامي، ٢٠٠٦: ٤٣) نووسەرێکی وەک (دی ئێچ لۆرانس) لە کوڕان و عاشقاندا (sons and lovers) وەسفێکی ڕووتی پەیوەندییە جەستەییەکانی نێوان کارەکتەرەکان دەکات.

نووسەر و شاعیرێکی پیاوی وەک (ناڵە حەسەن) کە باسی ئەوە دەکات چووەتە قاڵبی ژنەوە، ڕاستە ڕەنگە لە خستنەڕووی نەهامەتییەکانیدا یان لە هەستکردن بە نەهامەتییەکانیدا توانیبێتی دەربڕی ناخیان بێت، بەڵام ئەم ئەدەبەی کە ناوزەددەکرێت بە ئەدەبی ژنانە بۆن و بەرامەی جیایە.

(ناڵە حەسەن) لە وتارێکدا کە لە سایتی دەنگەکان بڵاویکردووەتەوە؛ دیسان ئەو بیرە پشتڕاستدەکاتەوە کە ئەدەبێک ژن گوتبێتی جیاوازی نییە لەگەڵ ئەدەبێکدا کە پیاو گوتبێتی بە بەڵگەی ئەوەی خۆی لە هەندێ دەقی شیعریی خۆیدا هەم مێیە و هەم نێرە واتا دەتوانێت بە ئاماژە و زاراوە ئەوە دەربخات کە چ ڕەگەزێک خاوەنی بەرهەمەکەیە؛ ( لەناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکان ، ئەوکات بە ئێمەیان دەگوت ( شاعیرە لاوەکان ) ، لە گازینۆی ( مەچکۆ ) ڕۆژنامەنووسێکی برادەرم پرسیارێکی لێکردم و گوتی / ( ناڵە حەسەن ) تۆ لەنێو شیعرەکانتدا زۆر باسی ( مەمک ) دەکەیت و وەکو ( کچێک ) دەردەکەویت ، ئەگەر ناوت لەسەر شیعرەکانت نەبێت و یان وێنەت لەگەڵیان نەبێت کەس نازانێت تۆ کوڕیت یان پیاویت ..؟! منیش لەناخی ناخەوەم پرسیارەکەم زۆر پێخۆش بوو ، لە وەڵامدا گوتم / ئاخر من کە دەچمە نێو جەوی شیعری و بەنێو دنیای خەیاڵ ڕۆدەچم و قووڵ دەبمەوە لەوێدا ، لە واقیع و لەخۆم دادەبڕێم ، لەوێدا من نازانم نێرم یان مێ ، منداڵم یان پیر ، تەنها مرۆڤێکم هیچیتر ..! برادەرەکەشم سەرسام بوو بەوەڵامەکەم و قەناعەتی بە قسەکانم هات.)

https://dengekan.info/?s=%DA%A4%DB%8C%D9%86%DB%86%D8%B3+%D9%81%D8%A7%DB%8C%DB%95%D9%82&submit=Search

هەر هەمان شاعیر دەربارەی ئەوەی، کە شاعیرێکی پیاو دەتوانێت دەربڕی هەست و ناخی ژن بێت وەک نموونە ئەم دەقەی خۆی هێناوەتەوە:

((لە قەسیدەی ( ڕەشبەڵەکی ڕۆح )، کە قەسیدەیەکی درێژە ، لەساڵی ( ١٩٩٥ ) نووسراوە ، لەشوێنێکی ئەم قەسیدەیە دەڵێم ،

ئێستا

ڕووباری نێوان مەمکەکانم ئاوێکی شێلووی

پێدا دەڕوات!..

ئێستا من لەناو گێژاوی سەرگەردانی ، هاژەی

تاڤگەیەکی دڵ تەنگم....

دەی گوڵە گیان دەی ،

دەوەرە / لەسەر نینۆکەکانم

لەسەر پشتی هەردوو دەستم

لەسەر پەڕەکانی لێوم بڕوێ

تا بەتۆوە بئاخڤم و بە تۆوەش هەناسە بدەم

تا بە تۆوە بمناسنەوە و لەم غەریبییەدا

ڕەنگی ڕۆیشتووم بێتەوەبەر

دەی گوڵەگیان

دەماچم کە

دەبم گوشە

دەبۆنم کە

دەی گوڵەکەی خۆم دەی!.. ))

https://dengekan.info/?s=%DA%A4%DB%8C%D9%86%DB%86%D8%B3+%D9%81%D8%A7%DB%8C%DB%95%D9%82&submit=Search

لەم پارچەیەدا ئەشێ دوو فاقییەک ببینین، کە سەرەداوێکی دەچێتەوە سەر بابەتەکەی ئێمە، لە ڕۆژئاواو ئەمریکا ئەدەبێک هەیە کە پێی دەگوترێت ئەدەبی هاوڕەگەزخوازان شاعیرانێک کە هاوڕەگەزخواز نین و ئەوانەش کە هاوڕەگەزخوازن وەک (ئەدریان ڕیچ و ئۆدری لۆرد) بەرهەمیان هەیە لەم ئەدەبە، کە زیاتر ڕەوتێکی فیمینیستییە، ئەم دەقەش تا ڕادەیەک لەو بەرهەمانە دەچێت، هەست بە دەنگی ژنێک دەکەیت خۆشەویستی خۆی بۆ هاوڕەگەزەکەی خۆی دەرخستبێت کەسی یەکەم بە خۆی دەڵێت (ڕووباری نێوان مەمکەکانم ئاوێکی شیلووی پێدا دەڕوات) کە ئەمە هەڵبەت ژنە، دواتر بانگی کەسی دووەم دەکات بە (گوڵەگیان، دەی گوڵەکەی خۆم دەی) کە هەڵبەت هەر ژنە، چونکە ئەوە ژنە بە (گوڵە و گوڵێ و گوڵەکەم و گوڵەگیان) بانگدەکرێت. کە ڕەنگە نە (ناڵە حەسەن) و نە شاعیرێکی دیکە لەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی ئێستای کوردستاندا زاتی ئەوە نەکەن و دان بەوەدا نەنێن کە ئەدەبیکی هاوشێوە دەنووسن، کە ئەمەش قسەباسی دیکە هەڵدەگرێت و لە مێژووی ئەدەبماندا بەرهەمی سەر بە ئەدەبی هاوڕەگەزخوازان بوونی هەیە و زۆریشە.

سەیر لەوەدایە شاعیرە پیاوەکان دان بەوەدا دەنێن کە (مێ)یەک لە ناخیاندا هەیە، هەر لەو وتارەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە (ناڵە حەسەن) ئەوە باسدەکات کە (ئەدۆنیس) لە چاوپێکەوتنێکدا ڕاشکاوانە ئەوەی وتووە، کە لە ناخیدا مێیەک هەیە، بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی چاوپێکەوتنەکە بکات. ئەمە هەمان ئەو بیرۆکە سایکۆلۆژیەیە، کە کارل یۆنگ باسیکردووە و جیایکردووەتەوە و بە ئەنیمەس و ئەنیما ناوی هێناوە.

لەو شاعیرانەی، کە لە درێژەی ئەم باسەدا وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەیان داوەتەوە، کە مێینەی ناخیان هاندەری نووسینی بەرهەمی لەو جۆرەی داون (شێرزاد حەسەن و خەبات عارف) بوون لە چاوپێکەوتنە ڕاستەوخۆکانمان لەگەڵیاندا، ((ئەگەر بەراوردی بکەین لە پیاواندا وەک نموونە سەرسوڕهێنەرەو ژن کەمتر لەگەڵ (سێبەر) دەژی لە خەونەکانیدا و کەمتریش لەو نووسینانەدا دەردەکەوێ کە ژنان دەیاننووسن.)) (هالبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠: ٣٥٢- ٣٥٣) لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بۆچی زۆر بە زەقی شاعیرانی ژن دان بەوەدا نانێن، کە نێرێک لە ناخیاندا بێت و بێتەگۆ! لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ (د. نەزەند بەگیخانی) کە یەکێکە لەو شاعیرانەی ئیش لەسەر بەرهەمەکانی دەکەین پێی ڕاگەیاندین: ((من باوەڕم وایە هەر شیعرێ کە من دەینووسم گوزارشتە لە خود، بەس ئەو خودە من نیم؛ ئەو خودە دەشێ دایکم بێ، دەشێ ژنانی ڕەشپۆشی گەڕەکەکەم بێ، دەشێ ژنانی نیشتمان بێ، دەشێ دوعا و بەناز و کوردستان و هەموو ئەوانە بێت بەبیانوی

شەڕێکەوە کوژران، گوزارشت لە خود پێویستە بۆ من. سەبارەت بە چوونەناو قاڵبی پیاوێک بۆ ئەوەی دەربڕی ناخی بێت، گوتی: من نەچوومەتە قالبی پیاوێک بۆ ئەوەی قسەبکەم، بە عەکسەوە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و لە روئیای (جۆن دۆن) من هاتووم باسی خود دەکەم، ئەو خودەش هەر من نیم، دەشێ هەر ژنێکیتر بێت، دەڵێم (ژن)، چونکە بتەوێ و نەتەوێ، ئەم کۆمەڵگایە، ئێمە کە بونیات دەنێ دروستمان دەکات، وەکو ژن وەکو پیاو بونیادمان دەنێ، من کە گوزارشت لەو ئەزمونەی خۆم دەکەم کە وەکو ژن ئەزموونم کردووە لەم وڵاتە، باوەڕم وایە کە ئەو ئەزموونەی من ژیاوم روئیا و فکر و ستایڵ و چۆنیەتی نووسینی منی دیاریکردووە جیایدەکاتەوە لە هی پیاوێک.)) (چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٥/٢٧، ١٦:٤٤)

سایکۆلۆژیستەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئافراندن و داهێنانی ئەدەبی پەیوەندی بە نەست و لایەنی دەروونییەوە هەیە، بەلای فرۆیدەوە ((ئەدەب و هونەر بە گشتی، شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربرینی ئەو ئارەزووە چەپێنراوانە و وێنەیەکە لە وێنەکانی خۆدەربازکردن لەو دیاردە چەپێنراوانە لە نەستی ئەمبارکراودا.)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ٣٤) هەروەها فرۆید باس لە مەبەستی بەرزبوونەوە و باڵابوون دەکات و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ((بریتییە لە سەر لە نوێ ئاراستەکردنەوەی پاڵنەری سێکسی، دوور لە مەبەستە سەرەکییەکەی (واتا چالاکی سێکسی)، بەلای فرۆیدەوە نووسینی سەمفۆنیایەک یان شوێنکەوتنی داهێنانێکی زانستی، لەگەڵ پاکیزەیی پاڵەوانانەی قەشەیەکدا، هەموویان، بریتین لە سەر لە نوێ کردنەوە و ئاراستەکردنەوە و ڕێچکە پێ بەستنی پاڵنەری سێکسی.)) ( ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ٣٤) جگە لەم لەم میکانیزمە فرۆید هەندێ میکانیزمی تری دیاریکردووە کە نەست بۆ دەربڕینی ئارەزووە چەپێنراوەکان پشتی پێدەبەستێت لەوانە (قەرەبووکردنەوە، هەڵگەڕانەوە، لادان، خۆخستنەشوێن،...) (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ٣٤ –٣٥) خۆخستنە شوێن – التقمص یەکێکە لە میکانیزمەکان بۆ ئەوەی حەزی چەپێنراو لە نەستدا ببێتە بەرهەمی ئەدەبی یان هەر داهێنانێکی تر، کە ئەمە زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دەڕوات کە ئێمە دەربارەی دەدوێین، چونکە لەم بەرهەمانەدا؛ پیاوێک وا خۆی دەردەخات ژن بێت و ژنێک وا خۆی دەردەخات کە پیاو بێت، کە هەر لەسەر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیەی فرۆید یۆنگیش هەردوو زاراوەی (ئەنیما و ئەنیمەس)ی بۆ داناوە. (علاءالدین، ٢٠١٣: ١٥٠)

ڕاستە ئەدەب دەربڕینی خود و ئەزموونە، بەڵام باری کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ئەو دەسەڵاتە نێرسالارییەی کە پێڕەو دەکرێت و قەدەغەکردنی ئازادی لە ڕەگەزی مێ لەژێر ئەو دەسەڵاتەدا، بە

زگماکی ئەوەی لەناو ناخی تاکە مێیەکاندا چاندووە کە (نێر)ێک بوونی نییە لە ناخیاندا لەگەڵ ئەوەی زانستی سایکۆلۆژیا ئەوەی سەلماندووە کە، ئەنیمەس و ئەنیما لە ناخی مێ و نێردا بوونی هەیە؛ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو شاعیر و نووسەرانەی لەگەڵ ئازاری مێینەی وڵاتەکەیاندان و هەست بەوە دەکەن کە حوکمی کۆمەڵگای کوردی حوکمێکی نێرسالارانەیە دان بەوەدادەنێن کە مێینەکەی ناخیان سەرەڕای ژیان لەناو ئەزموونی ئەواندا هانی نووسینیاندەدات لەسەر زاری (مێ)وە و هەروەها بەرجەستەکردنی ئازار و نەهامەتییەکانی ئەوان، کەس ئەمە هەستپێنەکات و ددانی پێدا نەنێت؛ بەرهەمەکانی شاعیرانی وەک (شێرزاد حەسەن و شێرکۆ بێکەس) گەواهیدەری ئەم قسەیەن و لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتندا ئەمەیان دووپاتکردووەتەوە. ((ئەم دوو چەمکە ئەنیما و ئەنیموس لەگەڵ لایەنی ئەرێنی و نەرێنیشیاندا بوونەتە هۆی ئافراندنی هەندێ بەرهەمی ئەدەبی و توانیویانە دەربری جیهانی بێئاگایی بن و دەوری ڕابەری گیانییان هەیە بۆ بەرەو دنیای بێئاگایی چوون و دەبنە نێوانگری (ego) و ژیانمان و شتێکی وامان پێشکەش دەکەن کە دەتوانین بەقووڵی لە دنیای بێئاگایی بگەین. هەروەها بەلای یۆنگەوە خەون و ڕاز و ئەفسانەکان باشترین بەڵگەی ئەم ڕوانینەن دەربارەی ئارکیتیپی ئەنیما وئەنیموس.)) (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠: ٣٥٣)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرەی کە دەڵێین شاعیرانی ژن دان بەوەدا نانێن کە نێرێک لە ناخیاندا هەبێت، بەهەمان شێوە (کەژاڵ ئەحمەد) ئەم بۆچوونەی هەیە و دەڵێت: ((من زۆر بەلامەوە گرنگبووە لە قاڵبی ژنانەیا قسە بکەم، لەبەرەوەی قسەنەکراوە، تەنانەت لە دەقە ژنانەکانا هەر دەنگی پیاوانە ئەدۆزیتەوە، بەڵام بەلامەوە ئەوەت بۆ ڕوونکەمەوە، کە بۆچی پیاوان زۆرتر، پیاوانی شاعیر، بە شێوازێکی زۆر بەرفراوان چوونەتە قاڵبی ژنەوە، چونکە تەمەننا ئەکەن، خەون بەوەوە ئەبینن، بە جیهانێکی زۆر سیحری ئەبینن، کە بچنە قاڵبی ژنەوە و بە زمانی ئەوەوە قسەبکەن، لە کۆمولگای ڕۆژهەڵاتییەکانا بەتایبەتی، کە ژن زۆر قسەی نەکردووە، شاعیرە گەورەکان هەمیشە بەناوی ژنەوە شیعریان وتووە، (نزار قەبانی) یەکێکە لەوانە کە شیعری زۆری وتووە بە دەنگی ژنانەوە، زۆر هەستیش دەکەی کە ئەمە شیعرێ بێ ژن نووسیبێتی.) (چاو پێکەوتنی کەژاڵ ئەحمەد، ٢٠٢٢/٢/٨)

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت؛ لەناو هەموو مێیەکدا نێرێک و لەناو هەموو نێرێکدا مێیەک هەیە، ((من باوەڕم بە بوونی دوو ڕەگەز نییە لەناو ئینسانێکا، مەگەر لەو حاڵەتانەیا نەبێ کە ئێمە ئەزانین یەعنی ڕەگەزەکانیان یەکلایی نەبۆتەوە، من ئەڵێم هەموومان لە ناخی خۆمانا خۆمانین، هیچ کەسێکیتر نین، لەبەرئەوەی شاعیرێکە پیاوە ئەڵێ لە ناخی خۆمانا ژنیشین و پیاویشین، ئەیانەوێ

بڵێن ئێمە لە جیاتی ژنیش قسە بکەین، لەسەردەمەکانی زووشدا هەر وا وتراوە، بەس ئێستە بە شێوەیەکی مۆدێرنتر ئەیڵێن.) (چاوپێکەوتنی کەژاڵ ئەحمەد، ٢٠٢٢/٢/٨)

وەک دەبینین بیرۆکەی نووسەرە ژن و نووسەرە پیاوەکان لە کوردستان جیاوازن، لێرە ژنان نایانەوێت بە ئەدەبەکەیان بوترێت ژنانە، یان نایانەوێت پیاوێک نووسین قۆرغبکات و بەناوی ئەوانەوە بنووسێت و بڵێ من دەنگی ژنانم، چونکە ژن لێرە لەژێر دەسەڵاتی پیاوسالاریدایە و ئەوەندە باوەڕی بە پیاوان نییە کە ببێتە دەمڕاستی ئەوان و مافە خوراوەکانی بۆ بگێڕێتەوە و ئازادی (بەهەموو جۆرەکانیەوە) بۆ دەستەبەر بکات، بەکورتییەکەی ژنی کورد مارانگازە و لە مار دەترسێت، بەڵکو دەیەوێت خۆی دەنگی خۆی بگەیەنێت و بە هەموو ئەوانەی کە بەبێ توانای دەزانن بسەلمێنێت کە ڕێگەی پێنەدراوە، ئەگینا بەتوانایە.

بەڵام لە بیرۆکە ڕۆژئاواییەکەدا دەبینین، کە ژنان وەهای دەبینن ئەگەر بە بەرهەمی ئەدەبی بوترێت (بێڕەگەز) و بەرهەمی ئەمان جیانەکرێتەوە وەک (ئەدەبی ژنانە)، ئەوا، ئەوە دەبێتە هۆی دەردیسەری بۆیان، ئەمان دەیانەوێت ئەدەبەکەیان ناو بنرێت (ژنانە) و دیار و جیاکراوەبێت لە ئەدەبی پیاوان، تا ڕادەیەک بۆچوونی (کەژاڵ ئەحمەد) دەچێتەوە سەر ئەمان، چونکە یەکێکی وەکو کەژاڵ ئەحمەد دەیەوێت وەک (ژن)، بوونی ژن بسەلمێت، چونکە لە وڵاتێکدا نییە بوونی سەلمابێت.

یەکێک لەو نموونانەی کە (الغذامي) باسیدەکات و پرسیارێکی جەوهەری دەکات دەربارەی بەرهەمی (هەزار و یەک شەوە)یە؛ کۆنترین وێنەی ژن کە لە ئەدەبی عەرەبیدا، گێڕەوەی چیرۆکەکە ژنە، وێنایەک، کە نووسەر دەیکات بە نموونە کە نەک هەر هۆنەرەوەی چیرۆکەکە بێت و بەس، بەڵکو لەبەرامبەردا وەستاوە لەگەڵ پیاوێک، لەلایەک ڕووبەڕووی مردن وەستاوە و لەلایەکی ترەوە بەرگری لە بەهای ئەخلاقی و مەعنەویەتی خۆی دەکات، کاتێک کە (شەهرەزاد) بێدەنگ دەبێت لە گێڕانەوەی چیرۆک، (شەهرەیار) دوای بێدەنگییەکەی دەکەوێت و دەیەوێت دووبارە دەست پێبکاتەوە، ئەمەش دەسەڵاتی زمان و دەقەکەی ئەو ژنە دەسەلمێنێت. کە ئەو بوو بە داهێنەر و شەهرەیاریش بە گوێگر، کە گێڕانەوەکە هەزار و یەک شەوی خایاند، هەر شەوە و چیرۆکێک، کە دەکاتە کاتی سکپڕی و مەمکپێدانی سروشتی لەلایەن ژنەوە بە مناڵەکەی، کە پەیوەندییەکەیان وەک پەیوەندی مناڵ و دایکێکی لێهات (بەشێوەیەکی میتافۆرانە)، هەروەها چیرۆکەکانیش شەو دوای شەو لە ڕەحمی یەکەوە دێنە دەرەوە، کەواتە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی مێینەیە، چیرۆکخوان مێینەیە، (الغذامي) دەگاتە دەرەنجامێک و دەپرسێت: کێ هەزار و یەک شەوەی نووسیوە؟ ئایا پیاوە؟ یان ژنە؟ ئەم دەقە مێینەیە

له خەیاڵی ژنەوە دەرچووە یان پیاو؟ چونکە دەقەکە بێ نووسەرە، کاتێک، کە وەڵامی ئەم پرسە دەدرێتەوە دەبێت جیاوازی نێوان هۆنینەوە و تۆمارکردندا بکرێت، لێرەوە دەوترێت، کە ژن هۆنیویەتیەوە و پیاو تۆماریکردووە، لەو تۆمارانەشدا ناوی خۆی نەنووسیوە لەبەرئەوەی ڕقی لە چیرۆکەکە بووەتەوە و خۆی بە گەورەتر زانیوە لێی. (الغذامي، ٢٠٠٦: ٥٧- ٦١)

بۆچوونەکەی نووسەر بۆچوونێکی جەوهەرییە بە پێی ئەو بەڵگانەی، کە لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەیدا هێناویەتییەوە، کەوا ژن لە سەردەمانی زوودا، بێبەریکراوە لە کردەی نووسین و ئەم کردەیەش تەنها بۆ پیاو بووە و ژنیش تەنها زمانی بۆ ماوەتەوە وەک چەکی دەربڕین و بە زمانی گێڕانەوە ناخی خۆی دەربڕیوە.

## ٢_١_٢ زمان نێرە

لەو زمانە جیهانییانەی کە نێر و مێ جیادەکەنەوە، بۆ نموونە زمانی عەرەبی، حاڵەتێک بووەتە جێی تێبینی زۆرێک لە شرۆڤەکاران وتوێژەرانی ئەکادیمی، تیایدا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە زۆربەی زۆری ژنە نووسەر و ئەدیبەکانی عەرەب، تەنانەت ئەوانەش لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی ژن هەڵیانداوەتێ و بەردەوام لە هێرشدابوون بۆ سەر پیاوان، لە نووسینەکانیاندا بە زمانێکی پیاوانە گوزارشتیان لە بۆچوونەکانی خۆیان کردووە، کە ڕەنگە زیاتر هۆکارەکە ئەوە بێت، زمانی نووسینی کتێبە ئاسمانییەکان زمانێکی نێرە بە تایبەت زمانی عەرەبی، ((ئەم پرسە پەیوەستە بە گرێی مێینەوە کە وەک سێبەرێکە بەدوای ژنە نووسەرەکان بە تایبەت و ژنان بە گشتی، کە وای لێکردوون بە زمانی پیاوان بنووسن بۆ ئەوەی کە درکی پێدەکەن بە ئەقڵ و ئاگاییان بیخەنەڕوو، کە وەک ئەوە وایە لەژێر پێستی پیاواندا خۆیان حەشار بدەن، بەبێ گوێدانە جیاوازییەکان لەنێوان دوو ڕەگەزەکە)) (حامي، ٢٠١٣: ٦) ئەم بۆچوونە زۆر تایبەت بۆ کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستە و جێی هیچ گومانێک نییە، (محەمەد فەریق حەسەن) دەڵێت: ((وەک زمانەکانی تری ناوچەکە، زمانی کوردیش نێرسالارە، ئەگەرچی نەک هەر ئێمە،بگرە هەموو گەلێکی ئەم جیهانە بە زمانی خۆی دەڵێت، زمانی دایک. ئەمەیش بەو سەبارەتەوەیە کە منداڵ، لە منداڵدانی دایکیدا دەڕسکێت. کاتێکیش هاتە دنیاوە، دیسان یەکەم پەیوەندی لەگەڵ دایکیدا گرێدەدات؛ لە زاری دایکیشیەوە زمان فێر دەبێت. وەلێ پێدەچێ ئەمە زیاتر ڕای پەروەردەکاران (پێداگۆ) بێت، نەک ئەوانەی وا لە ڕەوشی زمان دەکۆڵنەوە.)) (حەسەن، ٢٠١٠: ١٣٥)

لەسەر هەمان بیرۆکەی نووسەرێکی عەرەب محەمەد فەریق حەسەنیش ئەوە دەخاتەڕوو کە زمان هی ژنە و نووسین هی پیاو، و ئاماژە بەو ژنە موسایبانە دەکات کە زوو لە باشووری کوردستان حەقایەتیان گێڕاوەتەوە، ئەمەش تەنها بەسەر زارەوە بووە، لەمەشدا نووسەر ڕاستدەکات لەلای عەرەب الغذامي تۆمارکەری هەزار و یەک شەوە بە نێر دەزانێت، حەقایەتە گوێ ئاگردانەکانی ئەوروپا (برایانی گریم) تۆماریان کرد https://www.britannica.com/biography/Brothers-Grimm لای کوردیش هەوڵێکی هەرە جوانی تۆمارکردنی حەقایەتەکانی گوێ ئاگردان مامۆستای کۆچکردوو (جەلال تەقی) کردی لە ژێر ناونیشانی (شەوانی گوێ ئاگردان) کە بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٨٤ و بەرگی دووەمی لە ١٩٩٨دا بڵاوکردەوە، هەر لەبەر ئەوە، ئەوەی لە سەردەمانی زوودا بۆ ژن ماوەتەوە تەنها زمان بووە.

لە لایەکی دیکەوە هەندێ بۆچوون هەن، کە بەشێوەیەکی دیکە لە زمانی نێرانە و زمانی مێینە دەڕوانن، یەکێک لەوانە ماری ئێلمانە، کە نووسینی نێرینە و نووسینی مێینە لەسەر بنەمای ڕەگەز جیاناکاتەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای دەربڕینی دەسەڵاتداری، کە نووسینی نێرینەی پێجیادەکرێتەوە، لەکاتێکدا لە نووسینی مێینەدا نییە؛ لە بۆچوونی ئەمەوە زمانێک نییە تایبەت بێت بە پیاوان و زمانێک تایبەت بێت بە ژنان، بەڕادەیەک بە نووسینەکانی سیمۆن دو بۆڤوار دەڵێت نووسینی نێرانەن بەهۆی بوونی ئەو دەنگە دەسەڵاتدارییەی کە بەرهەمەکانیی پێجیادەکرێتەوە. (حامي، ٢٠١٣: ٢٠- ٢١)

((ئیبن جەنی دەڵێت: بەنێرکردنی مێ زۆر بەربڵاوە چونکە گەڕانەوەیە بۆ بنەچە. ئەم بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونەکەی جاحظ بەرامبەردەوەستنەوە کە دەڵێت؛ هەندێک هەن مافەکانی ژن بەکەم سەیردەکەن و بەتەواوی حەقی خۆیانیان نادەنێ، ... لە کاتێکدا کردەی بەکەم سەیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی ماف واتای ئەوەیە، کە لە ڕاستیدا مافەکە هەیە و مافێکی سروشتییە و وەرگیراو نییە هەر بۆیە قابیلی بەکەم سەیرکردن و دەستبەسەرداگرتنە، هەر بۆیە بەمێکردنی زمان مافێکی سروشتی و سیفەتێکی جەوهەرییە، بەهۆی بە کەم سەیرکردنیەوە بەنێردەکرێت.)) (الغذامي، ٢٠٠٦: ١٦)

ئەم وەسفەی نووسەر وەسفێکی وردە و فەلسەفییە بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکە، وەک ئەوەی پێمان بڵێت: کە وەک هەموو کات، مێ وەک پاشکۆی نێر سەیرکراوە لە زمانیشدا مێ کراوە بە پاشکۆ و نێر کراوە بە سەردار، وەک چۆن منداڵێکی نێر لەدایکدەبێت و لە ساڵەکانی یەکەمیدا زمانی دەپژێت، هەروەها منداڵێکی مێ، لە ساڵەکانی یەکەمیدا زمانی دەپژێت و قسەدەکات، ئەوەی نێر و مێ لای ئەم دوو منداڵە جیادەکاتەوە و خەسڵەت و بەها دەدات بە تاکەکانی، کولتورە.

له باسی هەوڵەکانی بە مێکردنی زماندا ڕۆڵی هەندێ شاعیری ژن دەبینرێت یەکێک لەوانە (نازک الملائکة)یە، کە لێکۆڵەرێکی وەکو الغذامي وا لێکیدەداتەوە کە نووسینی شیعرێکی ئازاد لەسەردەمی بەکارهێنانی عەروزدا بە ناوی (کۆلێرا) لە ساڵی ١٩٤٧دا بەرپاکردنی شۆڕشێک بووە دژی قاڵبەکانی عەروز، ئەگەر عەروزیشی بەکارهێنابێت هەشت بەحری مێی بەکارهێناوە (ئەو وا ناوی دەنێت) کە ئەوانیش (ڕەجەز و کامل و رمل و موتەقارب و هەزەج و سەریع و وافر) غەزامی بۆیە بەم بەحرانە دەڵێت مێ، چونکە توانای کشان و چوونەوەیەکیان هەیە وەک جەستەی مێ خۆی دەتوانرێت لێی بقرتێنرێت و کەم بکرێتەوە و لێی جیا بکرێتەوە وەک جەستەی ژن خۆی کە لە منداڵبووندا و ڕۆحدان بە بونەوەرێکی تر تەنانەت خوێنیشی لەبەردەڕوات و ناشمرێ و جەستەی دەچێتەوە شوێنی خۆی. (الغذامي، ٢٠٠٥: ١٧)

((ژنان خۆیان شایەتی ئەوە دەدەن، کە ئایینە ئاسمانییەکان خزمەتی بە ژن کردووە و مافی داوە (هەڵبەت لەڕووی زمانەوە) نەک وەک کولتور و مێژوو، کە ئەم مافەی لێوەرگرتووەتەوە)) (الغذامي، ٢٠٠٦: ١٦) لە کتێبە ئاسمانییەکاندا تاڕادەیەک وەک یەک جێناوی مێینە و نێرینە (ضمير تأنيث و تذكير) بەکارهاتووە، کە ئەم دیاردەیە وایکردووە وەک (الغذامي) باسیدەکات، ئەو نووسەرەژنانەی، کە ڕەخنە لە دەسەڵاتی نێرسالاری عەرەبی و کولتورەکەی دەگرن ددان بەوەدا بنێن، کە لەلایەن نامە ئاسمانییەکانەوە غەدرلێکراو نین. لە کاتێکدا هەندێک لە هەمان نووسەرەژنانی عەرەب لەگەڵ پێداگرییەکی زۆر بۆ مافەکانی ژنان و ڕەخنەی بەردەوام و بگرە توندڕەوانەشیان لە دەسەڵاتی نێرسالاری، کەوتوونەتە هەڵەی زمانەوانییەوە، بە بەکارهێنانی زمانێکی نێرینە لە نووسینەکانیاندا. (الغذامي، ٢٠٠٦: ١٨– ١٩) ((نەوال سەعداوی کتێبێکی جۆشوخرۆشاوی لەژێر ناونیشانی (مێ ڕەچەڵەکە) داناوە، وەک ئەوەی بەم وتەیەی وەڵامی ئیبن جەنا بداتەوە کە نێری بە ڕەچەڵەک داناوە. ئەوەی تێبینی دەکەین لە کتێبەکەدا ئەوەیە کە نەوال سەعداوی هەمیشە جێناوی نێری (ضمير تذكير) وەک جێناوی ڕێزمانی بەکارهێناوە، کە وایلێدەکات، زمانەکە بەرەو نێرێتی ڕەچەڵەکی زمان ببات، بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات.)) (الغذامي، ٢٠٠٦: ١٨) بۆ نموونەی ئەمەش ((إن القلق لا يحدث للإنسان إلا إذا أصبح واعيا بوجوده وأن هذا الوجود يمكن أن يتحطم، وأنه قد يفقد نفسه و يصبح لا شيء، وكلما كان الإنسان واعيا بوجوده زاد قلقه على هذا الوجود و زادت مقاومته للقوى التى تحاول تحطيمه )) (الغذامي، ٢٠٠٦: ١٨– ١٩) (نیگەرانی بۆ مرۆڤ دروستنابێت، ئەوکاتە نەبێت، کە هۆشیار دەبێتەوە دەربارەی بوونی خۆی، هەروەها هەست بەوە بکات کە ڕەنگە ئەم بوونە تێکبشکێت،

هەروەها هەست بەوە بکات کە ڕەنگە خۆی ونبکات و ببێتە هیچ، هەرچەند مرۆڤ هۆشیار ببێتەوە دەربارەی بوونی خۆی نیگەرانیی زیاد دەکات دەربارەی ئەو بوونە و بەرگریی زیاددەکات بەرامبەر ئەو هێزانەی کە هەوڵدەدەن تێکیبشکێنن) ئەم چەند دێڕە لەناو باسێکدا هاتووە، کە سەبارەت بە دوودڵیی ژنی ڕۆشنبیر و سەبارەت بە کێشەی ژنی کارگەر دەدوێت. هەروەها باسەکە تایبەت و جەختکەرەوەیە لەسەر ژن و کێشەی مێینەبوون، و هیچ پێگەیەک بۆ پیاو و نێریتی لەو باسەدا نییە، لەگەڵ ئەمەشدا نووسەری کتێبی (مێ ڕەچەڵەکە) بە جێناوی نێر باسەکە دەخاتەڕوو، بۆ کەسی سێیەمی نێر دەگەڕێتەوە لەناوەڕاستی ئامادەبوانێکی مێدا. (الغذامي، ٢٠٠٦: ١٩)

(الغذامي) نموونەی هەریەکە لە (مي زيادة، غادة السمان، سحر خليفة، ...)ی هێناوەتەوە کە بەبێ ویستی خۆیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانی دەربڕینی نێرینەوە، لەگەڵ ئەوەی کە داکۆکیکاری مافەکانی ژن بوون و ڕەخنەی توندیان لە دەسەڵاتی نێرسالاری و زەوتکردنی مافەکانی ژنان گرتووە، ((هەر لێرەوەیە کە وتەی (مێ ڕەچەڵەکە) بەسەر زاری ژندا دێت بۆ ئەوەی ببێتە گوتارێک کە وەک ڕووپۆشی سەرەوەی زمان بێت، لەکاتێکدا، جێناوی ڕێزمانی و قووڵاییەکەی زمان وەک نێرێک دەمێنێتەوە. هەر بۆیە کە ژن ئارامی دەربڕینی لەسەر ئەم ڕووپۆشەی سەرەوە دۆزییەوە، بەرەبەرە توانای هەناسەدان لەدەستدەدات و بەرەو قووڵایی زمان مەلەدەکات، ئۆکسجینی زمانی نێرینە ڕزگاری دەکات و ڕێگای خۆی بەرەو تونێلەکانی گوتار و جەربەزەیی دەربڕین دەدۆزێتەوە.)) (الغذامي، ٢٠٠٦: ٢٠)

تاڕادەیەک ئەم گێرمەوکێشەیە لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، بەتایبەت لە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، کە دوو جێناوی جیاکەرەوە هەبن بۆ نێر و مێ و نووسەر تووشی ئەوە بکات بێئاگایانە ئەو زمانە بەکاربهێنێت کە دژی ئەو بیروباوەڕانە بێت، کە دەریدەبڕێت لەناو نووسینەکەدا، بەپێی گەڕانەکانمان بەناو دیوانی شاعیراندا کە بۆ هەڵبژاردەی ئەم بەرهەمە شیعرییانە دەگەڕاین، ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە زۆربەی بەرهەمی شاعیران کە نووسراوە (sexless) واتا (بێلایەن)ن، واتا شاعیری ژن یان پیاو زمانێک لە دەربڕینەکەیدا دەرناکەوێت کە پێی بوترێت (نێر یان مێ) بەڵکو بە زمانێکی مرۆڤانە نووسراوە، دەربڕ لە جوانی و سروشت و ناخ و حاڵەت و ئازار و ناعەدالەتی. هەر بۆیە ئەو بەرهەمانەی کە دۆزرانەوە و بە گونجاو زانران بۆ ئەم نامەیە، کەم و سنووردداربوون، هەڵبەت هەندێکات گلەیی ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نێرسالارە، بەڵام ئەوەتا وەک زمانی عەرەبی بەکێشە و ئاژاوە نییە، کە وا بکات بەرهەمی نووسەرانێکی ژن کە خۆیان لە

نێرسالاری دەدوێن بێئاگایانە بکەونەوە ژێر ڕکێفی زمانێک کە پێی دەوترێت زمانی نێرسالار. وەک لە سەرەوە باسکرا، کە ژن تا سەردەمانێکی درەنگ تەنها زمانی بەدەستەوە بووە و گێڕانەوەی پێکردووە، ئیتر ئەو گێڕانەوەیە زادەی بیری خۆی بووبێت یان پێشتر بیستوویەتی و ئەم وەک توتی گێڕاویەتییەوە، ڕەنگە ڕێکیشکەوتبێت کە هزری خۆی بۆ گێڕانەوە دەماودەمەکان زیاد کردبێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە یەک حەقایەت بە چەند شێوازێکی جیاجیاو بە زمانی جیاجیا هەبن. دەروونناسی و مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی ئایینە ڕۆحانییەکان پێماندەڵێن کە ژنیش وەک پیاو توانای نووسینی هەبووە، ئەوە کولتور بووە کە ڕێگەی نەداوە بە ژن بنووسێت و زمانی وەک جێگرەوەی نووسین بۆ برپوەتەوە.

قەڵەمە مێینەکان لە مێژوودا هەبوون بەڵام کە مێژووی مرۆڤایەتی دەخوێنیتەوە لای زۆربەی نەتەوەکان بەرهەمەکانیان ڕەتکراونەتەوە بەهۆکاری ئەوەی کە مێ بوون، ئەم ڕەتکردنەوەیە وای لە هەندێ لەو نووسەرە ژنانە کردووە وەک کەسایەتییەکی دەروون نەخۆش دەربکەون و کاریگەری لەسەر ژیانیان کردووە؛ ((سیلڤیا پلاث یەکێکە لەو نووسەرە ژنە پێشەنگانەی، کە بە ئاڵەنگارییەکانی وەک ژنە شاعیرێک ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بووەوە، بەرهەمە شیعرییەکانی کۆمەڵێک پرۆسێس بوو لە پێناسەی خود، بە هۆکاری ئەوەشی کە بەرهەمەکانی لەلایەن زۆرێک لە خانەی بڵاوکردنەوەکانەوە ڕەتدەکرایەوە، بووبووە هۆی حاڵەتی خود ڕەتکردنەوە بۆی و ئەو هەستەی لا دروستکردبوو ئەم وەک تاکێک خوازراو نییە تاوەکو وەک شاعیرێک خوازراو نەبێت، حاڵەتە دەروونییەکانی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی دابووەوە لە دەقەکانی وەک (lady lazarus- خاتوو لازارس) و (daddy- باوکە) لە دەقە زۆر دیارەکانی شاعیرن و ئەم لەگەڵ کۆمەڵە شاعیرێکی دیکەدا بە ( confessional literature- ئەدەبی ددانپێدانان) )) (Thorne, 2006: 367) ((ژنێک عەودالی گەڕانە بە دوای خودی خۆیدا، ژنێک ڕاشکاوانە، لە دابونەریتی باوی نێرسالارانە یاخی دەبێت، ژنێک ڕاستگۆیانە ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە و تێکستێک دەنووسێت دەکەوێتە خانەی (ئەدەبی ددانپێدانان)ەوە.)) (حەسەن، ٢٠٢٠: ٧٥)

مێژوو خاڵی نییە لە بەرهەمی ژنی شاعیر کە بە بەرهەمی نووسراو ناوزەددەکرێت؛ (( (ئینهێ دۆنا)ی خاتووخودای شیعر کە هەزار و سەد ساڵ بەر لە "سافۆ" (Sappho) و هەزار و حەوت سەد ساڵ پێش "هۆمێر" لە شاری ئوور (ur) کاهینێک بەناوی "ئینهێ دۆنا" (Enheduanna) دەژیا. ئەم خواوەندە ژنە کۆنترین شیعری جیهانی هۆنیوەتەوە)) (صاڵحی، ٢٠١٨: ٢٠) لەدوای ژنەشاعیری خواوەند ناوی

شاعیری یۆنانی (سافۆ) دێت، بەو ژنە ناسراوە کە بە خراپەی خۆیدا هەڵدەلێت. (ساڵحی، ٢٠١٨: ٦١) ئەوەتا ژنەنووسەرێکی ڕۆمانی بەناوی (ساڵپیشا) کە بەتەواوی نازانرێت کەی لەدایکبووە بەڵام سەردەمی ژیانی سەدەی یەکەمی پێش زاین بووە، ((زۆر ئەستەمە ئەوە لەبیربکەین کە چەندین مەودای مێژووییمان لەناو کولتوری کۆندا لەدەستداوە و ونبوون لێمان، کە ڕەنگە چەندین دەنگی پشتگوێخراوان و هەژاران و بەند و ژنانی تیابوون کە نوقمی ناو بوقە گەورەکەی باوکسالاری جیهانی کۆن کراون، لەناو ئەوانەدا (ساڵپیشای کچی سێرڤیۆسی ساڵپیشیۆسی روفوس)ە کە کچی خێزانێکی باوکسالاری خانەدانی وەختی خۆیان بوون، ئەم ساڵپیشایە پیاوێکی بەناوی (سەرینثس) خۆشدەوێت و زاتی ئەوە دەکات لە ساڵەکانی بیستەکانی پێش زاییندا شیعری بۆ بنووسێت.)) (Sharrock/ Ash, 2001: 240)

وەک ئەم کتێبە ئاماژەی پێداوە ساڵپیشا بە سینتاکسێکی قورس و ڕێزمانیکی لاتینی فێمینیستی شیعرە ئیرۆتیکییەکانی نووسیوە، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی قورسبووە بۆ ژنێک کە لە خانەوادەیەکی باوکسالار و بەناوودەنگی ئەو سەردەمەی ڕۆمانی بوون. ئەم دێڕانەی سەرەوە خۆیان دەدوێن کە ژنانیش وەک پیاوان توانای نووسینیان هەبووە بەڵام ئەوە کولتور و دەسەڵاتی نێرسالارییە کە ژنانی لەو مافە بێبەشکردووە. (Sharrock/ Ash, 2001: 240)

تاویزم یەکێکە لە بیرە فەلسەفی و ئایینییەکانی چین؛ لە بنەما سەرەکییەکانی تاویزم (یین و یانگ) ((ئەگەرچی ئەم چەمکانە یان سیمبولانە لەلایەن هەردوو کۆنفۆشیزم و تاویزم بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە بنەمادا داهێنانی هیچکامیان نییە، بەڵکو بۆ سەردەمانێکی زووتر دەگەڕێتەوە، دەوترێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فو- سی (fu – hsi) ئیمپراتۆرێکی چینی ئەفسانەییە)) (فارس، ٢٠١٩: ١١٩) ((یانگ هێزی موجەب و نێرینەیە، بە پێی بیری تاویزم، سەرەتا تاو عەدەمێک بوو حاڵەتێکی چالاکی (فعالیە) لەخۆگرتبوو، بازنەیەکی داخراو بوو، سەرەتاکەی گەیشتبوەوە بە کۆتاییەکەی، ئەم حاڵەتی چالاکییە لەناو ئەو بازنەیەدا هێزێکی موجەبی دروستکرد کە (یانگ)ە بەسەر خۆیدا هاتەوە –گرمۆڵەی کرد بەسەر خۆیدا- کاتێ گەیشتە ئەوپەڕی هێزێکی سالبی دروست کرد کە (یین)ە ئەویش بە هەمان شێوە بەسەر خۆیدا هاتەوە کاتێ گەیشتە ئەوپەڕی ئەویش یانگی هێنایە بەرهەم بەم شێوەیە لە ئەنجامی بەردەوامی بەسەر خۆدا هاتنەوەی ئەم دوو هێزە، جیابوونەوە لە حاڵەتی جیانەبوەوەی یەکەم هاتە بوون، هەزاران هەزار لە بوون و دیاردەی سروشتی دەرکەوتن)) (فارس، ٢٠١٩: ١٢٤)

لەگەڵ نووسینی ئەم بابەتەدا، وەک توێژەرێک بیرمان بۆ ئەوە چوو، کە زانای دەروونناس (کارل گۆستاڤ یۆنگ) چەشەیەکی بیرۆکەی (ئەنیما و ئەنیمەس)ی لە فەلسەفەی تاویزمەوە وەرگرتووە، پاش گەڕان لە دەقێکی ئەلیکترۆنیدا توانیمان ئەو بیرۆکەیە بسەلمێنین، ((لە یەکەم سەیرکردنەوە، وا دەردەکەوێت کە پەیوەندی یۆنگ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا دژ بن، لە لایەکەوە، دیالۆگ لەگەڵ بیرە ڕۆژهەڵاتییەکاندا و پراکتیزەکردنیان، یارمەتییاندا کە بیرۆکە سەرەکییەکانی دابڕێژێت دەربارەی: خود، تاک، وەزیفەی ئارکتایپەکان، داینەمیکی خود، دەستەجەمعی سەربەخۆ، زۆر بەقووڵی کاریگەریی بیری ڕۆژهەڵاتی لەسەرە. ڕێڕەوەکەی یۆنگ یارمەتی ئەوەیدا وێناکردنەکانی دەربارەی خود (psyche) ببینێت. ئەمە وایکرد کە وزە مەزنەکەی داهێنانی بجولێنێت. لە لایەکی دیکەوە، یۆنگ بەبەردەوامی ئیدانەی ئەو ئەوروپییانەی دەکرد کە زۆر بە وریاییەوە کولتور و ڕێگاکانی ڕۆژهەڵات دەدزن و بەکاریدەهێنن، ئەم ڕەخنەیەی بەتایبەت بۆ ثیۆسۆفییەکان و هەوادارانی یۆگا بوو کە پێی وابوو، وا دەردەکەون جۆرە کەسانێکن کە خۆیان نین، چونکە یۆنگ زۆر باش ئاگاداری کولتورە نەخۆشەکەی ڕۆژئاوا بوو: مەتریالیستییە چاوچنۆکەکانی، سۆفییەکانی ڕێگەی زانستی عەقڵانی، ئیگۆ خودپەسەندەکانی. هەروەک خۆی دەیگوت؛ ئێمە سواڵی ڕۆحانیەت دەکەین، هیچ کارمان نییە بەڵام سامانی کەسانی دیکە قەرزدەکەین.))

(We are spiritual beggars, and we have no business putting on borrowed riches ))

(Karcher, vol38, n4, 1999: 287)

((ئەم ڕۆحانە لە دێرزەمانەوە و پێش یۆنگ قسەیان لەبارەوە کراوە، کە مرۆڤەکان لە سەرەتادا هەردوو ڕەگەز بوون و لەتکراون، واتە بونیادی ئینسان هەم نێرو هەم مێیە، بەڵام بە ڕەوتی درێژی مێژوو و ژینگە و کۆمەڵگە و سروشت، پیاوی ناچارکردووە و سیفاتە پیاوانەکانی زاڵ بکات، ژنیش سیفاتە ژنانەکانی.)) (کەسنەزانی، ٢٠١٩: ١٣٢) ((ئەنیما و ئەنیموسیش وەک سێبەر دوو لایەنیان هەیە: لایەنی باشە و لایەنی خراپە. یۆنگ ئەم جووت ئارکیتیپەی ناوناوە (Syzygy)، ئەوەیە زۆر ئاڵۆز و بەیەکداچوو بێ. ئەم ئارکیتیپە ڕوونکەرەوەی دوو ڕووە سیمبۆلییە تاوایستییەکەی سیمبۆلی (Yin/Yang)نن و لە هەرە سیمبۆلە دێرینەکانن کە ئێمە دەزانین دوو سیمبۆلی زیندووی سەر بە چەمکێکی زۆر فراوان و گشتگیرن)) (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠: ٣٥٢)

چەمکی ئەنیمەس واتا ڕەگەزی نێری ناو ناخی ژن و هەروەها چەمکی ئەنیما واتا ڕەگەزی مێی ناو ناخی پیاو، بە پێی ئەم دەربڕینە بێت مرۆڤ دووڕەگەزە و ئەم دوو چەمکەی لە نائاگاییدا حەشارداوە،

((ئەم تیۆرییەی یۆنگ دەکرا تەنها چەمکێکی زانستییانەی بێلایەن بێت، ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی کلاریسا ئیستێز (Estes) نەبوایە، کە نووسەر و پسپۆرێکی دەروونییە و گرنگی بە کێشەکانی ژنان دەدات لە ڕووی مەعنەوی و دەروونییەوە، ئیستێز وای دەبینێت کە ئەنیمەس هێزی دەروونی و مەعنەویە لە مێدا، کە بێگومان خەسڵەتێکی نێرینەیە لەناو مێدا، لەبەرئەمە هێزێکی ناوەکییە یارمەتی ژن دەدات بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ دنیای دەرەوەدا و هاوکاریدەکات بۆ خستنەڕووی بەهرە شاراوەکانی و هەست و سۆزی ناوەکی و دەستی دەگرێت بۆ دەربڕینی خۆی لەڕێگەی هەست و سۆز و داهێنانەوە بە ڕێگەیەکی هەستپێکراو)) (الغذامي، ٢٠٠٦: ٢٣) بە بۆچوونی ئەم دەروونناسە ئەوە پیاوە کە پەرجوخوڵقێنەرە، کەواتە لێرەدا دەبێتە پردی پەیوەندی لەنێوان دنیای ناوەوەو دەرەوەی ژندا. (الغذامي، ٢٠٠٦: ٢٤)

## بەشی دووەم

### تەوەری دووەم

### ٢_٢ نەزەند بەگیخانی[2]

نەزەند بەگیخانی یەکێکە لەو دەنگە فێمینیستانەی کە ڕەواییبوونی دیاریکردنی مافەکانی ژنان دەنگی پێبەرزکردووەتەوە، ئەو (وەک خۆی دەڵێت) وەک خودێک قسەدەکات کە ڕەنگە هەموو ژنەکانی وڵاتەکەی بێت، ئەو ژنانەیە کە دەنگیان نابیسترێت، ئەو دەنگانەیە کە خەفە دەکرێن و دەخنکێنرێن. ((لەبەردەم هەر چەشنە گۆڕانکارییەکدا، کۆمەڵێک کێشە و گرفت و لەمپەر قووت دەبنەوە. بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانکارییەکان هەرچەنە ڕادیکاڵانەتر بن، ئەوە دژایەتیکردنیان لەلایەن هێز و کۆنەپارێزەکانەوە، توندتر دەبێ)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٨٧)

لەگەڵ ئەوەی ناخی ژنێک هەڵدەڕێژێت، لەباری سەرنجی ئێمەوە چەند بەرهەمێکی هەن کە بە دەنگی نێرەوە گوتراوە، ڕاستە پیادا هەڵگوتن نین بەڵام دەتوانین بڵێین هەمان دەنگە مێیە ناڕازییەکەیە لە عورف و عادەت و کولتور، ((شێوەی ڕوانینی ژن جیاوازییەکی یەکجار گەورەی لەگەڵ تێڕوانینەکانی پیاودا هەیە، پیاو هەرچەند لەباری گیروگرفت و کێشەکانی ژناندا شارەزا بێ، ناتوانێ بەو جۆرەی ژن لە دنیای خۆی دەدوێ، باسی دنیای ژنان بکات، ئەمەش شتێکی سروشتییە، وەکو چۆن پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٨٧)

بەڵام هەندێ نووسەری وەک شێرکۆ بێکەس و شێرزاد حەسەن بەشێوەیەک وەسفی بارودۆخی ژنیان کردووە کە ڕەنگە خۆیان وەک ڕەگەزی نێر لەبیرچووبێتەوە.

---

[2] ((دوکتۆر نەزەند بەگیخانی نووسەر و شاعیر، مامۆستای زانکۆیە لە بریتانیا. لە ١٩٨٧ەوە لە مەنفا دەژی و خوێندنی باڵای لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی تەواو کردووە. نامەی دوکتۆراکەی تایبەت بووە بە «وێنەی ژنی کورد لە ناو ئەدەبیاتی ئەورووپی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم» کە پلەی شەرەفی باڵای لە ١٩٩٧پێی بەخشراوە.

د. نەزەند بەگیخانی وەکوو شاعیرێکی جیهانی ناسراوە و جگە لە کوردی بە ئینگلیزی و فەرەنسیش دەنووسێ. بە کوردی شەش دیوانی شیعر و بە ئینگلیزی و فەرەنسی سێ دیوانی هەیە. لە ساڵی ٢٠١٢ دیوانی «دوێنێی سبەینێ» خەڵاتی فێمینی شیعری فەرەنسی بە ناو سیمۆن لاندری وەرگرتووە.)) http://kurdishbookhouse.com/ku/100-437/

ئەو شیعرانەی کە ئێمە لە (کۆی بەرهەمە شیعرییەکان) دەستنیشانمان کردووە ئەمانەن:

**١.خوداوەندی گوناهبار**

لە ناونیشانەکەدا پارادۆکس هەیە، خواوەند دەسەڵاتدار و بێگوناە و بێهەڵەیە، چۆن دەکرێت گوناهبار بێت؟ هەر لە ناونیشانەکەوە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەرەو هەڵگرتنی دوو چەمکی دژ دەچێت لەگەڵ ئاسۆی دەقەکە، لە دێڕەکانی سەرەتادا وەک قسەکەری دەقەکە بە دوو پرسیار دەستپێدەکات؛ (تاوانم چییە کە من هەم؟ تاوانم چی بوو کە من بووم؟) (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٢) لە دوای ئەم دێڕانە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، کە قسەکەر مێیەکە و بە پێی ئەپستیمەی کۆمەڵایەتی خوینەر ئەوە ڕووندەبێتەوە کە (مێ)یەک هاتۆتە خێزانێکەوە و بەخێرهێنراو نییە. نەزەند بەگیخانی؛ لە زاری چوار فیگەری نێرەوە بە زمانێکی ڕەق دەدوێت، یەکەمیان (مام)ە کە دڵخۆشی برای دەداتەوە، بەڵام لێرەدا زمانەکە نەرمە چونکە نێرێک دڵنەوایی نێرێک دەکات لە بەدنیا هاتنی مێیەک، دیارە مام برای باوکە و لە کولتوری کوردیدا پشتە و بۆ بەهێزکردنی پشتەکە چاوەڕێی کوڕ بوون، نەک کچ، چونکە کچ مایەی شوورەییە.

تاوانم چییە کە من هەم؟
تاوانم چی بوو کە من بووم؟

باوک –م لە چایخانەکەی سەر سووچ چاوەڕێی دەکرد
کە هەواڵی بوون–می بیست
چەند لۆچیک لە ناوچەوانی ڕوا، پێڵووەکانی داخست و ئاهێکی هەڵکێشا
مامم دەستی خستە سەرشانی: "برام نارەحەت مەبە!" (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٢)

فیگەری دووەم باوکێتی؛ کاتێک کە کردە و گوفتەی یەکێکە، لەگەڵ هاوارکردن و بیانووگرتنی و دەستی لێدان بۆ دایکی بەرزدەکاتەوە، کردەی چاوترسێنکردن و خستنەوە قاوغی خۆ، کردەی ئەوانەیە کە خۆیان بە سەردار و مێ بە ژێردەستە دەزانن و هەرگیز ئەوە بە خەیاڵیاندا نایەت کە ئاخۆ خۆیان لە کێوە هاتوون؟ دیارە دایکیشی بە بوونی ئەو گریاوە، بەڵام ئەمەی دایە ناوچاو گرژی نییە بەڵکو گریانە بۆ بەختی کلۆڵی کچەکەی کە لە کوێدا پەروەردە و گەورە دەبێت و ئەو

ستەمدیدەییەی دایکەکە بینیویەتی ئەویش دەیبینێت. بەڵگەش بۆ ئەوە (گریا و منی لە ئامێز نا) بەڵام لە بەرامبەردا باوکە فەرمانی فڕێدانی دەکات.

بوونی من مردنی کێ بوو؟
بوونی من مردنی کێیە؟
کە من بووم دایکم گریا
گریا و منی لە ئامێز نا

باوک –م شەقازیلەیەکی لێدا و هاواری کرد: "فڕێیدە! خواردنەکەم بۆ بێنە!"
ڕێچکۆڵەی خوێن
گەواهی ستەمێکی ڕەها بوو (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٣)

پێشئەوەی فیگەری دووەم بمرێنێت دایکی بە دادوەری و باوکی بە تۆقان بانگدەکات، نەزەند بەگیخانی دایکی دەکاتە خواوەندی یەکەمی مێینە، کە کاتێ ژیان لەژێر دەستیدا بوو، دادوەر بوو، باوکیشی بە لابەری عەرشی دایکە خواوەند و تۆقێنەر. لە دێڕەکانی دواتریشدا درێژە بەم ئایدۆلۆژیایە دەدات. فیگەری سێیەم براکەیەتی، کە لەسەر هەمان ڕێچکە لە دوای مردنی باوکی (وەک دەوترێت وەجاخی ڕوونە، باوکەکەش خۆی مردووە و نێرسالارێکی لەپاش خۆی جێهێشتووە) لەسەر ڕێچکەی نێرسالاری باوک و مامی دەڕوات و ڕێگەنادات کچ پێبکەنێت و دەسەڵات و باڵا دەستیی نێرسالارانەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە چێژی پێکەنین و خۆشی بینین لە کچانی خێزانەکە قەدەغەبکات.

دایکم دادوەرییە
باوک – م تۆقانە

کە باوک–م مرد بە پەنجە نێرگزییەکانم
گۆڕی تۆقانم هەڵکەند
بە چڵێ خۆر تابلۆی پێکەنینم کێشا
براکەم گوڵمێک تاریکی پژاندە سەر و

قیراندی:

"مەملەکەتی چێژ موڵکی نێرە و تەنها بۆ ئەو دەگەڕێتەوە پیرۆزیی پێکەنین"  (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٣)

فیگەری چوارەم؛ کە تاکە هیوای کیژۆڵەکەیە؛ دەزگیرانەکەیەتی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم ڕەنگە لە خانەوادەیەکی دیکە بێت و لەو زنجیرە نێرسالارەی خێزانی ئەمان نەکەوتۆتەوە، بێئاگا لەوەی کە نۆرمە کولتوریی و دینییەکان زۆر بە قووڵی ڕۆدەچنە ناو جومگەکانی خێزانیشەوە، کە کچ وەک شەرەفی خۆیان سەیردەکەن و هەبوونی دەبێتە بنەمای شوورەیی، ((تا ئەو کاتەی کە جەستەی ژن لە نێو ڕووبەری نۆرمە پێشنیازکراوەکاندایە، ئیدی وەک کائینێکی پاک، بێگەرد، تەندروست، خاوێن، وەک برغویەکی کارا لە نێو ماسینە گەورەکەدا، وەک کۆپلەیەک لە شیعرێکی وەزن و قافیەدار، وەک نۆتێک لە ئاوازێکی مۆسیقی دەخرێنە سەر شانۆ کۆمەڵایەتییەکان. لە دۆخی ئاوادا، جەستەی نۆرماڵیزەکراوی ژن دەبێت بە جێگەی شانازی ئەوانی تر دەبێت بە گرانبەهاترین کاڵای فرۆشتن و کڕین، ئەو نرخەی کە دەخرێتە سەر هەر ئۆرگانێکی جەستەماڵیکراوەکەی، زۆرترە لە نرخی هەموو شتەکانی دیکە. ئەم جەستەیە ئیتر بە تەنها ژنێکی تیادا ناژی، بەڵکو شەرەفی کۆمەڵگایەکیشی تیادا دەژی!)) (باخەوان، ٢٠١٥: ٩١)

لە ئەنجامی خۆشەویستیدا ئەم باسی یەکسانی و دادوەری و هاوتا بوونی بۆ دەکات، ئەویش بۆ مەرامی تایبەتی خۆی دەیەوێت هاوتا بێت پێی، بەڵام کاتێک کە خوێنی کچێنیی نابینێ (کە ڕەنگە بەهانەیەکی زانستی هەبێت) فڕێی دەداتە سەر شەقام، ئەمەیە ئەو عەقڵییەتە ڕۆژهەڵاتییەی کە کولتور و دین زاڵیکردووە بەسەر نێرەکانیدا تاوەکو شەرەفی خۆیان لە کونجێکی بچوکی ڕەگەزی بەرامبەریاندا ببیننەوە، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە ژن لەلایەن پیاوەوە وەک کاڵایەک سەیردەکرێت، هی ئەو بێت ئەو کاڵایە و ئەو خاوەنی بێت، بێگەڕانەوەی ئەو خاوەندارێتییە بۆ ژن خۆی.

دەزگیرانەکەم ڕووتی کردمەوە و وتی: "دەمەوێ هاوتا بم بە تۆ" کە خوێنی کچێنیمی نەبینی
فڕێیدامە سەر شەقام: "تۆ ئابڕووم دەتکێنی"
من ناتناسم، تۆ نامناسی
ئێمە دەمانەوێ هاوتا بین

بۆ دەبێ کەسایەتی تۆی مەزن لە خوێنی منی بچووکدا بەرجەستە بێ؟
بۆ دەبێ ئابڕووی تۆی باڵا لە پەردەی ئەندامێکی منی ڕۆچوودا سەردەربێنێ؟
(بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٥)

دواتر نەزەند بەگیخانی هاوتاکردنی ڕاستەقینە دەکات، لە ڕوانگەی دین و کۆمەڵگاوە، مێژووی مرۆڤایەتی هەمووی لەم چەند دێڕەیدا کۆدەکاتەوە و گلەیی بە بەندکردنی ژنیش لە هەموو مرۆڤایەتی دەکات و خاڵ دادەنێت.

من تۆ نیم، تۆش من نیت
خودایت تۆ، بەڵام خۆت نیت
من تۆ نیم، تۆش من نیت
ئێمە دوو ڕۆحین
ئێمە پێکڕا ئەو خودایەین کە تۆ دژی من داتهێنا
ئێمە پێکڕا مرۆڤایەتین. (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٥)

**دەربڕینە نێرینەکان**

لەو چوار فیگەرەی کە لە زاریانەوە قسە دەکات، نەزەند بەگیخانی، هەریەکەو بە دێڕێک دەریبڕیوە کە وەک قسەی گێڕانەوە لە دەقەکەدا دەریبڕیوە، بەڵام وەک قسەی سەر زاری نێرن و خزمەت بە مەبەستەکەی ئێمە دەکەن.

مام: "برام نارەحەت مەبە!"

لە دەقەکەدا وتەکە خراوەتە نێوان جووت کەوانەوە، واتە گێڕانەوەیە، و پێش ئەو وتەیە کەوتووە کە دەڵێت: ((مامم دەستی خستە سەر شانی)) واتا شانی باوکی و دڵنەوایی بوونی کچەکەیی لێکردووە. دەکرا ئەمە بە وتەی مییەک لەقەڵەمبدرێت بەڵام وشەی (مام) ئەم گومانەی ڕەواندۆتەوە.

فیگەری دووەم باوکێتی کە ئەویش قسەیەکی گێڕراوەی هەیە لە دەقەکەدا ((فرێیدە! خواردنەکەم بۆ بێنە!)) ئەم وتەیەی باوکی لەگەڵ کردەی شەقازیلەلێدانەکەدایە کە هیچ گومانیکی تێدا نامێنێتەوە وتەیەکی نێرانەیە، هەم دەربڕینەکە ڕەق و توندە و هەم وتەی پێش گێڕانەوەکەش دەیسەلمێنێت کە دەربرینییێکی نێرانەیە.

فیگەری سێیەم قسەی سەر زاری براکەیەتی، کە ناوی خۆی وەک نێر هێناوە و باڵادەستی و دەسەڵاتداری خۆی بەسەر ڕەگەزەکەی بەرامبەردا نواندووە. کە دەڵێت: (مەملەکەتی چێژ موڵکی نێرە و تەنها بۆ ئەو دەگەڕێتەوە پیرۆزیی پێکەنین)

فیگەری چوارەم و کۆتایی دەزگیرانەکەیەتی بە دوو دەربڕینی گێڕانەوە گوزارشتیلێکردووە، یەکێکیان نەرم و نیانە وەک قسەی عاشقێک ئەو عاشقە درۆزنەی تینووە بۆ جەستەی ڕەگەزی بەرامبەری تا مەرامەکەی خۆی بەدەستدەهێنێت کەفوکوڵی عەشقی دادەمرکێتەوە و دەڵێت: ((دەمەوێ هاوتا بم بە تۆ)) و دوا نەبینینی خوێنی کچێنیی، فڕێی دەداتە سەر شەقام و دەڵێت: ((تۆ ئابڕووم دەتکێنی))، ئەم ڕستەیە سەرەڕای گەواهیدانی ڕستەکانی دەوروبەری لە جەوهەریشدا زۆر قسەیەکی نێرانەیە، کە بەردەوام ئابڕوویان بە هاوبەشەکانی ژیانیان دەزانن ، کە ژنانن، کە لە دوای ئەم قسەیەشەوە نەزەند بەگیخانی خۆی زۆر باش هۆنیویەتییەوە.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ ئەو خودەی کە نەزەند بەگیخانی خۆی باسیلێوەکردووە لە بەشەکانی پێشوودا، لەم دەقەدایە، ئەو خودەی کە مرۆڤایەتی بە گشتی لە بەرامبەری وەستاون، دەقەکە باس لە دروستبوونی گوناهێک دەکات، کە مێیە، لەدایکبوونی مێ لە چاوی نێرەوە لەدایکبوونی گوناهێکە، لەچاوی ئەم خودە بریندارەی کۆمەڵگاوە (خوداوەند گوناهبارە)، دەقەکە بە پرسیارێک دەستپێدەکات دەربارەی بوونی مێیەک، کە بۆچی بە گوناه دادەنرێت؟ دواتر دێتە سەر ئەو جیاوازییەی کە بەدیدەکرێت لە ڕەوشی کەسەکانی دەوروبەر دەربارەی (مێبوون) و خودی ئەم (مێ)یەش بە پاکی و بێتاوانی خۆی لە ژیان بەردەوام دەبێت و خۆشەویستی و هاوتابوون دەبەخشێتەوە هەر وەکو دایکە خواوەندی گەورە، دواتر وەک ژنێک هەبوونەکانی ئەوان بۆ خودەکە پێناسە دەکات بە (باوک، برا، هاوسەر، کوڕ) و خۆشی بە (شوورەیی) پێناسە دەکات بۆ ئەوان و دەپرسێت:

ئەی خوداوەندی گوناهبار

کەی بە حەقیقەتی خۆت ئاشنا دەبی؟ (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٦)

**مێژووی ئەدەب**؛ وەک بەرهەمێک بۆ لێکۆڵینەوە ئەوەی ئێمە ئاگاداری بین لە نامەی ماستەری (صابر حسێن ڕەسول) لە ساڵی ٢٠٠٩ لەم بەرهەمە کۆڵراوەتەوە، کە ڕەنگە لە شوێنیتر و لەناو لێکۆڵینەوەیتردا ئەم بەرهەمە مێژوویەکی ئەدەبیی بۆ خۆی تۆمارکردووە، ئەوەتا کەوتە بەردەم لێکۆڵینەوەی ئێمەش.

**خوێنەری ناوەوە**؛ خوێنەری ناوەوەی ئەم دەقە وەک دەقێکی جیا لە دەقە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکە لێی دەڕوانێت، خوێنەری ناوەوە ڕەنگە چۆنێتی دانانی دێڕەکان و ئەو نیشانە و خاڵبەندییانەی بەکار

هاتوون لە دەقەکەدا، (تاوانم چییە کە من هەم؟) (تاوانم چییە کە من بووم؟) دوو ڕستەی پرسیارن و نووسەر بێویستی خۆی بوونی خۆیی لێرەدا پیشانداوە، ئێمەی مرۆڤ لە ژیانماندا زۆرینەی شتەکان بەویستی خۆمان دەکەین تەنها بوونمان نەبێت، پرسیارەکەش فەلسەفییەو کراوە کە هێشتا ئەم بوونە خۆنەویستە بە گوناه دابنرێت؟ دیسان دەپرسێتەوە (بوونی من مردنی کێ بوو؟) (بوونی من مردنی کێیە؟) وەک قسەیەک ئەگەر خورافی بێت و ئەگەر ڕاستی دەگوترێت کاتێ یەکێک دەمرێت، ئەوا بە دۆناودۆن ڕۆحەکە دەچێتە یەکێکی دیکەوە، کە لەدایکدەبێت، دەکرێ ئەم پرسیارە وەها دابنێین و دەشکرێت نەزەند بەم پرسەی ئەو کەسانە دەڵێت: کە بوونی مێیان لە خێزانەکەیان بە مردنی خۆیان داناوە چونکە ئامادەبوون بۆ ئابڕووچونێک.

دواتر لە نێوان جووت کەوانەدا وەک ئەوەی بە زمانی خەیاڵ بدوێت دیسان دەپرسێت

("من نائومێدیم؟

من نەگبەتیم؟

بۆ فرمێسکم لە چاوی دایکم زاند؟

بۆ ستەمی باوک-م وروژاند؟

چەکەرەی گومان لە سەرزەمینی مێیەتی

دایکم دادوەرییە

باوک-م تۆقانە) (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٣)

ئەوەی جێی سەرنجە بە نووسین دایکی بەخۆوە دەنووسێنێت و باوکی جیادەکاتەوە بە خاڵبەندی تەقەڵ! جگە لە بیرۆکەو بیروڕاکانی ناو دەقەکە خاڵبەندی بەکارهاتووش لەناو دەقەکەدا، دەدوێن.

باوک-م لە چایخانەکەی سەر سووچ چاوەڕێی دەکرد

کە من بووم دایکم گریا

باوک-م شەقازیلەیەکی لێدا و هاواری کرد: "فڕێیدە! خواردنەکەم بۆ بێنە!"

بۆ فرمێسکم لە چاوی دایکم زاند؟

بۆ ستەمی باوک-م وروژاند؟

دایکم دادوەرییە

باوک-م تۆقانە

کە باوک-م مرد .... (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٥٣)

ڕەنگە ئەم بیرۆکەیەی لەوەوە بێت باوکی ئەو هەستەی هەبووە، کە ئەم وەک مێیەک لێی جیایە.

**گەنجینەی دەق**؛ دەقی لەم جۆرە و لە قاڵبی ئەو فۆرمە کۆمەڵایەتی و مێژووییەدا ڕەنگە لای کەژاڵ ئەحمەد و شاعیرانیتری ژن بوونی هەبێت سەرەڕای ئەوەی کە مێژوو خۆی بۆ خۆی سەرچاوەی خوڵقێنەری بیرۆکەکەیە لەم دەقەدا لە باسی باڵادەستیی پێشووی ژنان و لێوەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن پیاوانەوە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ لەبەرئەوەی پێویست بووە؛ لە شیکاری دەقەکەدا لە دێڕەکانی سەرەوەدا، هەندێ لە لایەنەکانی چاڵ و بۆشاییەکانی دەقمان شیکردووەتەوە، بەڵام لێرەشدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێکی تر لەو تەکنیکانە بدەین، کە شاعیر بەکاریهێناوە، شاعیر بە دوو دێڕ پرسیاری فەلسەفی دەستپێدەکات، و دێڕێک وەک بۆشایی جێدەهێڵێت و لە نێوان هەر باسێکدا، کە تایبەتە بە گێڕانەوەی نەهامەتیی (مێبوون)ی خۆی، بۆشاییەکی یەک دێڕیی جێدەهێڵێت، لە بەدیارخستنی سیفەتی دایکی و باوکی دیسان بە دوو دێڕ دەڵێت: دایکم دادوەرییە، باوک – م تۆفانە، ئەوەی شایەنی سەرنجە شاعیر بەم تەقەڵانە باوکی بە جودا دەزانێت لە خۆی، هەروەها بوونی نیشانەی زۆری پرسیار، وەک: من نائومێدیم؟ من نەگبەتیم؟ دواتر دانانی وشەکانی باوک و برا و هاوسەر و کوڕ؛ هەمووی بە جیا و لە دێڕی تایبەتی خۆیدا، کە وەها دەیانناسێنێت و دەڵێت: ئەی پیاو! تۆ بۆ من ئەم کارەکتەرانەیت؛ واتە: (سەربەخۆ و حساب بۆکراو دایاندەنێت)، بەڵام من بۆ تۆ تەنها شوورەییم.

### ٢. تابلۆی زارۆکێک

ئەم دەقەی شاعیر لە زمانی ڕەگەزی نێرەوە گوتراوە هەرچەندە ئاماژەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە و شێوازی قسەکردنی ڕەق و توندی تێدا نییە و وەک ئەوە هەڵنەبژێرراوە کە زمانێکی نێرینەی توندی تێدا بێت، بەڵکو زمانێکی میهرەبانی کوڕەکەیەتی کە پەیوەندیئەم ئانیمایە بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنییش دەردەکەوێت، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش پەیوەندیی نێوان دایک و کوڕەکەیە، هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی هەستی ئەرێنی و نەرێنی پەیوەندی ((بەیەکەم بەرجەستەکەری ئەم وێنەی ژنەوە هەیە لە دەروونی پیاودا، کە دایکە، ئەگەر وێنا و هەستی منداڵی کوڕ بۆ دایک میهرەبانانەی سۆزاوی بێت، ئەوا وێنەی دەروونی نێو پیاوەکە، باڵا و جوان و میهرەبانە)) (کەسنەزانی،٢٠١٩: ١٣٢) وەک لەم دەقەشدا دەردەکەوێت کوڕەکە لە باوکی جیابووەتەوە، جا ئەمە ئەگەر ڕاستی بێت کە دایکی و باوکی لێکدابڕاون و کوڕەکە لای دایکی ماوەتەوە یاخود گوتەیەکی مێتافۆرییە، کە کوڕ هەم وەک ڕەگەزی

نێر بە دایکەوە پەیوەستە و هەمیش لە هەناوی ئەو دایکەوە هاتووە بەوەش لێی جیانابێتەوە کە لەدایکدەبێت، ((ساوا بەر لە لەدایکبوون لە یەکێتییەکی جەستەییدا دەژی لەگەڵ دایکدا. ئەم یەکێتییە لە ئانوساتی لەدایکبووندا وەردەگەڕێت بۆ یەکێتییەکی دەروونی لەنێوان دایک و مناڵدا)) (فرۆید، ٢٠٢٠: ٦٤) بەڵام دەکرێت لە دێڕی (ئەو کە هەر لە ئەزەلەوە نادیار بوو، دیسان دوو ڕەهەندی هەبێت؛ یەکەمیان بەڕاستی نازانێت باوکی چۆنە و شێوەی چۆنە چونکە زیاتر لەگەڵ دایکیدا بووە، دووەمیان شاعیر دەیەوێت ئاماژە بە خواوەندی مێینە عەشتار ((عەشتار لە قۆناغە ئۆرۆبۆرییە بەراییەکەیدا وەک بازنەیەکی داخراوی خۆتەواوکەر، تۆوی نێگەتیف و پۆزەتیف لە هەناویدا هەبوو،... تاکە مێخواوەندەکە، مێینەی گەردوونی بوو، لە هەمان کاتیشدا تۆوی نێرینە لە هەناویدا هەبوو، پاشتر لێی جیابووەوەو ئەو کوڕە خواوەندەی پێ بەخشی)) (سەواح، ٢٠١٠: ٣٥٥) هەردوو ئاماژە پێکراوی (ئۆرۆبۆر)[3] لەگەڵ (لە توێی بازنەکانی ئێوەی دایک و ئەوی باوکدا) هەمان بیرۆکە دەسەلمێنێت

لە توێی بازنەکانی ئێوەی

دایک و

ئەوی باوکدا

ئینجا من لەو جیابوومەوە

ئەو کە هەر لە ئەزەلەوە نادیار بوو (بەگیخانی، ٢٠١٩: ١٠٩)

لە دەقەکەدا شاعیر هێڵە کێشراوەکان وەک ژیان و زنجیرە جیابووەوەکانی تەماشا دەکات و دوایی لە زاری کوڕەکەیەوە دەڵێت:

ئینجا من لەدایک بووم

من بۆ ئەبەد جیابوومەوە (بەگیخانی، ٢٠١٩: ١٠٨)

ئەو دوو دێڕە شیکارە دەروونییەکەی قوتابخانەی فرۆیدە، کە منال چ کوڕ و چ کچ ئەو هەستەیان هەیە بۆ دایک وەک یەکەم جەستەی گەرم و یەکەم بەش لە خۆیان. لە دێڕەکانیتردا لەسەر ئەم دەربڕینە دەروونییانە بەردەوامە ((گەشەی منال پرۆسەیەکە بەرەو سەربەخۆیی، سەربەخۆییەک کە

[3] ئۆرۆبۆرۆس: وشەیەکی گریکییە واتا (گازی لە کلکی خۆی گرتووە)، زۆربەی جار مار یان ئەژدیهایەکە و گازی لە کلکی خۆی گرتووەو شێوەی بازنەیەکی درووستکردووە، سیمبۆڵی بێکۆتایی و ئەبەدییەتەو بریتییە لە خامۆشی بەرایی پێش دەرکەوتنی جوڵە. یەکەمین جوڵەی بازنەییش بریتییە لە جوڵە بەراییەکەی، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی گەردوون.) (سەواح، ٢٠١٠: ٢١٥)

تادێت زیاتردەبێت. دایک و منداڵ ناچاردەبن وردەوردە دەست لەم یەکێتییە هەڵگرن. هەر قۆناغێک لە گەشە هەڵگری بێبەشی و ناکامییە، وا دەخوازێت دایک و ئەولاد بەشێوەیەکی دوولایەنە لەدەستدانی یەکدی قبوڵکەن.)) (فرۆید، ٢٠٢٠: ٦٥)

دایکی داچڵەکاو
کاتێ ویستت من سەرکەوم
خودی خۆت کرد بە پەیژە بۆم
ئینجا تۆ جێ مای
تۆ جێمای لە دەروازەی ئێستا و
چرای منیش لە ئامێزی ئایندەدا داگیرسا (بەگیخانی، ٢٠١٩: ١٠٩- ١١٠)

شاعیر کوڕەکەیەتی، کوڕەکە بە زمانێکی بەحەسرەتەوە قسەناکات، وەک کوڕێکی کامڵ دەدوێت کە بە ئاواتەکانی خۆی گەیشتووە و ئەوەی لا جوانە کە ئەوی دایک خۆی کردۆتە پەیژە بۆ سەرکەوتنی ئەم، جێمانەکەی دایکیشی پێ ئاساییە چونکە لە دەروازەیەکی وەها تاریک جێنەماوە، دەروازەکە ئێستایە و ڕابردوو نییە و ئەمیش چراکەی لە ئامێزی ئایندەدا داگیرساوە کە ڕەنگە بەهۆی بەهیوایی دایکییەوە کە لە ئێستادایە و لە ڕابردوودا جێنەماوە ئەم ڕۆڵەی ئایندەیە.

**دەربڕینە نێرینەکان**

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا کە دەربڕینێکی زەقی نێرینەی تێدا نییە بەڵام لە پارچەی:
لە توێی بازنەکانی ئێوەی
دایک و
ئەوی باوکدا
ئینجا من لەو جیابوومەوە
ئەو کە هەر لە ئەزەلەوە نادیار بوو(بەگیخانی، ٢٠١٩: ١٠٩)

وەک هەڵهێنجانێک لە بیرۆکەی خواوەندی دایکی گەورە و کوڕەکەی، شاعیر چەند لایەنێکی ئەم بەرهەمەی دارشتووە، جگە لەوەی کە خۆی لە کۆتایی شیعرەکەوە ئاماژەی پێداوە ((ئەم شیعرە لەسەر هێڵکارییەکی نەوزادی کوڕم نووسراوە، کە لە تەمەنی ٣ساڵیدا لە باخچەی ساوایان کێشابووی.)) (بەگیخانی، ٢٠١٩: ١١٠)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ دەقەکە وەک کوللێک ستایشی ژنە و ستایشی ئەو ژنەیە کە بە دایکە خواوەندی گەورە چوێنراوە، بیرە فەلسەفی و دینییە بەرایییەکەی چاخی نیۆلۆتیکی تیادا بەکارهاتووە، لە هێنانە دنیای گەردوون و بوونەوەرانی دیکەوە، ژنەکە لە ئێستادا جێماوە ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە واتا هێشتا دەژی دوای ئەو هەموو نشێو و بەرز و نزمییەی ژیانی و مرۆڤایەتیشی گەیاندووەتە ئایندە، بە جۆرێک لە مرۆڤایەتی گەشبینە، خۆی لە ئێستادا جێماوە و ئەوی گەیاندووەتە ئایندە.

**مێژووی ئەدەب**؛ هەڵبەت لێکدانەوەکانی ئێمە تاکە لێکدانەوە نین و ناشبن بۆ دەقەکە، و بە تێپەڕبوونی کات وەک دەقی زیندووی شاعیرانی دیکە لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێت و مێژوویەک بۆ خۆی دەهێنێتە بوون.

**گەنجینەی دەق**؛ جگە لەوەی مێژووی چاوگەی یەکەمین ئەفسانە و یەکەمین دایکە خواوەند لە دەقەکەدا بەرجەستە بووە، هەر وەک ت.س.ئیلیۆت دەڵێت: ((مانا و ناوەرۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان کاری هونەریی هیچ دانەرێ، بە تەواوی هیی خۆی نییە. نرخاندنی ئەو لە پەیوەندیی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندە مردووەکاندا دیاری دەکرێ. )) (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠: ٢٧٥) بە ئاگاداری لە ئەدەبی بێگانە لە ئینگلیزی و فەرەنسی، نەزەند بەگیخانیش پێدەچێت بیرۆکەی هەندێ لە دەقەکانی وەربگرێت.

**ڕوانگەی گەڕۆک**؛ لەسەرەتای خوێندنەوەی شیعرەکەوە ڕەنگە خوێنەر لە بنەما فەلسەفی و مێژووییەکە تێنەگات، بەڵام دانانی خاڵبەندیی ورد بۆ دەقەکە لەلایەن شاعیرەوە وردەوردە لە خوێندنەوەکانی دواتریدا مەبەستی سەرەکی بۆ ڕووندەبێتەوە:

باوەشێک بازنەی تێهەڵکێش

یەک ئاراستە و یەک پەیام دەنووسنەوە:

"ژیان زنجیرەیەکە لە جیابوونەوە" (بەگیخانی، ٢٠١٩: ١٠٨)

دێڕەکانی دواتر؛ ئەم ڕستەیە شیدەکەنەوە: (ژیان زنجیرەیەکە لە جیابوونەوە).

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ لە خزمەتکردنی بیرۆکەکە، شاعیر درێخی نەکردووە. ئەو بیرۆکە مێژوویی و فەلسەفییەی، کە بە ڕستەی (ژیان زنجیرەیەکە لە جیابوونەوە) و لە نێوان جووت کەوانەدا نووسراوە ئەوە دەردەخات، کە دەقەکە لە خزمەتی ئەم بیرۆکەیەدایە.

## ٣. پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن[4]

جۆن دۆن لە هەموو مەبەستە شیعرییەکانیدا لە لاوییەوە تاوەکو سەرەمەرگ، بەو شیعرانەیەوە کە بۆ خۆشەویستی و لاواندنەوەی ژنەکەی و سەتیرییەکان و هەروەها شیعرە لەدین لادراوەکانیشی کە وەک سەتیرێک دەربارەی کەنیسەی کاسۆلیکی نووسیونی، بەو لێکچواندن و مێتافۆرە وردەی کە لە وێنە شیعرەکانیدا هەبووە بە شاعیرێکی میتافیزیکی ناوزەد کراوە، بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا دەقی ئایینی بەهەمان ریتمی مێتافیزیکی و بە بەکارهێنانی مێتافۆر و وێنەی لێکچواندن نووسیوە و بە کورتی گەڕاوەتەوە.

جۆن دۆن لە دەقی (Hymn to God the Father – موناجاتێک بۆ خودای باوک) بە ڕوونی داوای پاڕانەوە دەکات کە پەروەردگار بیبووریێت لەو گوناهەی کە کردویێتی و کەسانی دیکەی پەلکێشکردووە بۆ ناو گوناهەکەی، (دیارە مەبەستی هاوسەرگیرییە نهێنییەکەی بووە)، ئەم دەقە و زۆر دەقی دیکە، کە موناجاتی ئایینین و بۆ پاڕانەوە لە خودا و لە مەسیح نووسراون بۆ پاکبوونەوە لە گوناه و تاوان، هەروەها زۆر دەقی دیکەی وەک (Hymn to God My God, in My Sickness – موناجاتێک بۆ خودا خودای من، لە ناساغیمدا) https://www.britannica.com/biography/John-Donne

نەزەند بەگیخانی خۆی، ئەم دەقەی بەوە نازانێت چووبێتە قاڵبی پیاوێک تاوەکو قسە بکات بەڵکو ((بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و لە ڕوئیای جۆن دۆن من هاتووم باسی خود دەکەم، ئەو خودەش تەنها من نیم بەڵکو دەشێت هەر ژنێکی کە بێت، دەڵێم ژن چونکە بتەوێ و نەتەوێ ئەم کۆمەڵگایە، ئێمە کە بونیاتدەنێ، دروستماندەکات، وەکو ژن وەکو پیاو بونیاتماندەنێ، من گوزارشت لەو ئەزمونەی خۆم دەکەم کە وەکو ژن ئەزمونم کردووە لەم وڵاتە، باوەڕم وایە کە ئەو ئەزمونەی من ژیاوم ڕوئیا و فکر و ستایل و چۆنیەتی نووسینی منی دیاریکردووە، کە جیایدەکاتەوە لە ئەزمونی پیاوێک، ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێ ئەدەبی پیاو و ژن جیابێت، بەڵام ئەزمونەکانمان جیایە، لەبەرئەوە من ڕاستگۆیانە گوزارشت لە ئەزمونی خۆم دەکەم، خودێکی ئازاد و خودێکی ڕەها، خودێک کە سنووری من وەکو

[4] جۆن دۆن شاعیرێکی ئینگلیزی سەردەمی شاژنە ئیلیزابێثی یەکەمە، لە ساڵی ١٥٧٢ز لەدایکبووە و لە ساڵی ١٦٣١ز کۆچی دوایی کردووە، ((لە ساڵی ١٦١٥ز دۆن چووە ناو کەنیسەوە، و لە ساڵی ١٦٢١ز وەک ڕاگری کاتێدراڵی سەینت پۆڵ دەستیشانکرا لە لەندەن، هەر زوو ناوبانگی بە زمانپاراوی دەرکرد لە وتارەکانیدا. شیعرە ئایینییەکانی زۆر جیاوازن لە شیعرە سەتیرییەکانی و هەروەها ئەو شیعرە ئیرۆتیکییانەی کە لە گەنجیدا نووسیبوونی.)) (R. Arp, Johnson, 2006: 697) جۆن دۆن هەندێک لە دەقە دینییەکانی لە پاڕانەوە لەخوا و داوای لێبووردنکردن لە هەڵەکانی ڕابردووی نووسیوە، ((لە ساڵی ١٦٠١ز و لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا بە نهێنی هاوسەرگیری لەگەڵ (ئان مۆر) دەکات کە ئەو کاتە ١٧ ساڵ بووە، ئەمەش ئەبێتە هۆی تورەکردنی باوکی کچەکە کە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵ بوو، و بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ دەیخاتە زیندانەوە. بەهۆی ئەم هاوسەرگیرییەوە، دۆن کارەکەی لەدەستدا وەک سکرتێری تایبەتی فەرمی لە دادگا.)) (R. Arp, Johnson, 2006: 697)

مانا ئیگۆتیستییەکەی دەبەزێنێ، فراوانترە، بۆیە شیعری من جیایە لە شیعری پیاوێک، ئەمە مانای ئەوە نییە گوزارشت لە بوونی مرۆڤ لەناو ئەم گەردوونە ناکات بە ژن و پیاوەوە، بەڵام گوزارشتی لێدەکات وەک بوونی ژنێک بە هەموو تایبەتمەندییەکانەوە.)) (چاوپێکەوتنی نەزەند بەگیخانی، ٢٠٢٢/٥/٢٧، ٣:٤٠) بەڵام نیوەی دەقەکە چۆن دۆن قسە دەکات، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەمەیە، بەڵێ بەسوودوەرگرتن لە روئیای جۆن دۆن و ئەو ئەزمونەی کە شاعیر هەیەتی ئەم دەقەی لێ بەرهەمهاتووە، جۆن دۆن ئەو تازەگەرەیە کە لەسەردەمی وێنە شیعرییە دووبارەکاندا وێنەی شیعریی نوێی بەکارهێنا (( Busy old fool, unruly sun – ئەی گەمژە، ئەی پیرەخۆری سەرقاڵ) بێڕێزییەکی تازەیە بە خۆر دەکرێ دوای ئەو هەموو شیعرەی بەباڵای خۆردا هەڵدراوە کە گەرمی و ڕووناکی دەدات بە ژیان، یان کاتێک بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: for God’s sake hold your tongue – بۆ خاتری خوا زمانت بگرە، گوتەیەکە بەڕوی نازەوە خۆشەویستەکەی پێ دەدوێنێت بۆ ئەو سەردەمەی کە شەکسپیر بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: Shall I compare thee to the summer’s day? – نازانم بتوانم بەراووردت بکەم بە ڕۆژی هاوین؟))

https://interestingliterature.com/2016/02/10-john-donne-poems-everyone-should-read/

شاعیر یەکەمجار لە دێڕەکانی سەرەتادا لەسەر زاری خۆیەوە قسەدەکات و لە پەیکەری جۆن دۆن دەڕوانێت (کە لە ڕاستیدا پەیکەرەکە بوونی هەیە، لە کاتێدراڵی سانت پۆڵ، لەو شوێنەی دۆن لێی گوتارخوێن بووە و لێشی نێژراوە) شاعیر پێگەی ڕووی پەیکەرەکە کە ڕووەو ڕۆژهەڵاتە قۆستووەتەوە و گوتەکانی لە زاری دۆنەوە لەم خاڵەوە دادەڕێژێت.

ئەوە منم
شاڵێکی سووری ئاوریشمیم لە سەر شانە و
لە کاتێدراڵی سانت پۆڵ
لە دامێنی پەیکەری جۆن دۆن وەستاوم
چاوەکانم بڕیوەتە ڕوخساری ئەو حەزرەتە
ئەو چەماوەتەوە
بەرەو ڕۆژهەڵات
ڕووەو سەرزەمینی نادیاری من (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٢٧٠)

هەرچەندە شاعیر بە خۆی دەڵێت؛ من خدری زیندە نیم بەڵام پەیکەرەکە بە دەستلێدانی ئەم زیندوو دەبێتەوە، وەک لەسەرەوە باسکراوە کە دۆن گوتارخوێنی کاتێدراڵ بووە هەر بۆیە ئەم سیفەتەی دۆن لە شیعرەکەدا دێتەوە:

دەستم دەگرێ
بە ناو کاتێدرالدا دەمگێڕێ

پیاسەیەکی بێدەنگ
دواتر نوێژ دەکا
ئینجا وەعز دادەدا: (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٢٧١)

لەدوای ئەم دێڕانەوە (جۆن دۆن) دەدوێت، وەک پیاوێکی بەحیکمەت، وەک واعیزێک و وەک ئەوەی ئیشی خۆی بێت، سڵاو لە میوانەکەی دەکات، وەک پیاوێکی بەئاگا لە مێژوو کچە شاڵسوورەکە بەخێر دەهێنێت، وەک ئەوەی غەیبی پێبێت لە (سەرزەمینی عەشتار و خاکی ئینانا و ناو پەردەی یەکەمەوە) هاتووە، ئەم بیرۆکەیەی دیسان لێرەشدا خۆی نواندووە، بیرۆکەی دایکی یەکەمی مرۆڤایەتی (عەشتار) و (ئینانا) دیسانەوە پرس دەربارەی بوون و نەبوون.

سڵاوت لێ بێ ئەی ئەو کەسەی لە سەر زەمینی خواوەندەکانەوە هاتوویت
سەرزەمینی عەشتار
خاکی ئینانا
لە ناو پەردەی یەکەمەوە
لە ڕەحمی دایکەوە هاتوویت
تۆ لەوێ
لە ناو مەرقەدی دایک ڕاکشابووی
مەرقەدی مریەم
هی ماری مادلێن
هی فاتیمە
ئینجا لە درزێکەوە جووڵایت

لەپڕ دەرگایەک کرایەوە

گۆی زەمین شەقی برد

سەڵەوات لە دیدارت

تۆ بوویت

تۆ لەدایک بوویت (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٢٧١– ٢٧٢)

(دۆن) کیژە شاڵسوورەکە بە پیرۆز دەزانێت ، چونکە ژنە و ژنیش لە ڕەحمی دایکە خواوەند و ژنە پیرۆزەکانی ترەوە هاتووەتە دەرەوە، دیارە پیاویش بەهەمانشێوە، بەڵام ئەم لە دەقەکەدا دەیەوێت ئەو شکۆیەی لە ژن سەنراوەتەوە بۆی بگەڕێنێتەوە بەوەی کە ناوی یەکە بەیەکەی ژنە ئایینی و مێژووییەکان دەهێنێت کەوا پیرۆزی مرۆڤایەتین.

لەسەر وەعزدانی خۆی بەردەوامدەبێت، و سەڵەوات لێدەدات و گەشتی هاتن بۆ دنیا و ڕۆشتن لە دنیا باسدەکات و وەک هەر پیاوێکی ئایینی دیکە، کە ئەمە بە سوننەتی ژیان دەزانێت، وردورد کردەکانی (پێکەوە بوون و لێکدابڕان و جەفا و مەسخبوون و کەوتن و هەڵسانەوە و هەڵکشان بەرەو ئەستێرەکان) سەرەتا بە کردە نێگەتیڤەکان دەستپێدەکات وەک پیاوێکی ئایینی کە لە مانای بوون و ژیان و مردن تێگەیشتووە گوتاردەدات، ڕەنگە (دۆن) تاکە پیاوی ئایینی بێت وەها لە ژن و لە بوون بڕوانێت.

وەک چۆن (دۆن) شاعیری یاریکردن بووە بە وشە و شاعیری دانانی پارادۆکس بووە، بەگیخانیش لە دانانی هەندێ وشە ئەمەی ئەنجامداوە (پێکەوەبوون – لێکدابڕان، کەوتن – هەڵسانەوە، لەدایکبوون – مەرگ، بوون – فەنابوون)

تۆ هاتی بۆ ناو مەملەکەتی بوون

سەڵەوات لە بوون

لەدایکبوون

من نزا دەکەم بۆ تۆ

لە ناو قۆزاخەی زەمەن

من دەپاڕێمەوە و

ستایش لە مەرگی خۆم دەکەم

چونکە ئەم خاکە تەنها گۆڕێکە و

بوونمان گۆڕستان
تۆ ماوەیەک سەرنشینی ئەم ڕەشماڵەی
دواتر بایەک هەڵدەکا و
دەمانبا
تۆش وەک من
وەک ئەوانی دیکە
به ناو سووڕی ڕۆژەکاندا تێدەپەڕی
به مەرگ
تەنیا به مەرگ
لەم بازنەیه دەردەچین
چونکه بوون فەنابوونه (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٢٧٣- ٢٧٤)

ئەم وەعزانه ئەگەر ڕاستی بن، ئەوە جۆن دۆن لەمه جوانتر وەعزی نەداوە، ئەگەر زیندەخەوی نەزەند بن، لەمه جوانتر و پاراوتر ئەنیمەسەکەی ناخی نەدواوە و ڕەوانبێژی نەکردووە، ئەوە سێبەری ئەنیمەسەکەی نەزەند بەگیخانییه جۆن دۆنی له نائاگاییدا وەخەبەرهێناوە و وای لێکردووە شاکارێکی له جۆری ئەوانەی (دۆن) بنووسێت، به زاڵی زمانه ئایینییەکه و هەروەها مێتافیزیکاش، له هەبوونی هەندێ وێنەی شیعریی نامۆی وەک (ڕەحمی زەمین، ناخی سەفەر، هەڵکشان بەرەو ئەستێرەکان، قۆزاخەی زەمەن، بوونمان گۆڕستان، سەرنشینی ئەم ڕەشماڵە، سووڕی ڕۆژەکان، بوون فەنابوونه)

**دەربڕینه نێرینەکان**

لەو پارچانەی که لەسەر زاری (دۆن)ەوە وتراوە، پیاوێکی ئایینی زۆر به نەرمونیانی دەدوێت، به سەڵەوات و پیرۆزکردنەکانی میوانەکەی بەخێردەهێنێت، وەک مێیەک پێشوازی لێدەکات و دواتر خۆی وەک نێرێک هاوتا دەکات به میوانەکه
ستایش له مەرگی خۆم دەکەم
چونکه ئەم خاکه تەنها گۆڕێکه و
بوونمان گۆڕستان
......

تۆش وەک من

وەک ئەوانی دیکە

......

بە مەرگ

تەنیا بەمەرگ

لەم بازنەیە دەردەچین

چونکە بوون فەنابوونە  (بەگیخانی، ٢٠١٩: ٢٧٣– ٢٧٤)

بەهۆی ئەوەی کە فیگەری نێرینە دواوەکە، فیگەرێکی لیبراڵە، لە فیگەرە نێرەکانی دیکە نییە کە نۆرمە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان زاڵن بەسەریاندا و ناتوانن لەو بازنەیە دەربچن، نێرەکەی ئەم وێنەیە، پیشانمان دەدات کە دەکرێت نێرێک هەبێت دەربڕینی نێرانەی ڕەق بەکارنەهێنێت و هاوتایی مێی بە خۆی پێ قبوڵبێت.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ لە دەقەکەدا دوو کەس قسە دەکەن، یەکەمیان گێڕەرەوەکەیە لە شێوەی کیژێکی شاڵسووری ئاوریشمین و دووەم کەس شاعیری مێتافیزیکی ئینگلیزی (جۆن دۆن)، شاعیر لە گێڕانەوەکانی خۆیدا تا جۆن دۆن بەخەبەردێنێ هیچ هونەرێک بەکارناهێنێت جگە لە وێنەگرتنی ناو کاتێدرال و پەیکەرەکەی دۆن بە وشە، لەو جێگەیەوەی کە دۆن دەدوێت، هونەرە شیعریی و زمان پاراوییەک دەردەکەوێت، وەک ئەوەی نەزەند بەگیخانی بیەوێت ئەو زمان پاراوییەی ئەو بۆ خوێنەر دەربخات لە وەعزداندا.

**گەنجینەی دەق**؛ دەقەکە خۆی دەدوێت و نەزەند بەگیخانی خۆشی وەک شاعیرێکی کاریگەر بە ئەزمونە شیعرییەکانی (جۆن دۆن) لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەوەی باسکرد کە کاریگەرە بە بەرهەمەکانی، جگە لە باکگراوندە مێژووییەکە، بەرهەمی (دۆن) گەنجینەی ئەم دەقەن.

## بەشی دووەم

## تەوەری سێیەم

### ٢_٣ کەژاڵ ئیبراهیم خدر[5]

کەژاڵ ئیبراهیم کۆمەڵێکی زۆر شیعری وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی و هەندێک زمانی تر، کەژاڵ لە شیعرەکانیدا هەنێجار ژنێکی هەست ناسکی منالێاسایە، یان ژنێکی تا سەر ئێسقان عاشقە، یاخود دایکی نیشتمانە و بۆ زامی برینەکانی خۆی دەلاوێتەوە، یان پیاوێکە و بە بەژن و بالای ژنە شۆخێکدا هەڵدەدات، وەک هەموو شاعیرەژنەکانی تر لەم بوارەدا کەمتر شیعرمان بەرچاوکەوت، هەموو شیعرەکانی بە زمانێکی سادە و ڕەوان نووسیوە، وێنەی شیعریی سادە و تیکەڵ بە سروشتی بەکارهێناوە، ئەمەش وای لە شیعرەکان کردووە سادە و ڕەوان بن بۆ خوێندنەوە، ئەمەش وای لە دەقەکانی کردووە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی خوددەنگی (monotonous) بێنە بوون واتا یەک ڕیتمن و بەرزی و نزمی و تووڕەیی هەڵچوونیان تیادا نییە، ئەمە وایکردووە ڕەخنەگرێکی وەک حەمەسەعید حەسەن بەم شێوەیە لە شیعرەکانی بدوێت: ((کەژاڵ ئیبراهیم خدر هەر دەڵێی بۆ شیعر نووسین لەدایک بووە، لەوە دەچێت کە دەست بە نووسین دەکات، هیچ پێوەندیی بە دەوروبەرییەوە نامێنێت و تا لە نووسین ئەبێتەوە، هەست نەکات خەریکی شیعر نووسینە. وای بۆ دەچم وەک چۆن بۆ ئێمە، ئەوە شتێکی نوێیە کە شیعرێکی تازەکی نووسراوی دەبینین، بۆ خۆیشی جۆریک بێت لە کتوپڕی، لە شیعرەکانیدا تامەزرۆییەک بۆ جیهانی منداڵی هەیە، جیهانێک کە لە شاعیر وایە، شیعر تێیدا سەروەرە و ئەوە هەر دەسەڵاتی شیعریشە لە هەموو تەنگانەیەکدا بە هانامانەوە دێت.)) (حەسەن، ٢٠٢٠: ٣٦-٣٧)

[5] کەژاڵ ئیبراهیم خدر لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری قەڵادزێ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دەستیکردووە بە نووسین سەرەتا بە شیعر و چیرۆکی منالان دەستیپێکردووە و چەندین بەرهەمی بلاوکردووەتەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری و ڕۆژنامەی ئاسۆ. هەر لەو ساڵەدا یەکەم شیعری بە ناوی دوو هێڵی تەریب بلاوکردووەتەوە، لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی ١٩٨٩ چەند شیعرێکی لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بە ناوی (شەونم محمد قادر) بلاوکردەوە. ساڵی ١٩٩٨ ڕووی لە جیهانی شیعر کردووە و تاکو پێش کۆچی دوایی بە مانگێک هەر بەردەوام بووە.
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=20100109163558318 3

**١.ژن.. ئەی بوونەوەری مەزن.**

دەقەکە دابەشبووە بۆ چوار کۆپلەی درێژ، کە تیایدا وەسفی جوانی ژن دەکات، هەر زوو لە سەرەتای دەقەکەوە ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشانی دەقەکە و دەقەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا دێتەوە، چونکە ناونیشانی دەقەکە تەنها وەسفێکە و هیچ هونەرێکی ڕەوانبێژیی تێدا بەکارنەهاتووە تاوەکو خوێنەر بخاتە گومان و بیرکردنەوە، لە کۆپلەی یەکەمدا لە دێڕی سێیەمەوە هەستدەکەیت کە ڕەگەزی قسەکەر نێرە و بە ڕەگەزی بەرامبەردا هەڵدەدات و وەک پیاوێکی میهرەبان خەمی دڵی بەئازاری ژنێتی.

١

ژن ئەی بوونەوەری جوانیی
ئەی گەڵای سنەوبەری سەوز
هەموو کاتێک گوێم
لە تریفەی مانگەشەوی تۆیە
گوێم لە خورپە و هاژەی ڕووباری
پڕ بە خوڕی دڵە پڕ لە ئازارەکەی تۆیە (خدر، ٢٠١٥: ٣٩٦)

لە دووەم کۆپلەشدا بە هەمان شێوە لەسەر ئەم وەسفە دەڕوات و هەندێ وێنەی شیعریی سادە و چواندنی ناسک بەدیدەکرێت (تۆ ئەستێرەیەکی گەڕیدەیت، نمەی بارانێکی زۆر بەخوڕی، شەونمی سەر گوڵەکانی تۆ، خونچەکانی ئاوەدانی) لەم کۆپلەیەدا ژنی چواندووە بە گوڵ، چواندوویەتی بە ئەستێرەی گەڕیدە و نمەی بارانێکی زۆر بە خوڕ.

٢

ژن ئەی بوونەوەری مەزن
کاتێ ڕووی تۆ دەبینم
باخچە شەرم لە جوانییت دەکات
شەونم ڕوو لە باڵات دەکات
تۆ ئەستێرەیەکی گەڕیدەی
یاخود نمەی بارانێکی زۆر بە خوڕی
کە دەتبینم هێمن، هیمن

دڵۆپێ شەونمی سەرگوڵەکانی ڕووی تۆ
دەبنە خونچەکانی ئاوەدانی  (خدر، ٢٠١٥: ٣٩٧)

لە کۆپلەی سێیەمدا کە باس لە دیاردەی کشانی ئەستێرە دەکات وەک مردوو باس لەو ئەستێرە کشاوە دەکات بەهۆی ئەوەیە کە ئەستێرەکانی دیکە پرسەیان داناوە و ئاسمانیش گریاوە، شاعیر هاتووە گریانی ئاسمانی بە گریانی ژن چواندووە و وەک خەمێک بۆ ئەوەی ژن دەگری سروشتیش بێدەنگ دەبێ.

٣

لە بیرم دێ کە مناڵ بووم
لە پڕێکا ئەستێرەیەک بە خێرایی
ئەکشا وسەربەرەو خوار ئەبۆوە
ئەستێرەکان پرسەیان بۆ دائەنا و
ئاسمانیش هۆن هۆن ئەگریا
دەیانوت کاتێ ژن بگری
بزەو خەندە کۆتایی دێ
دەشت و دەریش وشک دەبن
چیاکانیش بۆ چەند چرکەیەک
بێ دەنگ دەبن (خدر، ٢٠١٥: ٣٩٧– ٣٩٨)

لە کۆپلەی چوارەمدا زیاتر ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەم وەسفانە لەسەر زاری پیاوەوە گوتراون چونکە وەسفەکان زیاتر لە نەرمونیانی ژن دەدوێن و وا دەردەکەوێت کە پیاوێک لە خەمی ئازاری ژنێکدایە و ئەگەر ئەو ژنە خەمی هەبێت ئەمیش قەڵەمەکەی چیتر نەتوانێت بنووسێت و چۆک دابدات. شاعیر قەڵەمی (personify – بەبوونەوەر) کردووە و سیفەتی چۆکدادانی داوەتە پاڵ قەڵەمەکەی کە چۆکدادان سیفەتی مرۆڤە.

٤

ژن ئەی بونەوەری گوڵئەندام

کاتێ شیعرێکی غەمگین دەنووسم

تەموومژ ئەدا بە خۆیدا،

چونکە ئەترسم ڕۆژێ بێت

قەڵەمەکەی منیش

لە بەردەم دووڕیانی ئازارەکانی تۆدا

لەبەردەم فرمێسکە نەشمیلەکانی تۆدا

لە بەردەم هەستە ناسکەکانی تۆدا

بە وشەیەک چۆک دابدا (خدر، ٢٠١٥: ٣٩٨)

**دەربڕینە نێرینەکان**

ئەم دەقێکە بە ڕۆحێکی عاشقانە گوتراوە، کەژاڵ ئەنیمەسەکەی ناخی هێناوەتە دەرەوە و بۆ ژن دەدوێک ئەو ژنەی کە ئەنیمەسەکەی دەیەوێت بیلاوێنێت و هەست بە ئازار و خەمەکانی بکات و قەڵەمەکەی لە بەردەمیدا بە وشەیەک چۆک دادەدات. دەربڕینە نێرینەکان وشەی زبر نین بەڵکو لەو وشانەن، کە پیاوێک لە خۆشویستنی ژنێکدا بەکاریدەهێنێت و ناخی خۆی پێدەردەبڕێت. ناونیشانی شیعرەکە خۆی لە خۆیدا گەورەترین وەسفێکە کە پیاو بە ژنی بڵێت (ژن.. ئەی بوونەوەری مەزن)، دوای ئەمانە ئەو لێکچواندنە ناسک و سادانەی لە هەموو دەقەکەدا هاتووە (بوونەوەری جوانی، گەڵای سنەوبەری سەوز، تریفەی مانگەشەوی تۆ) دواتریش وەک خەمخۆرییەکە بۆ دڵی ژنەکە کە بە ئازارە. کۆپلەی دووەم بەهەمان شێوە لەم جۆرە دەربڕینانە دووبارە بووەتەوە، کۆپلەی سێیەم لە خەمی ژندایە کە ئەگەر دڵی تەنگ ببێت دیسان سروشتیش دڵتەنگ دەبێت. لە کۆپلەی چوارەمیشدا دەربڕینەکانی (ئازارەکانی تۆ، فرمێسکە نەشمیلەکانی تۆ، هەستە ناسکەکانی تۆ) ئەو هەستە دەدەن بە خوێنەر کە قسەکەر پیاوێکە و لە خەمی ئەم ژنەدایە. هەر لەبەرئەمە، بە لێکدانەوەی ئێمە قسەکەر

زۆرتر ئەگەری پیاوبوونی هەیە تا ژن، چونکە لە نەریتی کوردەواریدا پیاو هەمیشە خەمخۆری ژنە (مێینە)یە و بەو چەشنانە بە بالآیدا هەڵدەدات

**لۆژیکی پرس و وەلآم**؛ دەقەکە هەمووی گوزارشتە لە جوانی و ناسکی ژن، ژن وەک بوونەوەرێکی مەزن لە دەقەکەدا چوێنراوە بە سروشت و دیاردەکانی سروشت، قەڵەمەکەی شاعیر لەو مەزنییەی ژن چۆک دادەدات.

**گەنجینەی دەق**؛ پێدەچێت گەنجینەی دەقەکە خۆشەویستی و هەستی شاعیر خۆی بێت کە بەو شێوەیە گوزارشتی لێکردووە و ڕەنگە ئەو تێکەڵکردنەش کە کردوویەتی لە ڕووخساری ژن و سروشت کردوویەتی سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ شاعیری دیکە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ خوێنەر کە بەسەر دەقەکەدا تێپەڕدەبێت هەندێ ناچوونیەکی لە دەربڕینەکاندا و لە وێنە شیعرییەکاندا دەبینێت، بۆ نموونە لە نێوان دەربڕینەکانی (نمەی بارانێکی زۆر بە خوڕی) باران ئەگەر نمە بێت واتا نم نم بباریێت ئەوا دڵۆپەکان بچوکن و لەسەرخۆن، لە کاتیکدا بارانی بەخوڕ دڵۆپەکانی دیار نییە، ئەوەندە خێرایە. جگە لەوەش وەک زۆربەی شیعرەکانی تری، شاعیر بە کۆپلەی ژمارە پێدراو دەقەکەی نووسیوە، وەک ئەوەی بیەوێت هەر کۆپلەیەو مانا و گوزارشتی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

### ٢. هەشتی مارس و چرایەک لە خامۆشی

شاعیر لەم دەقەدا، کە پێکهاتووە لە بیست کۆپلە، شاعیر لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بە زمانی جیا دەمێک لە عیشق، دەمێک لە دووریی، دەمێک لە نازهەڵگرتن... دەدوێت، دیارە بە زمانێکی عاشقانە، تاکە کۆپلەیەک کە زۆر پەیوەندیدار بێت بە ناونیشانەکەوە کۆپلەی یەکەمە:

١

هەشتی مارس

تەمێکی ناوەختی نیگەرانییەو

بۆ من یەک ڕۆژ و ساڵ نیە

یەک ووشەو یەک کتێب و

یەک فەرهەنگیش نیە

هەشتی مارس

بێدەنگی ئەستێرەکان و

چرای خامۆشی شەوان و

کاتژمێری توند و تیژییە

........ (خدر، ٢٠١٥: ٤٦٧- ٤٦٨)

کۆپلەکانی دیکە خوێنەر هەست دەکات کۆپلەی سەربەخۆن لەو ناونیشانە و شاعیر بە عەشقەوە بۆ خۆشەویستی و جوانی دەدوێت، زمانی قسەکەر لە نێوان کۆپلەکاندا دەگۆڕێت هەر ئەمەشە وەهایکردووە کە زمانی قسەکەری پیاوێکیش بەر سیان لە کۆپلەکان بکەوێت کە کۆپلەی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمە. کۆپلەی دووەم خەمی زیزبوونی ئازیزە، کۆپلەی سێیەم باسی مەبەستە شیعرییەکانی خۆی دەکات، کۆپلەی چوارەم باسی عەشقی ناکامە، کۆپلەی پێنجەم باسی چاوەڕوانی و لە کۆپلەی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمدا زمانەکە دەگۆڕێت و وەک ئەوە وایە پیاوێک بەرامبەر ژنێک بدوێت، کە مەبەستی ئێمەیە و دەربارەی دەدوێین.

بۆ بەرچاو ڕوونی بە پێویستی دەزانین کە کۆپلەی بیستەمیش دابنێین کە وەک هەموو کۆپلەکانی تر کۆپلەیەکی ئازادە و باس لە هەشتی مارس ناکات، ڕەنگە شاعیر لەو شەوەدا وەک یادێک بۆ ژنان ئەم بەرهەمەی نووسیبێت و بەدوای کۆپلەی یەکەمدا ئەوەی لە ناخیدا هەبووە لە خۆشەویستی و عەشق وەک ژنێک خستوویەتییە سەر پەڕەی شیعرەکانی.

٢٠

هەمیشە دەستێکم بۆ پێنوسە و

دەستەکەی ترم لە گەردنتایە

پەنجەکەی ترم گوڵی شعری دەوێ و

ئەویتریان نازی خۆشەویستیت (خدر، ٢٠١٥: ٤٧٨)

لە کۆپلەی شەشەمدا ئەنیمەسەکەی ناخی کەژاڵ ژنێکی ئەنفال ماچ دەکات، شاعیر وەک ئەوەی بڵێت، ژنانی ئەنفالیش بۆیان هەیە خۆشەویستی بکەن و ناکرێت هەر بە بێوەژنی بمێننەوە بەڵام ئەوەی کە هەستی پێدەکات بۆنی هەناسەی سووتاوە و غەریب بوونیانە لەم ژیانە و وەک ڕووبار ڕێچکەی بەستووە، واتا ئەو سوتانە هەرگیز بە کۆتا نایەت.

٦

ئەو ڕۆژەی ژنە ئەنفالیٚ

لە بیابانی عەر عەرەوە

پەنجەرەی دڵی کردەوەو

چەند ماچی شەرمنی دامیٚ

بۆنی هەناسەی سوتاوو

قەدەری غەریبی ڕۆژگار

بوون بە خوڕەی ئاوی ڕووبار (خدر، ٢٠١٥: ٤٧٠- ٤٧١)

کۆپلەی حەوتەم لە زاری پیاوێکەوە بە ئامرازی بانگکردنی (ئەی) بانگی شۆڕە ژنیک دەکات و وێنەی دایکە حەوا  دێنێتەوە کە ڕووت بووە و سێوەکەی خواردووە و ئەم وێنەیە دەکات بە وێنەیەکی ئیرۆتیکی، خۆی وەک سێبەری گۆڕستانی غەم لەسەر گۆی مەمکەکانی شۆڕەژنەکە دەنیشێتەوە، ئەم وێنەیە ئەوەندەی خەونی ئەنیمەسەکەی ناو ناخی کەژاڵە ئەوەندە بیری واقیع و ڕاستەقینەی خۆی نییە، وێنەی دواتر چوەتە لای قژی ژنەکە، کە بەشێکی سەرنجڕاکێشی ئەندامە مێینەکانی ژنە و هەر بۆیەشە دین فرمان بە داپۆشینی دەکات، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم شۆڕەژنە باخچەیەکە لە خەیاڵی، ئەگەر خەیاڵ و نائاگایی ژنێک نەبێت چۆن دەتوانێت بەم جۆرە بچێتە قاڵبی پیاوێکەوە.

٧

ئەی شۆڕە ژنە شۆخەکە

ئەو ساتانەی وەکو حەوا

بەدەم خواردنی سێوێکەوە

ڕووت و قوتی،،،،

چاوم ئەبێتە وەرزی باران و

دوو باڵندەی سپی دەبینم لەناو سنگتا

دەبمە سێبەری گۆڕستانی غەم

لەسەر گۆی مەمکت ئەنیشمەوە

دەبمە کۆترێکی ئاشتی چرای ڕووناکی شەقام و

شەقەی باڵی مەلێکی بەجێماوو

سەرو سیمای تێکەڵاوو پەشۆکاوی قژت ئەخوێنمەوە

تۆ باخچەیەکی لە خەیاڵم

تەماشام نیوەشەوێکی سامناکەو

خەریکە باڵ دەگرێ

ژنێ بەو هەموو جوانییەوە

بەو هەموو ناسکی و عەشقەوە

چرای پەنجەکانی دائەگیرسێ (خدر، ٢٠١٥: ٤٧١– ٤٧٢)

لە کۆپلەی هەشتەمدا ئەنیمەسی ناو ناخی کەژاڵ زۆر بە نەرمونیانی داوای پێکەوە ژیان لە ژنە خۆشەویستەکەی دەکات، وەک ئەوەی تەنها ئەو چەند چرکەیە هەبێت بۆ باوەش پیاکردن و شانەکردنی قژەکانی خاتوونەکەی.

٨

ئەی ڕۆحی ئاسمانی من

تۆ بەو سیما نەرمییەی خۆتەوە

وەرە با لە ژیان نەوەستین

باوەشی گەرمم پیاکە

منیش بە پیاسەی شنەی با

فێنک فێنک دێم و

قژی جوانت شانە دەکەم

ئاڵ ئاڵ وەرەوە با بەردەوام بین (خدر، ٢٠١٥: ٤٧٢– ٤٧٣)

**دەربڕینە نێرینەکان**

لەو دەقانەی سەرەوەدا زمانێکی نەرم هەیە کە پیاوەکەی بەکاریدەهێنێت بەرامبەر خۆشەویستەکەی لە کۆپلەی شەشەمدا لەشێوەی گێڕانەوەدا قسەکەر دەڵێت: (ژنە ئەنفالیێ... چەند ماچی شەرمنی دامێ)، لە کۆپلەی حەوتەمدا بە (شۆڕەژنە شۆخەکە) بانگی خۆشەویستەکەی دەکات و لە وێنەیەکی ئیرۆتیکیدا ڕووتی دەکاتەوە و باسی مەمکەکانی دەکات، دواتر باسی سەر و سیمای قژی تێکەڵاو و پەشۆکاوی دەکات، دواتر بە ژنێکی ناسک و جوان ناوی دەهێنێت. لە کۆپلەی هەشتەمدا بە ڕۆحی ئاسمانی ناوی خۆشەویستەکەی دەهێنێت و باوەشی گەرمی لێی دەوێت بۆ ژیان و ئەمیش قژەکانی ئەو شانەدەکات.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ دەقەکە پێکهاتووە لە ٢٠ کۆپلە و هەموویان لەژێر ناونیشانی (هەشتی مارس و چرایەک لە خامۆشی)دا کۆکراونەتەوە، تەنها کۆپلەی یەکەم لەو بیست کۆپلەیە باسی ئەو بۆنەیە دەکات ئەوانی دیکە لە زاروزمانی جیاجیاوە لە خۆشەویستی دەدوێن، دیارە ئەم حاڵەتە، خوێنەری ناچارکردووە لە کۆتایی کۆپلەی یەکەمەوە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی تێکبشکێنێت و سەرلەنوێ ئاسۆی چاوەڕوانییەکی دیکە دابڕێژێتەوە، لێرەدا مەودای ئیستاتیکی فراواندەبێت بەهۆی ئەم تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە، کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەدوای کۆپلەی یەکەمی دەقەکەوە،

لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا یەکینەگرتەوە، چونکە کاتێک خوێنەر ناونیشانەکە دەخوێنێتەوەو دەستدەکات بە خوێندنەوەی کۆپلەی دووەم هەستدەکات بابەتەکە لەسەر هەشتی مارس و چەوساندنەوەی ژن و لێکەوتەکانی ئەم چەوساندنەوەیە و هۆکاری کردنی هەشتی مارس بە ڕۆژی جیهانیی ژنان، بەڵکو شاعیر دەچێتە سەر وەسفی خۆشەویست و خۆشەویستی و واز لە بابەتە سەرەکییەکە دەهێنێت.

**گەنجینەی دەق**؛ دیارە دەقەکە بە بۆنەی (هەشتی مارس) ڕۆژی جیهانی ژنانەوە دانراوە، کە تەنها کۆپلەیەک تایبەتە بەو یادە، گەنجینە بۆ کۆپلەکانی دی، تەنها عەشق و خۆشەویستی شاعیرە بۆ خۆشەویستەکەی.

**چاڵ و بۆشایی دەق**؛ ناونیشانی دەقەکە لەگەڵ تەنها یەک کۆپلەی دەقەکەدا یەکگرتووە. وەک لەسەرەوە باسکراوە، کە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەری تووشی تێکشکان کردووە و مەودای ئیستاتیکی فراوان بووە. هەروەها شاعیر کۆپلەکانی بە پێدانی ژمارە جیاکردووەتەوە.

### ٣. ناسک.. ناسک، ئاڵ.. ئاڵ،
### شەپۆلی دڵم ئاو بدە.

ئەم دەقەی شاعیر هەر وەک دەقەکەی پێشوو درێژە و پێکهاتووە لە نۆزدە کۆپلەی سەبەخۆ، کە تیایاندا باسی عیشق و خۆشەویستی و هێزی نووسینی شیعر ئاماژە پێدراوە، لە ناویاندا کۆپلەی حەوتەم قسەکەرەکە شاعیرێکی پیاوە و باسی خۆشەویستەکەی دەکات و بە دولبەری عاشق ناوی دەبات کە دیارە عاشقی کێیە؛چونکە سیفەتێکی دەخاتە پاڵ کە زیاتر سیفەتی کچە وەک لە کوڕ، ئەویش ئەوەیە کە لە خوێندنگەش پێوەی دیارە عاشقە و بەردەوام لە شیعرەکانی من دەنووسێت و هەست و خەیاڵی بەرەو باڵای من دەڕوات، قسەکەرەکەش، بەو بەخۆهەڵدانەدا کە دولبەر بەو شێوەیە گرفتاری بووە لە کوڕێکی باڵابەرزی زمانپاراو دەچێت، کە کچەکە بەم شێوەیە عاشقی بووە، وێنەی شیعریی وشەی وەڵامەکانی کچەکە، کۆتری شیعری ئەوە و پەپوولەی هەست و خەیاڵی وەک باڵای کوڕە شاعیر بەرزە و بەرز هەڵدەفڕێت.

٧

ئەو دولبەرە عاشقە

ئەوەندە شیعری منی خوێندۆتەوە عاشقیەتی

ئەزانن خۆشەویستی منە
لە خویندنگەش هەر وەڵامێک بنووسێتەوە
وشەکانی کۆتری شیعری منە و
پەپوولەی هەست و خەیاڵی،
باڵای منە (خدر، ٢٠١٥: ٤٣٣)

**دەربڕینە نێرینەکان**

لە ئەدەبی کوردیدا کچ و کوڕ کە عاشق دەبن کوڕەکە بە دڵدار ناوزەد دەکرێت و کچەکەش دڵبەر یاخود دولبەر؛ لێرەدا قسەکەرەکە بە عاشقەکە دەڵێت (دولبەر)، سەرەڕای ئەوەی وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا خۆهەڵکێشانێک لە دێڕەکانیدا بەدیدەکرێت کە باس لەوەدەکات لە خوێندنگەش دڵ و بیر و هۆشی لای منە و هەروەها سیفەتی هەبوونی (باڵا) بەخۆی دەدات.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ هەموو کۆپلەکانی ئەم دەقەی کەژاڵ ئیبراهیم خدر، گوزارشتن لە ناخی کەسێکی عاشق، وەک باڵندەیەکی خۆشەویستی لە عەشق و خۆشەویستییەکەی دەدوێت و لەسەر لقێکی درەخت ئازادانە دەنووک بەملاو بەولادا دەگێڕێت و ئاوازی عەشقەکەی بڵاودەکاتەوە، بە هۆکاری ئەمەیە کە زمانی قسەکەرەکە ڕەنگە لە ژنێکەوە ببێتە پیاوێک، یان لە زاری کەسی سێیەمەوە بۆ عەشق قسەبکات، ئەمەش دەرفەتی داوەتێ کە لە زاری پیاویشەوە بۆ ژنە دولبەرەکەی بدوێت.

**مێژووی ئەدەب**؛ بە پێی وەرگێڕانەکان بێت کە بۆ شیعرەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) کراوە و هەروەها ئەو توێژینەوانەی دەربارەی دەقە شیعرییەکانی دەکرێت، بۆی بووەتە مێژوویەک لە ئەدەبدا، کە دیارە هەر توێژەرێک و لە بوارێکی جیادا لە شیعرەکانیان کۆڵیوەتەوە.

### ٤. ڕەنگت لە گوڵە کێوی بەهار دەچێ

ئەم دەقەی شاعیر پێکهاتووە لە دە کۆپلە و بە هەمان شێوەی دەقەکانی تر کۆپلەی هەشتەم خوێنەر هەست دەکات پیاوێک قسەکەرە و دیسان شاعیرە، چونکە (سۆزی قەڵەمەکەی ژان دەیگرێ) و ئاماژە بە هۆنینەوەی پرچ دەکات کەواتە پیاوەکە دەیەوێت بە سەر و پرچ و قژی کچە خۆشەویستەکەیدا هەڵبدات و کە ئەم شیعرە بۆ جوانی کچەکە نووسرا دەگەشێتەوە، کە شاعیر بە کۆمەڵێک وێنەی شیعریی دەریبڕیوە (دڵت پڕ بێ لە تریفەی مانگەشەو، نوقڵانەی ڕۆحتم بداتێ)

٧

هەموو شەوێک

سۆزی قەڵەمەکەم ژان دەیگرێ

تاکوو پرچی تۆ بهۆنێتەوەو

بەڵکوو خوایە

گوڵی شعرێک لەدایک بێ

وەک بەفر دەببارێ و

ڕوخساری چاوانت گەش بێ

وەکوو دڵت پڕ بێ لە تریفەی مانگە شەو

نوقڵانەی ڕۆحتم بداتێ

لەناو هەموو خۆزگەکاندا

تۆ دەبیتە باڵندەیەکی سپی و

بەشەوقەوە خۆشەویستی دادەبارێ (خدر، ٢٠١٥: ٦٦٧)

**دەربڕینە نێرینەکان**

شاعیر شیعرێکی دەوێت لە قەڵەمەکەی دەربارەی پرچی خۆشەویستەکەی، ئەمە دەربرینی نێرینە نییە بەڵکو سەرەداوێکە، کە قسەکەر پیاوە، دواتر ئەو وەسفانەی، کە لە کۆتاییدا دێن وەک:

لەناو هەموو خۆزگەکاندا

تۆ دەبیتە باڵندەیەکی سپی و

بەشەوقەوە خۆشەویستی دادەبارێ

وەسفی سەر زاری پیاوێکن، کە عاشقە و چاوەڕێی میهرباریینی خۆشەویستەکەیەتی، چونکە یەکێک لە خۆزگەکانی لەناو هەموو خۆزگەکاندا بۆ دەهێنێتەدی ئەویش باراندنی خۆشەویستییە، کە زۆربەی جار ئەم حاڵەتە لەوەوە دێت، کە خۆڕسکانە ژن یاخود ڕەگەزی مێ کەم هەستەکانی ئاشکرا دەکات، هەر لەبەرئەمە کاتێک، کە هەستەکانی ئاشکرا دەکات خۆشەویستی دەبارێت.

**٥. جامێ مەیی**

ئەم دەقەی شاعیر پێکهاتووە لە تەنها دوو کۆپلە و کە بە ژمارە جیانەکراونەتەوە و پەیوەندییان بەسەر یەکەوە هەیە، قسەکەرەکە پیاوە، تاڕادەیەک لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر ڕێگە بە پیاوان دراوە، کە مەی بنۆشن، ئەگەر ئەم ڕایەش گەواهیدەر نەبێت و بوترێت ژنانیش مەی دەنۆشن ئەوە بەهەر حاڵ بەڵام لە کۆپلەی دووەمدا قسەکەر سەرەداوێکی دیکە دەدات بەدەستەوە کە ئەگەر سەفەریکرد ئەوا مورووی جوان و ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ خۆی دەهینێتەوە، بۆ ئەوەی بە بیانووی ئەوانەوە سەر بخاتە سەر سینەی خۆشەویستەکەی، ئەی هەر ژن نییە ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگی بە موورووی جوان لە ملدەکات؟

ڕێگای چاوت

کانی چاوم ئەشڵەقێنێ

جامێ مەیم

بۆ پڕئەکا لە ئەسرین و

یا هەمووم پێ ئەنۆشێ

یا لەناوبا ئەمهەژێنێ

***

لە سەفەری ئەمجارەمدا

بڕیار ئەدەم

پڕڕاو پڕی پڕیاسکەکەم

mووروی جوان و

ملوانکەی ڕەنگاو ڕەنگ ببینم

تا بەبیانووی ئەوانەوە

بۆساتێک بێ

باڵندەی حەزە شێتەکەم

لە سینەتا بخەوێنم (خدر، ٢٠١٥: ٧٢٩)

**دەربڕینە نێرینەکان**

زمانێکی نەرمی پیاوێک باسی هەستی خۆشەویستی بۆ خۆشەویستەکەی دەکات و مەینۆشییەکە دەشێ بکەین بە سیفەتێکی پیاوانە و لە ملکردنی ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگیش سیفەتێکی ژنانە کە دەبنە دوو جیاکەرەوە بۆ ئەوەی بزانرێت قسەکەر کێیە و دوێنراو کێیە.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ دەقەکە پێکهاتووە لە دوو کۆپلە، لە هەردوو کۆپلەکەدا دوو وێنەی شیعریی هەن کە تایبەتمەندی ئەوەی داوە بە دەقەکە پێی بگوترێت لە زمانی نێرەوە دێڕەکان وتراون؛ شاعیر دەڵێت ئەو شێوە سەیرکردنەی کە سەیری چاوەکانمی پێدەکەیت مەستم دەکات و بە جامێ شەراب کە یا دەبێت بیخۆمەوە یان وەک گێژاوی با دەچمە ناویەوە، لێرەدا بە چاوە مەستەکانی خۆشەویستەکەی مەست بووە. لە کۆپلەی دووەمدا پەیمانی ئەوە دەدات لە سەفەری داهاتوودا لە پڕیاسکەکەیدا مووروو و ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ خۆشەویستەکەی بهێنێتەوە، لەناو هەموو ڕازێنەرەوەکاندا ملوانکەی بۆ دەهێنێت، بۆچی ملوانکە؟ چونکە ملوانکە دەچێتە ملیەوە و لەسەر سنگی دەوەستێ و ئەمیش مەلی حەزە شێتەکەی دەیەوێت لەسەر سنگی بخەوێت.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ ئەم دەقە، پێکهاتووە لە دوو کۆپلە کە بە نیشانەی (***) لێکجیاکراونەتەوە، بەهۆی هەبوونی هەردوو وشەی (ڕێگا و سەفەر) دوو کۆپلەکە یەکدەگرنەوە، یەکەم کۆپلە ڕێگایەکی بڕیوە، کە ڕێگای چاوی خۆشەویستەکەیەتی و بەڵێن دەدات، لە سەفەری دووەمدا، بەو ڕێگایەدا لە

جیاتی دڵۆپە ئەسرینە بێڕەنگەکان، mووروو بە ڕەنگی جوان و جۆراوجۆر ببینێت و بیکاتە ملوانکە بۆ ملی خۆشەویستەکەی.

## بەشی سێیەم: قسەکەری ژن لە شیعری شاعیری پیاودا

### تەوەری یەکەم

### ٣_١ شێرزاد حەسەن

(ڕۆلان بارت) لە (مەرگی نووسەر)دا باسی بەرهەمێکی بەلزاک دەکات کە لەسەر زاری ژنەوە نووسیویەتی، بارت باس لەوە دەکات، کە نووسەر لێرەدا مردووە، هەر ئەم ئالایەش بووە بەرزیکردووەتەوە و دواتر ئەو وتارەی بەوە ناسرا کە مەرگی نووسەری ڕاگەیاندووە. یاخود باسی مالارمێ و شیعرەکانی مالارمێ دەکات، کە ئەوە مالارمێ نییە قسەدەکات بەڵکو زمانە دەدوێت. ئەم وتەیەی بارت بە گشتگیری ئەوە دەڵێت؛ کە بەرهەمەکە موڵکی نووسەرەکەی نییە لە دوای نووسینیەوە، بەڵکو خوێنەر و ڕاڤەکەرەکەی دەبێتە خاوەنی بەرهەمەکە، و بە دیاریکراویش دەتوانین وەها لێکیبدەینەوە، کە بەرهەمی ئەدەبی یەک نووسەری هەیە بەڵام چەندان کارەکتەر و بگۆ و ڕاڤەکەری هەیە، هەموو ئەو کارەکتەر و ڕاڤەکەرانەش، کە بەرامبەر دەوەستنەوە لەگەڵ نووسەردا، بێ گومان نووسەر وەک سێبەرێک دەمێنێتەوە و هیچی دیکە. (بارت، ١٩٩٤: ٢٤)

(شێرزاد حەسەن) یەکێکە لە چیرۆکنووسە بیرئەندازەکان کە هاوار و دەنگی مێینەکەی ناخی هەرگیز لەگەڵ ڕووخسارە شەرمنۆکەکەیدا یەکناگرنەوە، لەگەڵ ئەوەی چیرۆکنووسە، خاوەنی دیوانەشیعری (دارشەقەکانی نیشتمان و دواهەمین ورتەورتی من)ە، کە هەندێک لە شیعرەکانی پڕاوپڕ بۆ ئەم بابەتەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین گونجاون.

((پێش ئەوەی بۆ هەر ڕەگەزێک و خۆم وەک خاوەن ڕەگەزێک بنووسم؛ من ئینسانییانە دەنووسم و بۆ مرۆڤ دەنووسم)) (چاوپێکەوتنی شێرزاد حەسەن، ٢٠٢١/١٠/٢١) نووسەر ئەو جیاوازیی ڕەگەزییەی، کە مێ تێیدا دەژی لە وڵاتەکەدا و هەبوونی سەدان ژن لەناو ناخیدا ئەم بەرهەمانەی هێناوەتە بوون. (شێرزاد حەسەن ) لەناو نۆڤلێت و ڕۆمانەکانیدا بەناوی کارەکتەرە مێینەکانیەوە دواوە و دەنگ و هاواریانی گەیاندووەتە دەرەوەی حەسار، کە ئەمە لە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆماندا کارێکی ئاسانە، چونکە ئیشی ڕۆماننووس، دروستکردنی کارەکتەرە لە هەردوو ڕەگەزەکە و خستنەڕووی شێوازی جۆراوجۆری ناخ و دەروونە جیاوازەکان، بەڵام لە شیعردا قورسە بچێتە قاڵبی ڕەگەزی بەرامبەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە شاعیران ئەمەیان زۆر بە وردی کردووە،

یەکێک لەوانە (شێرزاد حەسەن)ە، شاعیر شیعرەکانی خۆی بە پەخشانەشیعر ناوزەد دەکات و لە فۆرمدا بە شیعر و پابەندبوون بە کێش و سەرواوە دەرچووە و وەک خۆی دەڵێت: ئەم دەیەوێت وێنە پێشکەش بکات لە پەخشانەشیعرەکانیدا، دیارە نەبوونی ئەم کۆت و بەندەش ئەوەی بۆ شاعیر ئاسانکردووە کە لە چیرۆکێکی پەخشانەشیعرەکانیدا بەرگی ڕەگەزی بەرامبەر وەربگرێت، ئەمە بەتایبەتی لە دەقی (ژنێک لەبەر پەنجەرە) و (من لەوێندەرێ بەجێ ماوم... لە کۆڵانەکانی کچێنی) بەدیدەکرێت، کە خۆی وەک چیرۆکێک دەیانبینێت.(چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، ٢٠٢١/١٢/٩)

**١.من لەوێندەرێ بەجێ ماوم... لە کۆڵانەکانی کچێنی**

ناونیشانی یەکێک لە شیعرەکانی (شێرزاد حەسەن)، (من لەوێندەرێ بەجێ ماوم... لە کۆڵانەکانی کچێنی)، (من) جێناوی کەسیی یەکەمی سەربەخۆیە لە زمانی کوردیدا بۆ کەسی یەکەم نێر و مێ جیانەکراوەتەوە، لە ڕستەی (من لەوێندرێ بەجێ ماوم) هیچ ئاماژەیەک بە نێر  و مێبوون نەکراوە، بەڵام لە بەشەکەی دیکەی ڕستەکەدا کە تەواوکەری بەیاریدەیە بۆ ڕستەکەی پێشەوە و جگە لەوەی ئاماژەیەکی شوێنییە، هەروەها لە وشەی (کچێنی) مێینەبوونی جێناوی سەربەخۆی (من) دەسەلمێنێت.

ئاسۆی پێشبینیی خوێنەر لە ناونیشانەکەوە دەردەکەوێت کە قسەکەر (مێ)یە و شووکردووە، چونکە وشەی (کچێنی) دیسان ئاماژەی دیکە لە خۆدەگرێت، ((دەربڕینێکە کە هەڵسوکەوتی تایبەتی کچێنی کچان، یان توخمی مێ دەردەخات. هەروەک بە لێکدراوی، بۆ پەردەی کچێنیش بەکار دێت.)) ( هەرشەمەیی، ٢٠٢٢، ٥٨) یاخود (گیو موکریانی) لە فەرهەنگی (کوردستان)دا بەم شێوەیە پێناسەی (کچێنی)ی کردووە: ((کچێنی: کەچێنی، کەچانی، بن. —لابردن: لە کچێنی خستن. ماوەیەکە، کەئافرەت بەکچیتییدا بمێنێتەوە. ...)) (موکریانی، ١٩٩٩: ٧٦٢) ناونیشانەکە ئاماژەی ئەوە دەکات کە قسەکەر ڕەگەزی مێیە، ژنە؛ بەو مانایەی شووکردووە وبە کچێنی نەماوەتەوە، جگە لەوەی (بەجێمان)ی لە کۆڵانەکان، بیرۆکەی ئەوە دەداتە خوێنەر کە لە ڕابردوودا دەژی و ئاواتی گەڕانەوە دەخوازێت بۆ کچێنی و ئەو (کۆڵانانە)ی بە کچێنی و بە منالّی یاریلێکردووە.

ئەم ئاسۆی پێشبینییەش بۆ خوێنەر بە پێی خوێندنەوە ئەپستیمی و کۆمەڵایەتییەکەی دێت، چونکە بە منالّی بەشوودانی کچ لە کۆمەڵگای کوردیدا یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان یاخود مارەکردنی کچان لەسەر بێشکە و هەر کە کەوتە تەمەنی باڵقبوونەوە دەیگوێزنەوە ماڵی دەزگیرانەکەی وەک

تازەبووک، ئەم دیاردانە وا لە خوێنەر دەکەن بە بینینی ناونیشانەکە ئاسۆی پێشبینییەکەی بنیادبنێت و بە بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی شیعرەکە مەودای ئیستاتیکی ئاسۆی پێشبینی خوێنەر و ئاسۆی پێشبینی دەق یەکدەگرنەوە و مەودایەکی ئیستاتیکی لێکدوور بنیاد نانرێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە خوێنەر شارەزاییەکی پێشینەی هەیە دەربارەی دیاردەکە و ناچار نییە بنیادی ئاسۆی پێشبینیی خۆی بگۆڕێت لەبەرئەوەی لەگەڵ ئاسۆی پێشبینی دەقەکەدا یەکبگرێتەوە، بەڵام ڕەنگە، ئەگەر شاعیر بەجۆرێکی دیکە دەقەکە بنووسێت و ستایشی ئەو جۆرە بەشوودانە بکات کەوا کارێکی باشە و بە پێی ئایین و یاسا و کلتوری کۆمەڵگا، مرۆڤ لەو تەمەنەدا دوور دەخاتەوە لە کردەوەی قەدەغەکراو، (هەندێ زاراوەی وەک: خەونی حەرام، ماچی حەرام) ڕەنگە لەگەڵ هەموو ئەو ئاوات و خۆزگە پەمەییانەی، کە ژنێکی بەمناڵی بەشوودراو، ئەو بۆچونانە باسبکرێت، خوێنەر تووشی شکاندنی ئاسۆی پێشبینی ببێت و بەمەش مەودای ئیستاتیکی درێژدەبێتەوە و بەو تێکشکاندنە لەو کاتەدا هەردوو ئاسۆی پێشبینی خوێنەر و دەق بەیەکدەگەنەوە. بەڵام شاعیر ئەمەی نەکردووە و ڕەنگە لە بۆچوونی هەندێ خوێنەریشەوە کە بە پێی ئایین بیردەکەنەوە ئەم حاڵەتە ڕەوا بێت کە بە مناڵی کچ بەشوو بدرێت، لەم حاڵەتەدا ئەم خوێنەرە تووشی تێکشکانی ئاسۆکەی دەبێت و وا پێویست دەکات دووبارە ئاسۆی بنیاد بنێتەوە، هەروەک چۆن تیۆری وەرگرتن جەخت لەسەر فرەڕاڤەیی خوێنەر دەکاتەوە.

چۆن و کێ دەمگەڕێنێتەوە بۆ کۆڵانی تەنگەبەر..

تا ئەو هەتیوە ڕەشتاڵەیە و تیلاک خوارە حەرامزادانە شان بدات لە شانم..؟

............

تازە کێ دەمباتەوە سەر کۆشی نەنێ وهەقایەتی دێو و درنجەکان..

یان سەر ئەو دەفتەری یاداشتانەی، ڕەنگاوڕەنگ، بە دزییەوە کوناوکون..

هەر ڕۆژەو لە پەنایەکدا.. لە دەلاقەیەکدا دەمشاردنەوە...؟

کە ختوورە و ڕاز و نیازی شەرمن و کچانەی خۆم تێدا دەنووسییەوە.. (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٦)

**دەربڕینە مێینەکان**

(شێرزاد حەسەن) بەو زمانە مێینەیەی ناخییەوە دەکەوێتە قسە و وەک ژنێک کە تەمەن بەرەو سەرەوەی بردووە و چێژی لە منالّی و ئەو یارییانە نەدیوە کە منداڵێکی کچ دەیکات لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە (چێشتەقولیَ و ماڵەباجێنە و خەتخەتێن)، هەر لە ناونیشانەکەوە ئاماژەی مێینەیمان دەستدەکەوێت، (من لەوێندەریَ بەجیَ ماوم...لە کۆڵانەکانی کچێنی)، شوێنی خەونە منالّییەکانی (کۆڵانەکان)ە، ئەو شوێنەی کە دڵی هەموو منالّێک بۆی لێدەدات لە یاری و تێکەڵبوون لەگەڵ منالّی دیکە و دەرکردنی وزەی منالّی، کاتیش وەک دەزانرێت کاتی منالّی کارەکتەرەکەیە و چۆنێتی بەجێهێنانی (لێدزینی خەونەکانی) و کۆتکردنی بە زنجیری ژیانی هاوسەرگیرییەوە وەک خۆی دەڵێت؛ (بە پەلەپڕوزی و تیژتێپەڕ)ە، وشەی مێینەی وەک (لەبەر دەرگای تازەکراوەی جوانیم، متومووروووەکانی خۆم، چێشتەقولیَ، دەستەخوشکەکانم، باخچەکانی کچێنی، ئێمەی دەم بە قریوە، بووکەشووشەکانم) لە دەقەکەدا دەبینین:

من لەوێندەریَ بەجێماوم.. لە ماڵەباجێنەی لەناکاو تێکدراوم

لەوێندەریَ.. لە کۆڵانەکانی مندالّی..هەر هەموو گەمەکانیان لیَ دزیم

بە پەلەپڕوزیَ..وەک ئەوەی شریتی فلیمێک بم..تیژتێپەڕ منیان خولاندەوە

چ ئاسان گەیشتم بەو کۆتاییەی کە دڵی ساوامی پارەپارە کرد

لەوێندەریَ..لەبەر دەرگای تازەکراوەی جوانیم

لەناو خۆڵەپۆکدا لەتەک متومووروووەکانی خۆمدا کە بزر بووم

منیش لەوێوە تا ئێوە هاتم و لە خۆم و خەونەکانم ون بووم

نەتانهێشت "چێشتە قولیَ"م پیَ بگات و بە درۆ لە تەک دەستەخوشکەکانمدا

سەرگەرمی خۆشی کاسەدراوسیَ بین و وەک پەپوولەش بە باڵەفڕە..

لە پەرژینی لە دڕکەزی هەڵبەستراوی ئێوە بپەڕینەوە.. (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٤)

لە دێڕی دەیەمدا، گلەیی ژنێکی بەندی دەسەڵاتی نێرسالاری کۆمەڵگا دەبینرێت، ژنێک؛ کۆمەڵگاکەی پەرژینێکیان لە گەڵای پەرژین بۆ نەکردووە بۆ پاراستنی بەڵکو لە دڕکەزی بۆیان هەڵبەستووە تاوەکو

هەرکاتێک بیری لە ڕاکردن کردەوە، بریندار بێت، ترسی برینداربوون وەهای لێبکات ڕانەکات، نەوەک ڕەخساندنی ئارامی ئەودیو پەرژینەکە.

بردنی کارەکتەری ناو ئەم چیرۆکەشیعرە بە بوکی و بەسواری ئەسپێکی (ڕەش)، دانانی ئەسپی ڕەش بێ مەبەست نییە، ڕەنگی ڕەش لە کلتوری کوردیدا ئاماژەیە بۆ خەفەت و کۆستکەوتن و مردن، ئەسپیش خۆی بۆ خۆی مانای هێز و دەسەڵاتە، ئەوەی ئەم ئەسپە ڕەشەی ناردووەتەدووی بووک کەسێکی خاوەنهێز بووە، وەک بووکەشووشەیەکی سەربڕاوی خۆی براوە و لەو پەیوەندییەدا بووەتە خۆڵەمێش.

لەوێندەرێ مامەوە.. خۆم و کەوشی لەدوا بەجێماوم..

ئەو کاتەی بەزۆر سواری ئەسپێکی ڕەشیان کردم و..

لەناو هەرای گۆڤەند و زرم و کوتی دەهۆڵ و زوڕنادا کاس بووم و..

وەک بووکوشووشەیەکی سەربڕاوی خۆم..

تەکەتەک بە دەست زاوایەکی ئەرژەنگەوە بووم..

کە لە خەونێکمدا زەندەقی بردبووم

من لەوێندەرێ چ ئاسان سووتام.. (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٥)

لە دێڕێکی دیکەدا هەستی مێینەی مناڵێک کە خۆشەویستی خاڵی و نەنکی بێت بە حەسرەتەوە لە خەیاڵێکی بەجێماوی مناڵی دەڕوانێت و بۆ ئەو ساتانەی کە تیایدا جەژنانەی سەلمێنەری مناڵی وەرگرتووە، چونکە لە کوردەواریدا دەڵێن هەر مناڵ جەژنانە وەردەگرێت، (شێرزاد حەسەن) لەسەر زاری کارەکتەرە مێینەکەیەوە دەڵێت:

دەمرم بۆ نوقڵێکی جەژن و عانەیەکی خاڵە و ماچێکی لیکنی نەنێ..! (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٦)

شاعیر مێینەکەی ناخی لە باسی (مەمکە تازەڕسکاوەکان)ی کچۆڵەیەکدا، زۆر ڕاشکاوانە دەدوێت، یاخود وەک ڕەگەزی نێرێک کە بە ئاگا بێت لە ئازاری ڕەگەزەکەی بەرامبەری دەدوێت، باسی ئازاری مێبوون دەکات لە کۆمەڵگایەکدا کە سەختە سەروبەری لێکبدرێتەوە، شاعیر وەک نێرێک نادوێت، بەڵکو زۆر چووەتە قاڵبی ئەو کچۆڵەیەوە کە زەحمەتە لە کۆمەڵگایەکی نێرسالاردا کچۆڵەییت بخەملێت

و چاوەکانی ڕەخنە و کپکردن و شکاندنت لەسەر نەبێت، هەتا دوێنێ بوو لە کۆلانان لەگەڵ کچ و کوڕی منالی هاوتەمەنی خۆتدا یاریبکەیت و ئیتر دەربکەوێت کە گەورە بوویت و لە ڕێی ئەوەدا نەماویت هەراو زەنا و ڕاوڕاوێن و هەڵبەز و دابەز بکەیت، بەڵکو بەرەو ژنێتی دەڕۆیت و مەمکۆڵەکانت دەرچوون و خوێنی مێینەبوونت پژاوە و کاتی ئەوە هاتووە بدرێت بە شوو. بە (غەمێکی کچانە)وە نەک مرۆڤانە، بەڵکو خەمەکە دیاریکراوە و تایبەتە بە (مێ) خەمی مێینەیەکە لە وڵاتی نێرسالاردا؛ نەک خەمی مرۆڤانە و گشتی، ئەوەی هەڵگری ئەم خەمەیە مێیە، کووڕ ئەبێتەوە لە شەرمی دەرکەوتنی مەمکۆڵەکانی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو خەمانەدا؛ هێشتا هیوای بەرزی کچبوونی لەدەستنەداوە، چونکە (گوڵەگەنمێکی پڕ و سەنگین)ە بۆیە دەچەمێتەوە. ڕەنگە کورۆکەیەک ئەم خەمەی نەبێت و بە دەنگە تازەگڕبووەکەی بەردەوام لە فەرمانکردندا بێت بەسەر خوشکە بچوک و تەنانەت گەورەکانیشیدا. شاعیر پڕاوپڕ وەک کیژێکی تازەپێگەیشتوو دەدوێت کە لە خەمی گەورەبوونیدایە.

من نەمدەویست وەها زوو مەمکەکانم بڕسکێن و چاوانی برسی کوڕوکاڵ..

وەک داس جوانی تازە خەمڵیوم دروێنە بکەن

چ غەمێکی کچانە بوو کە وەک گوڵەگەنمێکی پڕ و سەنگین..

دەبوو کووڕ ببمەوە و بچەمێمەوە لە ترسی بڕینەوەم

بە پەڕۆ و پاتاڵ سینە و مەمکەکانم توند دەبەست و.. شەتەکم دەدا..

سکی خۆم دەگوشی و لە پەناوە دەگریام..

خوێنی تازەپژاوی خۆم لێدەشاردنەوە

خودا هاوار ئەو نەفرینە چی بوو.. بۆ وەها زوو ڕسوا و گەورە بووم؟ (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٦)

کام لە کچۆڵەکان لە تەمەنی باڵقبووندا سینە و مەمکیان توند نەبەستووە و لە شەرماندا خۆیان کووڕ نەکردۆتەوە لە کۆمەڵگایەکدا، کە مێبوون تیایدا ئەستەمە؟ گەورەبوونی مێ وەک گۆڕانکارییەکی بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژی سەیرناکرێت وەک چۆن گەورەبوونی نێر وەها سەیردەکرێت، کام لە کچۆڵەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەست بە شەرم و ترس و بێزاری ناکەن لە هاتنی یەکەمین سووڕی مانگانەیان؛ لەبەر پێنەدانی هۆشیاری، لەبەرئەوەی ئەو خوێنە تەنها ناسنامەی کاتی

بەشوودانێتی و هیچیتر، شاعیر نەفرین و ڕسوایی دەبینێت لە گەورەبوونی کچۆڵەکاندا، بە مەرجێک هاتنی سووری مانگانە دیاری خواوەندە کە دەدرێت بە (مێ) بۆ ئەوەی مژدەی بوون بە دایکی بداتێ.

شاعیر وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، ٢٠٢١/١٢/٩) کە بۆ چوونە ناو قاڵبی ژنێک و وەکو ژنێک بیربکاتەوە ئەوەیە لەگەڵیاندا بژی، بۆ ئەویش خوشکەکانی و دایکی سەرچاوەی ئەم فۆرمەلەکردنەی ئەم جۆرە شیعرانە بوون، شاعیر زۆر ژنانە و بە گلەییەوە باسی (ئاشپەزخانە) دەکات کە لە کلتوری کوردیدا بەردەوام ئەوە دووبارەدەکرێتەوە کە شوێنی ژن ئاشپەزخانەیە و هیچیتر، کارەکتەری ئەم چیرۆکە لە دوای دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بۆ خوێندن و نەهێشتنی بەردەوامبوونی لە خوێندن و زیندەبەچاڵکردنی خەونە پەمەییەکانی، دەڵێت:

من زۆر ماندووم..

سالْ دوای سالْ قەوزەیەکی زۆر سەر و پرچمی داپۆشی..

هەر هەموو خەیاڵە نازەنینەکانم لە ئاشپەزخانەکەدا گریان گرت (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٨)

لە کۆپلەیەکیتردا شاعیر بە دەنگی کچۆڵەکە، دەکەوێتەوە خەیاڵی ڕۆژانی (مەکتەب)ەکەی، بیری قردێلە سپییەکەی، کە ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ پاکی و بێگەردی، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ تارای بووکێنی، هەروەها قەڵەمە بۆیەکانی، کە خەونی هەموو منالێکە لە دروستکردنی وێنەدا بەکاریانبهێنێت، وێنەی خۆی و کیژە دەم بە قریوەکانی هاوڕێی کاتێک پێدەکەنین کە هیچ پیاوێک دیار نەبێت، هەڵبەت پێکەنینیش گوناه و تاوان بووە؛ چونکە وروژێنەری هەستی نێرانە! لە خەیاڵی کیژێکی شەرمنەوە دەدوێت کە شاعیر بووە، (شێرزاد حەسەن) خۆی و کارەکتەرەکەی لە شاعیربووندا یەکدەگرنەوە، کارەکتەرەکەشی وەک خۆی لە ڕێی بەرهەمی ئەدەبییەوە ڕازی دڵی خۆی بەرامبەر بە چەوتییەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی شیعرەوە دەربڕیوە و دەربڕینی ڕازە پەنهانییەکانی بە بەرهەمی ئەدەبی بووە. بۆ کوڕێک کە تازە خەت دەدات و دڵ پەیدا دەکات، نووسینی نامەی دڵداری و شیعر نووسین بۆ خۆشەویستەکەی و شانازی کردن بەوەی کە خۆشەویستی هەیە، ڕێگە پێدراو و ڕەوایە بەڵام بۆ کچۆڵەیەک پێویستە ڕاز و نیازەکانی بە پێچ و لوول بن نەوەک ئاشکرا ببێت تەنانەت ئەگەر حەز و خولیای ناو دڵیش بێت ڕەنگە سزای لەسەر وەربگرێت.

شاخەکانیشم ڕووتەڵە.. نە هەتاو ترۆپکیان ماچ دەکات و..

نە باران بەسەریاندا دادەکات

چەندە بیری قردێڵەی سپی وقەڵەمی بۆیە و کالەکانم و جلی مەکتەب دەکەم..

یادی بە سوێی کچانی هاوپۆلی ئاوسام.. زۆریان لە من شەرمنتر ..

وەلێ بزێو و عەییار و دەم بە قریوە

ئەو کاتانەی تەنیا دەبووین و هیچ پیاوێک بەو دەورەوە نەدەبوو

لە کوێ فرێتان دا کتێبەکانم کە بەدەم داڵغەوە لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا

شیعر و ڕازەکانم دەنووسییەوە.. پڕ لە هێما و ئاماژە و ڕەمزی پەنهان..

وەها شاراوە و بە پێچ و لوول..

کە کەسێک نەچێتەوە سەر حەز و نیاز و خەونەکانم.. (حەسەن، ٢٠١٥: ١٧٧)

بۆ کچۆڵەیەکی وەها، کە خەون و خولیاکانی زیندەبەچاڵکراوە، ماندوێتی ژیان پیری کردووە ئەستەمە ژیان بگەڕێتەوە، ئەوەی لەدەستی چووە ناگەڕێتەوە، لەبەرئەوە کاتێک کە خوێنەر دەگاتە کۆتاییەکانی پەخشانە شیعرەکە ئیتر هەست بەوە دەکات ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا یەک دەگرنەوە و مەودایەکی بەرتەسکی ئیستاتیکی دروستبووە. چونکە لە پاشخانی ئەپستیمەی کۆمەڵایەتی خوێنەردا چیرۆکی لەم چەشنە زۆرن، تەنانەت ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەربارەی فۆرمی شیعرەکەش لەگەڵ ئاسۆی دەقەکەدا یەک دەگرێتەوە، چونکە دەقێکی هاوشێوە لە پێش ساڵانی ٢٠١١ لەلایەن زۆربەی شاعیرانەوە نووسراوە و خوێنەر شارەزایی لە پەخشانەشیعردا هەیە، ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکە لە ڕووی فۆرم و بابەتیشەوە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا یەک دەگرێتەوە.

بمبەنەوە هەرێمی زیبایی و خۆشەویستی..

لێرە هەر ڕۆژە و کەمێک پیر دەبم

تاوەکو ئێرە و بەس..

من بێجگە لەم شیعرە لە هەگبەی حەز و خولیای جوانیمدا..

هیچی دیکە شک نابەم.. بە ئێوەی ببەخشم..

هیچی دیکە.. هەر هیچ

هیچ..هیچ،،هیچ....!! (حەسەن، ٢٠١٥: ١٨١)

**لۆژیکی پرس و وەڵام؛** کە پەیوەستە بە ئاسۆی چاوەڕوانییەوە؛ تاڕادەیەک ئەو ڕاڤەیەی بۆ دەقەکە دەکرێت ڕوونە، نووسەر دیاردەی زوو بەشوودانی کچی وەک پرسیارێک هێناوە و لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیەی لە زاری ژنێکەوە باسکردووە کە تەمەن بەرەو سەرەوەی بردووە و ئیستاتیکای دەقەکە لەو وێنانەدایە کە قسە دەکەن و نالەباری ژیانی ژنێک باسدەکەن کە قوربانی دەستی کولتورە، وێنەکانی ناو دەقەکە وەک لێکەوتەیەکی خراپی باری دەروونی قسەکەرەکە خراوەتەڕوو، ئەو وەڵامەی کە خوێنەر لە ئەنجامی ڕاڤەی دەقەکەوە دەستی دەکەوێت، دەیگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە لەناو کولتوری کوردەواریدا هەتاوەکو ئیستاش ئەم دیاردەیە بەردەوامە، لە کاتێکدا کە زۆرینەی شاعیران و ڕۆشنبیران و پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی جەخت لەسەر خراپی لێکەوتەکانی دەکەنەوە، ئەم دەقە دەتوانرێت بە دەقێکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ناوزەد بکرێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی هونەری گەلێک جوانی لەخۆگرتووە.

**مێژووی ئەدەب؛** ئەو خوێندنەوەیەی لە پەنجاساڵی پێشوودا بۆ ئەم دەقە دەکرا جیاواز دەبوو لەو ڕاڤەیەی کە لە ئێستا یان لە پەنجا ساڵی داهاتوودا بۆی دەکرێت، هەر هەمان دەق لە ئێستاشدا خوێنەرەکانی ڕاڤەی جیای بۆ دەکەن، ڕەنگە ئەگەر لەڕووی ناوەرۆکەوە، ئەو خوێنەرانەی لە ڕووی شەریعەتەوە لە بابەتەکە دەڕوانن زوو بەشوودانی کچان هەر دوای تەمەنی باڵقبوونیان بە باش بزانن و چەندین ڕاڤەی ئایەتی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بۆ پاڵپشتی بیروڕاکانیان بهێننەوە. یان ئەگەر هەمان دەق؛ دەروونناسێک لێکدانەوەی بۆ بکات بە پێی لێکدانەوە و تیۆرە دەروونییە جیاجیاکان، دەقەکە چەندین ڕاڤە هەڵبگرێت، هەر هەمان دەق، ئەگەر لەلایەن شارەزایانی بواری ئەدەبەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بە جۆرێک کە ئاگاداری ئەوە بن نووسەر زیاتر لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا بەرهەمی هەیە ڕەنگە بەرهەمی وەک ئەم دەقەی بە سەرکێشی بزانن لە بواری شیعردا و ئاماژە بەوە بدەن کە زمانی وەسفیی چیرۆک زاڵە بەسەر دەقەکەدا.

**گەنجینەی دەق؛** بۆ دەقی (من لەوێندەرێ بەجێماوم... لە کۆڵانەکانی کچێنی) جگە لە بەرهەمی نووسەرانی دیکە، کە ڕەنگە هاندەری نووسینی ئەم دەقە بووبێت، سەرچاوەی سەرەکی پێدەچێت بەرهەمە نووسراوەکانی شاعیر خۆی بێت، لە چیرۆک و ڕۆمان و نۆڤێللا، چونکە پاشخانێکی باشی لە نووسینی ئەو ژانرانەدا هەیە، کە پڕن لەو ڕووداو و سەرگوروشتانەی باس لە زوو بەشوودانی کچ لێکەوتەکانی دەکەن.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق؛** لەم دەقەدا، بەڕای ئێمە نائامادەیی ڕەخنەیەکە، لەو کەسانە بگیرێت کە پیاوانی ئایینن و چاوپۆشییان لە دیاردەکە، لەگەڵ ئەوەی شاعیر باسی ئەوەیکردووە کە خانەوەدەکەی زوو ویستویانە گەورە ببێت و بیدەن بە شوو، بەڵام لە ڕووی شەرعەوە ئەوەی باسنەکردووە کە پیاوانی ئایین هۆشیاری بدەن یاخود وەک کەسانێک بێلایەن دەوەستن لە بوارەکەدا. لەڕووی فۆرمیشەوە، شاعیر دێڕەکانی بە شێوازێکی ڕێک دانەڕشتووە هەر لەبەرئەوەی کە خۆی وەک دەقی پەخشانەشیعر سەیری ئەم دەقانە دەکات و لە هەندێ جێگەشدا خاڵی بەکارهێناوە، وەک کەرەستەیەکی نووسین، کە دەربڕی هەست بێت، یاخود ئەوە دەردەخات کە شاعیر دەیەوێت لە پشت بەکارهێنانی ئەم کەرەستەیەوە هەموو شتێک بەتەواوی نەدرکێنێت و خوێنەر پەلکێشبکات بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ، وەک بەکارهێنانی خاڵ لە نێوانی وشەی (هیچ) لە کۆتا دێڕدا، بەو خاڵانە شاعیر بۆشاییەکی بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە بە پێی تێگەیشتنی خۆی پڕی بکاتەوە، بۆ نموونە ڕەنگە خوێنەر بڵێت: هیچی دیکە شکنابەم خۆمی پێقوتار بکەم، یاخود دڵی خۆمی پێبدەمەوە، شاعیر بەم کەرەستانە ئاستی ئیستاتیکیی دەقی بەرزکردووەتەوە.

### ٢. چیرۆکی خەزانی نەمری چاوەکانی

ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشانی شیعرەکە ئەوە بە خوێنەر دەڵێت، کە شاعیر چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، لە چیرۆکیشدا گفتوگۆی کارەکتەرەکان بوونی هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە (شێرزاد حەسەن) بە شێوازی گفتوگۆ و دانانی هێمای خاڵبەندی ( – ، + ) گفتوگۆ شیعرەکەی لەسەر زاری دوو خۆشەویستەوە دەنووسێت کە ژن و پیاوێکن.ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشانی دەقەکە بە دەسپێکی خوێندنەوەی دەقەکەدا، لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا یەکدەگرنەوە و بەمەش مەودای ئیستاتیکی دیسان بەرتەسک دەبێتەوە، چونکە خوێنەر کە ناونیشانەکە دەخوێنێتەوە، لە وشەی (چیرۆک)ەوە تێدەگات کە گفتوگۆیەک بوونی هەیە، دوای ئەوە هاتنی وشەی (خەزان) کە دوو هێما لە خۆدەگرێت یەکێکیان؛

ڕەنگی زەردە، کە شاعیر لێرەدا بەخشیویەتییە چاوەکانی ئەزیزەکەی، کە دیارە (هاوسەری شاعیرە) هێمای دووەم ئەو وەرزی خەمەیە، کە پاییز پێی ناسراوە. شاعیر بۆ خستنەڕووی قسەکانی هەردوو ڕەگەزەکە، زمانی کەسی یەکەمی تاکی بەکارهێناوە و هەندێک لە دێڕەکان بەشێوەی پرس و وەڵامە، لە دێڕەکانی سەرەتادا لە دێڕی دووەمەوە هەست بەوە دەکرێت کە دەنگێکی نەرم و نیان دێتەگۆڕێ کە خوێنەر هەست دەکات لە سەرزاری ژنەوە گوتراوە.

شاعیر بە پرسێک دەستپێدەکات، کە بێڕەگەزیی پرسیارکەرەکە هەستپێدەکرێت، تاوەکو لە دێڕی دووەمدا  بەرەبەرە دەردەکەوێت کە ژنێک دەدوێت و وەڵامدەداتەوە، ژن وەک بوونەوەرێکی خەمهەڵگر و وەک بوونەوەرێکی هەستناسک هەمیشە چاو بە گریانە.

شاعیر خۆشەویستییەکەی تێکەڵکردووە لەگەڵ سروشت و ئەو وەرزەی، کە زۆربەی شاعیران بۆ خەفەکردنی دڵتەنگییەکانیان پەنای بۆ دەبەن، و خەم و خەفەتەکانیانی پیادا هەڵدەواسن و (شێرزاد حەسەن) لە زمانی ژنێکەوە کە دڵپڕ و خەمهەڵگرانە دەدوێت و خۆی دەچوێنێت بە پاییز ئەو وێنە سروشتییانەی کە پاییز بە تۆنە جیاوازەکانی و ڕەنگە خەزانییەکانییەوە پێشکەشی دەکات شاعیر هاتووە و ئەو وێنانەی لەگەڵ کردەی گریان و خەمخۆری ئەزیزەکانیدا وێکچواندووە. (مەرگ) و دووبارە ژیانەوە لە خوێنی دڵی ژنێکدا، بۆ مردن و پرسە دانانی درەختێک ئاو دەڕێژرێت بۆ ئەوەی دووبارە ژیان بۆ درەختەکان بگەڕێتەوە.

-چی ڕەنگی چاوەکانی وا زەرد کردووی؟

+ مەگەر نازانی کە پاییز دەڕوا و.. دەمرێ

مەرگی مەزنی خۆی بە من دەسپێرێ..!

ڕۆحی ملیۆنەها گوڵ و گەڵا..

وەک خوێن لە دڵمدا.. دەگەڕێ

بۆ شین و پرسەی درەختی دونیا..

چاوانم دەبنە ئاسمانی هەورباری پاییزئاسا..

تا دێ.. بەخوڕتر دادەکا..! (حەسەن، ٢٠١٥: ١٣٧)

**دەربڕینە مێینەکان**

شیعرەکە دەقێکی کورتە، جگە لە بەکارهێنانی خاڵبەندی و جیاکردنەوەی کارەکتەرەکان، لە کۆتا کۆپلەشدا بەباشی توانای تێبینیکردنی ئەوە هەیە کە ژنێک دەدوێت بە زمانێکی لاواندنەوە شاعیر لە زمانی ژنەوە کۆمەڵێک دەربڕینی ژنانە دەخاتەڕوو (مەگری ئازیز، دە وەرە ئەی شێتی خەزان، هۆ شاعیری ماچ و ڕەشەبا و نان و باران، مەمگرینە) لێرەدا لاواندنەوەی ژنێک هەستی پێدەکرێت بۆ پیاوە مەعشوقەکەی چونکە بە زمانێکی نەرم و نیان دواوە و خۆپێشکەشکرن و ئامادەیی بۆ چاوەڕوانی تێدایە کە ئامانەش لە سیفاتەکانی ژنن.

+ مەگری ئازیز.. ئیتر پاییز ..

که هەر ساڵەو دێت و ... لێرە دەمرێ

مەرگی خۆی بە من.. بە چاوەکانم دەسپێرێ..!

بۆیە ئاوا زەردن.. پڕ لە ژان و..

خەم و.. ڕەشەبا و.. گەرد و دەردن!

دە وەرە ئەی شێتی خەزان..

هۆ شاعیری ماچ و.. نان و باران..

تا ساڵێکی تر کە پاییز دێتەوە..

تۆچیرۆکی گەڵاو گوڵە وەریوەکانی.. لە چاوانما بخوێنەوە

لەبری مەرگی هەر پەپوولەیەک..

سەد پەپوولەی سووکە ڕازم.. هەڵڕفێنە

ئیتر مەگری و... مەمگرینە! (حەسەن، ٢٠١٥: ١٣٩)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ لەم دەقەدا خوێنەر وەڵامی پرسیارە شێتانەکانی شاعیرێک وەردەگرێت کە بە چەند وێنەیەکی هونەری دەربارەی خەم و خەفەتی عەشق دەیکات، ئەو پرسیارانەی کە پەیوەستیکردوون بە پاییزەوە، وەک ڕەمزێک بۆ خەم و دووریی ئازیزان لەیەکتر، لەو دەربڕینانەدا

لەبەرئەوەی پەیوەستن بە خەمەوە شاعیر لە کۆتایی دەقەکەدا و لە کۆتایی گفتوگۆکەدا تەنها بە وەستانی گریانەکە ڕازییە و کۆتاییەکەی بە شادی قفڵنەکردووە، بەڵکو وەستانی گریانەکە بەسە بۆ کۆتایی گفتوگۆکە.

**ڕوانگەی گەڕۆک**؛ لە خوێندنەوەی یەکەمجاری دەقەکە، وێنەی شیعریی دەقەکە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، لەو وێنانەی کە سروشت و پاییز تێکەڵ بە چاوەکانی خۆشەویستەکەی و خەمی خۆی دەکات، لە خویندنەوەی دواتردا خوێنەر فۆکەسی دەکەوێتە سەر حاڵەتی (جودایی)؛ خوێنەر لێرەدا هاتن و ڕۆشتنی پاییز پەیوەست دەکاتەوە بە جوداییەکەوە، کە خۆشەویستەکان لێرەدا وەک جودایی لە هاتن و ڕۆیشتنی وەرزەکە دەڕوانن، لە پاتکردنەوەی خوێندنەوەکانی کۆتاییدا خوێنەر فۆکەسی دەچێتە سەر وشەی (شیعر و شاعیر) و ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە شاعیرێک لەناو دەقەکەدایە، نەک وەک ئەو شیعرانەی دەنووسرێن و شاعیر لە دەرەوەوە سەیردەکات ودەیداتە دەست خوێنەر، بەڵکو ئەم شاعیرە لەناو شیعرەکەی خۆیدا مەوجودە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ شاعیر لە دەقەکەدا چەند چەمکێکی بەیەکەوە گرێداوە؛ پاییز، زەردی چاوەکانی خۆشەویستەکەی، گریان، هاتن و ڕۆشتنی پاییز، جودایی، مەرجی هەبوونی خەم بۆ بوون بە شاعیر، سروشت و دەنگ و گرمە وناڵەی سروشت تێکەڵ بە گینگڵی شاعیر. جگە لەوەی شاعیر خاڵبەندییەکی زۆری بەکارهێناوە، هەردوو نیشانەی (– / +) دەقەکەی کردووەتە شانۆییەک، سەرەڕای هاتنی نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان لە کۆتایی ڕستەکانەوە، هەروەها دانانی خاڵ لەنێوان دێڕەکاندا، کە ماوەی بیرکردنەوە و تێڕامان دەداتە خوێنەر.

### ٣. ژنێک لەبەر پەنجەرە

یەکێکی دیک لەو شیعرانەی ناو دیوانی (دارشەقەکانی نیشتمان و دواهەمین ورتەورتی من) دەقی (ژنێک لەبەر پەنجەرە)یە، قسەکەری دەقەکە ژنێکی پڕ لە جۆشە لە چاوەڕوانی خۆشەویستەکەیدا، (شێرزاد حەسەن) ناسنامەی خۆی وەک نێرێک لەم دەقەدا ونکردووە و بەتەواوەتی چووەتە ناو قاڵبی مێینەیەکەوە، بە زمانێکیش دەدوێت کە بێترسە لە هەموو سنوورە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان کە پێدەچێت ئەو پیاوەی ئەم چاوەڕوانیەتی مەعشوقی بێت و هیچ پەڕەیەکی پێکبەستنی فەرمی لە نێوانیان نەبێت. بەڵام دەنگە مێینەکەی ناخی وەک مێیەکی یاخی دەدوێت بێ ئەوەی تێڕوانینی

دەوروبەر بەهەند وەربگرێت بۆ ئەم پەیوەندییە، پەیوەنییەکی ڕۆحی و شەهوەتێکی جەستەیی پێویستی ئەم ژنەی هێناوەتە گۆ و لە چاوەڕوانی مەعشوقەکەیدایە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە. ناونیشان (ژنێک لەبەر پەنجەرە)؛ لە زاری کەسی سێیەمی تاکەوە وتراوە، ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشانەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا لەم ڕووەوە یەک ناگرنەوە چونکە خوێنەر چاوەڕوانی ئەوە دەکات هەر هەمان ئەو کەسی سێیەمە باسی چیرۆکی ژنێک بکات لە زاری خۆیەوە، بەڵام لە دێڕی سێیەمەوە (نە پەنجەرەی داخراوم وەک ئەوسایە) هەست بەوە دەکەیت کە کەسەکە دەگۆڕێت بۆ کەسی یەکەم و بەرەبەرە هەست دەکەیت کە ژنێک دەدوێت.

ئەمشەو شەوێکی زۆر جیایە..

شەوێکە نە تاریکی و نە مانگ و..

نە تریفە و.. نە پەنجەرەی داخراوم وەک ئەوسایە..

بۆنی غەریبی لە خۆم دەکەم..

ئەم ماڵە.. ئەم پێخەفە.. ئەم سەرین و دۆشەگەی من چەند تەنیایە

.......................................

بۆنی غەریبی لەو کراسە تەنکەی بەرم دەکەم..

لە هەردوو گوارەی گوێم.. و بازنەکانی دەستم..

لە ملوانکەی بەرملم و.. لە لەنجەی بێهوودەی بەرئاوێنە و..

هەر ساتە و گوڵاوپرژێنی ژێر هەردوو باڵەکانم..!

ڕاست و چەپ دەڕوانم و لە خۆم و ئاوێنە دەپرسم:

خودا لەبەر چاوانی تۆوە چلۆنم..؟

(حەسەن، ٢٠١٥: ٢٠٧)

شاعیر لە بەرگی ژنێکدا، چاوەڕوان لەڕێی خۆشەویستەکەیدا دەدوێت، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا یەکدەگرێتەوە، چونکە خوێنەر هەر لە خوێندنەوەی

ناونیشانەکەوە درک بەوە دەکات کە یەکێک هەیە و لە چاوەڕوانی و ئازاری تەنیایدا بۆ خۆشەویستەکەی لە ئازاری ڕۆحدایە و چاوەڕێیەتی ناو پێخەفی ساردوسڕی گەرم بکاتەوە و بێ ئۆقرەیی و نەسرەوتنی کەم بکاتەوە. لە چاوی ژنێکەوە مەلولیی جێژوانی چۆڵ دەبینێت، لە چاوی ژنێکی تەنیاوە شەو تێدەپەڕێنێت، و بە چاوانی ژنێکی تەنیا دەگری بۆ خۆشەویستەکەی، ئەگەر ئەم دەقە بێ ئاماژەکردن بخەیتە بەر دەست کەسێک کە پێشتر نەیبینیبێت، بێ دوودڵی دەڵێت کە ئەم دەقە ژنێک نووسیویەتی، لەبەرئەوەی شاعیر ئەوەندە چووەتە بەرگی ژنێکەوە وەک ئەوە وایە ژنەشاعیرێک ئەم دەقەی نووسیبێت.

**دەربڕینە مێینەکان**

دەقی (ژنێک لەبەر پەنجەرە) کۆمەڵێک دەربڕینی مێینەی زۆر بە زەقی تێدا دیارە، بەکارهێنانی هەندێک جوانکاری کە ژنان بەکاریدەهێنن وەکو (کراسی تەنکی خەو، گوارە، بازن، ملوانکە) لە زمانی ژنەکە خۆیەوە بەکارهێنراوە، کە پێداویستی ڕازێنەرەوەی ژنن، هەروەها وشەی (لەنجە) کە بەردەوام بۆ ژن بەکاردێت و شاعیران وەک دڵبردن بەکاریدەهێنن، هەروەها بەکارهێنانی هەندێ وشەی وەک (ئاه، چ بێ ئۆقرەم، بێحەجمانم، لە هەموو ئازای جەستەمەوە) کۆمەڵە دەربڕینێکن تایبەتن بە ژن لە کاتی بێتاقەتی و بێزاریدا دەیکەن و دەردە دڵی خۆیانی پێ دەردەبڕن.

چ خەمێکە چاوەڕوانی و چرکەچرکی سەعاتیش

لە مێشکمدا هەر دەڵێن: کوچەی ئاسنگەرانە..!

بۆنی غەریبی لەو کراسە تەنکەی بەرم دەکەم..

لە هەردوو گوارەی گوێم..و بازنەکانی دەستم..

لە ملوانکەی بەرملم و.. لە لەنجەی بێهوودەی بەر ئاوێنە و..

هەر ساتە و گوڵاوپرژێنی ژێر هەردوو باڵەکانم..!

ڕاست و چەپ دەڕوانم و لە خۆم و ئاوێنە دەپرسم:

خودا لەبەر چاوانی تۆوە چلۆنم..؟

ئاه.. چ بێ ئۆقرەم.. بێحەجمانم..

نە بەپێوە و نە بە دانیشتن بۆ ساتێک چییە ناسرەوم

(حەسەن، ٢٠١٥: ٢٠٧– ٢٠٨)

کۆپلەکانی کۆتایی؛ لەگەڵ هەبوونی دەنگی ژنێکی بێباک لە سەرزەنشت و لۆمەی کۆمەڵگا بەرامبەر ئەو هەست و هەوەسەی هەیەتی بۆ عاشقەکەی، خۆی دەچوێنێت بە گوڵەهێرۆیەکی تەنها و مەلول هەروەها هەستی تەنیایی خۆی تێکەڵکردووە لەگەڵ هەستی مەلێک کە لەو دیو پەنجەرەکەیەوە بریندارانە دەچریکێنێت، حاڵی مێینەی خۆی؛ مەلەکەشی لێ کردووە بە ڕەگەزی مێ و بۆ نێرەکەی چریکەی بریندارانە بکات، لە کاتێکدا ڕەنگە نە ئەو مەلە هاوڕەگەزی ئەم کارەکتەرە ژنە بێت و نە ڕەنگە چریکەکەشی لەتاو ئازاری تەنهایی بێت بەڵام ئەو بارودۆخە تەنهاییەی ئەمی تێدایە وەهای لێکردووە ئەو هەستەی زاڵبکات کە ئەو مەلەش وەک ئەم مێیە و لەتاو دووری نێرەکەی بچریکێنێت، وەک دەڵێن؛ مرۆڤ کە خۆی بێتاقەت بوو وا ئەزانێت هەموو دەوروبەری بێتاقەتن.

زۆر دەمێکە داگیرساوم و..

خەریکە باڵەکانم کە بۆ تۆ کراوەن و گڕ دەگرن

بێهوودە پەردە لادەدەم و بێهوودە دایدەدەمەوە

غەمگینتر لە گوڵەهێرۆیەکی تەنیا و بێ ئاو و مل بەلارەوە

دەدەمە پڕمەی گریان..

بێباک لە دەرودراوسێ، لە ژن و پیاوی تێژتێپەڕی..

پشت پەنجەرەکەم

بێباک لە ئابڕووچوون و ئاشکرا بوون

هۆن هۆن لەگەڵ پەنجەرەی کراوە و لە بەردەم ئاوێنەی ڕووت و

تریفەی شەرمن و لەرزیودا بەیەکەوە دەگرین

چریکەی برینداری مەلێک کە شەوگار شەق دەکا و

تەنیاتر لە من.. سەفەر دەکات..

چەندە تەنیا وماندووتر دێتە گوێم..

چریکەیەک نەرمتر لە هەڵوەرینی باڵەکانی لەودیو پەنجەرەکەمەوە

بەدەوری ماڵەکەمدا دەخولێتەوە و دەچریکێنێ

هەروەک بڵێی نێرەکەی ون کردبێ..!

شەو تاریک و.. ڕێ نادیار و.. سەفەر وێڵ و..

هەوا سارد و..

هێلانەی دڕماویش چۆڵتر..

لە ماڵی من خامۆشتر.. (حەسەن، ٢٠١٥: ٢٠٩- ٢١٠)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ لەم دەقەدا، ئەوەی پەیوەستە بە ئاسۆی چاوەڕوانی و لۆژیکی پرس و وەڵام بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکە، ئەوەیە کە شاعیر باسی ژنێکی عاشق دەکات لە چاوەڕوانی خۆشەویستەکەیدا، ئەو پرسەی کە دەکرێت و وەڵامەکەی لە ناو دەقەکەدا دەدرێتەوە ئەوەیە شاعیر لە دەقەکەدا بە وەسف ڕووتبوونەوەیەکی هەستیی ژنەکەی خستووەتەڕوو، کە بێباکە لە لۆمەی خەڵک و دراوسێ و ئەوەی هەستی پێدەکات بێپەردە دەیخاتەڕوو.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ ئەو بۆشاییەی لە دەقەکەدا بەدیدەکرێت، نادیاری هەستی پیاوە مەعشوقەکەیەتی، کە نازانرێت و لە دەقەکەدا دیارینەکراوە ئایا ژنێک بەم شێوەیە جەستە و دەروونی تینووی پیاوێک بێت، پیاوەکە کاردانەوەی چییە؟ تۆ بڵێی پیاوێکی ژندار بێت و ڕاگوزەر بۆ چێژێکی کاتیی ئەمی ویستبێت؟ ئایا وەک ئەم سووتاوی عەشقەکەیە؟ سەرەڕای بەکارهێنانی خاڵبەندی و دانانی خاڵ، کە وەک چاوەڕوانی و وەرگرتنی وەڵام لە زۆربەی دێڕەکاندا بەکارهاتووە.

## بەشی سێیەم

### تەوەری دووەم: شێرکۆ بێکەس

### ٣_٢_١ کتێبی ملوانکە

(شێرکۆ) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە پشکی شێری داوە بەو بوارەی کە ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، کتێبێکی دەقی والای (٢٦٠) لاپەڕەیی لەسەر زاری ژنەوە نووسیوە، لەناو ئەم دەقە والایەدا تەنها چەند پارچەیەکی دیار وەردەگرین بۆ توێژینەوە. ((بەوەی شێرکۆ یەکێک لە ناوە هەرە گەورەکانی شیعری کوردییە و بەرهەمەکانی خوێنەرێکی زۆری هەیە و نووسین لەسەر بەرهەمە تازەکانی کارێکی ئاسایی بووە، بەڵام لە بەدبەختی ئەم پیاوەدا، چۆن دۆزەخی قاندراوی ژنانی کورد کاتێک وەک تایتڵی رۆژنامەیەک باسیلێوەدەکرێت و هیچ دەنگێک دروستناکات، بە هەمان شێوەش ئەم بەرهەمەی شێرکۆ، وەک دەنگی پاڵەوانەکانی ناو کتێبەکە، بە فەرامۆشی دەسپێردرێت و جەدەلێک لەسەری دروست نابێت))https://dengekan.info/archives/17002

لە بەرهەمی ئەدەبیدا، ناونیشان ئەو دەرگا بەکلۆمەیە کە خوێنەر لێوەی دەچێتە ژوورەوە و کون و قوژبنەکانی بەرهەمەکە هەڵدەهێنجێنێت و تاوتوێیان دەکات و ئاسۆکانی پێشبینییەکانی لێوە بنیات دەنێت، ((یەکەمین نامەی بەکۆدە، کە لە رێگەیەوە خوێنەر ئاسۆیەک بنیات دەنێت بۆ دەقەکە؛ پێدەچێت نووسەر یەکەمین شت ناونیشان دابنێت و لەوانەشە کۆتا شت ناونیشان بنووسێت.)) (زین، ٢٠٠٤–٢٠٠٥: ١٠٤) ((ملوانکە بە مانا باوەکەی هێمای دەوڵەمەندی و سەروەتداری و شتی توحفە گرانبەها دێت، بە مانایەکی تر هێمای پێوەندبوون و بەستنەوە دێت، بەڵام هێمای ناونیشان لەم دەقەدا ئاشکرا و بەرچاوڕوونییەکمان پێ دەدات سەبارەت بە ناوەڕۆک و تێمای دەقە والاکە، کە هێمای ئافرەت و دۆزی ژنان و جوانییە.)) (حسێن، ٢٠٢٢: ٩٨)

ناونیشانی ئەم بەرهەمە تاکە وشەیەکە، شاعیر یەکێک لە ئامرازەکانی جوانکاری ئافرەتانی کردووە بە ناونیشانی هەموو کتێبەکە، پیاوان بۆ کەرەستەی ڕازێنەرەوە هەندێجار زنجیر دەکەنە ملیان، زۆربەی جاران دەوترێت: کوڕەکە زنجیرێکی لە ملدایە. زۆر کەم وشەی ملوانکە بۆ پیاو بەکاربهێنرێت شێرکۆ (ملوانکە)ی هەڵبژاردووە چونکە وشەکە لای ئەو و لە باکگراوندی ئەپستیمەی میللەتەکەیدا مێینەیە. (ملوانکە) لە مورووی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگی گەشاوە و تێر دروست دەکرێت بۆ گەردنی ژنان،

(ملوانکە) ڕازێنەرەوەی گەردن و بەرۆکی ژنە، ئەو بەشەی کە ملوانکەی پێوەدەکرێت ملە، مل لەشدا سەر و جەستەی پێکەوە نووساندووە، پردی پێوەندی نێوان دڵ و مێشکە، (مل) ئەو جێگەیەی کە دەپەڕێنرێت بۆیە دڵ و مێشک پەیوەندییان نەمێنێ، (شێرکۆ) لە ناو هەموو بابەتەکانی تری جوانکاریدا بێ مەبەست ملوانکەی نەکردووە بە پاڵەوانی دەقەکەی، (شێرکۆ) بازن و مستیلە و خرخاڵ و گۆشوارەی هەڵنەبژاردووە بۆ ناونیشانی دەقەکەی، بەڵکو (ملوانکە)ی هەڵبژاردووە چونکە گرنگی شوێنی ملوانکەی هەست پێکردووە، هەرچی پەلەکان و ئەندامەکانی دیکەیە، کە جوان دەکرێن و دەڕازێنرێنەوە ئەوەندەی مل سەرەکی و گرنگ نین، کەواتە ملوانکەش گرنگە چونکە لە مل دەکرێت، ملوانکەش زنجیرێکی زێڕ یان زیو نییە؛ بەڵکو مورووە، مورو ڕازێنەرەوەی ژنان و کچانە، کەرەستەی دروستکردنی ملوانکە و یاریی مورموورێنی کچانە.

یەکەم دێڕ لە دەقەکە (وەختێ کۆتایی ئەبێتە سەرەتا) دواتر دانانی هێمایەکی خاڵبەندی کە وەک کۆتایی کۆپلەیەک بێت لە شیعردا، دێڕەکە خۆی بۆ خۆی کۆپلەیەکی سەربەخۆیە، چونکە خۆی لە ناو خۆیدا مانایەکی هەڵگرتووە، ئەو هێمایەی کە دانراوە نیشانەی ئەو سەرەتای کۆتاییەیە کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، واتا لە کۆتایی کردەوەیەکەوە سەرەتای چیرۆکێک دەستی پێکردووە.

وەختێ کۆتایی دەبێتە سەرەتا

*

بەر لەوەی دەنگ وەکوو

شەپۆلی سەر لمی بەستێنێ

دابچێ و بمرێت و بەرلەوەی

ڕەنگیشم چون پەلکی زەردەیەک

لە نێوان دوو بەردی

خۆرئاوای کێوێکدا

گیانبدا و هەڵوەرێ.. (بێکەس، ٢٠٠٧: ٧– ٨)

(داچوون، مردن، گیاندان، هەڵوەرین) هەموو ئەم کارانە لە کۆپلەی یەکەمی دەقەکەدا ئاماژەن بۆ لەناوچوون، لەناوچوون و کۆتایی هاتن بە بوونێک، بە گیانلەبەرێک، بە ژیانێک و هەموویان کاری نەرێنین و ژیان ستێنەرەوەن، لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا قسەکەرەکە بێ لایەنە و خوێنەر ڕادەکێشێت و کونجکۆڵ دەبێت بۆ زانینی قسەکەرەکە و دەپرسێت دەبێ کێ بێت؟ بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە بیری بۆ ئەوە بچێت لە ئاسۆی بیری خۆیدا قسەکەر بنیات بنێت، بە پێی ئەپستیمەی کۆمەڵگاکەی کە تێیدا دەژی بۆ ئەوە دەچێت ڕەنگە قسەکەر کەسێکی غەدرلێکراو بێت، یان نزیکتر ڕەنگە ژنێک بێت، ئەم گێژاوی بیرانە بەردەوامی بە خوێنەر دەدات و تا دەگاتە وشەی (قریشکەم) لە کۆپلەی دووەمدا و وردتر وشەی (مێینەم) خوێنەر دڵنیا دەکاتەوە کە قسەکەر ژنە.

بەرلەوەی چیرۆکم ببێتە تابووت و

بەرلەوەی وەک تۆزی دوای غاری

ئەسپێکی ناو دەشتی ئەفسانە

یان کەفە ژیلکەیەک لە ئاوی ترساودا

یان پەڕێک باگڕۆ ببیات و

لە چاوان ون ببێ..

پێش ئەوەی بزر بوون بمکوژێ و

بە سەراب داپۆشێ

دەفتەرم چاوەڕێی گەرداوی زمانە

لەوشەو ڕستەمدا هەڵبکاو، چاوەڕێم

فوارەیەک لەئاوی کوژراوی حیکایەت

بە بەرزیی **قریشکەم**

لە شەوی مانادا

هەڵچێت و سەرتاپای دیرۆکم

بەو ئاوە ڕەنگبکا

درەنگە و درەنگەو ئەمەوێ

"با"ی قسەی گیرخواردووی **مێیینەم**

ڕاچڵەکێ و هەڵکات و (بێکەس، ٢٠٠٧: ٨- ٩)

لە دوای ئەم دێڕانەوە خوێنەر بە تەواوی لەوە دڵنیا دەبێت کە ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەی هەیبوو هاتووەتە دی و چیتر بۆ کلیلە وشەی تر ناگەڕێت تاوەکو بۆی بخاتەڕوو کە ئایا قسەکەر کێیە. لە دێڕەکانی دواتردا زۆرترین ئاماژە دەدات بۆ ئەوەی ناسنامەی قسەکەر بە خوێنەر بناسێنێت بە هێنانی وشەکانی وەک (کچی حەقیقەت، ژنە چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ، کڵپەی پرچ، کڵپەی مەمک) دیسانەوە ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ پێشبینییەکانی خوێنەردا یەک دەگرنەوە کە شاعیر ئەم وشە مێیینانە دەکات بە گژی کۆمەڵێک وشەی نێرسالارانەدا، چونکە پێشبینییەکانی خوێنەر لە پێشینەیەکی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە کە تیایدا نێر باڵادەستە و مێ ژێردەستە و کوژراو، ئەمە جگە لەوەی کە خوێنەر لەو خوێنەرانە بێت کە ئاگاداری بیروبۆچوونی شاعیر بێت و بزانێت کە (شێرکۆ) جگە لە خۆی، هەردەم دەنگە مێینەکەی ناخی دەنگێکی بە هاوار و قیژە بووە لە پێناو ئەوەی ژن لە کوشتن و چەوساندنەوە ڕزگاربکات و دەربڕی هەموو دەنگە خەفەکراو و خنکێنراوەکان بووە.

بێدەربەست چون کچی حەقیقەت

چون ژنە چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ

بە کڵپەی پرچەوە

بە کڵپەی مەمکەوە

بڕوات و گوێ بە گوێی نەهێنی بگەڕێ و

لەوپەڕی ترسەوە هەتاوەکوو ئەوپەڕی زەلیلی

بێدەنگیی وڵاتێ بە هاوار تەیکات و

له **قاپی قانون** و **زوڵمەت** و، له **قاپی نێرینەی**

ئەم دنیاو ئەو دنیاو له دەرگای

بەهەشتیان بدات و بۆ ساتێک نەسرەوێ.. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠)

لین ئولمان له ڕۆمانی (بێقەراران)دا که بیوگرافیەکەی شەخسییە سەبارەت بە باوکی خۆی (ئینگمار بێریمان)، له پاساژێکی تایبەتیدا ئاماژەیەکی سەیر بە عادەتێکی ئەم گەورە دەرهێنەرە جیهانییە دەدات کە ناوهێنانی جێی سەرنجە، له پەیوەند بە خوێندنەوەی شێرکۆ بۆ چەمکەکانی نێرێتی و مێیەتی له قەسیدەی (کتێبی ملوانکە)دا. ئومان دەنووسێ: باوکم له هەفتەیەکدا چەند خولەکێکی دادەنا بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی دی. ئەمە نەک بە مانای ڕۆچوونە ناو ناخی خۆوە بۆ ئەوەی بزانێ فلانە ڕۆڵی سینەمای چۆن دەکرێ نمایشبکرێت و چ شتێک له کاراکتەرێکی وەک کابرایەکی قەسابدا هەیە کە دەکرێ سەرنجی بدرێتێ، بەڵکو لەو گۆشەنیگایەوەی کە ئەگەر ئەو بۆ ماوەیەکی کورتیش کەسێکی دیکە بێت، چۆن هەست بە ژاین دەکرێت. بە کورتییەکەی: ئەگەر بۆ ساتێکیش ئینسان چاوەکانی دابخات و پێی وابێت بۆ ماوەی چارەکێک تۆ منداڵێکی دەستگێڕی سەر شەقامی شارێکیت، تۆ هەست بەچی دەکەیت. بە بڕوای من ئەم عادەتە هەفتانەییەی (بێریمان) لووتکەی ئینسانی بوونی کەسێک نیشاندەدات بۆ ئەوەی له چاوی کەسێکی دیکەوە سەرنج له ژیان بدات. نیگایەک کە هەموومان پێویستمانە تا له بەر نیگاکانی (ئەوی دی)دا کە ڕووبەڕوو لەبەرچاودا نییە، بتوانیت سەرنج له خۆت بدەیت، هەست بەوە بکەیت کە ئەوی دی هەستی پێدەکات. ئەم لێکۆڵەرە پارچەیەک له دەقەکەی ملوانکەی هێناوە و ئەم بۆچوونەی نووسیوە و دەنووسێت: ((زیاتر وەک دەنگی مێینەی ناو کەسی خودی شێرکۆ دێتە دەر و شێرکۆ لەم شاکارە جوانەیدا ڕێک ئەو کارە دەکات کە (ئینگمار بێریمان) هەفتانە خەریکی بوو.)) https://dengekan.info/archives/17002

له دەقەکەدا، کە بە شیعر نووسراوە ناوی ناونیشانەکە واتا (ملوانکە) نەهاتووە، شاعیر تەنها وەک چیرۆکخوانێک له بەشە پەخشانەکەی چیرۆکەکەدا، ئەو دەنگەمان پێ دەناسێنێت و دەڵێت: ((ئەوەی گوێتان لێبوو، دەنگی سپی ملوانکەیەکی زەیتوونیی عاشق بوو...)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠)

کۆتایی ژیانی ئەم ملوانکە عاشقە سەرەتای هاواری ناکۆتای ملوانکەکانی تر و سەرەتای گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی چەوساوەی ئەوانە لەگەڵ دەسەڵاتی نێرسالارانەی کۆمەڵگا و دیندا. (شێرکۆ) لەم دەقە پەخشانەیدا ناوی ملوانکەکە دەهێنێت کە کردوویەتی بە ناونیشان بۆ کتێبەکەی و وردە وردە

ئەوە لە خوێنەرەکانی دەگەیەنێت کە ملوانکە هی ژنە، ملوانکە خودی ژن خۆیەتی، ملوانکە مێیە، ملوانکە وەک ژن بە پەتەکەی خۆی دەخنکێنرێت ئەگەر عاشق بێت، وەک چۆن بە لەچکەکەی دەخنکێنرێت وەک چۆن بە ملوانکەکەی دەخنکێنرێت، واتا وا دەکەن مێیەک مێیەکی دیکە بکوژێت بێ ئەوەی نێرەکان ئامرازی تری کوشتن بەکار بهێنن. چیرۆکخوان دەڵێت: ((هەر بە خوێنەکەی خۆیشی و بە گەورەیی لە ئاسماندا دوو بست لە خوار خواوە نووسییان: "شەرەف ئا شەرەف!" )) (بێکەس، ٢٠٠٧: ١١)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

ئەی پرچی مێینەم!

لە غەدری گشت دنیای

جیهانی نێرینەش

گەورەتر ئەوەیە:

تۆ بۆ خۆت

هەر بەخۆت

ئەڵقەبی، بۆ ملی فڕینت و

تۆ بۆ خۆت ڕازیبیت

ببیتە قەنارەی

ڕووناکی وگەردنت! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٥٧– ١٥٨)

**دەربڕینە مێینەکان**

کتێبی ملوانکە دەنگی ژنە، شێرکۆ لە تێکەڵبوونی بە جیهانی مێینە زۆرێک دەربڕین و زاراوەی ژنانەی بەکارهێناوە لە زاری کەسێتییەکانی دەقە واڵاکەیەوە، لەناو دەنگەکاندا، دەنگی ژنێکی یاخی، سۆزانی، کوژراو، سەر تەنوور، بە قسەوباس، خەفەکراو، عاشق، دەبیسترێت؛ هەڵبەت لەم دەنگانەدا بە پێی بارودۆخەکە دەربڕینەکان هەستوسۆزی کارەکتەرەکان دەخەنەڕوو:

فوارەیەک لە ئاوی کوژراوی حیکایەت

بە بەرزیی **قریشکەم**

لە شەوی مانادا

هەڵچێت و سەرتاپای دیرۆکم

بەو ئاوە ڕەنگبکا (بێکەس، ٢٠٠٧: ٩)

ئەمە دەنگی (ملوانکەیەکی سپی عاشق)ە کە کوژراوە، (قریشکەی) بەرزدەبێتەوە و هەڵدەچێت و دیرۆکی ڕەنگدەکات، (قریشکە) دەنگی ژنە، هاوار نییە، نەڕە نییە بەڵکو قریشکەیە.

کاتێ ملوانکە پاڵەوانەکە دەکەوێتە قسە:

ملوانکەم و لە توخمی مێم

لەشم شین و چاوم سەوزە.

خەڵکی زەریام

**لە دایکەوە بە بنەچە**

ئەچینەوە سەر خەونەکانی "مەرجان" و

........... (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٧- ١٨)

ئەم کۆپلەیە زۆر ژنانە گوتراوە، خوینەر ئەوەی دێتە بەرچاو ئەسڵزادەکانی سلێمانی بە سەروبەستی ژنانە و ڕەسەنی سلێمانی و لەچکی سپی شۆڕبووەوە بە لاجانگیاندا دانیشتوون و لە تازێی کەسێکی ناسراوی شاردا دانیشتوون ئەم قسەو باسە دەکەن و خۆیان دەبەنەوە سەر ئەسڵ و فەسڵیان.

شێرکۆ لە زاری ملوانکەکەوە باسی (بۆینباخێکی سورفلی درێژ) دەکات، کە دیارە نێرە و تالیق و قسەی نەشیاو بە ملوانکە و کەرەستە مێینەکانی دی دەڵێت، ملوانکەش لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارەیدا دەربڕینی هەیە:

**((ئا لەو باڵکۆنەی بەرامبەر، بۆینباخێکی ســــورفلی درێژ ئەژی، هەموو جارێ شــــووشــــە بەندی بەردەمی خۆی ئەکاتەوەو، بە دەنگی بەرز، پیادەڕەوی سەر شەقامیش گوێیان لێیە، ئەکەوێتە تالیق لێدان، قســـەکانی پیس و پۆخڵ، جگە لەوەش ناو بەناوێ، هاوار ئەکا، "مێ بۆ بێدەنگی و مووبەق و نـاو پێخەف و هیچی ترنـا". وایلێکردووین، هەر ئەوە نییە لە داخـا، خۆمـان نەپچڕێنینەوەو دەنـک دەنک سەرهەڵنەگرین.))** (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٥)

بە دەستپێکردنی پارچەکە بە (ئا) خوێنەر لەوە دەگات کە مێیەک دەدوێت، کۆتا دێڕیش زۆر زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێ قسەکەرە، شێرکۆ وەها چووەتە قاڵبی ژنێکەوە کە وەک ئەوان دەدوێت، و بیردەکاتەوە. هەروەها دەڵێت:

**((لە ڕەفەی دەســـتە چەپیشـــدا، موکێشـــێکی پیـــاوانەی ســـەر زل و قـــاچ خـــوار. بەم ڕۆژگـــارە هەر بە منەوە گرتوێتی. کە ئەمبینێ ئەکەوێتە سمێڵ بادان.))** (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٦)

دەستەواژەی (بەم ڕۆژگارە هەر بە منەوە گرتوێتی) دەربڕینێکی بە گلەییانەی زۆر ناسکی مێینەیە، تێکەڵ بە نارەزایی و بەدڵنەبوونی کەسی بەرامبەر و لەگەڵیشیدا عیشوە و ناز.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا کەسی قسەکەر سێ ڕۆڵی ئاڵوگۆڕ کردووە، لە کاتێکدا کە (شێرکۆ) قسەکەرە، ڕۆڵی داوە بە ملوانکە، ملوانکەش ڕۆڵەکەی دەدات بە ژنە پەیکەرێک، واتە ڕۆڵەکە سێ جار دەستاودەستی کردووە؛

((گەیشتینە بەردەم کۆگای گوڵە مێلاقەی جارانم هەناسەیەکم بۆ یادگارەکان هەڵکێشا. بەرەو خوارتر چووینە بەردەمی ئەو ژنە پەیکەرەی کە زنجیری مەچەکی ئەپچڕێنێ و باڵ لێکئەدا بەرەو ئاسمان.

باڵ لێکدە با لەشی یاخیت

ببێ بە باڵندەی دەم "با"

بە باسکی خواو

باوەش بکا بە مەحاڵدا

باڵ لێکدە با هەوری یاخیت

بباریێ وەک شەستەی تووڕە

بەسەر زوڵم و بەسەر غەدرو

بەسەر سەر زەمینی پیاودا!

تۆ چیت هەیە لەدەستیدەی؟! جگە لە قیژەی ئەشکەنجەو

جگە لە پۆشاکی برین!. تۆ چیت هەیە بیدۆڕێنی؟!

جگە لە پووشووی بێبەشی و گەڵاکانی وەرزی

وەرین. تۆ چیت هەیە لە کیست چێ؟! جگە لە

مورووی ئەسرین و لە پارچە ئاوێنەی خەم و جگە لە

هەندێ کراسی غەمگین غەمگین!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ٦٥– ٦٦)

ئەم پارچەیە وەک مارشێکی لێهاتووە بە هۆی هەبوونی سەروای ناوەوە، مارشێکە کە پەیکەرێک دەیڵێتەوە کە پەیکەری یاخیبوونی مێیە لە هەموو ستەمێک کە لە مێینەبوونی دەکرێت، بە جۆرێک بێمنەتە لە ژیان و هیچ نییە لە دەستی بدات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە ئاییندەدا. کە کۆتایی کۆپلەکە دەڵێت: ((بچۆرە سەر شانی ڕووناکی و ئایندە هەڵگرە و بیهێنە بۆلامان)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ٦٨)، پارچەکە بە دانانی هەندێ وشەی سەروادار بووەتە مارشێک (برین، وەرین، ئەسرین، غەمگین)، جگە لەوەی وێنەی جوان و نەبیستراو بەکار هاتووە، (قیژەی ئەشکەنجە، پۆشاکی برین، مورووی ئەسرین، پارچە ئاوێنەی خەم، کراسی غەمگین غەمگین)

دوو ملوانکە؛ کە یەکێکیان پاڵەوانەکەیە و ئەوی دیکەیان لە ملی هاوڕێیەکی (مامۆستا ئەرخەوان)دایە، وەک دوو ژنی ئاستبەرز دەکەونە گفتوگۆ، ئاستی ڕۆشنبیری دوو ژن دەردەخەن کە بەدەنگ و سەربەرزن و ژێردەستەیی و کۆیلەیەتیان قبوڵ نییە، وەک دوو دەنگی یاخی دژ بەوەی بەرامبەر ژن دەکرێت و بێباک لە ئەنجامی قبوڵنەکردنی ژێردەستی، هەروەها وەک دوو ژنی بەئاگا و خوێنەر دەدوێن، ئەوەی جێی سەرنجە ئاماژە پێکردنی (شێرزاد حەسەن)ە لەناو کتێبی ملوانکەدا، ئاماژە بە (گەڕەکی داهۆڵەکان) دەکات وەک کۆتا کتێب کە خوێندبێتییەوە، وەک (پیاوی شوشەعەتر) ناوی دەهێنێت، کە جیاواز لە پیاوەکانی دیکە بە قسە و بە کردەوە، هەمیشە بە بەرهەم و وتەکانی لەبەرەی مێ بووە و هەمیشە وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی لە چەوتی و ناڕێکییەکانی کۆمەڵگاکەی گرتووە و دەنگێک بووە بۆ هاوار و قیژە کۆکراوەکان.

(شێرکۆ بێکەس) بە دەربڕینی دوو ژن کە لە قسە تێر ناخۆن و هێشتا دوای خواحافیزیش هەگبەی باسیان بەتاڵ نەبووە لە زاری ئەو دوو ژنەملوانکەیەوە دەکەوێتە گفتوگۆ؛ سەرلەبەری گفتوگۆکە ژنانەیە بەڵام کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بەو ڕیتم وهەڵسوکەوتە مێینەیە دەکات کە لە گفتوگۆکەدایە، نووسەر سەرەڕای ئەوەی هەردوو ملوانکە بە دوو ژنی بەئاگا و خوینەر نیشان دەدات بەڵام هێشتا بەرگە مێینەکەی لە شێوازی گفتوگۆکەدا لێدانەماڵیون و وەک دوو ژنی بەناز دەدوێن، لەو دەربڕینە مێینانەی لە پارچەکەدایە؛ (تۆ لەوانە بگەڕێ، برایەکم لێم بووە بە مڵۆزم، ئاخر پیاوی شووشە عەتری وایش هەیە، خوا حافیز)

- **تۆ لەوانە بگەڕێ!. کەواتە ئێستە ئازادیت؟**
- **تا ڕادەیەک. بەڵام ئێستە برایەکم لێمبووە بە مڵۆزم.ئیسپانەیەکی فیتەرە. بەردەوام تاقیبم ئەکات، ئەچم بۆ کوێ و ناچم بۆ کوێ؟!. پێم ئەڵێ: ملوانکەی بێوەژن خەتەرە!. ئەبێ هەمیشە چاومان لەسەریان بێ. نەبادا هەڵەیەک بکەن و ئابڕوومان بەرن!.**
- **ئەی لەگەڵ خوێندنەوەدا چۆنی؟! ببوورە ئەمەوێ بزانم دوا کتێب کە خوێندووتەوە چی بوو؟!**
- **"گەڕەکی داهۆڵەکان"ی "شێرزاد حەسەن" ئاخر پیاوی شووشە عەتری واش هەیە!.**
- **بەداخەوە من نەمخوێندۆتەوە.**
- **ببوورە، وا خانمەکەم جولا ئەبێ بڕۆین. خوا حافیز!**
- **خوات لەگەڵ، تکایە ئەگەر بە (با) و مانگەشەوو باڵداریشدا ناردووتە ئەو کتێبە بنێرە!.**

(بێکەس،٢٠٠٧: ٧٣- ٧٤)

شێرکۆ بێکەس بەوە ناسراوە؛ لە شیعرەکانیدا پێشبینی داهاتوو دەکات، دەقی ملوانکە لە کۆتاییەوە لەو کودەتایەی، کە بەسەر دەسەڵاتی نێرسالاریدا دەیکات، پێشبینییەکە لە ٢٠٠٧دا کراوە بۆ ئەو ڕەوشەی، لە ئێستادا، کە ٢٠٢٢ە، لە ڕۆژهەڵات بەڕێوەدەچێت، لەو شۆڕشەدا ژنان بە هەموو چین و توێژەکانەوە شانبەشانی پیاوان لە ژێر دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی)دا، ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و داوای ئازادی دەکەن، کە لە کوشتنی (ژینا ئەمینی)یەوە پریشکی ئاگرەکە گشت نەتەوەکانی ئێرانی گرتووەتەوە دژ بە دەسەڵاتە سەرکوتکارانەکەی ئەو ڕژێمە.

شێرکۆ بێکەس لە کۆتایی دەقەکەیدا شۆڕشێک بەرپا دەکات، شۆڕش و بەرخۆدان و ئاپۆڕابەستنی ملوانکەکان، بە ملوانکەی سفور و لەچکبەسەر و خوێندەوار و نیمچەخوێندەوار و بریندار و بێوەژن

و... بەردەوام دەبێت لە گۆکردن بە زاری ژنەوە  وەک پاڵەوانی دەقە والاکەی و بە زاری ئەوانی دیکەوە وەک کارەکتەری لاوەکی، بەردەوامدەبێت لە خستنەڕووی نەهامەتییەکان کە بەسەر ژنی کورددا هاتووە بە دەستی بێگانە و بەدەستی خودی کورد خۆشی، بەردەوامدەبێت لە خستنەڕووی خەونی پەمەیی ژنانی کورد لە بەرپاکردنی جیهانێک کە دووربێ لە کۆتوپێوەند و چەوساندنەوەی ژنان و دووربێت لە دەسەڵاتی خۆسەپێنی نێرسالارانە، و دەکەونە دانانی تیپێکی شانۆیی کە شانۆییەک پێشکەشدەکەن دەربارەی یاخیبوونی ژن لە دەسەڵاتی پیاوسالاری، ملوانکەکە ئەوەی دەربارەی کارەکتەرەکان باسیدەکات جێی سەرنجە، شێرکۆ بێکەس لە زاری ملوانکەکەوە دەڵێت: ((ئەوەی شایەنی باسە هەر هەندێ لە کچەکان خۆیان دەوری کوڕەکانیان ئەبینی چونکە لەو مەملەکەتەی ئەوانەدا نێرینەی تیانەبوو!.)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٤٠– ٢٤١)

لێرەدا شێرکۆ بێکەس بە شێوەیەک فێمینیستانە دەدوێت، کە دوو شت دێت بە بیردا؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم مێیانە زۆر بێباکانە لە نەبوونی نێر کاروباریان بەڕێدەکەن و دووەمیش ئەو بیرە پێچەوانەیە دەبەخشێت کە لە کۆندا و لەبەر نەنگی ئەکتەری مێ بوونی نەبووە، ئەکتەرە نێرەکان ڕۆڵی مێینەکانیان گێڕاوە، لای شێرکۆ سیستەم پێچەوانە ئەبێتەوە بە ڕقێکی ئەستوریشەوە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە لە کۆتایی ڕستەکەدا نیشانەی سەرسوڕمان دانراوە، لە کۆندا ڕەنگە مێ بە شایەنی ئەوە نەزانرابێت بێتە سەر تەختەی شانۆ و وەک نێرێک ڕۆڵ بگێڕێت، لای گروپی شانۆیی (مووڕووی نوێ) ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە و ڕاستەوخۆ دەڵێن کە بەڵێ؛ مێ ڕۆڵی نێرەکانیش دەگێڕێت.

ئەو (نا)یەی کە لە شانۆییەکەدا پێشکەشیدەکەن دژ بە دەسەڵاتی نێرسالاری لە واقیعدا ڕوودەدات و وا خەریکە (مامۆستا ئەرخەوان) جانتای دەپێچێتەوە و بە فلچەی ڕیشتاشین و جامانە و ستارخانی و پشتوێن و قامچی و پۆستاڵە نێرینەکانی ماڵ دەڵێت (نا) و لەگەڵیان بەشەڕ دێت و دەڕوات، شێرکۆ بێکەس ئەمە دەکات بە (سەرەتای کۆتایی) کۆتایی دەقەکەی (شێرکۆ بێکەس)، یاخود کۆتایی ژیانێکی نەویستراو و دەسپێکی ژیانێکی جیاواز، سەرەتای ژین بۆ پاڵەوانێکی مێ لە جیهانی نێرسالاراندا و دەڵێت:

"با" "نا"ی بردە ناو بێشەوە

درەختی مێی، نیوەی بێشە، پرچیان لەیەکتر گرێداو

وەکوو برینی سەر قەدیان

غەدری نێریان، هەموو نیشانی یەکترداو

پێکیشەوە پژوپۆیان هاواریانکرد:

تا ئەم وەرزەو ئیتر بەسە!

"با" "نا"ی بردە ناو بێشەوە

ئاژەڵی مێ و باڵندەی مێ ئازاریان لەیەک گرێداو

لەهێلانەو، ناو لانەوە، لەیەک وەختا

هاتنەدەرێ و، پۆل و ڕەوە، چوونە بەردەمی

"شا"ی نێرو، خودای نێرو

پێکیشەوە هاواریانکرد:

تا ئەم وەرزەو ئیتر بەسە!

❋

وەختێ سەرەتاش ئەبێ بە کۆتایی.

درەنگەو هەر ئەبێ

من جەستەم بە تەنها هی خۆم بێ

سەرچاوە هەر خۆم و ڕووباریش هەر خۆمبێ

من ڕۆحم بەردەوام

گۆرانیی سەر زاری قەسیدەی باڵدارو

یان ڕەنگی ئازادی بێ پەروای ناو تابلۆو

یان پەردەی کراوەی

هەمیشەی شانۆبێ..

درەنگەو زۆر درەنگ.. زۆر زۆر زۆر

زۆر زۆر.. زۆر.. درەنگە!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٥٨- ٢٥٩- ٢٦٠)

## ٣_٢_٢ سیمیۆلۆژی لە کتێبی ملوانکەدا

سیمیۆلۆژیا یان سیمیۆتیک وەک کایەیەک لە ئەدەبدا، بەکارهێنانی هێما و نیشانە و ئاماژە دەگرێتەوە، کە زۆربەی جار لە شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا بۆ شاردنەوەی مەبەست یاخود بۆ مەبەستی چێژ نووسەر پەنای بۆ دەبات، ((سمیۆلۆژی: semiology لە یۆ. Semeion ، نیشان، ئاماژە) ئاماژەگەری، نیشانەناسی، زانستێکی گشتییە سەبارەت بە سیستمی (ئاماژە) یان نیشانەکانە.)) ( چوارتایی، ٢٠١٩: ٩٢١- ٩٢٢) سیمیۆلۆژی ((زانستێکە بنچینەی چەمکەکانی و ڕێگاکانی شیکارکردنی، لە زانستی زمان و فەلسەفە و مەنتیک و شیکاری دەروونیی و ئەنسرۆپۆلۆژییەوە وەردەگرێت.)) (عبابسة/ العیفاوي، ٢٠١٧-٢٠١٨: ٩) ڕەنگبێت پێناسەکەی سۆسۆر کە، بۆ سیمیۆلۆژیا کردوویەتی زۆر گونجاو بێت بۆ ئەم دەقەی (شێرکۆ بێکەس) کە دەڵێت: ((بریتییە لە زانستێک کە لە ژیانی نیشانە (ئاماژە)گەری دەکۆڵێتەوە لەو ژیانە کۆمەڵایەتییەدا)) (چوارتایی، ٢٠١٩: ٩٢٢) سۆسۆر زانستەکە دەبەستێتەوە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کە دەقی ملوانکەش پڕاوپڕ دەقێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەدوێت و کۆمەڵگەش بەش بە حاڵی خۆی لەو ئاماژە و نیشانانە تێدەگات کە شاعیر بەکاریهێناوە. دەقی والای کتێبی ملوانکە هەر لە ناونیشانەکەوە وەکو لە پێشەوە ئاماژەی پێکراوە، وشەی ملوانکە هەڵبژاردنێکی بە مەبەست کراوە بە ناونیشانی دەقەکە، ئەگەر بە هەموو دەقەکەدا ڕاگوزەر بکەین بەحوکمی ئەوەی دەقەکە بۆ ژن نووسراوە کە (شێرکۆ بێکەس) خۆی ئاماژە بەمە دەکات (("ملوانکە" نوێترین تێکستی درێژی منە. کتێبی ژنە. کتێبی ئەو دنیا خۆڵەمێشی و بەژەنگ و ژارو پڕ لە زریکە هاوار هاوارەی ئەوانە، چ لەم وڵاتەدا و چ لە ڕۆژهەڵاتی تاریکی ئیسلامیدا.)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ٥- ٦) شاعیر زۆربەی زۆری کارەکتەرەکانی دەقەکەی سیمیۆلۆژیانە هەڵدەبژێرێت و سەکەوتووانە ئەم کارەی ئەنجامداوە، ئەگەر ڕۆژێک بێت و سینەمای کوردی لە ڕووی تەکنیکەوە پێشبکەوێت دەقی ملوانکە جوانترین بەرهەمی ئەنیمەیشنی لێدروستدەکرێت چونکە شاعیر جگە لە (مامۆستا ئەخەوان) و چەند کارەکتەرێکی کەمی تر، هەموو کارەکتەرەکەی ناو دەقەکەی کردووە بە شتی بێگیان و دەدوێن بەڵام

ڕەگەزیشی داونەتێ، کارەکتەرەکانی وەکو موکێش و تەزبیح و جامانە و سەبیل و خەنجەر و گۆرەوی و پوزەوانە نێرن و بەرگی دەسەڵاتداری و سەرکوتکردنی نێرانەیان لە دەقەکەدا پێبەخشراوە، و کارەکتەری وەک سوراوی سور و گوارە و قەڵەمی چاووبرۆ و ماسکارا و بازن لە توخمی مێن، هەموو بوونەتە ڕۆحلەبەر و دەدوێن.

شاعیر ملوانکەیەکی لەش شینی چاو سەوز دەکاتە پاڵەوانی دەقەکەی، ملوانکە لە بەردە بەنرخەکانی ناو زەریایە، زەریا بە ڕواڵەت شینە چونکە ئاوێنەی ئاسمانە، هەم ئاسمان و هەم زەریا بەرفراوان و ڕەهان، ملوانکە شینەکەش ئازادی و ڕەهایی ناو زەریا باسدەکات، باسی یەکسانی ناو زەریا دەکات کە جیاوازی نێوان نێر و مێ نییە، شینی زەریا بەخشراوە بە ملوانکە پاڵەوانەکە، چاوەکانیشی سەوزن، وەک زانستی بایۆلۆجی سەلماندوویەتی بۆهێڵی هەموو ڕەنگی چاوەکان دەچنەوە سەر قاوەیی تەنها چاوی سەوز نەبێ بۆهێڵی تایبەتی بەزیوی خۆی هەیە کەواتە چاوسەوزێتییەکەی بە ڕێکەوت هەڵنەبژێرراوە لەلایەن شاعیرەوە.

ملوانکەم و لە توخمی مێم

لەشم شین و چاوم سەوزە

خەڵکی زەریام (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٧)

هەروەها هەڵبژاردنی ناوی گوڵە (مێلاقە) بۆ ئەو دوکانەی کە ملوانکەکەی لێدادەنرێت بۆ فرۆشتن، لەناو هەموو ئەو گوڵانەدا کە هەن، بە مەبەست و ئاماژەیە، ڕەنگە شاعیر لەبەر هەبوونی وشەی (مێ) لەناو وشەکەدا ئەم گوڵەی کردووە بە ناوی دوکانەکە، هەرچەند پرسیارمان لەبارەی گوڵەکە و ئێتیمۆلۆژیای وشەکەوە کرد شتێکی وەها ڕوونمان بۆ ساغنەبووەوە جگە لەوەی ناوی گوڵەکە بە هەورامیش وشەی (مێ) تیایدا مەوجودە و پێی دەوترێت (گاوگۆراڵ) کە (گاو) لە هەورامیدا بە مانای (مێیەی مانگا) دێت. بەڵام دەتوانین ئەوە وەکو ڕایەک ئاماژە پێبکەین کە (مێلاقە) ڕەنگە لەوەوە هاتبێت کە ئەو گوڵە (لقێکی مێیە)و پێشتر (مێلقە) بووە و نموونەی گوڵێکی بەنازی مێ بووە کە لە جوانیدا وەک مێینەیەک سەیرکراوە.

لەو شارەدا

کۆگایەکی شووشەبەندی شین لە ڕەنگی

مێلاقەیەک، لەسەر شەقامێکی زەردباو

بوو بە یەکەم ژوورو ماڵم! (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢١)

لە شوێنێکیتردا ملوانکەکە دەڵێت: (( لەو وەختەوە هاتوومەتە ئەم شارەوەو ئەم مێلاقەی کۆگاشینە بۆتە ماڵم.)) (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٤)

هەروەها لە شوێنێکیتردا ملوانکەی ٢ دەڵێت:

بەختم نەبوو. کەوتمە شارێکەوە

کەوتمە دوکانێکەوە، ئەگەرچی ناوی مێلاقەیە،

بەڵام هەر هەموو نێرەکانی لاسارو دڕو

خۆپەرست، ئەوە گوێزانی ڕیش تاشینیان و

ئەوە قەڵەمبڕیان و ئەوە قایشی کەمەریان و

ئەوەیش هەڕەشەی مقەستی بەر سمێڵیان! (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٩– ٣٠)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ دەقی ملوانکە دەقێکی درێژە، لە خوێندنەوەیدا خوێنەر هەست بەوە دەکات کە ژن چەقی باسەکەیە و هەموو لقەباسەکانی تر لە خزمەتی ژندان، نووسەر لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئایینییەوە دەربارەی بەندیی ژن دواوە، پەیوەست بە یاخیبوونەکانی و دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی دواوە، بە بەکارهێنانی وێنەی شیعریی هونەری لە مافەکانی ژن دواوە، لەوە دواوە کە مایەی شەرمەزاری پیاو نییە ئەگەر ژن ئازاد بێت و خوێندەوار بێت، ئەوەی کە فایەق بێکەسی باوکی لە (نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە) خستویەتییەڕوو، شێرکۆ دەقێکی والای لێدرووستکردووە.

**مێژووی ئەدەب**؛ دەقی ملوانکە لەبەرئەوەی دەقێکی والآیە، لێکدانەوەی دوورودرێژ هەڵدەگرێت و لەبەرئەوە بە تێپەڕبوونی کات هەم لە ڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێت لێی بکۆڵرێتەوە، شێرکۆ بێ هێرشکردنەسەر تەواوی پیاوان، (کە لە هەندێ جێی دەقەکەدا دیارە هەندێک لە پیاوانی لا پەسەندە) داوای یەکسانی دەکات بۆ ژنان و چیتر لەژێر چەتری دین و کولتوردا ڕێ لە ئازادییەکانیان نەگیرێت. سەرەڕای ئەوەی پانزە ساڵ بەسەر نووسینی دەقەکەدا تێپەڕیوە بەڵام هێشتا لە ئێستا و داهاتووشدا هەڵدەگرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ڕەنگە لە پەنجا یان سەد ساڵی داهاتوودا وەک دەقێک سەیری بکرێت کە نامۆ بێت بە سەردەمەکە و تیایدا ئازادییەکانی ژن دەستەبەر بووبێت و چیتر بەناوی شەرەفەوە ژن نەکوژرێت و ئەم دەقە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بەکاربهێنرێت کە تیایدا داکۆکی لە مافەکانی ژن کراوە.

**خوێنەری ناوەوە**؛ یەکەم بیرۆکەیەک بە مێشکماندا هات دەربارەی خوێنەری ناوەوە ئەوە بوو کە بە پێی ئەوەی پێناسەکراوە لە تیۆری وەرگرتندا، ئەگەر شێرکۆ لە پێشەکییەکەدا ناوی دەقەکەی نەنایە دەقێکی والآ یان ئاوێتە، دەقێکی هاوشێوە کە دەچێتە بەردەم خوێنەر یان ڕەخنەگرێک دەبێ چۆنی ناوزەد بکات، شێرکۆ خۆی ئەوەندە ورد و بڕشت دەنووسێت خۆی بۆ خۆی ئەو خوینەرەی ناوەوەیە کە ناوی لە دەقەکەی خۆی ناوە، هەموو نووسەرێک کە ورد بنووسێت، جەمسەرەکانی ناوەوەی دەقەکەی خۆی لێکدەداتەوە و دەیهێنێت و دەیبات، ئەوە نووسەرە یەکەم خوێنەری بەرهەمی خۆیەتی و یەکەم ڕەخنەگری بەرهەمی خۆیەتی، ئەوە نووسەرە کە تا شیعرێکی لەدایکدەبێت، چەندین پەڕە دەدڕێنێت و چەندین خەون و زیندە خەون دەبینیت تاوەکو شیعرێکی لێدێتە بەرهەم.

**گەنجینەی دەق**؛ لە بەرهەمی شاعیرانی تر، لە شیعرە سادەکەی باوکیەوە (نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە)، لە بیرۆکە و خەونی خۆی، لەو هەستە ئازارەی کە وایلێکردووە بچێتە قاڵبی ملوانکە و ژنە کوژراوەکانی کوردستانەوە؛ دەکرێ هەوێنی ئەم بەرهەمەی بن، چونکە شیعر گوتن با هەبوونی بەهرە بێت، گینگڵ و ژینگەش ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە داڕشتنیدا.

**ڕوانگەی گەڕۆک**؛ کتێبی ملوانکە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا دنیایەکی جیاوازت پیشاندەدات، جارێک بە واقوڕماوی لە لەدایکبوونی مێمەرجانێک دەڕوانیت، جارێکی تر چاوچنۆکی و بێ ئەتەکێتی نێرەکان دەتوەستێنن، جارێک مێشکبەتاڵیی هەندیکی تریان، هەندێ جاریش بەدیار گۆرانییەکانی عەینەکە ڕەشەکەوە خەیاڵی عاشقانە دەتباتەوە، و جارانیش هەیە وامانلێدەکات هەڵسین و بچین چاوێک بە (گەڕەکی داهۆڵەکان)ی شێرزاد حەسەندا بگێڕین؛ کە ساڵانێک بەر لە ئێستا خوێندوومانتەوە و دیسان

دەیخوێنینەوە و بۆ ئەو هەستە دەگەڕێین، کە لە کوێدا شێرزاد بووەتە پیاوی شووشەعەتر و خوێندنەوەکانی جارەکانی تریش هێز و گوڕی ئازادبوونی مێینەمان پێدەبەخشن و ... .

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ لەڕووی فۆڕمەوە دەقەکە دەقێکی والآیە، ئەمەش وەهای لە دەقەکە کردووە، فرەڕەهەند بێت و لێکدانەوەی زۆر زیاتر هەڵبگرێت، لە سەرەتای دەقەکەدا شاعیر نیشانەی (*) داناوە لە دوای دێڕی یەکەمەوە، کە ڕاڤەی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت (وەختێ کۆتایی دەبێتە سەرەتا)، هەروەها لە کۆتایی دەقەکەشدا هەمان نیشانەی خاڵبەندی دانراوە (*) لە پێش ئەم دێڕەوە (وەختێ سەرەتاش ئەبێ بە کۆتایی) کە لە بەشەکانی پێشەوەدا لەمە دواوین، هەروەها دانانی دوو خاڵ (..) و بەکارهێنانی وشەی زۆر و چەندبارە بوونەوەی جگە لە پێدانی ئاوازە بە دێڕەکان، خوێنەر دەتوانێت درێژە و بەردەوامی بدات بە دێڕەکە هاوشێوەی وێنە هونەرییەکانی سەرەوە لە بەردەوام (سەربەخۆبوون). هەروەها ئاماژەی سەرسوڕمان وا لە خوێنەر دەکات تێڕامان بکات و خەیاڵ بکاتەوە و درێژە بە وێنە وڕووداوەکانی دەقەکە بدات، بەمەش دەقەکە دەوڵەمەندتر دەبێت و ڕاڤەی زیاتر بەدوای خۆیدا، ئەمە لەکاتێکدا لەڕووی ڕەخنەییەوە دەقێک واتای سادە و ڕوون و یەک واتا بێت، وەک ئەو دەقە دەوڵەمەند نییە، کە دەبێتە جێکەوت بۆ دەق و لێکدانەوەی داهاتوو و دوای خۆی.

## بەشی سێیەم

## تەوەری سێیەم

## ٣_٣ گۆران

گۆران وەک شاعیرێک کە هەتاوەکو ڕۆژگار تێپەڕێت بەرهەمەکانی قسەوباس هەڵدەگرن، لەم بوارەی ئێمە توێژینەوەی لێدەکەین کۆمەڵێک بەرهەمی هەیە، کە گۆران لەسەر زاری (مێ)وە نووسیونی، لەو بەرهەمانەدا (گۆران) لە بەرگی پیاوەتی و نێرێتی خۆی دەرچووە و چووەتە قاڵبی ژنەوە، ژنێکی عاشق، ژنێکی کوژراو، ژنێکی بەگلەیی لە ئازاری کۆمەڵگا، هەروەک چۆن (کاکەی فەلاح) کە هاوخەبات و هاوڕێی شیعریی گۆران بووە، لەبارەی ئەم جۆرە بەرهەمانەی گۆرانەوە دەدوێت: ((ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ((گۆران)) گوایە شاعیری ئافرەت و جوانی بووە، چونکە شاعیر، بۆ ئافرەت وەک مرۆڤێک نەچووە. بەڵکوو تەنها لە گۆشەی بایەخی جوانی پەرستی  ومەسەلەی جینسەوە تێی ڕوانیوە. ئافرەت ئەگەرچی نیوەی کۆمەڵیش زیاترن و گیروگرفتی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەر بەشێکن لە کۆمەڵ و... جا ئەگەر تێکڕا ئافرەت مەسەلەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، شاعیریش ئەو مەسەلەیەی گرتە ئەستۆ و لە پێناویدا تەقەلای داوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا، دەگونجێت پێی بوترێت شاعیری مەسەلەی ئافرەت)) (کاکەی فەلاح، ٢٠٢٠: ٤١– ٤٢)، ڕەنگە ئەوەی وای لە (گۆران) کردبێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت بتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

١. گۆران شاعیرێک بووە کە ڕۆحێکی مرۆڤانە لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، ئەو نووسەرەی، کە مرۆڤانە دەنووسێت و قەڵەمەکەی جیاوازی ڕەگەزی ناکات و جیاوازی نەتەوە و ڕەنگ و شێوە ناکات؛ هەڵبەت دەتوانێت هەڵگری ناسنامەی ژنانی وڵاتەکەی بێت.

٢. بە حوکمی ئەوەی (گۆران) بیری سیاسی چەپی هەبووە، کە ڕاوبۆچوونی ئەوانی وەرگرتووە و بۆتە پێڕەو و پرۆگرامی، ئەمە ڕەنگی لە بەرهەمەکانیدا داوەتەوە.

٣. (گۆران)ی عاشقی ئافرەت و سروشت، ئەم عەشقەی بۆ ژن وەهایکردووە بتوانێت لە بیرکردنەوە و ناخیان تێبگات، چ بەو شێوازەی بچێتە کارەکتەری ژنێکەوە و چ بەو شێوازەش وەک پیاوێک بیاندوێنێت و پەسنی جوانی و نازداری و تەنانەت ناخیشیان بکات.

### ١.گوڵی خوێناوی

گوڵی خوێناوی وەک بەرهەمێکی جوانی گۆران کە زۆر لێکۆڵینەوەی دەربارە کراوە و وەک دەوترێت ئیلهامی لە کورتەچیرۆکی (The nightingale and the rose)ی نووسەری ئێرلەندی (ئۆسکار وایڵد)ەوە وەرگرتووە، یەکێک لەو توێژەرانە پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف کەریمە کە دەڵێت: ((کە خوێندکاری دوکتۆرا بووم لە زانکۆی گلاسکۆ (١٩٨٢) پەیوەندیم کرد بە شاعیرێکی سکۆتلەندی و جیهانی (١٩٢٠- ٢٠١٠) Edwin Morgan زۆر ڕێزی لێگرتم، بوو بە هاوڕێم- جارێک ئەم شیعرەی گۆران م بۆ وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. دوای خوێندنەوە زۆر مات بوو. منیش وا هەستم کرد کەوەرگێڕانەکە جێگەی خۆی نەگرتبێت. بۆیە داوای لێبووردنم لێکرد کە وەرگێڕانەکە وەک پێویست نەبوو. لە وەڵامدا ووتی : "کێشە تۆ نیت، من و گۆران ین. گۆران منی لە ناخدا گریان، وایلێکردم وەک بایرۆن دەست بدەمە چەک. ئەم شاعیرە داهێنەرە، سوودی لە ئۆسکار وایەڵد بینیوە بەڵام زۆریش لادانی بەسەردا کردووە. هەر لادانێک داهێنانێکە. کە لە وایەڵدا ئەمەم نەدیووە"! ))
https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=19613

لە کاتێکدا ئۆسکار وایڵد مەبەستی لە نووسینی ئەم بەرهەمەی لە ژێر سێبەری ئەو بزوتنەوە ئیستاتیکییەدا بوو کە بانگەشەی هونەر لە پێناو هونەریان دەکرد و لە کۆتایی چیرۆکەکەشەوە ئەوە دەردەخات کە کوڕە خویندکارەکە لە ئەنجامی ئەوەی کچەکە ئەمی گۆڕیوەتەوە بە کەسێکی دەوڵەمەند، گوڵەسوورەکەی کە بە خوێنی دڵی بولبولەکە سوور بووە فڕێ دەدات و خۆشەویستی بە بێسوود دەزانێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای کتێبە تۆزلەسەرنیشتووەکانی لە کاتێکدا بولبولی پاڵەوانی چیرۆکەکە گیانی خۆی بەختکردووە بۆ سوورکردنی گوڵەکە و ڕازیکردنی دڵی کوڕ و کچەکە، بولبولەکە و گوڵەکە بێ ئاگا لەوەی کە نرخی سوورکردنی گوڵەکە ژیانی بولبولەکەیە هەوڵدەدەن بۆ ڕازیکردنی دڵی ئادەمیزادەکان، لە کاتێکدا لای ئۆسکار وایڵد سروشت جوانیبەخشە بە هونەر و ئەو وێنایەی لە هەست و سۆزی بولبولەکەدا پێشکەشی دەکات، شاکارێکە بۆ خۆی، بەڵام (گۆران) ڕۆحێکی کوردانەی بەبەردا کردووە، ناز و عیشوەی کچە کوردێکی تێکەڵکردووە بە وەفاو پەشیمانی ئەوەی دڵی نەدایە کوڕە دڵدارەکە و بووە هۆی مردنی، بەڵام دوکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: ((گوڵی خوێناوی: دیالۆجێکی درامییە لە نێوان دڵدار و دلبەرێک وێنەی دڵداریی ئوروستوکراتییانەی ئەورووپا دەنوێنێ.)) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٦١٣- ٦١٤) بەڵام (گۆران) بە بەکارهێنانی هەندێ وشە وامان لێدەکات کە هەست بکەین وێنەکەی کە لەبەردەستماندایە کوردییە؛ لەوانە (شایی، چۆپی) کە سەمای کوردین،

(زورنا، دەهۆڵ، شمشاڵ) هەموو ئامێری موزیکی بەکارهاتووی ناو ئاهەنگێکی ژنهێنان و شووکردنی کوردین، (هاڕەی هەیاسە) دەنگی خشڵی ژنانی کوردە کە بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان بەکاریدەهێنن لە ئاهەنگدا، (هاتوچۆی کانی) ئاو هێنانی ژن و کچی کورد لە کانی، کاتێک کوڕ (یەخەی مراخانی ترازان) مراخانی پارچەی سەرەوەی جلی کوردی پیاوانە، لە کۆتاییشدا دەرخستنی وەفای کچەکە کە پەشیمان دەبێتەوە.

ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشانی دەقەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا ڕەنگە یەکنەگرنەوە تاوەکو دێڕەکانی کۆتایی کە لەسەر زاری کچەکەوە دەوترێت، ئەگەر بڕوانینە دێڕەکانی سەرەتا، هەر زۆر پێچەوانەن لەگەڵ ناونیشانەکەدا، چونکە باسی شادی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا دەکات، ((ناونیشانی شیعرەکە ( گوڵی خوێناوی ) کە دوو ووشەی سادەی بەکار هاتووە ، جوڵەیەک لای خوێنەر دروست دەکات و دەیخاتە کۆمەڵێ پرسیارەوە کە هەندێکیان فزوڵین و هەندەکەی تریان فەلسەفین.داخوا ئەم گوڵە بۆچی خوێناویی بێت ! سەرچاوەی ئەم خوێنە لە چییەوە هاتووە ؟ئەوانە کێن کە سروشتی ماناکان خوێناوی دەکەن؟ لە پێناو بەدەستهێنانی وەڵآمێک یان ئەنجامێک خوێنەر بە جدی دوای شیعرەکە دەکەوێت)) https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=19613

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ زۆر باسی ئەوە کراوە کە گۆران تازەگەر بووە، ڕەنگە شیعرێکی لەم شێوەیە بۆ ئەو سەردەمە، خوێنەری توشی پرسیار کردبێت، گۆران مەبەستی لە ماڵی پاشا کێ بێت، خوێنەری وا لێکردووە کە موورادیفێک بدۆزێتەوە بۆی دواتر ئەگەر خوێنەری بەردەوامی گۆران بووبێت بۆی دەرکەوتووە کە مەبەستی لە ئاغا و دەرەبەگ و دەسەڵاتداران بووە، چونکە دەنگی گۆران دەنگی خەڵکەڕەشۆکییەکە بووە و هەمیشە بەلای ئەواندا شکاندوویەتییەوە.

**مێژووی ئەدەب**؛ لە هاوسەردەمەکانی خۆیەوە تاوەکو ئێستا (بە ئێمەشەوە) لە (گوڵی خوێناوی) ئەکۆڵرێتەوە، چەندینجار وەک بەرهەمێک بە پێی تیۆرە جیاجیاکان باسی لێوە کراوە، هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە مێژوویەک بۆ تەنها بەرهەمێک دەخەنەڕوو، کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی یاوس بووە لە گۆڕینی ڕێچکەی (مێژووی ئەدەب)دا.

**گەنجینەی دەق**؛ لە زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەدا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە؛ گەنجینەی دەقەکە بەرهەمێکی کورتەچیرۆکی ئینگلیزییە بە ناوی (بولبول و گوڵ) کە بەرهەمی (ئۆسکار وایڵد)ە.

**ڕوانگەی گەڕۆک**؛ ڕەنگە لە خوێندنەوەی دێڕەکانی سەرەتاوە خوێنەر هەست بکات کە دەقەکە، دەقێکی شادە، کە بە موزیک و هەڵپەڕکێ و دەستگرتنی ژن و پیاو دەستپێدەکات بەڵام دواتر کە ڕووبەڕووی دێڕەکان دەبێتەوە لە زاری کچەکەوە کە بیانوودەگرێت بۆ گوڵی سوور بەرەبەرە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی دەشکێنێت و خۆی بۆ ئەوە ئامادەدەکات کە کوڕەکە تووشی نەهامەتییەک ببێت، بەتایبەتی کاتێک بەنیازی چوونەناو باخچەی پاشایە. بەهۆی گۆڕانی دوابەدوای ڕووداوەکان خوێنەر پێویستی بە خوێندنەوەی دووبارە و سێبارە هەیە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ لە سەرەتای دێڕەکانەوە کە شاعیر لە ڕێگەی کوڕەکەوە باس لە شایی و هەرا و هەڵپەڕکێکە دەکات؛ ئەوەی دەستنیشاننەکردووە کە ژن و پیاوەکان شایی بۆ چ بۆنەیەک دەکەن، هەروەها پەیوەندی پێشینەی کوڕ و کچەکە ئاماژەی پێنەکراوە، ئایا خۆشەویستیی یەکەم بینینە یان پێشتر ژێر درەختەکان و سەر کانی بە جێژوانەکەنیان ئاشنان؟ یان ماڵی پاشا بۆ دوژمنی کوڕەکەن؟ ئایا دوژمنایەتییەکە لەسەر کچەکەیە؟ یان دوژمنایەتییە بە هۆکاری تر؟ بۆ مردنی کوڕەکە کچەکە هەر تەنها بەو دوو دێڕە ئەسەفی خۆی دەردەبڕێت یاخود وەکو داستانە دڵدارییەکانی تری کورد ئەویش خۆی بەختدەکات لە پێناو ئەو عەشقە پاکە؟ هەموو ئەمانە دەکرێت بڵێین: شاعیر بە هێما و ئاماژەکانی خاڵبەندی دەربیرپیون و ئەم پرسیارانەی لەلای خوێنەر دروستکردووە.

لەبەرئەوەی بەرهەمەکە دیالۆگی تێدایە و گفتوگۆی نێوان کچ و کوڕێکە (گۆران) لەسەر زاری کچەکەوە داواکاریی گوڵی سوور دووبارەدەکاتەوە؛

کوڕ :

بڕوانە : شایی یە ، چۆپی یە ، لەو ماڵە ،
گوێ بگرە ! زوڕنایە ، دەهۆڵە ، شمشاڵە !
زەردو سوور تێکەڵ بوون ، ژن و پیاو ، هەرایە ،
لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە !
سا تو خوا ، خێرا کە ، با بڕۆین ، دەست بگرین ،
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین ! . . .

کچ :

گوڵ نەبێ بۆ سەرم : ئاڵ چەپکێ ، زەرد چەپکێ ،

نایەم بۆ زەماوەن ، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ !

بتدایە دڵ بە من ، بە هەموو مەعناوە ،

دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە ! . . . (گۆران، ١٩٨٠: ١٦-١٧)

بە ناز و عیشوەیەکی عاشقانەوە داوای گوڵ لە دڵدارەکەی دەکات، و دەیەوێت ئەوەی پێبڵێت ئایا ئامادەیە لەبەر خاتری خۆشەویستی و دڵدارییەکەی خۆی بخاتە مەترسییەوە؟ دوای ئەوەی گوڵی زەرد بە دەست ئەخات و گوڵی سوور بەدەست ناکەوێت دەگەڕێتەوە و بەڵام هێشتا دڵبەر ڕازی نییە و گوڵی سووری دەوێت،

کچ :

نایەم ، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ !

کوڕ [یەخەی مراخانیی ترازان] :

ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی ؟

کچ :

هەی هاوار ! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی ؟

ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەرڕانم ؛

با بگریم بۆ دڵێ ، بۆ گوڵێ دۆڕانم ! . . . (گۆران، ١٩٨٠: ١٧-١٨)

**دەربڕینە مێینەکان**

هەرچەندە لەم پارچەیەدا (گۆران) بە زمانێکی عاشقانە و نەرم لە زاری هەردوو کارەکتەرەکەوە دەدوێت، بەڵام هەڵبژاردنی وشەکانی کە چووەتە قاڵبی کچەکەوە جیاوازە، لەشێوەزاری سلێمانیدا زۆربەی جار ژنان هەندێ پیت قوتدەدەن و و کورتی دەکەنەوە و ناسکی دەکەنەوە، گۆرانیش بە

شارەزایی خۆی ئەو وشەبژێرییەی کردووە، هەڵبژاردنی وشەکانی (نایەم، زەماوەن، ئەهانی) کە هەموو دەزانین زمانێکی نەرم و نیانی ژنانەیە بەکارهاتوون.

لە کۆتا دێڕدا؛ (هەی هاوار) لە زاری کچەوە دەردەچێ کە دەربڕینێکی مێینەیە، هەروەها بەردەوام دەبێت لە لاواندنەوەی کوڕە بریندارەکە، بە دەربڕینی (ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم) گۆران ژنبوونی کارەکتەرەکەی دەردەخات و بە زمانی ئەوەوە کوڕەکە دەلاوێنێتەوە.

## ٢. حوزنی پەچە

(حوزنی پەچە) یەکێکە لە پارچەکانی (گۆران) کە تیایدا دەنگێکی مێی بە ئاگا دەگەیەنێت کە لە زووەوە لە ڕووی ژەنگی کولتور و بیری کۆنەپەرستی دەوەستێت و لە بەرگێکی ئیستاتیکیدا بە وێنەی شیعریی کلاسیکی ئەوە لە خوێنەر دەگەیەنێت کە جوانی نابێ بشاررێتەوە، (گۆران) دێت و لە شێوەی دیالۆگدا پرس و وەڵامی خۆی و ژنێک دەخاتە بەر دیدەی خەیاڵمان، (گۆران) لە زاری ژنەکەوە، گلەیی ئامێزانە، دەردی خەفەکردن و سەرکوتکردنی خۆی باسدەکات لە ژێر پەچەوە، لە بەرهەمەکانی (گۆران)دا هەندێجار ((شیعرێ کە دڵدارییە، بەڵام ڕەخنەگرتنیشە لە کولتور و دیاردە جیاوازەکانی کوردەواریی؛ بۆ نموونە (حوزنی پەچە). )) (عوسمان، ٢٠١٨: ١٥٢)

(گۆران) لە زاری ژنێکی بەئاگا لەوەی دەگوزەرێت و بەرامبەر ژنان و فەرزکردنی ئەوەی کە دەبێت جوانی و ناز و عیشوەیان بشارنەوە و لەودیو پەچەی دانێن، ژنەکە دەپرسێت: ((بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات ، )) (گۆران، ١٩٨٠: ١٩) پیاوەکە سەرپشک دەکات بۆ هەڵسانگاندن و دەیکاتە دادگەر بۆ ئەوەی بڕیار بدات، هەم خۆی و هەم هاوڕەگەزەکانی، کە ئەگەر (گوڵێکی ئاوریشمین) نوقومبکرێت و جوانییەکەی نەبینرێت، هەبێت یان نەبێت چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، یان خۆی وەک گەوهەرێک بەراورد دەکات بە زیخێک کە لە گۆڕەکەدا بەسەرییەوە دەبێت، کە پێویستە ئەو گەوهەرە بەسەر تاجێکەوە بێت، و دواتر دەڵێت خۆ منیش گەلێ لە گوڵ جوانترم و لە گەوهەر گرانترم وەک ژن، بەڵام سوودی چییە کە زیندان بم لە سووچی پەچەوە.

شیعری (حوزنی پەچە) کێشی عەروزە و وەک دیارە (گۆران) لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی و کێشی عەروزیش شیعری نووسیوە، لە (حوزنی پەچە)دا وشەکاریی سەردەمی عەروز دیارە و کۆپلەکانیشی چوارینن، و دواهەمین چوارین هاتۆتەوە سەر زاری پیاو کە شاعیر خۆیەتی، لەسەر

هەمان گلەیی ژنەکە دەڕوات و بە هێمای خاڵبەندی (***) لەگەڵ کۆپلەکانی پێشەوە جیایکردووەتەوە و دەڵێت:

بەڵێ ! هەتاکو جەمالی پتر بێ دیلی پەری

دیارە مەیلی ظوهووری زیاترە ، ئەگری :

ئەکا لە ثیقلەتی بەندی ژیانی خۆی نەفرەت !

ئەکا لە پیاو و لە جەهل و تەعەصصوبی لەعنەت ! . . .  (گۆران، ١٩٨٠: ٢٠)

لێرەدا (گۆران) لەگەڵئەوەی لەسەر زاری شاعیر خۆیەوە دەدوێت، بەڵام کۆتا ڕوونکردنەوەی ڕای ژنەکە دەدات لە پێشەوە کە دەربڕیبوو بەرامبەر کۆتوزنجیرکردنی جوانییەکەی لەلایەن کلتور و کۆمەڵگاوە و لەعنەت لە (پیاو)ی کۆمەڵگا دەکات چونکە ئەوان خولقێنەری ئەم حاڵەن و لە (جەهل)ی کۆمەڵگاکە و هەروەها لە (تەعەسوب)ی تاکەکانی کۆمەڵگا کە وەها دەکات ژنانی پەچە بپۆشن.

دەتوانین بڵێین ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشانی دەقەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا یەک دەگرنەوە و مەودای ئیستاتیکی ئەوەندە درێژ نابێتەوە، چونکە ڕوونە بۆ خوێنەری کوردی کە پەچە لای کۆمەڵگا وکولتوری کوردی بۆ داپۆشینی ڕووخسارە و کەم تا زۆر شاعیران لەبارەی شاردنەوەی جوانی ژنان بە پەچە نووسیویانە.

**دەربڕینە مێینەکان**

ئەوەی جێی سەرنجە لەگەڵ ئەوەی ڕوون و ئاشکرا دیارە کە وتەکان لەسەر زاری مێینەوە وتراوە بەڵام کەمەکێ دەربڕینی مێینە هەست پێدەکرێت ئەویش پێدەچێت هۆکارەکە ئەوە بێت کە شیعرەکە عەروزە و یاریکردن بە وشە و دەربڕینەکان و تێکەڵکردنی وشەی عەرەبی هۆکاری ئەوە بێت کە دەرناکەوێت ژنێک دەدوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ دەربڕین پێمان دەڵێت کە ژن دەدوێت؛ لەوانە: (بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات، هەیهات، گەلێ لە فەوقی گوڵام و گرانترم لە گەوهەر) (گۆران، ١٩٨٠: ٢٠)

سەری بە عیشوە لەقان و ، بە لەهجەیێکی حەزین

وتی : بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات ،

که کەوتە گۆشەیی گیرفان گوڵێکی ئاوریشمین

چی یە تەفاوتی بوون و نەبوونی ، قیمەتی لات؟

وەیا هەتا لە دەروونی ڕەشی گڵا ئەنویَ ،

بە چی لە زیخی دراوسیَ فەرق ئەکا گەوهەر ؟

ئەوە حسێبە بە گەوهەر ، ئەگەر دروستت ئەویَ ،

کە بۆتە جازیبی ئەنظاری عام بۆ ئەفسەر ! . . .

منیش ئەگەرچی بە جیلوە ، بە جاذیبەی جوانی

گەلیَ لە فەوقی گوڵام و گرانترم لە گەوهەر ،

وەلیَ لەبەر ئەوە ، هەیهات ، ئەسیر و زیندانیم

مەداری فەخر و سوورم بووە بە قوطبی کەدەر ! (گۆران، ١٩٨٠: ١٩– ٢٠)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ لەم دەقەدا (گۆران) دەیەوێت، گلەیی ژنێکی جوان بگەیەنێت لە عورفوعادەتی کۆمەڵگا کە بوونەتە هۆی قەتیسکردنی جوانییەکەی، ڕەنگە ئەو پرسەی کە گۆران ئاراستەی خوێنەری کردووە بەلای کۆمەڵە کەسانێکەوە ناڕەوا بێت و ڕاڤەی جیایان بۆی هەبێت، کە ئافرەت پێویستە جوانییەکەی داپۆشێت و تەنها پیاوەکەی بۆی هەیە ئەو جوانییە ببینێت و لەلای بۆمەڵە کەسیکیتریش بە ئازادیخوازی و فکرفراوانی گۆران بدرێتە قەڵەم.

**گەنجینەی دەق**؛ زۆر لە شاعیرانی کلاسیک باسی زوڵمی پەچەیان کردووە لەو ڕووخسارەی کە وەک مانگە و پەچە وەک چادرێکی بۆر و ڕەق ئەو مانگەی شاردۆتەوە، دیارە هەر شاعیرە و بە جۆرێک ئەسەفی خۆی بۆ ئەم حاڵەتە دەربڕیوە چونکە جوانی لەگەڵ ئافرەت و سروشت، لە یەکەمین کەرەستەکانی شیعری شاعیرانن.

**ڕوانگەی گەڕۆک**؛ یەکەم و دووەم چوارین لە دەقەکەدا وەها پیشان دەدات کە ژنەکە بۆ کۆستێک بگری و هۆن هۆن فرمێسک برێژێت، لە چوارینی سێیەمدا کە ژنەکە دەکەوێتە گفتوگۆ ئەوە دەردەکەوێت کە ژنەکە ڕەوانبێژانە بەراوورد لە نێوان هەندێ شتی بێنرخ و بەنرخدا دەکات و تا چوارینی پێش کۆتایی باسی زیندانی خۆی دەکات، دیارە زیندانی لەناو پەچە و عەبادا، چوارینی کۆتایی لە دوا دێڕیدا کە باس لە پیاو و جەهل و تەعەصصوب دەکات زیاتر زیندانی ژنەکە ڕووندەبێتەوە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ دەقەکە ناونیشانی (حوزنی پەچە)ی هەیە، بەڵام لەناو دەقەکەدا وشەی (پەچە) نەهاتووەتەوە بەر باس، نازانرێت ئایا گۆران لەبەرئەوەی شیعرەکەی بە عەروز نووسیوە، نەیتوانیوە جێی وشەیەکی کوردی پەتی بکاتەوە؟ پەچە لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە هێمایە بۆ ژن، ((پەچە: هەروەها پێچە. ڕووپۆش. بریتییە لەو پارچە پەڕۆیەی کە ژنانی شارنشین، یان ژنانی لادێ، کە لە شار نیشتەجێ بوون، لەکاتی چوونە دەرەوەدا، ڕوویانی پێدادەپۆشن. وشەکەلە چاوگی کرداری پێچانەوە هاتووە. پێچە دانانی ژنانی شارنشین، بۆ سەردەمە دواییەکانی دەستەڵاتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، پۆلیس ژنانی ناچار دەکرد تا بێ پەچە نەیەنە دەرەوە.)) ( هەرشەمەیی، ٢٠٢٢: ٦٣٧) ئەگەر یەکێک بوایە لە شیعرەکانی شاعیرە کلاسیکییەکان، کە ناونیشانیان بۆ شیعر دانەدەنا، ئەوا دەشیا شیعرەکە وەک ئەوە ڕاڤەی بۆ بکرێت، کە جەهالەت و تەعەصصوبی پیاو ژنی لەماڵەوە بەندکردووە و تەنها سوچێکی پەنجەرەیەک هەیە سەیری دەرەوەی لێبکات. بۆ گۆڕینی قسەی سەرزاری ژنەکە و جیاوازیکردنی لەگەڵ قسەی سەر زاری پیاوی قسەکەر نیشانەی (* * *) دانراوە.

### ٣. ئاهەنگێک لەناو ڕان

لەم پارچە ئۆپەرێتەدا کە ڕۆڵگێڕانی ڕێبوار و شوانە جوانی سروشت و پیاهەڵدانی ئافرەت تێکەڵدەبێت و لە فەزایەکی دڵگیری سروشتدا یەکدەگرن، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکی لادێ ئاهەنگێک دەڕەخسێنن کە تیایدا (گۆران) بە وردی و سەلیقەی شاعیرانەی خۆی وشە و وێنەشیعری و ئیستاتیکای شیعر تێکەڵدەکات، جگە لەوەی لە زاری کارەکتەرەکانییەوە پەسنێکی ڕۆمانتیکییانەی تێکەڵ لە جوانی و سروشت و ژن دەهێنێتە بوون؛ دەقەکە پارچەیەک لە خۆدەگرێت کە لەسەر زاری کۆمەڵێ ئافرەتەوە وەک گۆرانی و ئاوازی کاتی ڕان هاتنەوە و مەڕدۆشینیان دەیچڕن، وەک یەکێک لە توێژەران ئاماژەی پێداوە؛ ((گۆران ئەو دەمانەی  کە باری دەروونیی ئارام و جێگیرەت، گەشبینانە وەسفی لەشولاری

شۆخ و پەریی نازداری قژزەرد و چاوشین و باسک ومەچەکی سپی سفتوسۆڵ و کچانی ڕێگەی کانی و لادێ دەکات.)) (سەعدون، ٢٠١٥: ٣٥٠) هەڵبەتە ئەمە لە ڕووی دەروونییەوە باسدەکات و هەموو شاعیرانیش وەک دەربڕینی ناخی دەروونیان بەهرەی خۆیان دەخەنە سەر پەڕە.

کۆمەڵی ئافرەت [نەختێک لە دوورەوە] :

_ هۆ شوانی بەهرەدار ! تێی خوڕە ، چاوەڕێین ،

ئارایشت تەواوە ، ئامادەی هەڵپەڕکێین !

پەرۆشی ئاوازەی بەسۆزی شمشاڵین ،

بێ سیحری فووی دەمت بەزم و نۆش بەتاڵین ،

تێ خوڕە ، ئامادەین پاداشتی ئاوازە

تێرت کەین لە قووتی دڵ کە جوانی و نازە !

هۆ ، شوانی بەختیار ! تێ خوڕە ، درەنگە ،

بێ شمشاڵ لە دەشتیش وەکوو ماڵ دڵ تەنگە ! (گۆران، ١٩٨٠: ٥٢)

ئەگەرچی پارچەی دواتریش دوابەدوای ئەم پارچەیە هاتووە بەڵام کێشیان یەک نییە و هەروەها ئەوەی لەسەر زاری ژنانەوە وتراوە زیاتر لەم پارچەیەی سەرەوەدا ڕەنگی داوەتەوە و هەست بەوە دەکرێت کە کۆمەڵێک بێری لەگەڵ ئامادەییان بۆ دۆشینی مێگەلی تێر چاوەڕێی شمشاڵی دەمی شوانن بۆ ئەوەی نەختێ هەڵپەڕن و ئاهەنگی خۆیان بکەن لەناو دیمەنی جوانی سروشتی کوردستاندا.

**دەربڕینە مێینەکان**

لە پارچەکەدا هەندێ دەربڕینی مێینەی تێدایە کە خوێنەر دەزانێت ئەمە لەسەر زاری ژنەوە گوتراوە، هەر ژنە ئارایشتی خۆی دەکات و خۆی دەڕازێنێتەوە، بۆیە دەڵێن: ((ئارایشت تەواوە ئامادەی

هەڵپەڕکێین)) (گۆران، ١٩٨٠: ٥٢) یان زۆر بەناز و عیشوەوە دەڵێن: ((تێرت کەین لە قووتی دڵ کە جوانی و نازە)) (گۆران، ١٩٨٠: ٥٢) ئەوە ژنە و ڕەگەزی مێیە کە ناز و مەکر و جوانیی دەبێتە قووتی دڵ و دڵی پیاوان تێردەکات لەو عیشوە و ناز و جوانییە.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ دەقی (ئاهەنگێک لەناو ڕان) هارمۆنیەتی نێوان سروشت و مرۆڤ، نێر و مێ، سروشت و جوانی؛ بەرجەستەکردووە، ئەمە ئەو پرسەیە کە گۆران ئاراستەی خوێنەری کردووە و خوێنەریش بە خوێندنەوەی دەقەکە وەڵامەکەی دەستدەکەوێت. سروشت دەبەخشێت و مرۆڤ لێی وەردەگرێت (مێ تێر و گوان پڕە)، شمشاڵژەن دەژەنێت و ژنان هەڵدەپەڕن، سروشت و جوانی لە وێنەکانی وەک (فەرشی گیای قەراغی ئاو، زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێڕ ڕووی دەشت و چیا، هەنگە زەردە، مێرگی بەهار، پەپوولەیەک گوڵ دایبێتە ناو، بلەرزێ لەشی کێو).

**مێژووی ئەدەب**؛ مامۆستا حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەلاح)ەوە کە هاوسەردەم و هاوڕێی (گۆران) خۆی بووە، تاوەکو توێژەری ئەکادیمی وەک پرۆفیسۆر (عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ) و پرۆفیسۆر (زاهیر کەریم لەتیف) و ئەوانەی دواتریش لەسەر ئەم بەرهەمە نووسیویانە، دیارە ئەمانە مێژوویەکن بۆ دەقەکە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق**؛ (گۆران) لە دەقەکەدا، چەندین نیشانەی خاڵبەندی بەکارهێناوە، وەکو: نیشانەی سەرسوڕمان و تەقەڵ و بۆر. کە ئەمانە دەقەکە دەوڵەمەند دەکەن و وا دەکەن خوێنەریش بەپێی بیر و باکگراوندی خۆی زیادکردن بکات بۆ دەقەکە و شرۆڤەی جیاوازی بۆ بکەن.

**٤. بەردەنووسێک**

(بەردەنووسێک) یەکێکە لەو دەقانەی کە پێدەچێت شاعیرانی دوای (گۆران) وەک (شێرکۆ بێکەس) ئیلهامی شیعرییان بۆ نووسینی بەشەکانی دەقێکی وەک دەقی (ملوانکە) لێوەرگرتبێت، (گۆران) لێرەدا کیژێکە نەک هەر کیژێک، بەڵکو ناسنامەی مردوویەکە، کوژراوی شەرەفە، قوربانی دابونەریت و کلتوری دواکەوتووی کۆمەڵگایەکە کە نێر تیایدا باڵادەست و سەردارە، (گۆران) ناونیشانی شیعرەکەی ناوە (بەردەنووسێک)، بەردەنووس؛ ئەو بەردەیە کە نووسراوێکی لەسەر هەڵدەکۆڵرێت، ئاخۆ (گۆران) بۆ بە ناوی کیژە کوژراوەکەوە نامەیەکی نەنووسی؟ ئاخۆ بۆ ویستی لەسەر بەردێک هەڵیبکۆڵێت؟ ئەو بەردەی کە (کێل)ە و لە گۆڕستانە و زۆرترین کەس (گۆڕستانگەڕ) دەیبینێت.

(گۆران) دەیەوێت چیرۆکی پاڵەوانە کوژراوەکەی نەمر بێت وەکو بەردەنووسەکانی بابل و سۆمەری و فیرعەونەکان، هەر بۆیە لەسەر بەردێک هەڵیدەکۆڵێت نەک لەسەر پەڕەیەک، دواتر وەک ڕوونکردنەوەیەک دەنووسێت ((لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێک هەڵکەنراوە)) ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر پێش بینینی ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕەنگە خەیاڵی خوێنەر ببات بەرەو لای ئەوەی کە شاعیر دەیەوێت باسی شکۆمەندییەک بکات کە لەسەر بەردێک هەڵکەنراوە، بەڵام دوای بینینی ئەوەی سەرەوە دەردەکەوێت کە لەسەر کێلی گۆڕێک هەڵکەنراوە ئەمەش خوێنەر پەلکێشدەکات، کە چیرۆکەکە چییە و چۆن ڕوویداوە. (گۆران) چووەتە قاڵبی گەورەکچێکی خێرلەخۆنەدیوەوە و لە زاری ئەوەوە چیرۆکە تراژیدییەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، ((گۆران لەو ڕووبەرە سنووردارەدا چ لەڕووی سازدانی کەش و هەوا تراجیدیاکەوە بە زمانی گێڕانەوەو دیالۆگ هەروەها بە وێنەی شیعریی جوان، توانیویەتی تەختەچنێکی درامیی بچکۆلە بۆ ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ساز بکات.. )) (عەزیز، ٢٠١٤: ١٩٦)

لە کۆپلەی نۆیەمدا (گۆران) دەڵێت:

منی (کچ) مامزی بەندیخانەی ژین :

سزای تاوانم ،

بە دەستی خۆم چووم بە سەربڕین ! . . .

پرچی پەخشانم ،

تلا لە خوێنەوەو کەوتە سەر چاوم ،

ئیتر نەمبینی :

لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم

چۆن بوو بڕینی؟ (گۆران، ١٩٨٠: ٢١٠– ٢١١)

(کچ) لەناو کەوانە دانراوە و دەستنیشانکراوە، لەبەرئەوەی کچ بووە و بەر حوکمی کۆمەڵگای نێرسالاری کەوتووە، جگە لە (کچبوون)ی، دوو حوکمێکیتر دەسەڵاتی هەبووە یەکەمیان شەرەف و ئابڕووچوون لەناو کۆمەڵگادا، بەمەرجێک تاوانەکە، ئەگەر بە تاوان بۆ (کچ) لەقەڵەمبدرێت ئەوا پێویستە بە هەمان شێوە بۆ (کوڕ) بە تاوان لەقەڵەمبدرێت، حوکمی دووەم، دەسەڵاتداری (کوڕ)ەکەیە، کە ئەم وەک بێدەسەڵاتێک هیچیان بۆ نەکراوە لەگەڵ (دەستدار)ێکدا. کەسی دواو (کچەکە) خۆی بە (مامزی بەندیخانەی ژین) ناوزەددەکات، هەڵبەت لە کۆمەڵگای نێرسالاریدا (مێ) ناوەندی ژیانەکەی دەبێتە بەندیخانە بۆی، خۆ ئەگەر هەوڵی دەرچوون بدات لەو بەندیخانەیە، ئەوا کوشتن چاوەڕێی دەکات.

لە دێڕەکانی سەرەتادا گەورەکچە کۆچکردووەکە داوای (فرمێسکی تەڕ  و ئاخێک) لەو کەسە دەکات کە بە ڕەوتەنی بە گۆڕستانەکەدا تێدەپەڕێت، چونکە خۆی بە شایەنی ئەو مردنە تراژیدییە نازانێت، هەڵبەت لەبەرئەوەی بە حەسرەتەوە لە دێڕەکانی کۆتاییدا ئەوە دەخاتەڕوو کە نە باوک و نە دایکی نەبینیوە ئەو فرمێسکەی بۆ بڕێژن، کە پێویستە بۆ کچێکی جوانەمەرگ بڕێژرێت کە بەو شێوە تراژیدیە ئەم ژیانە جێدەهێڵێت، دیارە هۆکاری نەبینینەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە پرچە خوێناوییەکەی چووەتە سەر چاوەکانی، ئەمە هونەرێکی جوانی دەربڕینە کە گۆران بەکاریهێناوە لەکاتێکدا هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە گەورەکچەکە بە دەستەکانی باوکی دەکوژرێت و کەسی مردووش بێ ئاگایە لە دوای خۆی.

لە خاکی گڵکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ

ئاخێک بنێژە ؛

بە کێلی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ

لە چاو بڕێژە ! (گۆران، ١٩٨٠: ٢٠٩)

....................

....................

تلا لە خوێنەوەو کەوتە سەر چاوم ،

ئیتر نەمبینی :

له جەرگی باوکما سەری بڕاوم

چۆن بوو برینی؟

یان دایکی دڵسۆزم وێرای بە بێ شەرم

بۆ جوانەمەرگی

وەک دایکان شیوەنێک بگێڕێ بە گەرم ؛

ڕەش کا بۆی بەرگی ؟. . . (گۆران، ١٩٨٠: ٢٠٩ /٢١١)

**دەربڕینە مێینەکان**

هەندێک دەربڕین لەم دەقەدا بەدیدەکرێت وەک سەلمێنەری ئەوەی کە لە زمانی ژنەوە گوتراوە، جگە لەو ڕوونکردنەوەیەی کە (گۆران) خۆی لە سەرەتای دەقەکەدا نووسیویەتی، لە پارچەی چوارەمدا وردەوردە ئەوە بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە کە دواو (مێ)یە.

بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان

زوو مەستی کردم ،

بە ڕێی عەشقی پاکا نام مل و ، تاوان

بۆ لاڕێی بردم ! (گۆران، ١٩٨٠: ٢٠٩– ٢١٠)

لە دێڕی دواتردا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە قسەکەر (مێ)یە، لەگەڵ هێنانی ناوی (لاوێکی نامەرد) و دواتر ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییەی کە لای کۆمەڵگاو کولتورەکەی ئەو نەنگییە و جێی ئابڕوو و شەرەف چوونە ئەویش سەرجێی کردنی کچ و کوڕێکە؛ (نووست لە ناوجێما ؛ ئابڕوومی تکان)

لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما ،

بە سوێن و پەیمان ،

وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد ، نووست لە ناوجێما ؛

ئابڕوومی تکان ! . . . (گۆران، ١٩٨٠: ٢١٠)

لە پارچەی نۆیەمدا قسەکەر بە ناوهێنانی ڕەگەزی خۆی و خستنەڕووی حاڵەتەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دەنگی خۆی دەگەیەنێت بە خوێنەر کە وەک بەندێک لەم ژیانەدا دەبێت ئەو سزاکە وەربگرێت.

منی (کچ) مامزی بەندیخانەی ژین :

سزای تاوانم ،

بەدەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین ! . . .

پڕچی پەخشانم ، (گۆران،١٩٨٠: ٢١١)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ گۆران لەم دەقەدا دوو ناسنامەی بەخۆیداوە، یەکەمیان کچبوون، دووەمیان مردوو، ئەوەی گرنگە لەم دەقەدا ئەم دوو ناسنامەیەیە، کە شاعیر توانیوێتی لە زمانی بەحەسرەتی کچێکی کوژراوەوە کە چیتر لە ژیاندا نییە فرمێسکیک بۆ جوانەمەرگبوونی لە کەسێکی نامۆوە بەدەستبهێنێت و چیرۆکی زوڵملێکردنی خۆی بگێڕێتەوە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگا و خێزانەکەی ڕێگەیان نەدا بەرگری لەخۆی بکات و کردیانە قۆچی قوربانی.

**مێژووی ئەدەب**؛ دیسان وەک زۆرینەی شیعرەکانی تری گۆران (بەردەنووسێک) مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمارکردووە، لەلایەن ئەو کەسە ئەکادیمی و ڕەخنەگرانەی کە چەشەی ئەدەبییان هەیە دەربارەی شیعرەکانی گۆران.

**گەنجینەی دەق**؛ دەشێت گەنجینەی ئەم دەقەی گۆران ڕووداوی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگاکەی بێت، دەشێت خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر خۆی بێت، هەروەها دەشێت بەرهەمی شاعیرانی دیکە بێت.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق؛** (گۆران) بە دانانی نیشانە خاڵبەندییەکان، بۆ نموونە: نیشانەی سەرسوڕمان و دوو خاڵ بەدوای یەکدا (!..) وایکردووە، کە بۆشاییەکی تەواو بۆ خوێنەر و شرۆڤەی جۆراوجۆر و تێڕامان بۆ خوێنەر بە جێبهێڵێت، کە ئەمەش بەردەوامی و ناکۆتایی بە دەقەکە دەدات و هەر

خوێنەرەو بۆ خۆی بەپێی لێکدانەوەی خۆی دەتوانێت زیاتر دەقەکە درێژە پێبدات، بەوەش دەقەکە وەک دەقێکی کراوە و نەبڕاوە لەڕووی واتاوە پێشکەشبکات.

**٥. ئەنجامی یاران**

(گۆران) دیسانەوە بە دەنگێکی بەرزەوە دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵ دەخاتەڕوو، کە هەتاوەکو ئیستاش لێرەولەوێ بەر گوێمان دەکەوێت کە ئەویش دیاردەی (ژنبەژن)ە کە ئەنجامەکەی هەمیشە بەدبەختی و دەردی سەری بۆ ژن تێدایە، ئەو دەرەنجامانەی لێی دەکەوێتەوە هەمیشە جەمسەری زیانلێکەوتوو لە پێوەندییەکەدا ژنە. (ئەنجامی یاران) یەکێکە لەو شاکارانەی کە (گۆران) لە شێوەی دیالۆگی سەر شانۆدا نووسیویەتی، گفتوگۆیەکە و لە نێوان کوڕەعاشقیک و ژنێکی پیری نورانیدا ڕوودەدات، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە وتەکانی داپیرەکەیە کە وەڵامی کوڕەعاشقەکە دەداتەوە لە جوابوسوابی (مەنیج)ی کچەمەعشوقی دەپرسێ.

ئاسۆی چاوەڕوانی ناونیشان لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا بە هۆی وشەی (ئەنجام)ەوە جۆرە دوودڵییەکی تێدەکەوێت، ئاخۆ دەبێت ئەو ئەنجامە بۆ یارەکان بەخراپی دەشکێتەوە یان باش، ئەم ئاسۆیەی خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی دەقەکەدا بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەو جێیەی کە (وەنەوش) دەربارەی مەنیج دەڵێت:

وەنەوش :

ئەی ڕۆڵەی لاوچاکم ، چەتەی نیشتیمان !

داخی گرانم !

زمانم ناچەرخێ بە قسەی ڕەوان

ئەوەی ئەیزانم

لەبارەی مەنیج و ئەستێرەی بەختی ،

بۆ تۆی بگێڕمەوە بە ساردی و سەختی ! (گۆران، ١٩٨٠: ٣٥٠)

لێرەدا خوێنەر توشی گومانێک دەبێت کە ڕەنگە ئەنجامی ئەم دوو خۆشەویستەی کە بەدڵ یەکدیان خۆشویستووە و لە پێشەوە باسی چیرۆکی خۆشەویستی و پەیمانبەستن و تازەکردنەوەی پەیمانیان کراوە؛ باش نەڕوات و سەری گرێکەش لای داپیرە وەنەوشە کە ئەوەی دەیزانێت دەربارەی مەنیج بۆ برزووی بدرکێنێت. خوێنەر وەک برزوو کونجکۆڵانە دەکەوێتە دوای خوێندنەوەی شیعرەکە تاوەکو بزانێت ئەنجامی مەنیج و کۆتایی شیعرەکە بەچی دەگات؛

برزوو :

هەی داپیر ! دەخیلم ، چی یە خەبەرت ؟

ئارامت بردم !

وەنەوش :

ڕۆڵەکەم ، کەڵکەڵەی مەنیج لە سەرت

دەربکە . . .

برزوو :

– مردم !

بێ گومان مەنیجی نازدار مردووە ؟ (گۆران، ١٩٨٠: ٣٥٠)

**دەربڕینە مێینەکان**

لە گفتوگۆکانی وەنەوشی داپیردا ئەوەندەی خەمخۆری و بەپەرۆشی دیارە بۆ زانینی چیرۆکەکە لە دەمی برزووەوە، ئەوەندە دەربڕینی ژنانە خۆی نانوێنێت، بەڵام وەک ژنێکی بەساڵاچوو و دنیادیدە کۆمەڵی وشە و زاراوە بەکاردەهێنێت کە ئەم ڕووەی کارەکتەری ئەو پیشاندەدات؛ وەکو (کوڕی خۆم، ڕێبواری جوان و هەرزەکار، ئەی جوانی سەر ڕێگا، ڕۆڵەم، ئەی ڕۆڵەی لاوچاکم، داخی گرانم)

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە (گۆران) بۆ گفتوگۆکەی ئەم نووسینە درامییەی ژنێکی بەساڵاچووی هێناوە، وەک ئەوەی پێمان بڵێت؛ ژنێک لە زامی جەرگی ژنێکی دیکە تێدەگات کە زوڵمی کۆمەڵگا بەرەو تاریکیی دەبات و ئەم ژنە بەتەمەنەش وەک ئەو کارەکتەرە هەستیارە هاتووە کە نەهامەتی

هاوڕەگەزەکەی باسدەکات و گلەیی ئامێزانە ئەوە لە کۆمەڵگا بگەیەنێت کە گوڵەسوورەکان چیتر وەک مەنیج با نەژاکێن.

برزوو :

-مردم !

بێ گومان مەنیجی نازدار مردووە ؟

وەنەوش :

نەء ماوە ، چ مانێ ؟ مێردی کردووە ؛

بۆ ماڵ و ژن بە ژن باوکی چرووکی

لە دێ یەکی دوور

لە بەندی پیرێکی توند کرد بە بووکی ،

ژاکا گوڵی سوور

وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنی خەم

فرمێسک ئەبارێنێ : کەی کەم ئێستە کەم ! (گۆران، ١٩٨٠: ٣٥٠)

(گۆران) لەگەڵ ئەوەی هارمۆنێتییەکی ڕۆحیی لە گفتوگۆی نێوان برزوو و وەنەوشدا پێشکەشکردووە، ئەم هارمۆنییەتە لە کۆتایی دەقەکەوە دەگاتە لوتکە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، چونکە ئەوەی مەبەستێتی ئەوەیە کە ژیانکردن لە جیهانێکی هاوسەنگدا لە نێوان نێر و مێدا ئەگەر بە مردنیش بێت زۆر چاکترە لە ژیانێک کە تیایدا یەکێک لە ڕەگەزەکان ژێردەست و ئەوی دیکە سەردار بێت، لە کۆتایی ئەم چیرۆکە درامییەدا کۆرسی کوڕان و کۆرسی کچان بەجیا و دواتر پێکەوە لەسەر گڵکۆی (مەنیج و برزوو) گۆرانی بەستنی پەیمان و دڵسۆزی بۆ پەیمانی دڵداری و هەروەها دژوەستان بەرامبەر ئەو کۆنەپەرستییەی لە کولتور و بەهای کۆمەڵایەتیدا هەیە بۆ بەیەکگەیشتنی دڵدار و دڵبەرێک. جگە لەوەی کە ئەم ئوسلوبەی بەکاری هێناوە لە دانانی (کۆرس)دا بۆ خستنەڕووی ئەنجامی کۆتایی بیرۆکەکەی لە دراما ڕۆژئاواییەکانەوە وەرگرتووە، لە هەموو دراما یۆنانی و لاتینی و تەنانەت دراما نوێیەکانی سەردەمی ڕێنێسانس (دراماکانی شکسپیر) کۆمەڵێک لە

کارەکتەر هەبوون بە ناوی (chorus) کە بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (٥٠) پیاوەی کە سەمایان دەکرد و گۆرانی (دیثیرامب)یان دەوت بۆ خوداوەندی شەراب (دیۆنیسیۆس)

https://www.britannica.com/art/dithyramb

کۆرسی کوڕان :

لێرەدا دڵدارێک ئەنوێ کش و مات

نەوجەوانێک بوو ؛

نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات

یاری لەکیس چوو !

یەکەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمان

هەر لێرەیش خۆی پێ کوشت دەردی بێ دەرمان

( لەسەر گڵکۆی تەنیشتی ئەو )

کۆرسی کچان :

ئەمەیە قیبلەگای تەوافی کچان :

گڵکۆی مەنیج جوان

بۆ دۆستی جوانەمەرگ وەفای خۆی نوان

ئەویش خۆی خنکان

خۆی کردە قۆچی عەشق ، قۆچی سەربەستی

پچڕانی زنجیری کۆنەپەرستی ! .

( لە هەمان جێگا )

هەردوو کۆرس (بە تێکەڵی ) :

بێن کچان ، بێن کوڕان ، پەیمان ببەستین :

بۆ هێزی زۆرداری مل کەچ نەوەستین ؛

شەهیدانی عەشق

بکەین بە سەرمەشق

دڵداری ڕاست و پاک ئامانجمان بێ گشت

یان بچین سەرفراز ، یان بچین بە کوشت ! . (گۆران، ١٩٨٠: ٣٥١)

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ ئەم دەقە خۆی لە خۆیدا دەقێکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها دەربڕی هەستی دڵدارییەکی پاکە، سەرەڕای ئەوەی (گۆران) سروشتی لەبیرنەکردووە تێکەڵ بەو هەستە پاکەی (برزوو و مەنیج). ئەوەی دەقەکە دەیدات بە خوێنەر وەفایە بۆ عەشق، وەفایە بەرامبەر خۆشەویستییەکی پاک کە قوربانی دەستی کۆمەڵگا و کولتورە.

**مێژووی ئەدەب**؛ لەو خوێندنەوانەدا کە بۆ دەقەکە کراوە و لێی کۆڵراوەتەوە هەم لەڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی ناوەرۆکەوە، دەقەکە وەک دەقەکانی دیکەی گۆران مێژووی ئەدەبی خۆی هەیە.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق؛** دەکرێ بڵێین: بەو ئاماژانەی ناو دەقەکە، کە بەهۆی خاڵبەندییەوە، بەکاریهێناون لە داڕشتنی دەقەکەدا، (گۆران) دەقێکی هونەری جوانی پێشکەشکردووە، جگە لەوەی لەڕووی ناوەڕۆکەوە ڕەخنە لە کولتور دەگرێت و خوێنەر دەجوڵێنێت، کە لە کۆتایی دەقەکەدا بیروڕای خۆیان بخەنە سەر ڕاڨەی دەقەکە.

### ٦. ئەنجامی ئەژدەهاک

ئەنجامی ئەژدەهاک وەک داهێنانێکی ئەدەبی و مێژوویی (گۆران) کە خۆی دەبینێتەوە لە شانۆگەرییەکی درامی کە ((لە شێوەی ئۆپێرادایە و وەک دیارە نیازی بەرهەمێکی شانۆگەرییانەی دوورودرێژی بووە، بەڵام لەبەر گیر وگرفتی ئاوازەدانان، تەنها پەردەی یەکەمی بۆ تەواوکراوە.)) (کاکەی فەلاح، ٢٠٢٠: ٦٠) لەم بەرهەمەی گۆراندا جگە لەوەی کە ڕووداوێکی مێژوویی کردووە بە کەرەستەی دەقەکە هەروەها ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە بەسەر دەقەکەدا زاڵە بە ئامادەیی دەنگی (نێر و

مێ)شەوە، چونکە ڕووداوەکان وەها دەخوازێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو گوتەیەی کە تایبەتە بە کچان ڕۆحی شۆڕشگێڕانە و گیانفیدایی و خۆبەختکردنی تێدایە، هاوشێوەی کوڕان، لە کاتێکدا کە بە پێی ڕووداوە مێژوویی و ئەفسانەییەکە مارەکانی سەر شانی ئەژدەهاک تەنها مێشکی کوڕانیان ویستووە بیخۆن.

کچان (لە ڕیزی پشتەوە دەرئەپەڕنە دەرەوە ) :

زۆر چاک ئەکا ! زۆر چاک ئەکا !

کچ بۆ نابەن لە باتیی کوڕ ، خوشک لە جێی برا ؟

کچ بۆ بژی ، لەکاتێکا کوڕ تووبڕ کرا ؟

( نیوەی یاساولان لاوەکان ئەدەنەبەرو ئەیانبەن )

مێشکی کوڕو کچ لای مار ،

هەر یەکە ، هەر یەک بێ گومان !

ئیتر بۆچ بێ بەش بن کچان

لە خەبات و قوربانی دان

بۆ نیشتمان ، بۆ کوردستان ؟ . .

سەرکردە :

یاساولان ، ئەم کچانەش هەموو بگرن ،

تا لە بەندیخانەی شاژن ئەیانکوژن !

( بەستەی کچان )

بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نی یە . . .

بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نی یە . . .

ئەی قژی زەرد ، وەکوو پووش دەسکەنە بە !

ئەی لێوی ئاڵ ، بە بێ زەردەخەنە بە !
چاوی ڕێژراو پێ مەکەنە وەکوو گوڵ
بۆ ڕۆژی ڕەش بڕژێنە فرمێسک بەکوڵ !
لەنجە مەکە بەژن و باڵای نەمامی ،
ڕەش پۆشی جوانەمەرگیی چەند برامی ؟
بە کەساسی کەچ بە ، گەردنی بێ گەرد !
بۆ خۆشەویستی لێ مەدە ئیتر ، دڵ !
لەناو گۆڕی تەنگا با ببێ بە گڵ !
کە ئازادی و باوک و برا لەکیس چوو ،
کچە کوردێک چ زیندوو بێ ، چ مردوو ! . . (گۆران، ١٩٨٠: ٣٥٥– ٣٥٦)

لەو کۆپلەیەی سەرەوەدا، کە (گۆران) لە زاری ژنەوە نووسیویەتی؛ داواکاری ژنانە بۆ خەباتی هاوبەشی لەگەڵ پیاواندا، بەشێوەیەک دەریخستووە کە ژن و پیاو لە ژیان و مردندا جیاوازییان نییە و وەک چۆن لە ژیاندا تەواوکەری یەکدین هەروەهاش لە مردندا هاوبەشن، بە شێوەیەک ژنان خۆیان بە شایانی ژیان نازانن (لەکاتێکا کوڕ تۆوبڕ کرا) واتە ئەگەر کوڕ نەبێ ئەوا کچیش نەبێت باشترە، ئەم خەبات و قوربانیدانەش پەیوەستە بە نیشتمانەوە بەو نزرگەیەی کە ئەمانی بۆ ژیان پێکەوە کۆکردووەتەوە.

ئەم ڕاپەڕینەی ژنان دەیانگەیەنێتە ئەوەی حوکمی گرتن و کوشتنیان بۆ دەربچێت و ببرێنە بەر بۆ زیندانی شاژن لە لایەن سەرکردەی یاساوڵانەوە، گۆران لە دوای ئەوەوە بە بەستەیەکی کۆرسی کچان کە خۆیان بۆ لاواندنەوەی خۆیان و کوڕە باوک و براو ئازیزەکانیان، کە وەک کەسی بەرامبەر (personify) قسە لەگەڵ ئەندامەکانی جەستەیان دەکەن و وەها فەرمانیان پێدەکەن کە بچنە تازێبارییەکی وەهاوە تا مەرگی خۆیان دەبینن و دەچنە ژێر گڵەوە. (گۆران) لێرەشدا جوانی و نازداری ژنی لەبیرنەکردووە کە لێی بدوێ و پەسنێکی وەهای (قژی زەرد، لێوی ئاڵ، چاوی ڕێژراو، بەژن و باڵای نەمامی، گەردنی بێگەرد، سەر کوڵمەکان، دڵ) دەکات کە لە ئەرکە سەرەکییەکانی

خۆیان بکەون و ئەرکی نوێ بگرنە ئەستۆ کە ئەرکی شینگێڕانە، هەموو ئەندامەکان کە ڕووی جوانی ژن دەردەخەن و (دڵ)یش کە مەجازییانە جێی عەشق و خۆشەویستییە نەک با لە لێدان بوەستێت بۆ خۆشەویستی و ئیتر بمرێت، چونکە بێ (ئازادی و باوک و برا) جیاوازی نییە ژنانیش (چ زیندوو بن، چ مردوو)، لێرەدا (گۆران) ژن یەکسان دەکات بە ئازادی لە جەمسەرێکەوە، و ڕەگەزە بەرامبەرەکەیان لە جەمسەرێکی دیکەوە، کەواتە بۆ ژنان چەند ژیان گرنگە لەگەڵ ڕەگەزە بەرامبەرەکەیاندا، ئەوەندەش ژیانیان بە ئازادی گرنگە.

**دەربڕینە مێینەکان**

ئەم پارچەیەی کە لەم دەقەدا دیاریمانکردووە، وەک دروشمێکی شۆڕشگێڕانەیە، و کاتێک کە مەبەستێک دەبێتە شۆڕشگێڕیی و یاخی بوون و گیانفیدایی جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا نامێنێت، ئەو دەربڕینانەی کە (گۆران) بەکاریهێناوە ئەم هاوسەنگییە دەردەخات کە لە نێوان کارەکتەرە شۆڕشگێڕە نێر و مێیەکاندا هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە ناسنامەیەکی مێیینە بە زاراوە و وشەکانی ناو پارچەکەوە نییە کە وەک خاڵێکی جیاکەرەوە دەستنیشانبکرێت بۆ جیاکردنەوەی مێ و نێر.

بەڵام ئەوەندەی کە (گۆران) خۆی، سەردێڕەکانی جیاکردووەتەوە، بۆ نموونە **[کچان** ( لە ڕیزی پشتەوە دەرئەپەڕنە دەرەوە )] هەروەها لەو کاتەی، کە بە ناوی خۆیانەوە لە جێی باوک و براکانیان ئامادەیی گیانفیدایی دەردەبڕن و خۆیان بە ئەوان هاوتا دەکەن.

بەڵام لە (بەستەی کچان)دا کچان لە بانگکردنی ئەندامەکانی جەستەی خۆیاندا، کە تایبەتن بە جوانی؛ ئەوە پیشان دەدرێت کە مێینەیەک دەدوێت و داوادەکات ئەو جوانییە خەفەبێت لەبەرئەوەی ئازادی و نێر بەندن و ئەمانیش هەمان بەندیی ئەوان هەڵدەبژێرن و دەستبەرداری ژیانی خۆیان دەبن.

**لۆژیکی پرس و وەڵام**؛ ئەگەر باسی هەموو دەقەکە بکەین، ئەم دەقەی گۆران، بابەتێکی مێژوویی لە خۆ گرتووە و بەشی یەکەمە لە درامایەکی سەر شانۆ کە مەودا نەبووە بەشی دووەمی بنووسێت، سەرەڕای ئەوەی کە بیرۆکەکە مێژووییە (گۆران) هاتووە لەو قوربانیدانەی کە پێویستە پیاو بیکات ژنیشی بەشداری پێکردووە، بێ جیاوازی. بەم بەشداری پێکردنەی ژنان، (گۆران) ئەوە دەسەلمێنێت کە وەک چۆن دەزانێت مافی ژنان چییە و داکۆکی لەسەر دەکات هەروەهاش ئەرکیان بۆ دەستنیشاندەکات تاوەکو ژنان خۆیان بەم ئەرک و مافە ئاشنا ببن.

**خوێنەری ناوەوە؛** خوێنەری ناوەوەی دەقەکە ڕەنگە وەک خوێنەرێکی ڕاستەقینەی ئاگادار لە هەبوونی ڕووداوە مێژووییەکەی کاوەی ئاسنگەر، خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بکات، جوانییەکان تەنها لە دەقەکەوە دەردەهێنێت نەک بە پێی مێژوو و کۆمەڵایەتیبوونی دەقەکە.

**گەنجینەی دەق؛** بەدڵنیاییەوە گەنجینەی دەقەکە مێژووییە، کە چیرۆکی داستانێکی هاوبەشە لە نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا.

**چاڵ و بۆشاییەکانی دەق؛** لەڕووی چنین و خستنە ڕووی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان دەقێکی بەبەهایە. جگە لەوەی خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێت، کە ڕاستە دەقەکە دەقێکی مێژووییە و پاڵەوانێتی کاوەی ئاسنگەری تێدا بەرجەستەکراوە وەک کارەکتەرێکی سەرەکی، بەڵام شاعیر ڕۆڵی ڕەگەزی مێی لە شۆڕشەکەدا بەرز نرخاندووە؛ ئەمە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەگەر لەڕووی فۆرمیشەوە وردببینەوە دەبینین بە هەمان شێوەی ئاماژە و هێما خاڵبەندییەکان (گۆران) توانیویەتی دەقێکی نایاب پێشکەشبکات، کە خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و ڕاڤەی جیاجیا دەبات.

## ئەنجام

١. لە ئەنجامی توێژینەوەکاندا، کە دەربارەی بەرهەمی ئەدەبی کراون بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی، کە بە (چیرۆکی گوێ ئاگردان) ناسراون، ئەوە دەرکەوتووە، کە ئەو بەرهەمانەی، کە نێرانەن و لەسەر زاری ژنەوە لەلایەن پیاوانەوە نووسراون کۆنترن، بەڵام شیعری مێینە، کە لەسەر زاری پیاوەوە نووسراون هەم کەمە و هەم نوێترە، کە ئەمەش بۆ زاڵبوونی دەسەڵاتی نێرسالاری دەگەڕێتەوە بەسەر مرۆڤایەتیدا.

٢. تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن لەگەڵ ئەوەی تیۆرێکی نوێیە، بەڵام بناغەی چەمک و بوارەکانی تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باسانەی، کە لەلای یۆنانی کۆن و عەرەب و تەنانەت کوردیش دەربارەی سەرەتاکانی گرینگیدان بە ڕای خوێنەر دراوە. کە ئەمەش لە هەندێ لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد ڕەنگی داوەتەوە، واتا: ئاگاداربوون لەوەی، کە ئەو بەرهەمەی دەینووسن ئاراستەدەکرێت بۆ کۆمەڵە کەسانێک، کە پێیان دەگوترێت خوێنەر و هەندێک جاریش لە بەرهەمی هەندێ شاعیردا وشەی (ڕەخنە) هاتووە، بۆ نموونە: مەلای جزیری.

٣. لە ئەدەبیاتی زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا ئەوە ساغبووەتەوە، کە زمانی نووسین بۆ پیاوان تەرخان بووە و ژن وەک ڕەگەزێکی تر تەنها زمانی قسەکردنی بۆ ماوەتەوە و لە درەنگانێکدا دەستی داوەتە قەڵەم و ناخی خۆی دەربڕیوە، ئەمەش وایکردووە، کە خاوەن بەهرەی هونەری لە ڕەگەزی مێ، نەتوانێت لەسەر زاری خۆیەوە هەست و نەستی شاراوە و ژنانەی خۆی دەرببڕێت، بەڵکو زۆربەی جار لەسەر زاری پیاوەوە ئەم هەستەی دەربڕیوە.

٤. وەک دوو چەمکی سایکۆلۆژی چەمکی ئەنیما و ئەنیمەس؛ وەک ڕۆحەکانی ناو پیاو و ژن، یەکێکن لە هۆکارەکانی داهێنانی ئەدەبی، کە دەتوانین ئەمە وەک وەڵامێک سەیربکەین بۆ ئەو بەدواداچوونەی ئێمە لە توێژینەوەکەماندا بەدوایدا دەگەڕاین و توانیمان ئەوە بسەلمێنین، کە ئەو لایەنە ناخییەی مرۆڤ بە شاراوەیی دەیهێڵێتەوە و پەنگ دەخواتەوە لەو مرۆڤانەدا، کە خاوەن بەهرەی هونەرین دەبێتە بەرهەم و شاکاری هونەری.

٥. حاڵەتی چوونە قاڵبی ژنەوە لەلایەن شاعیرانی پیاوەوە زێترە، وەک لە چوونە قاڵبی پیاوەوە لەلایەن ژنەوە، ئەمەش بەهۆی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی دوو ڕەگەزەکەیە، کە تێیدا پیاوان زۆرتر

ئەو ڕەهەندە لای خۆیان حەشاردەدەن و بە بەرهەمی ئەدەبی هەڵیدەڕێژن، لە کاتێکدا دیاردەکە لای ژن سادەیە.

٦. چەمکی مێژووی ئەدەب، کە (یاوس) ئاماژەی پێکردووە بە بێئاگایی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بوونی هەیە، هەموو ئەو توێژینەوانەی لەسەر تاکە بەرهەمی شاعیرێک دەکرێت دەبێتە ئەو مێژووە ئەدەبە جیاوازەی، کە (یاوس) بانگەشەی بۆ دەکرد. ئەمەش زیاتر بۆ ئەو بەرهەمانەیە، کە دەقانەیە، کە خاوەن ئیستاتیکایەکی بەرزن و دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات تۆزی مێژوو لەخۆیان بتەکێنن و هەمیشە بۆ ڕاڤەی نوێ بە تیۆری نوێ ئامادەبن، بۆ نموونە وەک دەقەکانی (گۆران) و (شێرکۆ بێکەس) و (نەزەند بەگیخانی).

٧. گەنجینەی دەق؛ وەکو یەکێک لە چەمکەکانی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن، بە شێوازێک لە شێوازەکان دەچێتەوە سەر دەقئاوێزان، چونکە گەنجینەی دەق مەبەست لەو پاشخانەیە، کە نووسەرەکە بەرهەمەکەی لەسەر بنیات ناوە، وەک چۆن ئەوانەی بانگەشەی دەقئاوێزانیانکردووە لەوە دواون، کە هیچ دەقێک خۆی ڕەسەن نییە و هەر دەبێت ڕەگ و ڕیشەیەکی هەبێت.

٨. دەقی شیعرەکانی نەزەند بەگیخانی وەک دەقێکی قوڵی فەلسەفی دەردەکەون، شاعیر خاوەنی دنیابینییەکی فراوانە، کە خوێندن و ئەزمونی ئەو وەک کەسێکی ئەکادیمی لە دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەمە وایکردووە، مەودایەکی ئیستاتیکی فراوان دروستببێت لەنێوان ئاسۆی دەق و خوێنەردا، لە دەقی (تابلۆی زارۆکێک)دا شاعیر، چەمکی (ئۆرۆبۆرۆس)ی خزاندووەتە ناو تابلۆی کوڕەکەیەوە و بەمەش وا لە خوێنەر دەکات وردتر لە دەقەکە بڕوانێت. ئەو دەقانەی ئێمە هەڵمانبژاردووە و لە سنووری توێژینەوەکەی ئێمەدایە، بەهۆی بەکارهێنانی خاڵبەندییەکی وردەوە، بە تایبەت دەقی (خواوەندی گوناهبار) بۆشایی دەق وەک چەمکێکی زەق لە دەقەکەدا دەبینرێت، کە بەهۆی دانانی ئەو خاڵبەندیانەوە خوێنەر ڕاڤەی جۆربەجۆر بۆ دەقەکە دەکات و لە ئیستاتیکای دەقەکە بەرزدەکاتەوە، جگە لە کارایی چەمکی لۆژیکی پرس و وەڵام، کە لە دەقەکەدا ئیشدەکات و وەها لە خوێنەر دەکات بیروڕای جیاواز بۆ ئەو چەمک و گوزارشت و پرسیارە فەلسەفی و جەوهەرییانە بکات، کە لە دەقەکەدا کراوە.

٩. دەقەکانی شێرکۆ بێکەس، کاریگەر بە لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی دینیی نووسراون و هەڵقوڵاوی ناو ناخی شاعیرە و لە وشەکاریشدا لێزانانە چاوی خەیاڵی خستۆتە گەڕ. چەمکی مێژووی ئەدەب،

کە یاوس ئاماژەی پێکردووە، بۆ دەقەکانی بێتەدی، چونکە زۆرترین توێژینەوە لە دەقەکانی کراوە، سەرەڕای ئەوەی، بەهۆی بەکارهێنانی سیمیۆلۆژیا و خاڵبەندی و وێنەی هونەری و شیعرییەت، دەقەکانی بە گشتی و دەقی ملوانکە بەتایبەتی بووەتە دەقێکی زیندوو و فرەڕاڤە، هەر دەقەکە خۆی وەک دەقێکی والا، ڕەهەندی ئیستاتیکی بەرزی داوەتە دەقەکە و ڕاڤەکانی، کە بۆی دەکرێت.

١٠. گۆران وەک شاعیرێکی فرەڕەهەند خۆی خزاندە ناو ئەم بابەتەوە، ئەوەی وایکردووە ئەو بتوانێت ئەم دەقانە بنووسێت بیروڕای چەپی گۆران بووە و هەستکردن بەو ئازارانەبووە، کە ژنانی کۆمەڵگاکەی وەک مرۆڤ هەستیان پێنەکراوە. (گۆران) لە سەردەمی خۆیدا مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ دەقی شیعریدا کردووە، کە وایلێکردووە دەقەکان هەمیشە نوێ بن، و توانیویەتی مەودایەکی ئیستاتیکی بەرفراوان لەنێوان ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق و خوێنەردا بەجێبهێڵێت، کە هەم بۆ سەردەمی خۆی و هەم بۆ ئەم سەردەمەش جێی ڕامان و ڕاڤەی جیاواز بێت.

١١. شارەزایی (شێرزاد حەسەن) لە بواری دەروونیی مرۆڤدا وەک چۆن هاوکاری بووە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا ئەوهاش هاوکاری بووە لە نووسینی ئەم دەقانەدا، دەتوانین بڵێین: شێرزاد چیرۆکنووسەکەی ناخی باڵا بووە، چونکە سەروا و کێشی وەک بەشێک لە شیعرەکان بەکارنەهێناوە و توانیویەتی لە زاری ژنەوە، چیرۆکی نەهامەتی و وێنەی خراپی کۆمەڵگا و کولتور بگێڕێتەوە، لە دەربڕینی ناخیشیدا وەک ژنێک دەربڕینی لایەنی سایکۆلۆژی ژنەکە، شێرزادی کردووە بەو مامۆستا بەئەزموونەی، کە چەندین ساڵە لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیادا خزمەت بە نەوەکان دەکات. تا ڕادەیەک چیرۆک و ڕۆمان و نۆڤێلاکانی مێژوویەکی ئەدەبییان بۆ خۆیان تۆمارکردووە وەک لە دەقە شیعرییەکانی، هەر بۆیە بە بەراورد بە (گۆران و شێرکۆ بێکەس) دەتوانین بڵێین، دەقەکانی ئەوان بەرزترن لە ڕووی ئیستاتیکییەتی دەقەوە لە دەقەکانی (شێرزاد حەسەن).

١٢. دەقەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)، کە لە سنووری توێژینەوەکەی ئێمەدان، زیاتر وەک دەقی شاعیرێکی خاوەن بەهرە ئەژماری دەکەین وەک لەوەی دەقی شاعیرێکی فرەڕەهەند بێت، شاعیر لە بەکارهێنانی خاڵبەندی و دەستنیشانکردنی بۆشاییەکانی دەقدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ رەهەندی ئیستاتیکی لە دەقەکانیدا بەدیدەکرێت، کە ئەمەش وا دەکات بە بەراوورد بە بەرهەمی شاعیرەکانی هاوڕێی، دەقەکانی ئەم بە دەقێکی خوددەنگ (monotonous) ناوزەد بکەین، بەڵام لە هێنانی وشە و وێنەی هونەری و شیعرییەتدا بەرهەمەکانی وەک بەرهەمی شاعیرێکی خەیاڵفڕ سەیردەکەین.

١٣. هەندێک دەربڕین هەن لە گفتوگۆدا، کە شێوازی قسەکردنی نێر و مێی پێجیادەکرێتەوە، لەم دەقە شیعرییانەدا لەنێو هەموو دەقەکاندا (کتێبی ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەس بەشێوەیەک ئەم دیاردەیەی ئەنجامداوە، کە ئەگەر بە بەرهەمێکی بێنووسەر بیناسێنین، هەست بەوە ناکرێت، کە بەرهەمەکە پیاو نووسیویەتی، هەندێک دەربڕینی مێینەی بەکارهێناوە، کە وای لە دەقەکە کردووە ببێتە یەکەم لەنێو دەقەکانی تردا.

١٤. نەزەند بەگیخانی لە دەقی (پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن)دا دەکرێت بڵێین، وەک چۆن جۆن دۆن تەکنیکی یاریکردنی بە وشەی بەکارهێناوە وەک هونەرێکی تازە لە دەقەکانیدا و بەوە ناسراوە، کە پارادۆکسی بەکارهێناوە، ئەمیش وەک گەنجینەیەکی دەق سوودی لە بەرهەمەکانی جۆن دۆن بینیوە و وەک دەبینین وشەی وەک: (پێکەوەبوون- لێکدابڕان، کەوتن- هەڵسانەوە، لەدایکبوون- مەرگ، بوون- فەنابوون)ی لە دەقەکەدا بەکارهێناوە، سەرەڕای بەکارهێنانی بیرۆکەی مێژوویی و فەلسەفی، چەمکی لۆژیکی پرس و وەڵام و خوێنەری ناوەوە لە دەقەکەدا دەجوڵێنێت.

## سەرچاوەکان

<u>کتێب</u>


- بە کوردی

- کتێبی پیرۆز. (٢٠١٧). چ١. کۆریا.
- قەرەداغی، نەجیبە. (٢٠١٦). ئەکادیمیای ژنۆلۆژی. دەروازەیەک بۆ ژنۆلۆژی. چ١. چاپخانەی میزۆپۆتامیا.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا. (٢٠١٤). بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین- مێژووی سیاسی. کتێبی سێیەم. بەرگی یەکەم. بیروت. لبنان. الدار العربیة للعوم ناشرون.
- ئیگڵتن، تێری. (٢٠١٦). تیۆریی ئەدەبی. و. عەتا قەرەداغی. چ١. ئەندێشە.
- الجباري، عبدالجبار محمد. (١٩٦٩). ئافرەتە ناودارەکانی کورد. بە یاریدەی وەزارەتی کاروباری شیمال لەچاپدراوە.
- باخەوان، عادل. (٢٠١٥). سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. چ١. سلێمانی. ناوەندی غەزەلنووس.
- بەرزنجی، پ.د. عەلی تاهیر. (٢٠٢٠). ئاسۆی دەق. چ١. ئێڤا بۆ چاپ و ریکلام.
- بەگیخانی، نەزەند. (٢٠١٩). کۆی بەرهەمە شێعرییەکان. چ١. چاپەمەنی مانگ.
- بێکەس، شێرکۆ. (٢٠٠٧). کتێبی ملوانکە. چ١. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.
- حەسەن، شێرزاد. (٢٠١٥). دارشەقەکانی نیشتمان و دواهەمین ورتەورتی من. چ١. چاپەمەنی مانگ.
- حەسەن، حەمەسەعید. (٢٠٢٠). شیعر لە زاری ژنەوە. ناوەندی ئاوێر.
- حەسەن، محەمەدفەریق. (٢٠١٠). زمانێکی نێرسالار. چ١. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- حوسێن، پ.د. هیمداد. (٢٠٢٠). ئەدەبی نوێی کوردی – لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی. بەرگی١. هەولێر. ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- حوسێن، پ.د. هیمداد. (٢٠٢٠). ئەدەبی نوێی کوردی – لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی. بەرگی٢. هەولێر. ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- حیلمی، ڕەفیق. (٢٠١٠) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. چ٢. هەولێر. چاپخانەی ئاراس.

- خانی، ئەحمەدێ. (٢٠٢٢) مەم و زین. ئامادەکار و شیکار: فەریاد فازیل عومەر. چ١. ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین. سلێمانی
- خەزنەدار، د. مارف. (٢٠١٠). مێژووی ئەدەبی کوردی. چ٢. بەرگی٦. هەولێر. چاپخانەی ئاراس.
- ڕەسوڵ، هەڵمەت بایز. (٢٠١٢). ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا. هەولێر. چاپخانەی موکریانی.
- ساڵحی، لەیلا. (٢٠١٨). شێعری ژنانی جیهان. چ١. سەقز. دەزگای چاپی خانی.
- سەنەندەجی، میرزا شوکروڵڵا (فەخرولکتاب). (٢٠٢١). توحفەی ناسری – ئاوڕێک لە مێژوو و جوگرافیای کوردستان و ئیمارەتی ئەردەڵان. و. ڕەفعەت مورادی. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.
- سەعدون، سامان عێزەدین. (٢٠١٥). دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە- لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە. چ١. ناوەندی غەزەلنووس.
- سەواح، فیراس. (٢٠٠٢). نهێنی عەشتار – خواوەندێتی مێینە و ڕەچەڵەکی ئایین و ئەفسانە. و. ئیبراهیم فەتاح. چ١. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- عوسمان، هەرێم. (٢٠١٨). لیریکی گۆران – لە ڕوانگەی بونیادگەری کراوە و تەواوکارانەوە. چ١. سلێمانی. چاپخانەی حەمدی.
- فایەق، ڤینۆس. (٢٠١٣) ئاخەرین سامورای. چ١. دەزگای چاپەک.
- فرۆید، زیگمۆند. (٢٠٢٠). هێڵەگشتییەکانی دەروونشیکاری. و. وەلید عومەر. چ١. سلێمانی. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- قادر، حەمە حەمەحەمین (کاکەی فەلاح). (٢٠١٨). کاروانی شیعری نوێی کوردی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان.
- کەسنەزانی، بوشرا. (٢٠١٩). شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی. چ١. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.
- هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر. (٢٠١٨). تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی. ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد. چ٣. ئەندێشە.

- دیوانەکان

- دیوانی حاجی قادری کۆیی. (٢٠١١). لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا. سنندج. انتشارات کردستان.
- دیوانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر. (٢٠١٥). ؟
- دیوانی گۆران. (١٩٨٠). سەرجەمی بەرهەمی گۆران. محمدی مەلا کریم کۆی کردوەتەوەو ئامادەی کردوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. بەغدا. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.
- دیوانی مەستوورە. (٢٠١١). محەمەد عەلی قەرەداغی. چ١. هەولێر. دەزگای ئاراس.
- دیوانی مەلای جزیری. (٢٠١٤). شەرحی هەژار. تاران. نشر پانید.
- دیوانی نالی. (٢٠٠٤) لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم. چ٢. سەردەشت. ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئازربایجان غەربی.

- بە عەرەبی

- القرآن الكريم (٢٠٠٩) دمشق. بوابة السلام.
- الزيدي، علي. (٢٠٢١). المرأة و الرجل – عقل واحد أم عقلان. ط١. بيروت. دار سحر قلم.
- الغذامي، عبدالله محمد. (٢٠٠٦). المرأة و اللغة. ط٣. المركز الثقافي العربي.
- الغذامي، عبدالله محمد. (٢٠٠٥). تأنيث القصيدة و القارىء المختلف. ط٢. المركز الثقافي العربي.
- الغذامي، عبدالله محمد. (١٩٩٨). الخطيئة و التفكير من البنيوية الى التشريحية – قراءة نقدية لموذج معاصر. ط٤. الهيئة المصرية العام للكتاب.
- السعداوي، نوال. (٢٠١٧). الأنثى هي الأصل. مؤسسة هنداوي.
- المقدسي، جين سعيد/ صيداوي، رفيف رضا/ بيومي، نهى. (٢٠١٥). النسوية العربية – رؤية نقدية. بيروت. مركز دراسات الوحدة العربية.
- إيزر، فولفغانغ. (١٩٩٥). فعل القراءة- نظرية جمالية التجاوب (في الأدب). ت/ د. حميد الحمداني و د. الجلالي الكدية. منشورات مكتبة المناهل.
- بارت، رولان. (١٩٩٤). نقد و حقيقة. الاعمال الكاملة. ت. منذر عياشي. ط١. مركز الانماء الحضاري.
- بعلي، الأستاذ الدكتور حفناوي. (٢٠١٧) الترجمة و جماليات التلقي المبادلات الفكرية و الثقافية. دروب ثقافية للنشر و التوزيع.

- سلكها، الدكتور ابراهيم طلبه. (٢٠١٩). الفلسفة النسوية. الإسكندرية. مؤسسة حورس.
- صالح، د. بشرى موسى. (٢٠٠١) نظرية التلقي أصول... و تطبيقات. دارالبيضاء. المركز الثقافي العربي.
- عبدالواحد، الدكتور محمود عباس. (١٩٩٦). قرأة النص و جماليات التلقي- بين المذاهب الغربية الحديثة و تراثنا النقدي – دراسة مقارنة. ط١. دار الفكر العربي.
- علاءالدين، الدكتورة جهاد محمود. (٢٠١٣). نظريات الإرشاد النفسي- التحليل النفسي و السلوكية- فرويد و السايكوديناميكيين و يونج و أدلر. ط١. عمان. الأهلية للنشر و التوزيع.
- فطوم، مراد حسن. (٢٠١٣). التلقي في النقد العربي في القرن الرابع الهجري. دمشق. مكتبة الأسد.

- به ئینگلیزی

- BIBLE. (1992) printed in the United States of America.
- Arp, Thomas R./ Johnson, Greg. (2006) Literature (Structure, Sound, and Sense). Gaphic World, Inc.
- Bressler, Charles E. (2012) literary criticism – An Introduction to Theory and Practice. RR Donnelley & Sons, Inc.
- Jauss, Hans Robert. Toward an Aesthetic of Reception Translation from German by Timothy Bahti. Volume 2. NEWCASTLE UNIVERSITY.
- Sarrock, Alison/ Ash, Rhiannon. (2006). Fifty Key Classical Authors. Taylor & Francis e-Library.
- Stub. Christian Jaque. (2017) A reader of materials concerning reception theory/reader-response criticism and social network theories. Aarhus University.
- Thorne, Sara. (2006) Mastering Poetry. Palgrave Macmillan
- Voigt, Ellen Bryant. (summer, 1987) Poetry and Gender. The Kenyon Review, Vol. 9, No. 3 pp. 127-140 Published by: Kenyon College.

<u>کتێبی ئەلیکترۆنی</u>

- أبو غضة، زكي علي السيد. (٢٠٠٣) المرأة في اليهودية و المسيحية و الإسلام. ط١. دار الوفاء للطباعة و النشر و التوزيع.

- حسين، الدكتور رحيم عليوي. (٢٠١٦). النسوية في الشعر العراقي الحديث في النصف الأول من القرن العشرين. بيروت. العارف للمطبوعات.

فەرهەنگەکان

- به کوردی

- چوارتایی، کەمال فەرەج محەمەد. (٢٠١٩) فەرهەنگی فەلسەفی (سویدی- ئینگلیزی- کوردی) سلێمانی. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- موکریانی، گیو. (١٩٩٩) فەرهەنگی کوردستان. چ١. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- نەبەز، جەمال. (٢٠٠٨) وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی. چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی.
- نیزامەدین، فازیل. (٢٠١٣) فەرهەنگی "شیرین"ی نوێ (عەرەبی-کوردی) . چ٢. سلێمانی. کتێبخانەی زانیار.
- هەرشەمەیی، شاسوار. (٢٠٢٢) فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی. بەرگی یەکەم. سلێمانی. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- هەرشەمەیی، شاسوار. (٢٠٢٢) فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی. بەرگی سێیەم. سلێمانی. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- یاسین، سەباح. (٢٠١٩) ئاو بە تاو- فەرهەنگۆکی کوردی – سۆمەری. سلێمانی. چاپخانەی پیرەمێرد.

- به عەرەبی

- الرازي، محمد بن ابی بکر بن عبدالقادر. (١٩٦٧) مختار الصحاح. ط١. بیروت. دار الکتاب العربي.

- به ئینگلیزی

- Hornby, A. S. (2009) Oxford Advanced Learner’s Dictionary. OXFORD University Press.

نامەی ئەکادیمی

- به کوردی

- حسێن، هەژار فەقێ سلێمان. (٢٠٢٢). هێماگەری لە دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەسدا.

- عەزیز، سامان جەلال. (٢٠١٤). دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا.
- قادر، عەباس محەمەد. (٢٠٢٢). تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی.

- به عەرەبی (ئەلیکترۆنی)
- باللودمو، خديجة. (٢٠١٢- ٢٠١٣). المتلقي بين نظرية التلقي و الأدب التفاعلي (مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في الأدب العربي – جامعة قاصدي مرباح ورقلة – كلية الآداب و اللغات – قسم اللغة و الأدب العربي – الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
- زين، حفيظة. (٢٠٠٤- ٢٠٠٥). قصيدة "بلقيس" لنزار قباني – دراسة في ضوء نظرية القراءة و جماليات التلقي – مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير – جامعة محمد خيذر ببسكرة – كلية الآداب و العلوم الاجتماعية و الإنسانية – قسم اللغة و الأدب العربي – الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
- عبابسة، حنان/ العيفاوي، نادية. (٢٠١٧-٢٠١٨) سيمياء العنوان – رواية "تلك المحبة" للحبيب السائح. كلية الآداب و اللغات. جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي - الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
- حامي، خديجة. (٢٠١٣). السرد النسائي العربي بين القضية و التشكيل روايات "فضيلة فاروق" نموذجا. مذكرة لنيل درجة الماجستير – قسم الادب العربي – كلية الآداب و اللغات – جامعة مولود معمري تيزي وزو – وزارة التعليم العالي و البحث العلمي – الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
- جبوري، صارة. (٢٠١٨-٢٠١٩). نظرية جمالية التلقي في التراث البلاغي و النقد المعاصر- دراسة مقارنة. مذكرة التخرج لنيل شهادة الماستر في اللغة و الأدب- تخصص نقد عربي قديم. وزارة التعليم العالي و البحث العلمي. الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

<u>گۆڤار (ئەلیکترۆنی)</u>

- بە کوردی
- طاهیر و محمود، د.علی و د.شنۆ محمد. (٢٠١٢). زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی و خوێندنەوەی دەقی شیعریی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە ٣٣.

- فارس، سەرتیپ عزیز. (٢٠١٩) بنەماکانی تیۆروانینی تاویزم بۆ ژیان. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ٦٠.
- محمود و عەزیز، پ.د. فازیل مەجید و م.ی. بێستون عارف. (٢٠١٦) تەکنیک و رەگەزی هونەری خواستراو، (ناونیشانی رۆمان) وەک نمونە. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە ٥١.

- بە عەرەبی

- الساعدي، محمد كريم. (٢٠١٨). منظر و التلقي و المفاهيم الفينومينولوجيا. عدد ٥٨٧٩.
- بكاي، د. محمد. (٢٠١٨). الكتابة و تأنيث الخطاب رؤى في النقد النسوي عند جوليا كريستيفا. مجلة أبوليوس. المركز الجامعي مغنية – تلمسان
- عيسى، د. عمار أيت. (٢٠٢١) نظرية التلقي، نحو تأريخ أدبي جديد. جامعة عبدالرحمن ميرة/ بجاية (الجزائر). مجلة التأويل و تحليل الخطاب.
- هذيلي، م. م. علي حسن. (٢٠١٧). التلقي بين ياوس و آيزر. كلية آداب – جامعة ذي قار. مجلة دواة. مجلد ٤. العدد ١٣. ١٥٣– ١٦٣.

- بە ئینگلیزی

- Stephen Karcher. (1999). Jung the Tao, and rh classic of Change. Journal of religion and health. Vol 38, No. 4.

<u>سەرچاوەی ئینتەرنێتی</u>

- https://www.britannica.com/topic/Kali
- https://www.youtube.com/watch?v=UhiABi6vw3A
- https://www.makingqueerhistory.com/articles/2017/8/31/hatshepsut
- https://www.britannica.com/biography/Hypatia
- https://www.youtube.com/watch?v=1-rsLdbVT2E
- https://dengekan.info/?s=%DA%A4%DB%8C%D9%86%DB%86%D8%B3+%D9%81%D8%A7%DB%8C%DB%95%D9%82&submit=Search

- http://kurdishbookhouse.com/ku/100-437/

- https://www.britannica.com/biography/John-Donne

- https://interestingliterature.com/2016/02/10-john-donne-poems-everyone-should-read/
- https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=201001091635583183
- https://dengekan.info/archives/17002
- https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=19613
- https://www.britannica.com/art/dithyramb

**کورتەی باس**

ئەم توێژینەوەیە (قسەکەری ژن و پیاو لە شیعری ڕەگەزی بەرامبەردا – چەند شاعیرێکی کورد بە نموونە) وەک بابەتێکی تازە لە ئەدەبی کوردیدا، باس لەو شاعیرە ژن و پیاوانە دەکات، کە چوونەتە قاڵبی ڕەگەزی بەرامبەرەوە. وەک تیۆرێکی نوێی ئەدەبی، لە توێژینەوەکەدا تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن بەکارهاتووە، و هەوڵمانداوە چەمکەکانی تیۆرییەکە بەسەر شاعیرە بژاردەکاندا بسەلمێنین.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و سێ بەشی ناوەڕۆک و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و کورتەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی:

لە پێشەکیدا هەوڵدراوە ئەو گرفتانەی لە کاتی توێژینەوەکەدا هاتووەتە ڕێگامان بخرێنەڕوو، هەروەها ئەو ڕێباز و تیۆری توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو.

بەشی یەکەم پێکهاتووە لە دوو پار، پاری یەکەم باسی مێژووی دەرکەوتنی تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن و  چەمکەکانی تیۆرەکە دەکەین، لە پاری دووەمدا باس لە ژن دەکەین لە ڕوانگەی مێژوو و ئایین و کولتورەوە.

بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی (قسەکەری پیاو لە شیعری شاعیری ژندا)، پێکهاتووە لە دوو پار؛ لە پاری یەکەمدا ئەوە سەلمێنراوە، کە زمان نێرە، لە پاری دووەمدا تیۆرەکە بەسەر هەردوو شاعیر (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) دەسەلمێنرێت.

بەشی سێیەم لە ژێر ناونیشانی (قسەکەری ژن لە شیعری شاعیری پیاودا)، پێکهاتووە لە سێ پار؛ کە تەرخانکراوە بۆ کارەکانی شاعیران (شێرزاد حەسەن، شێرکۆ بێکەس، گۆران).

**ملخص البحث**

هذا البحث (الخطاب الذكوري والإنثوي في شعر الجنس الآخر – بعض الشعراء الأكراد نموذجا) رؤية جديدة في الأدب الكوردي، يتحدث عن تجسيد صوت الرجل في شعر النساء، و تجسيد صوت المرأة في شعر الرجال. و إستخدم الباحث نظرية جمالية التلقي في المجال التطبيقي و تحليل نماذج الأشعار للشعراء المختارين.

و يتكون البحث من المقدمة و ثلاثة فصول و خاتمة و قائمة المصادر:

عرض الباحث في المقدمة الصعوبات التي واجهها خلال فترة كتابة البحث و من ثم عرض منهج البحث مستخدم لأشعار الشعراء.

يتكون الفصل الأول من مبحثين، المبحث الأول يتحدث عن تأريخ ظهور نظرية جمالية التلقي و مفهومها، و المبحث الثاني تتحدث عن المرأة في المنظور التأريخي، الديني و الثقافي.

و جاء في الفصل الثاني، (الخطاب الذكوري في شعر النساء) في مبحثين: الأول عن تذكير اللغة، و الثاني مخصص لتطبيقات النظرية على اشعار (نزند بگيخانى و كژال إبراهيم خدر)

أما الفصل الثالث (الخطاب الانثوي في شعر الرجال) فيتكون من ثلاث مباحث خصص الأول للشاعر (گوران) و الثاني للشاعر (شيركو بيكس) و الثالث للكاتب (شيرزاد حسن)

و في الخاتمة عرض الباحث أهم النتائج البحث.

**ABSTRACT**

This thesis, as presented under the tittle (Female and Male Speakers in Opposite Sex's Poetry- some poets as instance) to elaborate a new aspect of Kurdish literatre, which is embodying the other sex in poetry, which can be found in both sexes. We applied the Aesthetics of Reception Theory in order to analise the verses acordyng to the theory's aspects.

The thesis is consisting of an introduction, three chapters, conclusion and a list of references.

In the introduction, the cause behind choosing the material has been conveyed, and the problems which we face has been presented, as we manifested the applied method.

Capter One, is consisting of two sections; the first one is explaining the history of aesthetics of reception theory, and the next section is about aspects of women according to history, religion and culture.

Capter Two, is entitled Male Speaker in Female's Poetry, consisting of two sections: first section is an approval of the language being male, and the second section is representing analysis of (Nazand Bagikhani and Kazhal Ibrahim Khdr) verses.

Chapter Three, is entitled Female speaker in Male's Poetry, which is dedicated to the verses of (Goran, Sherko Bekas, Sherzad Hasan).

At the end of this thesis, the main conclusions as a result of this study are presented, as it is followed by a list of references.